د. أحمد خيري العمري

دژە ANTI

منتدى إقرأ الثقافي

ئیلحاد

www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی

دەستەیەک لە خوێندکارانی بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی زمانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

سەرپەرشتیار

فاتح سەنگاوی

دژە ANTI

ئیلحاد

د. أحمد خيري العمري

وەرگێڕانی:

دەستەیەک لە خوێندکارانی بەشی زمانی عەرەبی

کۆلێژی زمانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

سەرپەرشتیار

د.فاتح سەنگاوی

پێناسی کتێب

- ناوی کتێب: دژە ئیلحاد
- بابەت: فیکری
- نووسەر: د. أحمد خيري العمري
- سەرپەرشتی وەرگێڕان : د.فاتح سەنگاوی
- دیزاین: ناوەندی ڕێنوێن
- ژمارەی چاپ: یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: ٨٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (١٥٣٦)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە.

RENWEN

ناوەندی ڕێنوێن

0751 140 8868 - 0750 126 9689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوبارێک - لقی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ داهێنەری بوونەوەر و کردگاری ژیان، درودو سڵاو لەسەر نێردراوێك کە بە(رحمة للعالمین) ناسێنراوە. خۆشبەختی بۆ ئەو شوێنکەوتووانەی دەبنە چرای ڕێنمایی و ئارامی دڵان و سایەی لانەوازان و ڕێنیشاندەری مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی باشتر و دەرونێکی ئارامتر.

خوێنەری بەڕێز و بینەری ئازیز، ئەو بەرهەمەی بەردەستت کاری تیمێکی (٢٨) کەسییە لە ماوەی شەش مانگدا و بریتییە لە وەرگێڕان و ژێرنووسکردنی (٢٨) ئەڵقەی زنجیرەی:(دژە ئیلحاد) نوسەری بەتوانای عێراقی د.ئەحمەد خەیری عومەری.

خاوەنی پرۆژەکە لە ئەڵقەی یەکەمی کارەکەیدا وەڵامی ئەوەی داوەتەوە (دژە ئیلحاد بۆ؟) لەبەر ئەوە ئێمە لەو بارەیەوە نادوێین، ئەوەندە هەیە بەلامانەوە کارێکی پڕبایەخ و پێداویستییەکی هەنووکەیی واقیعی ئێمەشە، هەر بۆیە بوو بە جێگەی گرنگی پێدانمان و وەرمانگێڕا و ڤیدیۆکانیشمان ژێرنووس کرد.

ئەم پرۆژەیە کەرەستەی توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغی چوارەمە لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێژی زمانی زانکۆی گەشەپێدان بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨، کە چەند ساڵێکە دەرفەتیان ڕەخساندووە لەدەرەوەی توێژینەوە باو و تەقلیدییەکان دەرچین و هەنگاوی جیاوازی تر بنێین، ئەمەش جێگەی نرخاندن و دەستخۆشییە.

ئەوەی پەیوەندی بە منەوە(وەك سەرپەرشتیار و بەشدار) هەبێت لە٢٠١٣وە سوپاس بۆ خوا دەستپێشخەربووم لەم جۆرە پرۆژەیەدا و ئەمە شەشەم کارمانە و ساڵی پێشوو پرۆژەیەکیتری لەم جۆرەمان لە لایەن خودی زانکۆوە بە چاپ گەیشت بەناوی: چەند یاسایەك لە قورئانەوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستتان پشتیوان بەخوا یەکێك دەبێت لە پرۆژە جوان و ناوازەکان، کە ٢٨ خوێندکار و بە ٩ گروپ بەشداربوون لە ئەنجامدانیدا، تەنها یەك خوێندکاریان بەهۆی بارێکی تایبەتەوە بە ناچاری کارەکەی جێهێشت، دواتر خۆم وەك سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بەشەکەی ئەوم لە ئەستۆ گرت. لە هەمان کاتدا بەشداری وەرگێڕانی هەموو ئەڵقەکانم کردووە، بەو پێیەی پێیدا چومەتەوە و هەندێ ئەڵقەشی ئەگەر خۆم وەرمبگێڕایە باشتر و ئاسانتر بوو بۆ من بەهۆی پێویستی زۆری بە داڕشتنەوە و راستکردنەوە.

ئەوەندەی بۆم کرابێت و کات دەرفەتی دابێتم رێگەم نەداوە وەرگێڕانەکە بە هەڵەیی تێپەڕێت، بەڵام وەك هەر کارێکی مرۆڤکرد بێ هەڵە نەبووە و هەندێ لەو هەڵە کەمانەشم لە ژێرنووسەکەدا بینییەوە بەڵام نەدەکرا چاك بکرێت چونکە دەبوو لەکاتی خۆیدا تەواو بکرێت، ئەوەندە هەیە ئەو هەڵانە لە کتێبە چاپکراوەکەدا یان نەماوە یان زۆر کەم بووەتەوە. پێداچونەوەی زۆربەی کارەکەش کەوتە رۆژی ١٣ی٥ و رۆژانی دواتری کە دەبوو لە چەند رۆژێکی کەمدا تەواوی بکەین!!

بۆ وەرگێڕانی ئەم پرۆژەیە مۆڵەتی خاوەنی پرۆژەکەم وەرگرتووە و هەر خۆی دەقی نوسین و ڤیدیۆکانیشی بۆ ناردم، گەرچی ڤیدیۆکان لە یوتیوبییش بەردەستە بە زمانی عەرەبی، بەڵام لەبەر مافی خاوەنداریێتی ئەوەمان بە راست و دروستتر زانی.

هیوادارم بەم کارەمان خزمەتێکی بەرچاومان پێشکەش کردبێت بەو بوارەی لە ئێستادا جێگەی مشتومڕێکی زۆرە، بەتایبەت لەنێو گەنجانی خوێندەوار و ناوەندی فیکریدا و توانیبێتمان مەلۆیەك بخەینەسەر خەرمانی مەعریفەی ئایینی و خوێندنەوەی لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە.

ماوەتەوە سوپاسێکی تایبەتی خوێندکارە بەڕێز و خۆشەویستەکانم بکەم لەم ماوەیەدا ماندووم کردن و ماندوویان کردم!! سوپاسیان دەکەم ئەگەر ئەوان نەبوونایە لەوانەیە نەکرایە پرۆژەیەکی لەم جۆرە تەواو بکرێت، کە جگە لە سوود و بایەخەکەشی یادگارییەکی تایبەت و خۆشیشبوو لە ژیانماندا، هیوادارم لە تەواوی ژیانیاندا شاد و بەختەوەر و سەرکەوتوو بن. بۆ پاراستنی ماف و هێشتنەوەی ئەو یادگارییەش پێم گرنگ بوو ناوی ئەو خوێندکارە بەڕێزانەم لێرەدا تۆمار بکەم کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

١	لاڤە محمد رسوڵ/ دژە ئیلحاد
٢	نهلە کریم محمد/ ئایا هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر بوونی خودا هەیە
٣	چاوان صلاح نصرالدین/ کێ خودای بەدیهێناوە؟
٤	دەریا سالار حمە/ بۆچی پەروەردگار بەدیهێناوین؟
٥	شەهناز محمد صدیق/ وێنەی خودا
٦	شارا کمال محمود/ کێشەی بوونی شەڕ و خراپەکاریی لەجیهاندا.
٧	هاوناز عثمان مجید/ خودا، بۆچی وەڵاممان ناداتەوە؟
٨	میهربان عمر کریم/ چۆن خوای گەورە لەسەر شتێکی کەلەسەری نوسیوین سزامان دەدات؟
٩	کۆچەر مشتاق محمد/ هەر بەڕاست بیردۆزەی پەرەسەندن دەمانگەیەنێتە بێباوەڕیی

١٠	لاڤان محمد عثمان/ دژیەكییەكانی قورئان لەگەڵ زانستی نوێدا.
١١	كوردستان سەردار/ دژیەكییەكانی نێوان زیندەوەرزانی و قورئان
١٢	سەهەند محمد احمد/ هەڵەكانی ئیعجازی زانستی
١٣	ایمان سعید اورحمان/ پەیامە ئاسمانییەكان
١٤	بەهار طاهر رەزا/ مێژووی ئایینەكان
١٥	شۆخان عبدالكریم محمد/ ئایین تلیاكی گەلانە
١٦	هانا أبوبكر عبدالله/ ڕۆژئاوا بۆیە سەركەوتوو بووە، چونكە وازی لە ئایین هێناوە
١٧	ڕێژوان ڕؤوف/ ئازادیی تاكەكەسی
١٨	شەن محمود محمد/ ڕۆژی دوایی
١٩	كوثر عبدالله كریم/ بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە شمشێر
٢٠	ئاكام فریق ئەمین/ ئەحكامەكانی كوشتن لە ژیانی پێغەمبەردا.
٢١	توانا أیوب فتح الله/ سزای هەڵگەڕانەوە
٢٢	سۆران مارف كریم/ ئایا داعش بریتییە لە ئیسلام؟
٢٣	بێریڤان بەرهام حسین/ سوودی دروشمە ئاینییەكان چییە؟
٢٤	سارا أحمد حمە علی/ ئیلحاد بەهۆی بوخارییەوە
٢٥	شنۆ أحمد حسین/ كۆیلایەتی و كەنیزەك لەئیسلامدا
٢٦	گۆنا توفیق رۆوف/ هاوسەرگیریی خاتوو عائیشە
٢٧	تارا بكر قادر/ئافرەت
٢٨	كوثر محمد علی/ هەستكردن بە خودا

ماوەتەوە زۆر سوپاسی برای بەڕێز و ماندوو نەناس کاک شوان جەبار بکەم، کە لایەنی هونەری و ژێرنووسەکەی ئەم پرۆژەیەی گرتە ئەستۆی خۆی، سەرەڕای سەرقاڵی و فرەکاری لەکاتی کارەکەی ئێمەدا.

لە سەرەتا و کۆتاییدا سوپاسی خوای گەورە دەکەین و داوای لێ دەکەین دەرفەتمان پێ ببەخشێت، تا بتوانین خزمەتی زیاتر و کاری باش و پڕپایەختر پێشکەش بکەین. بەوەش بەشێك لە ئەرکی سەرشانی خۆمان بۆ ئەم قۆناغە سووك بکەین.

د.فاتیح سەنگاوی

سلێمانی

٤-٦-٢٠١٨

چەند دێڕێك لە ژیاننامەی (د.ئەحمەد خەیری عومەری):

- لە بەغداد و ساڵی ١٩٧٠ لەدایك بووە.
- باوکی دادوەر بووە، بە ڕەچەڵەك دەگاتەوە شاری موسڵ و دایکی (لەمیس دەفتەری) پارێزەرە و لە خێزانێکی بەغدادییە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ بووە پزیشکی ددان لە زانکۆی بەغداد.
- لە ساڵانی خوێندنی زانکۆییدا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیری (مالك بن نەبی) و ئەدەبی غادە السمان وغسان كنفاني.
- ساڵی ١٩٩٦ یەکەم کتێبی بەناوی (البوصلة القرآنية)ەوە نووسی و لە ٢٠٠٣دا بڵاوبوەوە.
- خاوەنی چەندین کتێب و ڕۆمانی چاپکراو و چەندین زنجیرەی ڤیدیۆییە.
- لەلایەن ناوەندی خوێندنی سویسرییەوە دەستنیشان کراوە وەك سەد کاریگەرترین کەس لەدروستکردنی بیروڕا لەجیهانی عەرەبیدا بۆ ساڵی٢٠١٧.

لە کتێبە چاپکراوەکانی:

١. البوصلة القرآنية، إبحار مختلف بحثا عن الخارطة المفقودة ٢٠٠٣ .
٢. ليلة سقوط بغداد، ٢٠٠٤ .
٣. سلسلة ضوء في المجرة،٢٠٠٥.
٤. الفردوس المستعار والفردوس المستعاد، ثوابت وأركان من أجل حضارة أخرى ٢٠٠٥ .

٥. رواية أبي اسمه إبراهيم٢٠٠٦ .

٦. سلسة كيمياء الصلاة، ٢٠٠٨.

٧. رواية ألواح ودسر، ٢٠٠٩.

٨. استرداد عمر.

٩. سيرة خليفة قادم.

١٠. طوفان محمد.

١١. القرآن لفجر آخر.

١٢. لا نأسف على الإزعاج

١٣. شيفرة بلال.

(١) دژە ئیلحاد

دژە ئیلحاد بۆ؟

بیرۆکەی بەرنامەکە بەندە لەسەر هەمان بیرۆکەی کوتان یان دژەکوتانی پزیشکیی ناسراو، ئەوەی هەموو منداڵێك لەجیهانی هاچەرخدا و لەقۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی پیایدا تێپەڕ دەبێت.

بیرۆکەی کوتان بەندە بەوەوە کۆئەندامی بەرگری مرۆڤ توانای هەیە ئەو ڤایرۆس یان بەکتریایە دیاری بکات، کە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییە، دوای ئەوە ئەو کۆئەندامە ئەگەر توشی ئەو ڤایرۆسانە یان بەکتریایانە بوو، لەکاتێکدا مردووە یان لاواز کراوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لەش بەرگرییەك پەیدا بکات بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو ڤایرۆسانە لەکاتێکدا لەباری سروشتی خۆیاندان و ئامادەی گواستنەوەی نەخۆشییەکەن.

بەدەربڕینێکی تر کوتان کەمێك (نەخۆشیت) بۆدەگوازێتەوە بۆئەوەی بەتەواوی بەرگریی پەیدا بکەیت دژی نەخۆشیەکە.

چۆن ئەو بەرگرییە دروست دەبێت؟

بەکورتی، کۆئەندامی بەرگری، هانی هەندێك لەخانەکان دەدات لە(ئێستادا ناوەکەی گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەم بەدواداچونە وات لێدەکات لەبابەتەکە بپچڕێیت)، گرنگ ئەوەیە ئەو خانانە ئەوە بەرهەم دەهێنن، بە (شانە دژەکان (anti-bodies)) ناسراوە، ئەمانیش هەڵدەستن بەکاری بنەڕەتی کۆئەندامی بەرگری، لەکاتێکدا ئاماژە بۆبەشی گوێزەرەوە لەڤایرۆس یان بەکتریا دەکات و بەشەکانی تری کۆئەندامی بەرگریی هەڵدەسێت بە هێرشبردنە سەر ئەم بەشە و لەناوبردنی.

ئێمە لێرەدا هەڵدەسین بەخستنەڕووی هەندێك لەو وتانەی مولحیدەكان، بەهۆكاری ئیلحادی ئەژمار دەكەن (واتا ئەو ڤایرۆس یان بەكتریایەی هۆكاری نەخۆشیەكەیە)، پاشان هەڵدەستین بەهاندانی كۆئەندامی بەرگریی هزری، تا ئەو ڤایرۆسە بناسێتەوەو جیابكاتەوە و دژەتەن پێكبهێنێت، تاكو لەكاتی توشبوونە ڕاستەقینە و سەرەكیەكەدا ئامادەی كاركردن بێت.

بەدەربڕینێكی تر، دژە ئیلحاد لێرەدا ئاراستەی مولحیدەكان ناكرێت بەڵكو ئاراستەی ئەوانە دەكرێت، ڕووبەڕووی ئیلحاد دەبنەوە، بۆئەوانەی لەناوەڕاستدان لەنێوان باوەڕێكی نەریتی و تەقلیدیانە، كەهیچ وەڵامێكیان نییە بۆپرسیارەكانیان، و ئەو ئیلحادەی لەكرۆكدا زیاتر پرسیار دەخاتەڕوو وەك لەوەی بەدوای وەڵام دا بگەڕێ.

ئەوكەسانەی ئەم بابەتەیان ئاراستە دەكرێت بریتی نین لەمولحیدەكان، ئەوانەی یەكلا بوونەتەوە و دڵنیاو دڵخۆشن بەو وەڵامە كۆنانەی كامڵ نین و كاتیان بەسەر چووە، بەڵام بەسادەیی نایانەوێ بێباوەڕ بن..

ڕاستە ژمارەی بێباوەڕان لەهەموو جیهاندا لەزیاد بوندایە، بەهەمان شێوە لەم ناوچەیەی ئێمەشدا، بڕوام وایە لەوانەیە ئەم ژمارانە وورد نەبێت، پێم وایە ڕێژەی ئەو كەسانەی لە ناوەڕاستدان، یان ئەتوانین بڵێین ئەوانەی دودڵن، زۆر زیاترن لەڕێژەی مولحیدەكان.. ئەو وتانەی سەبارەت بەزیادبوونی ڕێژەی بێباوەڕان دەوترێت تەنها وەك ئەو بەشە دیارەی شاخێكی شەختەی گەورەی نقوم بووی نێو دەریاو ئاوەكانە...

نزیكەی دوو ساڵ لەمەوبەر، بەهاوكاری هەندێك برا، دەستم كرد بەپرۆژەكەم لەسەر ئیلحاد، گروپ و كۆمەڵەیەكمان دروست كرد لەسەر فەیسبوك و میوانداریمان كرد لەمولحیدەكان و ئەوانەش مولحیدەكانیان دەناسی، لەم كۆمەڵەیەدا ئەو هەموو بابەتەمان كۆكردەوە، مولحیدەكان

دەستاودەستی پێدەکەن و وەکو هۆکارو بیانویەك لێی دەڕوانن، کەوای لێکردوون بێباوەڕبن بەقسەی خۆیان.

لەم بابەتی (دژە ئیلحاد)یەدا، گرنگترینی ئەو بەڵگەو هۆکارانە تاوتوێ دەکەین و دەیخەینەڕوو، مانای ئەوەنییە واز لەبیروبۆچونی خۆم بێنم سەبارەت بەکتێبێك بەویستی خوا بەچاپی دەگەیەنین، لەوێدا تێروپڕتر قسە لەسەر هەموو ئەوباسانە دەکەم، لەو گروپەدا تێپەڕیوە، بێجگە لە چەندین بەشی سەرەکیی تر، ئەوە چییە ئەتوانێ ئەم بەرنامەی (دژەئیلحاد)یەی ئێمە جیابکاتەوە لەبەرنامەکانی تری وا باسی ئیلحاد دەکەن...

لە دژە ئیلحاددا هەوڵ دەدەین جەخت بکەینەوە لە مۆرکێکی بیرکردنەوەی وا، ڕێگر دەبێت لەگەیشتن بەئیلحاد.

چەندین خاڵی هاوبەش دەبینین لەزۆر هۆکارو بەڵگە، هاوبەشییەکان لەشێوازو مۆرکی بیرکردنەوەیەك، کە سەرەتایەکە بۆ ئیلحاد، بەدیل و بریتیەکەش تەنها وەڵامێکی ئێستایی نابێت لەسەر ئەم بەڵگە یان ئەویتر... بەڵکو ئاگادارکردنەوە دەبێت لەسەر شێوازی ئەو بیرکردنەوەیەی سەری کێشاوە بۆ ئەم بیرکردنەوەیە... ڕاهێنان لەسەر مۆرك و شێوازێکی تری بیرکردنەوەی جیاواز.

هەروا وەکو خۆم تێگەیشتنێکی تەواو و بگرە تەنانەت هاوسۆزیم لەگەڵ گەنجە مولحیدەکان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخەی پێیدا تێپەڕیوون بەهۆی هەندێ هۆکاری بابەتییەوە وای لێکردوون ئیلحاد بژاردەیەکی نزیك بێت... هەندێك باری نائومێدیی گشتی هەیە لەدوای بەهاری عەرەبی پێیدا تێپەڕیوون، هەروا لەئارادابوونی شکستی ئیسلامی سیاسی لەجێبەجێ کردنی پەیمانە شیرین و هەنگوینیەکانیان خاڵێکیترە.

ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری دامەزراوە ئایینییە نەریتییەکان بێتوانان لــە پێشکەشــکردنی هــەر وەڵامێــك و نقومبوونیــان لــەناکۆکی و دژیەکبونــە ناعەقڵانیــەکان، هــەروا لــەم ماوەیــەدا چــەندین جــۆری ســتەم و تــاوان و توندوتیـــژییان بینـــی، دەرهێنـــەری فیلمـــە ترســـناکەکانیش بیریـــان لێنەکردووەتەوە، دوای ئـەوە کۆتاییەکەی، کـە کۆتـایی نییـە داعـش هـات بۆتەواو کردنی کارەکەو وەرگرتنی پایەی سەرپەرشتیکردنی فەرمیی ئیلحاد.

لەوانەیە گەنجەکان بیردۆزی داروین لەگەشەسەندندا بکەنە بەڵگە، بـەڵام بەبیروڕای من هۆکاری بەهێز لەبیردۆزی گەشەسەندندا نییـە بـەڵکو لـەبینینی ئـەو هــەموو هەڵــدێرەی دەوروبەریانــە، کــە لەهــەموو شــتێکدا هەیــە، لــە خلیسکانی مرۆڤ دایە بۆپلەیەکی زۆر نـزمتر لـە پلـەی ئـاژەڵ و مەیمونـەکان، بیردۆزەی گەشەسەندن دەڵێت: پێشـینەیەکی هاوبـەشمان هەیـە لەگەڵیانـدا، هەروا من لێرەدا وا ڕەفتار لەگەڵ ئیلحاددا ناکەم وەك ئەوەی نەخۆشی بێت، ڕاستە لەسەرەتادا لێکچواندنەکە بەکتریاو ڤایرۆس و دژەتەن لـەخۆ دەگـرێ، بەڵام ئەمە تەنها نزیککردنەوەی بیردۆکەکەیە.

ئیلحـاد لێـرەدا وەك نەخۆشـی ناخرێتـەڕوو، بـەڵکو دیاردەیـەکی هزرییـە، وەك هەر دیاردەیەکی هزریی تر کۆنتێکست و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، هــەمان کــات ئەفســانەی دەســتاودەســتکراو هەیــە دەربــارەی مولحیــدەکان هەوڵدەدەم ئەوانــە بەتــەواوی تێپــەڕێنم، لەبـەر ئـەوەی بەسـادەیی کۆمـەڵێك گشتاندنی ناڕاستە، دەکرێت بەهەمانشێوە لەلای باوەڕدارەکانیش هەبێت.

یەکەم ئەفسانەیەك لەو ئەفسانانە ئەوەیـە، بێبـاوەڕ بۆیـە بێبـاوەڕ بـووە تــاکو لــەڕووی ڕەوشــتییەوە دەربازیبێــت و هــەموو مولحیــدەکان لــەڕووی ڕەوشتییەوە بەرەڵڵا بوون، بەسـادەیی ئەوەڕاسـت نییـە، ئیلحـاد بێڕەوشـت هەیە وەك چۆن باوەڕداری لەوجۆرەش هەیە.

ڕەوشت و ئاکارەکانی بێباوەڕ لەوانەیە پێوەری جیاوازیان هەبێت، بەڵام ستەمە کوێرانە گشتاندن بکرێت و بوترێت: هەموویان لەڕووی ڕەوشتەوە بەرەڵڵان، یان بەلایەنی کەمەوە پێت وابێت لەپێناوی ئەوەدا بێباوەڕ بوون.

هەمومان دەزانین هەندێ لەباوەڕدارەکانیش هەمان ئەو هەڵانە دەکەن و بیانوی پێویستیان هەیە بۆئەوەی لەسەری بەردەوام بن.

ئەفسانەی دووەم: بریتییە لەوەی دەگوترێت: بێباوەڕ کڵۆڵ و بەدبەخت و دڵتەنگ و نەخۆشە لەڕووی دەرونیەوە و نزیکە هەوڵی خۆکوشتن بدات، ئەمە مەرج نییە هەمووی وابێت، ڕەنگە باوەڕداریش توشی هەمان شت بێتەوە، لێکۆڵینەوە دەرونییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەوانەی نەخۆشی دەرونییان هەیە لەمولحیدەکان زیاتر مەیلیان بەلای هەوڵی خۆکوشتن دایە وەك لەوانەی نەخۆشی دەرونییان هەیەو دیندارن (دیندار لێرەدا بەجێهێنانی دروشمەکانە)، تێڕوانینێکی خێرای لیستی بەرزترین دەوڵەت، کە خۆکوژی و بەرزترین دەوڵەت کە زۆرترین ئیلحاد تێدایە، دەبینین هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دوو لیستەکەدا نییە.

ئەفسانەی سێیەم: بریتییە لە ئەفسانەی بوونی پیلانگێڕی بۆ گەورەکردنی کارەکە، لەپێناو برەودان بە بوونی ئەجێندای سیاسی کە ئیسلامی بەئامانج گرتووە... هتد، بەداخەوە ئەمە سەرخستنە ناو لمە.

ئاسانە هەموو شتێك بەپیلان وێنا بکەین، بۆئەوەی لەڕوبەڕوبونەوەی هۆکارە ناوەکییەکان، بۆتە هۆی ئەم ئاکامە، ڕزگارمان ببێت.

ئەفسانەی چوارەم: بریتییە لەوەی وابڕوانرێتە ئیلحاد، کە مۆدە و باوێکی تێپەڕە و بە شتێکی پوچ و کەم نرخ تەماشای کەیت، بەشێوەیەك پێشکەشی بکەیت شتێکی سادە یان سەرلێشێواوییەکە یان وەك هیپپیەکان و شەیتان پەرستنە... ئەمەش واتای ئەوەیە، بێ ئەوەی هیچ شتێك بکەین، بەئاسانی نامێنێت و کۆتایی دێت. و پێویستمان بەڕوبەڕوبونەوەی نییە.

ئەفسانەی پێنجەم: بریتیە لەئەفسانەی لێدانێکی کەمەر شکێن.. وەك ئەوەی زۆرێك پێیان وایە دەکرێت بەلۆژیکی محمد علی کلای هەڵسو کەوت لەگەڵ پیاوە مولحیدەکان بکرێت... دەکرێت لێرەدا بەرپەرچدانەوەیەکی توند و یەکلاکەرەوە هەبێت بۆ هەموو ئەوانەی دەیڵێن و بیانوو و بەڵگەی پێ دەهێننەوە، زۆر بەسادەیی ئەوە گونجاو نییە، بەلایەنی کەمەوە، لەهەموو بیانوو بەڵگەکانیاندا، نێرداوەکانی خودا خۆیان نەیانتوانیوە ئەوە بکەن... بۆچی ئێمە خەیاڵی ئەوە بکەین دەتوانین، و بۆچی بانیژەی تێڕوانینەکانمان بەرزبکەینەوە لەکاتێکدا دەزانین ئەمە لەپێشتردا ڕوی نەداوە، باوەڕ دەمێنێتەوە و ئیلحادیش دەمێنێتەوە، وەك چۆن بەردەوام هەر وابووە.

ئەفسانەی شەشەم: ئەو وێناکردنەیە وا دەبینێت چارەسەرکردنی ئیلحاد و لەناوبردنی بەدیدێت، دەکرێت لەڕێگەی هێنانەوەئارای جارێکی تری هزری ئاینی باوی نەریتی بۆنێو گفتوگۆ و مشتومڕەکانی سەبارەت بەئیلحاد.

زۆر بەسادەیی ئەوە بەم شێوەیە ڕونادات...

– یەکەم: لەبەر ئەوەی هەندێك لەم هزرە ئاینییە بەزمانێکی تەواو جیاواز لەزمانی ئیلحاد نوێ دەدوێت، دوای ئەوە هیچ زەمینەیەکی هاوبەش نییە بکرێ لەڕێگەیەوە کارلێکی گرنگ و جددی ڕووبدات.

– دووەم: لەبەرئەوەی هەندێ لەم هزرە ئاینییە خۆی بەشێکە لەگرفتە سەرەکییەکە، هەربۆیە ناکرێت ببێتە بەشێك لەچارەسەر.

لێرەدا ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت، تێگەیشتنی ئاینی زۆرە و تێگەیشتنی خراپ لەئارادایە بۆچەندین دەقی ئاینی کە وای کردووە کارەکە بەم شێوەیەی ئێستا کۆتایی پێ بێت و ببێتەهۆی ئەوەی داڕوخانی زۆر کاروبار لەکۆمەڵگەکەماندا ڕووبدا.

بەم شێوەیە ئامادەکردنی ئەم هزرە بۆچارەسەر کردنی کێشەکە، دۆخەکە خراپ و ئالۆزتر دەکات، هەمان کات پێویستە لێرەدا ئەوە بیربخەمەوە، ئەو تازەگەری و نوێکردنەوەیەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، لەگەڵ توندڕەوی یان ئیلحاد و ئیلحاددا ڕوبەڕو دەبێتەوە، ئەم تازەگەرییە ئەوشتەیە پێویستە ڕوو بدات، جا ئیتر توندڕەوی یان ئیلحاد هەبێت یان نەبێت، بەڵام لەگەڵ بوونی توندڕەوی یان ئیلحاددا دەردەکەوێت چەندە پێویستمان بەم جۆرە نوێکردنەوەیە هەیە.

نوێکردنەوە کاردانەوە نییە... هەڵوێستێکی دژ نییە نە بۆئیلحاد و نە بۆ توندڕەوی، بەڵکو ئەو شتەیە پێویستە ڕوبدات، وەك خۆم هەڵوێستم هەر لەسەرەتاوە یەکێکە، کاردانەوە نییە.

هەندێ لەو دژەتەنانەی لەم زنجیرەیەدا پێشکەش دەکرێت بەدڵی زۆرێك لەوانە نابێت، تێڕوانینیان وایە، گوایە تێگەیشتمان لە ئاین و دەقە ئاینییەکان پێویستە هەروەك خۆی بمێنێتەوە. بەڵکو لەوانەیە تێڕوانینێکی توندتر لەخودی مولحیدەکان بگرنەبەر.

بەڵام بەتێڕوانینی من بژاردەکان لەئێستادا زۆر نین، ئەگەر دەمانەوێت گەنجەکانمان لەئیلحاد بپارێزین ئەوا پێویستە لەسەرمان تێگەیشتنی نوێ بۆباوەڕ پەسەند بکەین، پێویستە هەوڵ بدەین بۆباوەڕێك تەنەکانی دژە ئیلحاد و ئیلحاد لەخۆ بگرێت.

(٢) ئايا هيچ بەڵگەيەكی زانستی هەيە لەسەر بوونی خودا؟

ئەم پرسيارە پێگەيەكی گرنگی هەيە لەنێو ئەو پرسيارانەی جۆی بايەخن لای ئەوانەی گرنگی دەدەن بەبابەتی ئيلحادو ئيلحاد، لەگەڵ ئەم پرسيارانەدا سەرسامی و ڕاڕايی و تامەزرۆيی پرسيارکەر دێتە ئاراوە.

هەندێك جار چەندين دەستەواژە لەگەڵ پرسيارەكەدا دێت و بەڕونی تەعبیر لەوە دەكات: تكايە ئەی دكتۆر بۆخاتری خودا... دەستەواژەكە دەربڕينی تكاو لاڵانەوەی تێدايە كەئاماژەيە بەوەی پرسيارکەر گەيشتۆتە قۆناغێك لەئازار و ئێش كەدەيەوێ چارەسەری بكات، گەرچی بەگولەی ڕەحمەتيش بووبێت.

بەهەر شێوەيەك لەشێوەكان بێت، لەوانەيە گەيشتبێتە خاڵێك گەڕانەوەی نەبێت، لەگومانـدا، لەبێ متمانەييدا سەرگەردان بوبێت، شتێكی ئەوێ سەرسامييەكەی بەلايەكدا بخات و كۆتايی پی بهێنێت، گەرچی بەدورخستنەوەشی بێت.

تكايە دكتۆر نامەكەم پشتگوێ مەخە تكايە.

باشە.

جارێكی تر پرسيارەكە: ئايا بەڵگەيەكی يەكلاكەرەوەی زانستی هەيە لەسەر بوونی خودا؟

وەڵامەكەی بەشێوەيەكی سادەو كورت و پوخت: نەخێر.

بەسادەيی نەخێر.

بەكورتی نەخێر.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە.

لایەنی یەكەم: ئەگەر هاتوو (بەڵگەیەكی دەمكوتكەرو یەكلاكەرەوە) هەبوایە بەو واتایەی پرسیاركەرەكە بەدوایدا دەگەڕێ، ئەوا شتێك نەدەبوو بەناوی ئیمان.

پێناسەی ئیمان: ئەوەیە شتێك هەبێت پەنهان بێت تاكو باوەڕی پێ بهێنیت، بەبێ ئەم غەیبە واتایەك بۆ باوەڕ نامێنێت، كاتێك هەموو شتێك ڕوون و ئاشكرابێت، شتێك نییە بەناوی ئیمانەوە، ئەوەی هەیە بڕواكردنە بەشتێك دوای ئەوەی دەیبینین بەچاوی خۆمان.

لەلایەكی ترەوە: پرسیارەكە لەوە دەچێت بچیت بۆ دوكانی میوەفرۆشی گەڕەك و داوای لێبكەیت پاسپۆرتێكت بۆ دەربكات، بەدەربڕینێكی تر: تۆ لەشوێنێكی هەڵە داوادەكەیت، لەوانەیە داواكردنەكەت گونجاو بێت بەڵام لەشوێنێكی هەڵە داوای دەكەیت، مەبەستم لەودكتۆرە نییە بەهەڵەداوان داوای وەڵام دانەوەی ئاگرینی لێ دەكەیت، بەڵكو مەبەستم خودی زانست خۆیەتی، مەبەستم لەخودی تێگەیشتنی بەڵگەی زانستییە، ئەوەی ئارەزووی دەكەی بیهێنێت بۆئەوەی كۆتایی بەو سەرسامی و ڕاڕایی و سوتانەت بهێنیت.

ئەوە وەرزێكی نوێی دابڕانێكی خراپی نێوان زانست و باوەڕ نییە.. بەڵكو دانانی خاڵە لەسەر پیتەكان سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان هەردوكیان.

ئەو پەیوەندییە بەدەستی كۆمەڵێ گرفتەوە دەناڵێنێت، هەندێك وای دەبینن هیچ بوارێك نییە بۆپەیوەندی نێوان هەردوكیان، ئەوە ئەو پەیوەندییە بەدەست كۆمەڵێ گرفتەوە دەناڵێنێ، هەندێك وای دەبینێت ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هەردوكیان هەیە، پەیوەندی یەكسانییەكی تەواوە. لەنێوان ئەم و ئەوا بەتایبەتی لەژێر سایەی هەژمونی زانستی سەردەمی نوێ

و لەسایەی بەدیهاتنی چەندین دەستکەوتی گەورە، کە گۆڕانکاری زۆری لەژیانی مرۆڤایەتیدا کردووە و خۆشگوزەرانی بۆمرۆڤ زیاد کردووە و زۆر لەو نهێنیانەی ئاشکراکردووە. کەبۆچەندین چاخ و سەردەم بەنهێنی و پەنهان دادەنرا.

بەهۆی هەموو ئەوانەوە ئێمە وامان دەزانی دەتوانین هەموو پرسیارێك لەزانست بپرسین و داوای لێبکەین، لەسەر هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەین (ڕازی بوونی کۆتایی) لێ وەردەگرین.

تەنها بۆ ڕوونکردنەوە: لێرەدا مەبەست لەزانست بریتیە لەزانستی ماددی یان ئەوەی دەناسرێت بەزانستی سروشتی، چەند زانستێکی تر هەن ناسراون بەزانستە مرۆڤایەتییەکان (وەك فەلسەفە و زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی)، بەڵام زۆر کات کە بەگشتی باسی زانست دەکرێت، مەبەست لەو زانستە نییە، بەڵکو مەبەست لەزانستە سروشتییەکانی وەك بایۆلۆژی و... هتد)ە.

بێگومان زانست زۆر شتی گرنگی بەدی هێناوە، ڕۆڵی لەگەشەسەندنی مرۆڤایەتی دا نکوڵی لێنەکراوە، بەڵام ئەوەی زانست لەهەموو شتێکدا بکەینە ڕاسپێردراو و چاودێر بەسەر خۆمانەوە، ئەوە جێگەی تێڕوانینە و قسەی تر هەڵدەگرێت..

دەکرێت زانست پێوانەی خێرایی تیشکی خۆر و پێوانەی پەستانی خوێن و ژمارەی خڕۆکە سپییەکان دیاری بکات، لەوانەیە کەلێنێك ببینێتەوە لەپیشەی کارکردنی جگەرت داو بچێتە قوڵایی مێشکتەوە، لەوانەیە زانست بیابان بگۆڕێت بۆ باخ و باخاتی سەوز، چارەسەری وا ببینێتەوە بۆگرفتی وا کەپێشینانەکانمان هیچ کات بەبیریاندا نەهاتووە چارەسەری هەبێت.

لەوانەیــە زانســت ژیــان ئاســانتر بکــات، لەســەر ئەســتێرەی زەوی بەشــێوەیەکی باوەڕپێنــەکراو، بــەڵکو لەوانەیــە بتوانێــت مــرۆڤ بباتــە سەرئەستێرەکانی ترو بەرهەمهێنان بکات تیایاندا، لەوانەیە بتوانێت بمانباتـە دوورترین شوێن لەگەردوندا.

بەڵام هەموو ئەمانە سنورداریی زانست هەڵناوەشێنێتەوە، سنوری زانست بریتیە لەم جیهانە، بەهەموو ئەوانەی تیایدان، هەموو ئەوانەی لـەم جیهانـەدا نەبن، ناکرێت ملکەچی زانست بن و زانست ناتوانێت ئاشکرایان بکات.

بەدەربڕینێکی تـر: هـەموو دەسـتکەوتەکانی زانسـتی مـاددە لەسروشـتدا هەن، واتە هەرشتێك لەدەرەوەی ماددە بوو یان لە دەرەوەی ئەم سروشتەدا بوو، زانست ناتوانێت ئاشکرای بکات یان بگاتە سنووری... ئەمە کەموکورتی یان نەنگی یان کەلێن نییە لەزانستدا... ئەمە تەنها بەشێکە لەوەسفکردنێکی پیشەیی و وەزیفیانەی زانست، زانسـت سنوری هەیـە، سـنورەکانی زانسـت هەموو جیهان ئەگرێتەوە، ئەمەش کەم نییە.

بـەڵام بەدڵنیاییـەوە دەزانـین، خـوای گـەورە لـەدەرەوەی ئـەو جیهانەیـە کەئێمـە دەیناسـین، خـودای گـەورە لـەدەرەوەی ووشـەی (دەرەوە)شـە، لـەدەرەوەی هـەموو ئەوشـتانەیە ئێمـە دەیـزانین یـان تـاوتوێی دەکـەین لەئاراستەکان یان کێشانە و پێوانەکان، خوای گەورە لەدەرەوەی سروشـت و ماددەیە، بۆچی لەزانستێکدا بۆی بگەڕێین سنورەکەی سروشت و ماددەیە؟

بەڵگەی زانستیت دەوێ لەسەر بوونی خودای گەورە؟

ئایا کەسێك پێی وتویت خوای گەورە وەکو گرێیەکە لەمێشکتدا یان وەکو کانزایەکی سروشتییە لەگڵدا؟ ئایا پێت وایە وەڵامەکە ئاشکرا بێت لەئەنجامی پشکنینێکی تاقیگەدا؟ ئایا پێشبینی ئەوەت کردووە لـە تیـوبێکی تاقیگـەدا بیبینیتەوە؟ بەدڵنیاییەوە.بەڵگەی زانسـتی بـەم واتایانـە، نـە لەسـەر بـوونی خودا و نە لەسەر دیارنەبوونی یان بوونی خودای گەورە لەئارادا نییە.

بـەلاّم ئەمـە بەدڵنیاییـەوە، واناکـات زانســت ئیلحـاد یـان بـاوەڕداری بەپێویست بزانێت، تەنها ئەوەندە هەیە زانست تایبەتمەند نییە بەم کـارەوە، دەکرێت زانای بێباوەڕ هەبێت یان زانای باوەڕدار، بەلاّم زانست بێلایەنە لـەم کارەدا.

پرسیارکردن لەزانست لەسەر بوونی خودا پرسـیارکردنێکی ڕەتکراوەیـە، لەبەر نەبوونی پسپۆڕێتی لەو بوارەدا، دووبارەی دەکەمەوە لێرەدا مەبەسـت لەزانسـت زانسـتی ئـەزمونکاری سروشـتی زانسـتی ماددییـە. ئـەو واتایـەی کەلەگـەڵ لـەناوبردنی زانسـت دا بـەزۆری ئـەوە دێـت بەبیرمانـدا و ئـەوە مەبەستە.

بێلایەنی زانستی لە بابەتی بـاوەڕدا، واتـای ئەوەیـە زانسـت شـتێکی پـێ نییە بتوانێت دڵنیـایی یـان ڕەتکردنـەوەی ئیمـان بەشـێوەیەکی بنـەبڕ بـدات بەدەستەوە، دەربارەی هەرشتێك لـەدەرەوەی توانـا و چوارچـێوەی خۆیـدا بێت.

بەلاّم بەدڵنیاییەوە دەکرێت ئەو زانیاریانـەی، زانسـت پێشکەشـی دەکـات بـەکاربهێنرێت یـان بۆچـوونێکی لێ هـەڵبگوزرێت یـان دەرەنجـامێکی هـەبێت بمانگەیەنێتە ئەم هەڵوێستە یان ئەوی تر، بەلاّم ئـەوە وەك ئامـاژە و هێمایـە نەك ئەوەی بەڵگەبێت.

زۆر گوێمـان لێبـووە، لەسـەردەمی زانسـتدا خـودا دەدرەوشـێتەوە (*)— بـەلاّم ئـەوە واتـای بـوونی (بەڵگـەی زانسـتی نییـە) بـەواتای وردو حـەرفی ووشـەکە.. بـەڵکو واتـای ئەوەیـە زۆر لـەو نمونانـەی لـە بـارەی (سیسـتەم و ڕێکخسـتن)ی گەردونـەوە لـەئارادان، لـەوەی زۆر بـەوردیی ئامادەسـازی بـۆ

(*) الله يتجلى في عصر العلم دەستەیەك لەزانا ئەمریکیەکان، وەرگێڕانی بۆعەرەبی: د. دمرتـاش سرحان، دار القلم، مؤسسة الحلبي.

پێشوازی کردن لەژیان کراوە، هەموو ئەمانە ئاماژەیە بۆ بوونی خوایەکی دروستکاری ئەم ڕێکخستن و سیستەمە.

بەڵام ئەمانە ئاماژەن نەك بەڵگە، ڕاستییە زانستییەکان لێرەولەوێ خاڵ دادەنێن، بەڵام پەیوەندیی نێوانیان بۆگەیشتن بەبوونی دروستکاری ئەم جیهانە داخوازی شتێکی جیاوازتر دەکات لە زانست و بەواتا ئەزمونگەرییەکەی، لەوانەیە تێکەڵاوییەك بێت لە هەستی گشتی (Commonsense) یان درکپێکردن یان بینین یان لۆژیکی بەڵگەنەویست... یان ئەوەی بە کەشاك(حدس) هەستی پێ دەکەین، ئەمە شتێکی جیاوازە لەزانستی ئەزمونکاریو ملکەچی ئەزمونکردن نابێت.

ڕاستییەکەی باوەڕ —بەهەر شتێك— پێویستی بەم بازدان (Leap)ە هەیە، باوەڕت بەشتێك هەبێت بەبێ بوونی هەموو بەڵگە یەکلاکەرەوەکان...

ناکرێت بوترێت ئەمە پشتی پێ نابەسترێت، ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە، ئەوەی باوەڕ بەبەشێك دەهێنێت، بێ ئەوەی بەڵگەی یەکلاکەرەوەی هەبێت، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەری کێشاوە بۆ زۆر شت، لەوانەی دواتر بوون بەدۆزینەوەی زانستی.

هەموو بیردۆزە زانستییەکان بەگریمانەکان دەست پێدەکات، ئەم گریمانانەش[*] بە پێشبینی لەدایکبوون لەسێوەکەی نیوتن بۆ یاساکەی ئەرخەمێدس بۆ ڕێژەی ئەنیشتاین، پێشبینی و هەستی ناخ وای لێکردوون باوەڕ بەشتێك بهێنن و دواتر بیرکارییانە و زانستییانە بیسەلمێنن..

لەگەڵ بوونی خودا، پێشبینی هەستی ناخ خاڵەکان بەیەکەوە دەبەستێت، خاڵەکانی سیستەمی بونەوەر و ئامادەسازیی بۆپێشوازی لەژیان

(*) (الحدس): لێرەدا پێشبینیمان بۆ بەکار هێناوە، لەکاتێکدا مەبەس لێی هەستێکی ناخی مرۆڤە بەرامبەر بەڕوودان یان بوونی شتێك (وەرطێن).

لێرەوە دەگات بەباوەڕبوونی دروست کارێك بۆئەم ڕێکخستن‌و سیستەمە... بەدڵنیاییەوە نابینین بەڵام ئەگەر بمان بینیایە ناومان لێ نەدەنا باوەڕ. ئەوە باوەڕە لەبەر بوونی ئەم نادیارییە، بەڵام ڕەنگە بڵێیت: ئایا نەدەتوانرا هەبوونی ڕونتر بوایە؟! نەدەکرا لەکاتێکدا ئەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، خۆی بەڕێگەیەکی ئاسان پێشکەشی بکات؟ بەبوونی بەڵگەیەکی زانستی –بۆنمونە– یان هەر ڕێگەیەکی تری ئاسان، ئەو بڕیاری لەسەر بدات...

بەڵام ئەگەر گەیشتن بەوە ئاسان بووایە ئەوا نهێنی ئەم هەموو شتانە لەچیدابوو؟ چ واتایەکە لەوەدایە، پرسیارەکانی تاقیکردنەوە زۆر ئاسان بێت بەشێوەیەك هەمووان نمرەیەکی تەواو بەدەست بهێنن، کەسی بەتواناو سەرکەوتوو وەکو کەسێك بێت هیچ شتێك نازانێت لەسەر بابەتەکە؟ ئەوە ستەم دەبێت بۆئەو کەسانەی بەتوانا و سەرکەوتوون.

بیرۆکەی تاقیکردنەوە شتێکی تێپەڕ نییە سەبارەت بەباوەڕداران.. کارەکە بەهیچ شێوەیەك وەك تاقیکردنەوەیەکی ڕۆژانە (quiz) نییە، لەبەر ئەوە نەبوونی ئەو بەڵگانەی وادەکات بوونی خودا زۆر ڕوون بێت وەك سەردێڕی ڕۆژنامەکان، کەکارێکی هەماهەنگ و سازە لەگەڵ بیرۆکەی باوەڕداران سەبارەت بەبوونی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی‌و لەگەڵ ئەوەی، لەکۆتاییدا هەموو شتێك تاقیکردنەوەیە...

بەڵام ئەی چی دەڵێین سەبارەت بە ژمارەی زانا مولحیدەکان؟ زۆر جار مولحیدەکان ئەو ڕێژەیە لەزانایانی بێباوەڕو ئاتایست بەکاردەهێنن (بەتایبەتی بەناوبانگەکانیان) بۆئەوەی پاڵپشتی بیرو ڕایەکانیان بکەن، (هەروەك چۆن باوەڕدارەکانیش بەهەمان کار هەڵدەسن لەگەڵ زانا باوەڕدارەکاندا)...

ڕاستییەکەی، ڕێژەی (ئیلحاد) یان (باوەڕ) لەنێو زاناکاندا هەر بۆنمونە لەوە گرنگتر نییە یەکێك خواردنی پاستای پێ باشترە لە پیتزا... پسپۆڕییەکەیان لەبواری مادەو سروشتدایە، باوەڕ و ئیلحاد لەبوارێکی تردایە بەتەواوی، لەبەر ئەوە گرنگیدان بەبۆچونی ئەوان لەم بوارەدا واتایەکی نییە.

هەندێك لەوانە هاوسەرێکی دڵسۆز یان باوکێکی باش نەبوون...ئایا ئەمە واتای ئەوەیە پێویستە لەسەرمان لەمەدا شوێنیان بکەوین؟ هەرگیز نەخێر، پەیوەندی نییە لەنێوان زانستی ئەوان و ژیانی ئاسایی و کەسیاندا.

بەهەمان شێوە باوەڕیان و ئیلحادیان بژاردەیەکی کەسییە و پەیوەندی نییە بەو زانستەیانەوە، کەتێیدا باڵادەستن، لەبەر ئەوەی زانستەکەی لە بوارێکی تەواو جیاوازدایە.

تەنها ئەوانەی بڕوایان وایە خودا ماددی و بەرجەستەیە پێویستە لەسەریان بەگرنگیەوە بڕواننە وەڵامی زانایان بۆئەم پرسیارە، بەڵام ئەوەی سەروو سروشتە، زاناکانی سروشت ناتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

(٣) کێ خودای بەدیهێناوە؟

بنەمای ئەوەی، هەموو شتێك هۆکاری خۆی هەیەو هەموو ڕوداوێکیش خولقێنەرێکی هەیە و هەموو کردەیەکیش بکەرێکی هەیە، بنەڕەتێکی زۆر گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەماندا و تێگەیشتنیشمان دەربارەی ئەوەی ڕودەدات، هەروا زۆر گرنگە بۆ خستنەڕووی بەڵگەنەویستی بیرۆکەی بوونی خودا.

ئەگەر خولقێنەرێك نەبێت ئەی کێ هەموو ئەم شتانەی دروستکردووە ؟

دەچیتەماڵەکەتەوە دەبینیت هەموو کەلوپەل و شتەکان بەسەر یەکدا کەوتوون و هەڵڕژاون وەك ئەوە نییە خۆت ڕێکتخستوون، دەزانیت دەبێت کەسێك ئەوەی کردبێت یان ((با)) بووە یان دز ئەوەی کردووە، ئێوارە کە دێیتەوە دەبینیت بەو پەرشوبڵاوییەی جێتهێشتتوە وا نەماوەتەوە و بەجۆرێك خەونیشت پێوەنەدەبینی، هەر لە ڕێوە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بلیمەت بیت، دەزانیت کەسێك ئەمەی کردووە و بووەتە هۆی ئەم ڕێکخستنەوەیە.

هەموو ئەو دەرئەنجام و شتانەی لە ژیانتا دەیبینیت، هۆ و هۆکاری هەیە، هەموو کردەیەکیش بکەرێکی هەیە، هەموو ڕوداوێکیش ڕوداوخولقێنەرێکی هەیە، هەر بەم لۆژیکەوە لە کۆنەوە وتویانە هەبوونی پشقلی حوشتر بەڵگەی بوونی حوشترە، شوێنپێ ئاماژەیە بۆ بوونی کاروانچیان، جا ئاسمانی پڕ کەلوو(برج) و زەوی پڕ دەربەند ئایا ئامارژە نیە بۆ بوونی زانیارێکی شارەزا..

ئەم بیرۆکەیە بەسادەیی و سەرەتایی خۆیەوە و بەوەی بە شێکە لە هەستی گشتی common sense گرنگترین بەڵگەی بوونی خودایە و نزیکترین و گونجاوترینە لە گەڵ عەقڵی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام! هەندێك كەس بە دیاریکراویی ئەمە وەك هۆکار یان بیانوویەك بەکاردەهێنێت، گوایە ئەم یاسا هۆکارییە لە ناوەڕۆکدا سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی خوداش خولقێنەر (خالق)ێکی هەیە.

چۆن؟ بەو پێیەی ئێمە دەڵێین هەموو شتێك هۆی خۆی هەیە و هەموو هۆکارەکانیش بۆ بکەری یەکەم دەگێڕینەوە کە (خودا)یە.

ئەمە واتای ئەوەیە، خودی خوداش دەبێت هۆکاری هەبێت، ئەو دروستکەرە یان ئەو هۆکارەش دەبێت، بەم جۆرە لە بازنەیەکی بێکۆتایی هۆکارەکاندا دەمێنێتەوە.

لە ڕووی مەبدەئییەوە، ئەگەر بیر لە لۆژیکی ١+١ بکەینەوە، ئەوا پەڵپگرتنەکەیان دروستە.

بەڵام کێشەکە ئەوەیە لۆژیکی ١+١ بەسەر هەموو شتێکدا پیادە نابێت.

هەندێك سنوور هەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم لۆژیکە بیرکارییە ڕووتە.

بە دەربڕینێکی دیکەی ڕوونتر: ئەو یاسا فیزیاییانەی دەیزانین، تەنها بەسەر ماددەدا جێبەجێ دەبێت، هەرشتێکیتر لە دەرەوەی ئەو ماددانەدابێت هەرچۆنێك بێت، ئەوا یاساکانی فیزیایی بەسەر جێبەجێ نابێت، بۆ نموونە هەستەکان ئەگەر چی هەن و گومانلێکراو نین، لەگەڵ هۆرمۆنەکانیش، بەڵام ئەم هەستانە ناچنە ژێر باری یاساکانی فیزیا و کیمیا و بیرکارییەوە، ناکرێت بیخەنە نێو ئەو یاساو هاوکێشەکانەوە، چونکە ماددە نین.

با نموونەکان زیاتر نزیك کەینەوە: مـرۆڤ زۆر ئـامێری کارەبـایی دروسـت کـردووە، بـەفرگر و سـاردکەرەوە و تـی ڤـی، چـۆنییەتی ئیشـپێکردن و چاککردنی دەکەونە ژێر کۆمەڵێك یاسای دیاریکراوەوە، کە بـە زۆری یاسـای کارەباییە. بەڵام دروستکەریانە، هەر بۆیە ملکەچی ئەو یاسایانە نییە.

بـە هـەمان شـێوە ئـەم قسـانە سـەبارەت بـە بەدوایەکـداهاتنی هـۆ و هۆکارەکـان، پاشمـاوەی حوشـتر بـە لگەیـە لەسـەر حوشـترەکە و شـوێنپێ بەڵگەیـە بـۆ تێپـەڕینی کاروانچـی. هـەر راسـتە ئـەم یاسـایە ئێمـەو ئـەو جیهانەشی تێیدا دەژین دەگرێتەوە.

بەڵام بەدیهێنەرو دروستکەری ئەم گەردوون و جیهانـە لـە دەرەوەی ئـەم یاسانەیە، کە خۆی دایناوە.

وەك چۆن مرۆڤ لەدەرەوەی یاساکانی ساردکەرەوە و تی ڤی یەکاندایە.

بۆیە پرسیاری کێ خودای دروست کردووە؟ ناکرێت لێی تێبگەین. چونکە ئەم گەردوون و جیهانە ماددییەی خودا دروسـتی کـردووە، بـە پێـی چـەندین مەرج و ڕێکار و یاسا بەڕێوە دەچن، خودا خۆی ناکەوێتە ناوییەوە

Terms and conditions are not applied There

بـۆ ئـەوەی لـەم قسـەیە تێبگـەیت، دەبێـت بەشـێوەیەکی جیـاواز بیربکەیتـەوە، بیربکەیتـەوە ئـەو زاتـەی ئێمـەو گـەردوونی دروسـتکردووە، ناکەوێتـە نێـو ئـەو یاسـا و پێوەرانـەی ئێمـە دامانـناوە و گـەردوونی لەسـەر دامەزرێنراوە.

بۆچی دەبێت ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە تەبـەنی بکـەین خـۆ لەمیانـەی ئـەوەوە ((بـاز ئـەدەین)) بەسـەر ڕێگاکـانی بیرکردنـەوەی لۆژیکـدا و بڕیـار دەدەین لێرە کار ناکات؟

لەبەرئەوەی ئەگەر لێرەدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەسەر خولقێنەردا جێبەجێبکەین بڕیار بدەین هەموو خولقێنەرێك خولقێنەری هەیە و خولقێنەری خولقێنەرەکەش خولقێنەری هەیە، و بەم جۆرە ئێمە دەکەوینە زنجیرەیەکی بێکۆتاییەوە هەرگیز نامانگەیەنێتە هیچ شتێك، کارەکە دەگۆڕێت تا دەبێتە بازنەیەکی بەتاڵ، کە هیچ چارەسەرێکی نەبێت، خودی ئەمەش واتە پوچەڵبوونەوە و نالۆژیکیبوونی کارەکەمان، لەکاتێکدا وا دەردەکەوێت باوەڕهێنان بەڕێساکان بیرکردنەوەی لۆژیکی لە سنورێکی دیاریکراودا دەوەستێت، خۆ بەدەستەوە دەدات و ملکەچی بیرۆکەی خودا دەبێت، ناشکەوێتە گێژەنێکی فرەئەگەری بێکۆتایی، ئەم باوەڕهێنانە وا دەردەکەوێت لە گیانی لۆژیك و ئەقڵەوە نزیکترین بێت، تائەوەی گەر باوەڕ بەوە بهێنی ئەقڵ بە ڕاستەوخۆیی نایبینێت.

نزیك لە چەمکی هۆکاریی یەکەمەوە، چەمکی (سیستەم) دێت...

بە کورتی لەم گەردوونەدا کۆمەڵێك سیستمی ورد هەن، وادەکەن بۆ پێشوازیکردن لە ژیان ڕەخساو بێت.

نارازییەکان دەڵێن باس لە چ سیستمێك دەکەن.

ئەی ئەو هەموو بومەلەرزە و لافاو و کارەساتە ژینگەییانە چییە، کە بە بەردەوامی ڕوو دەدەن؟

باسی ئەوە ناکەم گەردون وەك کاتژمێرێکی ورد دەڕوات بەڕێوە، پێویستیش نییە وابێت.

بەڵام باسی نەگۆڕە فیزییایە بنەڕەتییە زۆر وردەکان دەکەم،کە دروستبونی گەردوونی ئاسان کرد بە و جۆرەی دەیبینین...

ئـەم نەگۆڕانـە زۆر وردن، گـەر جیاوازییـەکی زۆر کـەمی بچـوك هەبوایـە بەجۆرێك هەستیشی پێ نەکرێت نەدەکرا گەردوون دروسـت بێـت و ژیـانیش نەدەبوو.

بـۆ ڕونکردنـەوەی وردیـی ئـەو نەگۆڕانـە، ئەنـدازەی بچـوکیی هـەر کاریگەرییەك دەکەوێتە سەریان.

پێویستە لە سەرمان گەر بە خێراییش بێت، تەماشای هەندێك لەم نەگۆڕە ((گەردوونییانە)) و پێکهاتە وردەکەیان بکەین.... لێرەدا باسەکە پەیوەندیی بە سەرسوڕهێنەرە زانستییەکان یان شتێکی لەم بابەتەوە نییە.

باسـی نـەگۆڕە گەردوونیـەکان دەکـەین، ژمارەی نـەگۆڕ لـە گەردوونـدا، ژمارەی نەگۆڕی ئەوتۆ، گەر کەمێك کەمتر یان زیاتربوونایە گەردوون دروست نەدەبوو، ناشـڵێین ئـەم ژمارانـە لـە قورئانـدا یـان لـە شـتێکی لـەو بابەتـەوە هاتووە.

ئەم نەگۆڕانە چین؟

یەکـــەم:- ڕێـــژەی قـــەبارەی پرۆتـــۆن بـــۆ ئـــەلکترۆن یەکســـانە بـــە ١٨٣٦,١٥٢٦٧٣٨٩

گەر ئەم ژمارەیە بە ڕێژەی یە ك لە ١٠بگۆڕێن بۆ توان ٣٧، واتـە یـەك لـە ١٠ لە ناو خۆیدا ٣٧جار زەرب بکرێت، یان یەك لە ١٠بەرامبەری ٣٧سفر بێت، گەر ئەم ڕێژەیە کەمتر یان زیاتر بێـت، ئـەوا هێـزی موگناتیسـیی ئـەلکترۆنی بەسەر هێزی ڕاکێشاندا زاڵ دەبوو، ئەو کات ڕێی لە دروست بـوونی خولگـە و هەسارەکان دەگرێت و بەم جۆرەش ڕێگری لە ژیانیش دەکرد.

دووەم: ڕێژەی هێـزی ئەلکترۆموگنـەکاری بـۆ هێـزی ڕاکێشـان بـە لایـەنی جووتێ پرۆتۆنەوە، دەکاتە ١٠توان ٣٦، گەر ئەم ڕێژەیە کەمێك کەمتر بوایە

ئەستێرەکان لە خۆرەکەمان چڕتر دەبوون، بەمەش وای دەکرد نەگونجێت بۆ دروستبونی کانزا قورسەکان.

گەر کەمێکیش قورستر بوایە، ئەستێرەکان لە خۆرەکەمان چڕتر دەبوون، بەمەش گەردونێك دروست دەبوو، ژیانی تیا جیاوازتر دەبوو لەو جۆرەی دەیبینین.

سێیەم: ڕێژەی کشانی گەردوون نزیکە یەك بۆ ١٠توان (٥٥)، کە ڕێژەی کشانەکە زیاتر بوایە گەردوون بەشێوەیەك دەکشا، ئەستێرەو هەسارەو خولگەکان دروست نەدەبوون، گەر کشانەکە خاوتریش بووایە، گەردوون بە خێرایی هەرەسی دەهێنا بە لەوەی ئەستێرە و هەسارەکانیش دروست بن.

چوارەم: چڕێتیی بارستەی گەردوونی بەشێوەیەکی وردی ئەوتۆ درووستکراوە، ڕێگە بە دروستبوونی ژیان بدات بە کوالیتییەك لە دە توان ٥٩، گەر گەردون بە ڕێژەیی بارستەیەکی گەورەتر بوایە، هاوشێوەی ئەو هایدرۆجینەی لە تەقینەوە مەزنەکەوە پێکهات، دەبووە هۆی سوتانی ئەستێرەکان خێراتر لەوەی بیهێشتایە ژیان دروست ببێت.

ئەگەر ڕێژەکەش کەمتر بووایە، هیلیۆم کەمتر دەبوو، ئەوەش دەبووە هۆی کەمیی کانزا قورسەکان، و دەبووە هۆی دروستنەبوونی ژیان.

پێنجەم: تیشکدانەوەی ئەتۆمیی گەردونیی، لەتەقینەوەوە مەزنەکەوە بەرهەم هاتووە، بە ڕێژەی یەك لە ١٠٠٠٠٠و (١٠توان ٥)دەتوانرێت ببینرێت، ئەگەر ئەم ڕێژە زۆر وردە، برێك کەمتر بووایە، دەبووە هۆی ئەوەی گەردوون هەمووی ببێتە جێگەی کۆبوونەوەی گازەکان، بێ ئەوەی هیچ گەلەستێرە یان هەسارە یان ئەستێرەکان دروست بن، خۆ ئەگەر ڕێژەکە کەمێك بەرزتر بوایە، ئەوکاتە هەموو گەردوون دەبووە کونە ڕەشەکان، لە هەردوو بارەکەدا ژیان نەدەبوو.

شەشەم: هێزی ناوکیی، کە گەردیلەکان دەبەستێت بەیەکەوە، هەروا ماددەش کاتێک دوو گەردیلەی هایدرۆ جین یەکدەگرن ئەوا ٠.٠٠٧لە بارستاییەکەیان دەگۆڕێت بۆ ووزە، ئەگەر ئەم ڕێژەیە کەمتر بوایە بە شێوەیەک ٠.٠٠٦بوایە، ئەو کاتە پرۆتۆن نەیدەتوانی یەکبگرێ لەگەڵ نیترۆن و گەردون تەنها لە هایدرۆجین پێکدەهات، بەبێ بوونی توخمە قورسەکان هەسارەکان دروست نابن و ژیان پەیدا نەدەبوو.

خۆ ئەگەر زیاتر بوایە، بەشێوەیەك ووزەکە ببوایە بە ٠.٠٠٨ لە بارستاییەکە، ئەوا هایدرۆجین بە خێراییەکی گەورە بەشێوەیەك جارێکی تر هایدرۆجین لە ناو دەچوو، نە ئەستێرەکان و نە هەسارەکان و نە ژیان نە دەبوو.

زۆرباشە، ئەم نەگۆڕانە ئاماژەیە بۆئەوەی کە گەردون گونجاوە tuned[1] بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ بەدیهێنانی ژیان تیایدا، گونجاوە هەروەکو چۆن لەرەلەری شەپۆلی ڕادیۆ لەگەڵ ناوەندی پەخشکردنەکەی دەگونجێنرێت... لەرەلەرێکی زۆر وردە لەنێوان ملیۆنەها لەرەلەری تر، ئەگەری بوونی هەیە.

ئەمە واتای چییە؟ بە سادەیی واتای ئەوەیەکە دروستکەرێك لەپشت ئەم گەردوونەوەیە..

ئایا ئەمە بە تەواوی واتای زانستیی دروستی قسەکە، بەڵگەیەکی زانستی یەکلاکەرەوەیە لەسەر بوونی خوا، بێگومان نەخێر. بەڵام ئەمە وات لێدەکات بیربکەیتەوە و شتەکان بەیەکەوە ببەستیتەوە و شیکاری بکەیت و بڕیار بدەیت بەهەستەوەرە گشتییەکان، کە ئەگەری بوونی خودا لەگەڵ ئەم لەرەلەرە وردانە، کە گەردوونی لەسەر دروستکردووە زۆر بەرزە.

---

١ https://ak٨.picdn.net/shutterstock/videos/١٧٣٩٥٩/thumb/١.jpg

خەڵکە بێباوەڕ و مولحیدەکان لەم بارەیەوە چی دەڵێن و لەبەرامبەر ئەم نەگۆڕە گەردوونیە وردانە چ هەڵوێستێکیان دەبێت؟

ڕاستییەکەی، شتێك دەڵێن سەرسوڕهێنەرترین شتەو زۆربەی بەڵگەکانیان زۆر نامۆیە.

بەسادەیی دەڵێن ئەم گەردونەی ژیانی لێ بەدیهاتووە لەڕێی زۆر بوونی ئەم نەگۆڕانە یەك لە ١٠ بەرزتر بێتەوە بۆ ٥٠٠ گەردونی تر. ملیۆنەها ملیۆن لەم گەردونە تەریبانە هەیە[1]، گەردونە ماوەکانی تر لەوانەیە نەگۆڕەکانیان جیاواز بێت و ژیانی تێدا دروست نەبووبێت، بێگومان ئەم نەگۆڕانە بەپێی تێکەڵاوییەکی هەڕەمەکی ڕێکخراوە... شتێك نیە تەنها ژمارەیەکن ڕێکخراون بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێت، بەڵام ملیۆنەها هەوڵی تر شکستیان هێناوە و گەردونێکیان پێك نەهێنا ژیانی تێدا بێت (یان لەوانەیە بەرهەم هاتبێت و ئێمە نازانین).

ڕاکردن بۆ گریمانەی گەردوونە تەریبەکان هەوڵدانە بۆ ڕاکردن لە ڕاڤەکردنی (نەگۆڕە گەردوونیەکان)، بە بوونی (خودایەکی)بەدیهێنەر، کە ئەم نەگۆڕانەی داناوە....

بەم شێوەیە هەندێك پێیان باشە، گریمانەی سەدەها ملیۆن لە گەردونەکان بکەن، کە لە نێوانیاندا کرداری هەڵبژاردنی سروشتیی ڕویداوە بۆ دروستبونی ژیان بەبێ بوونی بەڵگەیەك لەسەر بوونی ئەم گەردوونانە.

ئەمەش لە بری ئەوەی دان بنێین بە ئەگەری خودایەکی بەڕێوەبەری ئەم نەگۆڕانە.

---

١ http://s.hswstatic.com/gif/what-is-multiverse-١-orig-١.jpg

لە هەردوو بارەکەدا نهێنییەك هەیە:

گەردوونە تەریبەکان شاراوەن و بە هەمان شێوە نەبینراون و هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە، لێ بە باشتری دادەنێین و فەزڵی دەدەن بەسەر غەیبێکی لۆژیکیتردا، ئەویش غەیبی بوونی خودایەکە نابینرێت.

لەگەڵ ئەوەدا بیرۆکەی بوونی خودا باسەکە کۆتایی پێ دێنێت بەڵام بیرۆکەی گەردوونە تەریبەکان هیچ شتێکی لێ بەدی نایەت، دواخستنی پرسیارە گرنگەکە نەبێت!

کێ ئەو گەردوونە تەریبانەی بەدی هێناوە؟!

(٤) بۆچی پەروەردگار بەدی هێناوین؟

وەلاّم دانـەوەی ئـەم پرسـیارە ئـاڵۆزە. لەوانەیـە بـەرەو بازنەیـەکی داخراومان ببات، کەسی بێ باوەڕ بڕوا بە هیچ وەلاّمێکی واناکات لـە خـواوە بێت، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە دانی بەبوونی دا نەناوە.

لـەڕووی کردارەکییـەوە، نـاکرێ بـاوەڕدار وەلاّمێـك بداتـەوە ئەگـەر لـە خوداوە نەبێت.

وەلاّمی ئەم پرسیارە بە دیاریکراوی قورسە ژیری مرۆڤ وەلاّمی بداتەوە و ناتوانیت بیخەملێنیت، بۆچی خودای گەورە بەدی هێناوین؟

نـاتوانی بگەیتـە دەرئـەنجامێك، یـاخود لەخۆمانـەوە لیسـتێکی بـژاردە دانێین.

بە سادەیی هەر خەملاّندنێك لەسەر پێوەری جۆری بیرکردنـەوەی مرۆڤـە لـە چوارچـێوەی ئـەو زانسـتە کەمـەی لـە ئـەنجامی پاڵنـەری کـردارە مرۆییەکانەوە بەدەست هاتوون.

بەلاّم پێوانی (کردەی خودایی) لەسەر پێـوەری (کـردەی مـرۆڤ) کـارێکی نەگونجاو و بێ کەڵکە، هیچ شتێك هاوشێوەی پـەروەردگار نییە، دواتر ڕاڤەی کارەکانی بنیات لەسەر بیردۆزەکـانی ڕەفتـاری مرۆیـی سەرەکێشـێت بـەرەو ڕێگایەکی داخراو.

ئەمە ناوچەیەکە ژیریی مرۆڤ ناتوانێت ڕۆبچێت تێیدا و گفتوگۆی لەسـەر بکات، ئەمـە لەبـەر ئـەوە نییـە مێشـك و ژیـری مـرۆڤ نەنگییـەکی هەیـە یـان کەموکورت و بێ توانایـە، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی بـۆ ئـەوە دروسـت نـەکراوە،

کارایی ژیری مرۆڤ و چوارچێوەی کارەکەی لە ناو بابەتە سروشتییەکان و لە نێو جیهانی مادەدایە، هەمووشتێك لە دەرەوەی ئەم جیهانەدا بێت ئەوە لەودیو سنووری توانا بەسەرداشکاوەکەی ژیرییەوەیە.

بێ باوەڕەکان بەو ڕێگایە مامەڵە لەگەڵ کارەکەدا ناکەن، ئەوان نازانن ژیری مرۆڤ لەو ناوچەیەدا کار ناکات.

ڕاستییەکەی، ئەوان هەر لە سەرەتاوە دان بەبوونی ئەو ناوچەیەدا نانێن یان دەیزانن بەڵام ڕەتی دەکەنەوە دانی پێدا بنێن، بەڵکو دەڵێن: بۆچی پەروەردگارتان مێشکێکی ناتەواوی پێ بەخشیون؟

کێ وتی لە پێویستە لەسەری مێشکێکی تەواو دروست بکات...

دروستکردنی ژیری بەوەی تایبەت بێت بە چەند بوارێکی دیاریکراوەوە، لەگەڵ ئامانجی دروست کردنیدا یەك بگرێتەوە، هیچ واتایەکی نییە، لەوەدا هەندێ شتی پێ ببەخشرێت، بۆی دروست نەکراوە.

یاخود سورن لەسەری: کێ وتویەتی ژیری مرۆڤ سنووری هەیە؟

ژیری مرۆڤ تەواوە، بەڵام لە توانایدا نییە بیر لە خودا بکاتەوە، چونکە خودا لە بنەڕەتدا بوونی نییە.

بەڕاست؟

ئایا دەکرێت ئەو ژیرییە تەواوە، ڕەنگێکی نوێ ببینێت؟

ئایا دەکرێت پێشبینیی ڕەهەندی چوارەم بکات؟

ئایا دەکرێت پێشبینی باری نەبوون بکات؟

نەخێر، بە دڵنیاییەوە.

لەبەر ئەوە، سەبارەت بە باوەڕدار وەڵامی پرسیاری بۆچی پەروەردگار بەدی هێناوین، وەڵامەکەی لە لای پەروەردگار خۆیەتی.

بێباوەڕ داان بە وەڵامێکی وادا نانێت، لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتدا دان بە بوونی خودا نانێت...

لەبەر ئەوە وەڵامدانەوەیەکی وا لە لایەن ئەوەوە، تەنها ئەفسانەیەك وەك ئایینە بەهەموو شتێکییەوە.

هەر وەلأمێکی لەو جۆرە لە لایەن مولحیدەوە ڕوبەڕوی گاڵتەجاری و گاڵتە پێکردن ئەبێتەوە

ڕەنگە خوداکەتان بێزار بووبێت بۆیە بڕیاری بەدیهێنانی ئێوەی داوە، یاخود هەستی بە وەڕەسبوون کردوە بۆیە بڕیاری داوە بەدیتان بهێنێ تا کەمێك کەیف و ڕابواردنی دەرچێت.

بەدی هێناون تا بیپەرستن؟

ڕەنگە خوداکەتان تووشی گرێی خۆ بەکەمزانی یان ترس بووبێت، لەبەر ئەوە دەیەوێت بیپەرستن تا ئەو هەستکردنەی کەم بێتەوە...

ڕەنگە تووشی خۆ بەزلزانین بووبێ من–ئیگۆی خۆی لا زل بووبێ، تا ئەوەی داواتان لێ بکات بیپەرستن و ستایشی بکەن بەو شێوەیە.

ئەوان وا دەڵێن، کاتێك وەڵامیان دەدەینەوە بەو وەڵامەی باوەڕمان پێیەتی، خودا بەرز و پیرۆزترە لەوەی ئەوانەی دەربارەی خودا دەیڵێن.

هۆکاری ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆرکە بیرکردنەوە ماددەگەرا و بەرجەستەگەرییە دەگەڕێتەوە، کە هەژموونی بەسەر بیرکردنەوەیاندا هەیە، سەبارەت ب خودایەك دان نانێن بە بوونی دا، ئەوان بیرکردنەوە لە خودایەکی پێیان وایە بوونی نییە، بە پێی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەپێون.

لە بەرئەوەیە دەڵێن ئایا خودا بێزاربووە بۆیە بەدی هێناون؟

لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لەکاتی بێزاریدا شتی تازە درووست دەکەن ... وێنەیەکی تازە دەکێشن، منداڵان هەوڵ دەدەن بووکێکی تازە دروست بکەن... یاخود بە میکانۆماڵێك دروست دەکەن یاخود چیرۆکێکی ئەفسانەیی دروست دەکەن...

یا هۆیەکەی ئەوەیە، ئەو مرۆڤانەی هەست بە ئاسایش ناکەن یا هەست بە کەمییەك دەکەن، هەمیشە پێویستیان بە پیاهەڵدان و ستایشکردن و وشەی خۆشەویستی هەیە لەلایەن ئەوانەی لە دەوریانن.

لەبەر ئەوە مولحیدەکان ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەکارئەهێنن بۆ لێکدانەوەی (ڕەفتاری خودایی)، ئەوە کارێکی لۆژیکی دەبوو ئەگەر خودای -بەرزو و باڵا- مرۆڤێکی زەبەلاحی خاوەن هەمان ئەو سیفەتانە بووایە ئێمە هەمانە بەڵام بەشێوەی توانای گەورەتر و زیاتر.

بەڵام خودا مرۆڤێکی خاوەن توانای لەڕادەبەر نییە.

ئەو بە تەواوی جیاوازە کرۆك و بوونیدا هەر لە بنچینەوە ناتوانیت بەراودی بکەی بە مرۆڤ.

لەبەر ئەوە، ئەم ڕاڤەکردنانە شیاوی پیادەکردن نین بەسەر خودادا.

ئایا ئێمە یان بیری ئایینی باو، بەشێك لەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆناگرین، بەهۆی چۆنێتی مامەڵە کردنمانەوە لەگەڵ خودا و لە وەسفکردن و ڕاڤەکردنی ڕەفتارەکانی ئەو بە شێوەیەکی مرۆڤانە؟

بەڵێ، من باوەڕم وایە زۆرینەمان ئەوەمان لە بیرکردووە، خودا (هاوشێوەی نیە) و پێمان وایە خودای - بەرزوو باڵا - وەکو ئێمەی مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات...

لەوانەیە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەشداری کردبێت لە دروستکردنی پەرچەکردارەکانی وەکو ئەمە، هەروا لە وەڵامی پرسیارەکانی وەکو (بۆچی خودا بەدی هێناوین)؟

پێویستە هەمیشە بیرمان بێت، ناکرێت شتێك بزانیت لە پشت ئەو وەڵامانەی پێشکەش دەکرێت لەم بارەیەوە.

پێویستە دوپاتی بکەینەوە ژیریی مێشکمان بەدیاریکراوی بۆ ئەوە دروست نەکراوە.

دەتوانین لە داخوازی و یاسا و ڕێساکانی تێ بگەین چونکە پەیوەستە بە ئێمەوە، یاخود بەو کۆمەڵگایەی لە دەورو بەرمانە.

ئامانج لە دروستبوون دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان پەیوەستە بە ئێمەوە... بەوەی لەسەرزەوی چی دەکەین، ڕووەکەی تر پەیوەستە بە خوداوە. ڕووە مرۆییەکەی دەکرێت لێی تێ بگەین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین و بنیاتی لەسەر بنێین.

ئەو ڕووەی پەیوەستە بەخوداوە، ناوچەیەکە ئامرازی پێویستمان نیە بۆ گەیشتن پێی، و بەتەواوی قەدەغەکراوە.

چونکە ئەوەی لە دەسەڵاتی ئێمەدایە تەنها ڕووە مرۆییەکەیەتی.

مولحیدەکان لێرەدا دەبێت وەڵامیان چی بێت؟

پرسیارەکە بە نیسبەت ئەوانەوە پێویستە لە (پەروەردگار بۆچی بەدی هێناوین)ەوە بۆ (ئامانج لە ژیان چیە) بگۆڕدرێت؟

وەڵامی زۆرمان سەبارەت بە چێژلەژیانوەرگرتن و خۆسەلماندن دەست دەکەوێت.

وەڵامێکی بەناوبانگی ریشارد داوکینز – زانای گەورەی بایۆلۆژی و ڕاگر و سەرکردەی بێباوەڕانی هاوچەرخ زەق دەکرێتەوە، کە دەڵێت:

(نەخێر، نەخێر پێموایە ئێمە لێرەین بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت، ئێمە لێرەین تەنها وەك بەرهەمێکی پرۆسەی پەرەسەندن، دەتوانیت بڵێیت ژیانم جگە لە ناخۆشی و ئازار هیچ شتێکی دیکە نیە، ئەگەر باوەڕم بە هەبونی ئامانج نەبێت لە ژیاندا، بەڵام مەبەستمە ژەمە خۆراکێکی بەتام دەست بخەم)، کەواتە چێژوەرگرتنە لە ژیان.

بێگومان هیچ کێشەیەك لەوەدا نیە چێژ لە ژیان وەربگریت، تەنانەت دەکرێت بە پەرستشیش ئەژمار بکرێت بەو پێیەی ئێمە لێی تێ دەگەین.

زۆرێك لە مولحیدەکان ژیانیان بەئامانجی زۆرباش و ڕێزدار و بەبایەخ بەڕێ دەکەن، بە هاوکاریکردنی ئەوانی دیکە، بەپێدانی واتای ژیان بە زۆرینەیەك لە خەڵك، نمونەی زۆرمان هەیەلەم جۆرە.

بەڵام ئەگەر هاتوو داڕشتنی پرسیارەکەمان گۆڕی... بۆ ئەوەی: ئامانج لە بوونمان چیە لەسەر ئەم هەسارەیە؟

وەڵامی ئیلحادك بەم شێوەیە دەبێت: هیچ ئامانجێك پێش بوونمان لەسەر زەوی نەبوو، ئێمە بەرهەمی کرداری پەرەسەندن و هەڵبژاردنی کوێری سروشتین، کە بەبێ هیچ هۆشیاری و ئامانجێك بەدی هێناوین.

باشە هەڵبژاردنی سروشتی و پەرەسەندن بە ئێرەی گەیاندوین وەك مرۆڤ.

بەڵام ئەو خانە زیندووەی سەرەتا هەموو شتێك لەوێوە سەرچاوە دەگرێ ئایا ئامانجێك لە بوونیدا هەبووە.

نەخێر، بە بۆچونی ئەوان تەنها ڕێکەوت بوو...

لەو کاتەی یەکەم خانەی زیندوو، گەشەی سەند – بە چاوپۆشین لە چۆنێتی دروستبوونی، ئەویش بەرنامە بۆدرێژراوە لەسەر یەك ئامانجی دیاری کراو، کاتێ زیاد دەکات، کە هاوشێوی خۆی بەرهەم بهێنێت، هەموو خانەیەکی زیندوو لەدواتردا گەشەی سەند ئەویش بەرنامەی بۆ داڕێژراوە بۆ هەمان ئامانج.

بۆ ئەوەی هاوشێوەی خۆی بەرهەم بهێنێت.

هەموو خانەیەکی زیندوو لە بچووکترین بوونەوەری یەك خانەیی تا گەورەترین بونەوەر کە لەسەر زەوی دەژی بە مرۆڤیشەوە کۆنترۆڵکراوە، لەسەر بەردەوامبون لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی هاوشێوەکانی خۆی.

کاری DNA لەناو هەر خانەیەکی زیندوودا بریتییە لە فەرمانکردن بە خانەکە تا دووبارە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە وەك ئەوەی هەیە.

ئێمە وابەستەین بە ژیانەوە... وابەستەین بەو پاڵنەرانەوەی بێ هۆشیاریی خۆمان بەرەو ئەوژیانەی هەمانە پاڵمان دەنێن...

بەو شێوەیە بەرنامەڕێژ کراوین..

چۆن دەشێت بچوکترین خانەی زیندوو لە جەستەماندا ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئامانجەکە پێش هەبوونی ئەو خانە زیندووەش دەستنیشان کراوە، هەمان ئامانجی یەکەم خانەی زیندووی پێش ٣ ملیار ساڵ و نیو لەمەوبەریش بووە، بەڵام ئێمە نەمان بێت.

نەبوونی ئامانج لە هەموو ئەوانەدا، کارێکە پێچەوانەی هەموو وردەکارییەکانی ژیانە، کە پاڵنەرە تا چەندین کۆپی لە خۆی بگرێتەوە....

نەبونی هیچ ئامانجێك لە هەموو ئەوانەدا، وەك ئەوە وایە پێمان وابێت وێنەیەکی تەواو هیچ واتایەك نابەخشێت، تەنها هەنگاوی کوێرانەیە، لە کاتێکدا هەر بەشێك لە بەشە بچووکەکانی بە پێی واتایەك دادەنرێت...

ئەوەی ژیان بە ڕێکەوت گەشەی کردبێت... بەبێ ئامانج...

ئەوەی هەموو ئەو ئامانجە بچوکانەی دروستمان کردوون تەنها هەوڵدان بێت بۆ شاردنەوەی هەڕەمەکی و بێ سوودی قوڵاییەکانی ژیان، چ دژبوونێکە لە خودی بیرۆکەی ژیاندا!!

بێباوەڕ بڕوای وایە گەردوون بە ڕێکەوت گەشەی کردووە، پێی وا نییە پێشتر شتێك بوونی هەبووبێت، گرنگی بە زانینی ئەوە نادات، پێشتر چی شتێك بوونی هەبووە...

باوەڕی بەوە هەیە ڕێکەوتێك گەردوونی بەدی هێناوە و کارلێکردنی ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی دواتر بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ژیان...

هەروا یەکەم خانەی زیندووش بە ڕێکەوت لە دایکبوو....

پاشان خانە زیندووەکە بە ڕێکەوت دابەش بوو و چووە نێو بازنەی بەردەوامی و پەرەسەندن و لە بێژەنگدانی هەڵبژاردنی سروشتیی کوێرانەی وا، کەپێشتر ئامانجەکەی دیاری نەکردووە...

دواتر دیاتیان وا لە گفتوگۆدان سەبارەت بە خودا و بوون و خۆشەویستی و هۆنراوە و مۆسیقا و جوانی.... چاوەڕوانی ژەمێکی خواردنی بەچێژیش دەکەن، ڕێکەوت ڕێگەی نەداون ناچارین ژیانێکی هەڕەمەکی و بێ مەبەست بژین...بەڵام باوەڕیان وایە هەموو شتێ بە بێ سوود و هەڕەمەکی کۆتایی دێت... هیچ شتێك پێش ئەم ژیانە بوونی نەبووە، دوای ئەویش هیچ شتێك بوونی نابێت. ژیان گەشتێکی کورتە لە نێوان دوو نەبوونەوە بەڕێکەوت سەرچاوەی گرتووە...

* * *

باوەڕدار باوەڕی وایە، شتێکی گەورەتر لە گەردوون بوونی هەیە...

باوەڕی وایە، بۆ ئەوە بەدی هێنراوە تا بەدیهێنەری ئەو گەردوونە بپەرستێ...

وشەی پەرستن ئەوەندە فراوانە تا هەموو ژیان دەگرێتەوە... نازانێت بۆچی پەروەردگار ئەم کارەی کردووە، لەبەر ئەوەی زەینی بۆ زانینی ئەوە دیزاین نەکراوە، بەڵام ئەم کارەش زۆر سەرقاڵی ناکات، دەڵێن ئێمە لێرە بوونمان هەیە و کۆتایی پێ هاتووە، هەوڵدەدات ئەو ژیانە بژی، کە ئەو ئامانجە دەهێنێتە دی وا بڕوای وایە لە پێناویدا بەدی هێنراوە، هەندێ جار سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت و هەندێ جاریش شکست دەهێنێت، بە هەمانشێوەی ئیلحادك چێژ لە ژیان وەردەگرێت ، بەهەمانشێوە پێشبینیی ژەمێکی بەتامیش دەکات ....

ژیانی گەشتێکی کورتە لە نێوان دوو پەنهانـدا نەك لە نێوان دوو نەبووندا....

باوەڕی وایە دواتر ئەنجامی گەشتەکەی دەبینێت...

* * *

من باوەڕم وایە، بۆچوونی دووەم زیاتر ساز و گونجاوە لەگەڵ ئەم گەردوونەی بۆ پێشوازیکردن لەم ژیانە ڕێك خراوە...

هەندێ کات پرسیاری بۆچی پەروەردگار بەدی هێناوین وەك دۆخی نەخۆشێك وایە، بیرەوەری لە ڕووداوێکدا لەدەستدابێت، بە هۆشخۆهاتۆتەوە و خۆی لە نەخۆشخانە بینیوەتەوە، هەموو ئەو چارەسەرانە ڕەت دەکاتەوە پێش ئەوەی کەسێك بێت و بۆی شی بکاتەوە، چی ڕووی داوە لەو کاتەوەی لە دایك بووە تا کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوە، دەستەی نەخۆشخانەکەش هیچ شتێك نازانن جگە لەوەی لە ناسنامەکەیدا نووسراوە.

تۆ ئەگەر دەتەوێت بێباوەڕ بێت، چونکە دەتەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بزانیت ئەوا تۆ وەك ئەو نەخۆشە وایت.

تۆ لەسەر ئەم زەوییە بونت هەیە. خاڵ و کۆتایی. پێویستە لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا مامەڵە بکەیت. ئەو وەڵامانەت بە دڵ نیە، کە دەیبیستی؟ بەشتێکی نالۆژیکیی باوەڕپێنەکراویان دەزانیت؟، ئەوە مافی خۆتە، بەڵام بیرت بێ، لایەنی بەرامبەرت (بێباوەڕ) هیچ وەڵامێکت پێشکەش ناکات، بە ڕێکەوت درووست بوونی ئەم ژیانە لەسەر زەوی و دواتر ئەو گەشەسەندنەی بەسەر یەکەم خانەی زیندوودا هاتووە، گەیشتووە بە مرۆڤ، وا لە ژیان دەکات بێ هوودە بێت، زۆر سادەتریشە لە هەر وەڵامێکی وا ئایینەکان پێشکەشی دەکەن. تۆ هەیت خاڵ و کۆتایی.

لە پێشدا مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕاستیەدا بکە.

(٥) وێنەی خودا

زۆر لـەزانا بەناوبانگـە بیانیـەکان، ئەوانـەی وتـەکانیان دەگوازرێتـەوە، سەبارەت بەوەی باوەڕیان بەخودا هەیە باوەڕهێنانیان بەخودا بـەو شـێوەیە نییە کەلەکتێبە ئایینیەکاندا هاتووە، یان بەلایەنی کەمەوە وەك ئەوەنییە کە لەناو کتێبە ئایینیـە زۆر بلاوەکـانی ڕۆژئـاوادا هەیـە، واتـە لـەکتێبی پـیرۆزی پەیمانی کۆنی یەهودەکان، و لەپەیمانی نوێی مەسیحیەکان.

ئەوان باس لەخودایەك دەکەن و وتەکانیان وا دەگوێزرێتەوە بـۆلای ئێمـە وەك ئـەوەی نمونەیـەك بـن لـە سـازانی نێـوان زانسـتی نـوێ و باوەڕهێنـان بەخودا، بەڵکو ئێمە وا هەڵس و کەوت دەکەین لەگەڵ ئەو وتانەدا کەلـەبواری (کەسێك لەخۆیان شایەتی لەسەر ڕاستی شتەکە دابێت).

بۆنموونە: یەکێك لەو زانایانە ئەنیشتاینە، زۆر لەووتەکانی لەبارەی خـوای گەورەوەن، یەکێك لەو ووتانەی ئەوەیە: (خـودا یـاری بـەزار ناکـات)، بـەڵام ڕاستییەکەی ئەنیشتاین باوەڕی بەوە نییە، ناوی دەهێنێ بە خـودا، لای ئـەو خودایەکی تاکەکەسی یان خـودای کتێبـە ئاسمانییـەکان نییـە، ئـەو بـاوەڕی بەخودایـەکی جیـاوازتر هەیـە، لەوانەیـە ئـەو خودایـە نـزیکتر بێـت لـەخودای یـەکێتیی بـوون (وحـدە الوجـود) ــی لای سـۆفییەکان– وەك لـەو خودایـەی ئێمە تێی گەیشتوین.

چـی لەتـەوراتا هـەبووە وا بکـات لەئەنیشـتاین ڕەتـی بکاتـەوەو بـڕوا بەبیرۆکەی خـودای تـەوراتی نـەکات؟ تـەورات وێنەیـەکی مرۆییانـەی زۆر زۆر ڕوونی خودای گەورە دەخاتەڕوو، هەروەك لەم تێکستانەدا هاتووە: (خـودای

گەورە فەرمووی: مرۆڤ دروست دەکەین لەسەر وێنەی خۆمان، هەروەکو ئێمە زاڵ دەبین بەسەر ماسی دەریاو باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵەکان و هەموو سەرزەوی و هەموو ئەو شتانەی بەسەر زەویدا دەڕۆن، خودای گەورە مرۆڤی دروست کردووە لەسەر وێنەی خۆی، لەسەر شێوەو وێنەی خۆی دروست کرد)، لەسەر وێنەی خوای گەورە نێرو مێی دروست کرد[1].

ئەمە کتێبی لەدایکبوونی ئادەمە، کەلەو ڕۆژەی خوای گەورە مرۆڤی دروست کرد لەسەر وێنەی خوای گەورە (خۆی) (تکوین: ١/٥).لەبەر ئەوەی خوای گەورە لەسەر وێنەی خۆی مرۆڤی دروست کرد[1].

ئەم تێکستانە زۆر ئاشکراو دیارە، زۆر ڕونن لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەسەر شێوەی خودا دروست کراوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کەخودا لاشەیەکی هەیە لەلاشەی مرۆڤ دەچێت بەهەموو ئەو واتاو ئامازانەی لەخۆی دەگرێت.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە لەتەوراتدا، بێجگە لەبابەتی بەدیهێنان، خوای گەورە بەو شێوەیەی لەتەوراتدا باس کراوە، لەزۆر کاتدا لەسەر شێوەی مرۆڤان دەردەکەوێت، هەر بۆنمونە وەك:

یەکەم: ئادەم و حەوا گوێیان لەدەنگی خوا بوو کاتێك لەناو بەهەشتدا دەڕۆیشتن، (دەنگی ڕۆیشتنی)[2].

دووەم: خۆی دەرخست بۆ ئیبراهیم و پێی گوت (لەبەر دەمیەوە) بڕوات.[3]

---

(١) ١-٢٦-٢٧

(١) تکوین: ٩: ٦.

(٢) تکوین ٣: ٨

(٣) تکوین ٣٢: ٣٠

سـێیەم: لەسـەر شـێوەی مرۆڤێـك خـۆی دەرخسـت بـۆ (یـەعقوب)، بەرەنگاری بووەوە هەتا دەرکەوتنی بەرەبەیان (تکوین ٣٢: ٣٠).

چوارەم: بۆ موساو خانەدانەکانی بەنو ئیسـرائیل خـۆی دەرخسـت لـەژێر هەردوقاچیا شێوەیەکی دروسـتکراو لـەیاقوتی شـینی تـەنکی تیـابوو (خـروج ٢٤: ١٠ – ١١).

پێنجەم: خۆی بۆ أشعیا دەرخست لەسەر کورسـییەکی بـەرز دانیشـتبوو، کلکەکانی هەموو پەیکەرەکەی گرتبۆوە[٤].

هەروا لەشێوەی جگە لەمرۆڤیشدا دەرکەوتووە، لەشێوەی هەور لـەڕۆژداو ئاگر لەشەودا بۆئەوەی ڕێگا پێشانی نەوەی ئیسرائیل بدات[١].

ئـەم تێکسـتانە ڕوون و ئاشـکراو ڕاسـتەوخۆن، تـەئویل و لێکدانـەوە هەڵناگرن، باس لەدەرکەوتنی خودا دەکات لەسەر شێوەیەکی دیـاریکراوی وا دەتوانرێت ببینرێت و هەڵسوکەوتی مرۆییانەی لەتەك بکرێت، کاتێـك لەسـەر شێوەی مرۆییانەیـە، جـارێکی تـر لەسـەر شـێوەی دیاردەیـەکی سروشـتییە، بـەڵام دەرکـەوتنی خـودا ئاماژەیـەکی ڕوونـە بۆئـەوەی خـودا دەتوانێـت لەشێوەیەکی ماددیدا دەربکەوێت.

ئەی ئەبێت پەیمانی نوێ – ئەو ئینجیلەی مەسیحیەکان باوەڕیان پێیەتی چی لەم بارەوە بڵێت؟ بەو پێیەی بیرۆکەی بەرجەستەبوونی خودا لەشێوەی گەورەمان مەسیحدا پایەیەکە لەپایەکانی باوەڕی کڵێسە، هەر بۆیە ناتوانرێت دیاردەی دەرکەوتنی خودا لەسـەر شـێوەی مرۆیـی یـان نـامرۆیی لەپـەیمانی کۆندا (تەورات)دا ڕەتبکرێتەوە.

---

(٤) أشعیا ٦: ١

(١) خروج ١٣: ٢١

بەڵکو هەندێك لەتوێژەرانی لاهوتی مەسیحی وای بۆدەچن: دەرکەوتنی چەندجارەی خودا لەسەر شێوەی مرۆڤ لەپەیمانی کۆندا، بەمەبەستی ڕێگە خۆشکردن بووە بۆمرۆڤایەتی تا بەرجەستەبوونی خودایی لەگەورەمان مەسیحدا پەسەند بکرێت.

کەواتە، لەهەردوو بارەکەی پەیمانی کۆن و نوێدا، ئێمە لەبەردەم وێنەیەکی خودادایین لەمرۆڤ دەچێت، بەوپێیەی مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی خولقاندووە، هەروا دەکرێت لەسەر شێوەی مرۆڤ و جگە لەمرۆڤیش دەربکەوێت، بەڵکو دەکرێت خۆی لەجەستەی مرۆڤیشدا بەرجەستە بکات وەك چۆن ماوەی سی ساڵ لەجەستەی مەسیحدا لەسەر زەوی بووە، ئەم بیروبۆچوونانە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ تێڕوانینی زانستی نوێدا یەکی نەدەگرتەوە، کە ئەو کاتە وردە وردە لەشکڵ و شێوەگرتن دا بوو.

ئەنیشتاین بە ڕوون وئاشکرایی (لەسەر بەرجەستەکردنی خودا) (لەپەیمانی کۆندا – anthropomorphism) دواوە و پێی وایە بۆچونێکی گێلانەو منداڵانەیە و قابیلی چاکسازی نییە.

ئەمە پێشتریش هەمان هەڵوێستی (چارلزداروین) بوو لەسەرەتای گەشتە دۆزینکارییە زانستییەکەیدا... هەرکات لەداهێنانەکانی پەروەردگار نزیکدەکەوینەوە، گەورەیی و شکۆمەندیی دەبینین، بەتایبەت لەو بەشانەی هەست و مەشاعیر دەستەوستانە بەرامبەریان، ئەوا زۆر قورسە قەناعەت بەو وێنە مرۆییانە بکەین لەکتێبی پیرۆز دا هاتووە... ئەو خودا گەورەو داهێنەرەی لەخەلق و داهێنانیدا سنورێکی نییە، چۆن دەکرێت شێوەی مرۆیی بدرێتێ؟! چۆن دەکرێت لەلاشەی مەخلوقێکی مرۆییدا بێت؟! چۆن دەکرێت هەور لەخۆ بگرێت؟ یان لەستونی ئاگردا دەرکەوێت؟

بەڵام ئەم بەرجەستە کردنەی خودا لەپەیمانی کۆن و نوێدا بۆچی؟ دوو لێکدانەوەی هەیە:

یەکەم: دەکرێت ئەمە بەهۆی ئەو وەرگێڕانە یەك لەدوایەکانەوە ڕوپداابێت، کە بۆدەقە پیرۆزەکان کراون، بێگومان هەندێ گۆڕانکاری تێدا کراوە جا بەمەبەست بوبێت یان بێ مەبەست، لەوانەیە سەریان کێشا بێت بۆ ئەو وێنە بەرجەستەییەی خودا.

دووەم: هزری مرۆیی لەوماوە زەمەنیەدا پێویستی بەوە هەبووە، بیرۆکەی خودای لەشێوە و سیفاتی مرۆییدا بۆنزیك بکرێتەوە و ئەم عەقڵە وردەوردە بەتێپەڕبوونی کات گەشەی کردووە، ئەم وێنەیە و بەرجەستەکردنی تێپەڕاندووەو پێویستی بە وەسفی جیاوازتر هەبووە بۆخودا.

* * *

دەتوانم بڵێم دەقی قورئانی بەتەواوی جیاوازە لەپەرتوکە ئاسمانیەکانی پێش خۆی، لەبابەتی وەسفی خودا و بەتایبەت دووربونی لەبەرجەستەکردن بەبەراورد بەکتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆی.

ئەمەش لەخودی خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر (بەڵگەی بەرجەستەکردنی) خودا لەکاردەخات، کە زۆرێك لە زانایانی تووشی دوورکەوتنەوە کردبوو لەخودای پەرتوکە ئاسمانیەکان (سەبارەت بەوان تەنها (تەورات و ئینجیل)ی دەگرتەوە).

یەکەم: لەقورئاندا هیچ ئاماژەیەك نییە بۆدەرکەوتنی خودا لەشێوە یا جەستەی مرۆیی و نامرۆییش دا، بەپێچەوانەی تەورات و ئینجیل، کە خوادایان بەرجەستە کردبوو، هەروا هیچ ئاماژەیەکیش نییە لەقورئاندا، بڵێ

ئادەم لەسەر شێوەی خودا دروستکرابێت، کە چەندین جار لەکتێبی پیرۆزدا ئاماژەی بۆکراوە.

دووەم: کرداری ڕۆیشتن و (دەنگی پێ) و زۆرانبازی و جوڵەو ئاراستەکە لەچەندین شوێنی تەوراتدا باسکراوەو شکڵ و (شێوەی مرۆیی) دەدەن بەخوداو تۆخی دەکەنەوە (بەهیچ جۆرێك لەقورئاندا بوونی نییە).

چوارەم: تەواوی ئەو سیفەتانەی لەقورئاندا هاتووەو سیفەتی هاوشێوەی مرۆڤن وەکو (بینین، بیستن)، لەژێر سێبەری ئایەتێکی گەورەدان (ليس كمثله شيء وهو السميع العليم)، واتە: (هیچ شتێك وێنەی خودا نییە و ئەو خودایە بیسەرو بینەرە)، و ئەم ئایەتە بەرجەستە بوونی خودا ڕەت دەکاتەوە.

کەواتە: لە(بیستن و بینین)یشدا دوورو نزیك لەبیستن و بینینی مرۆڤ ناچێت، کە مرۆڤ پێویستی بەبوونی ئامراز یان ئەندامێك هەیە بۆبیستن و بینین..... هتد

بالێرەدا ئاگادار بین، هێندەی تاڵە دەزوویەکی وورد هەیە لەنێوان بەرجەستەکردن و لەنێوان هێنانی هەندێ سیفەت، کە بە نمونە مرۆییەکان دەچێت. لەقورئاندا بەفیعلی هەندێ دەق دەهێنێت دەکرێت وەکو ئەو نمونانەی کتێبە پیرۆزەکانی پێشوو بێت (بەپلەیەك زۆر کەمتر) بەڵام لەژێر سایە و سێبەری دەقێکی کۆکاری وەك (ليس كمثله شيء وهو السميع العليم) دا دەیانهێنێت، بەدیاریکراویش بەکارهێنانی ئەم سیفەتانە لەقورئاندا بۆ نزیککرنەوەو ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی دەسەڵات و قودرەتی ئیلاهی و سیفەتەکانیەتی، بەوجۆرەی مرۆڤ لێی تێبگات، واتە زیاتر وەسفکردنێکی مەجازیە لەهەندێ ڕوویەوە بۆ نزیککردنەوەی بیرۆکەکە بەڵام ئەمە ئەوە

ناگەیەنێت، خودا بەرەهایی دوورە لەوسیفەتانە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت تێگەیشتن و وێناکردنی ڕاستەقینەی لەتوانای ژیری مرۆڤدا نییە.

بیرۆکەکە لێرەدا ئەوەیە، خودای گەورە بەفیعلی ڕەهایە لەسیفەتەکانیدا، مرۆڤیش ناتوانێت بەئاسانی باوەڕ بهێنێت بەرەهایی خەیاڵنەکراو، ژیری لێرەدا هاوکاری ناکات، هەربۆیە پێویستە (ناوچەیەکی ناوەڕاست هەبێت) سیفەتگەلێك (نمونەی مرۆیی) هەبێت، تا واتاکەی لەزەینی مرۆڤ نزیك بکرێتەوە، هەمان کات باوەڕی بەوەش هەبێت، خودا هاووێنەی نییە تا دووربکەوێتەوە لەبەرجەستە کردن.

پێنجەم: وەسفکردنی خودا لەڕێگەی چەند ئایەتێکەوە دەبێت کەئاماژەی تەواو پێچەوانەی (بیرۆکەی بەرجەستە کردن بدات) ئەو ئایەتانە لەنێوان دوو شت دان، لەلایەکەوە هەندێ وەسف دەبەخشنە خودا، بەرەهایی لەدەرەوەی هەموو پێوەرە مرۆڤیەکانە، هەروەك لەم ئایەتانەدا هاتووە:

﴿ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْـَٔاخِرُ وَٱلظَّـٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾ ﴾ (الحدید)، واتە: هەرخودایە یەکەم و کۆتاو دیارو نادیار، وەرهە ئەوە بەهەموو شتێك بەئاگایە. ﴿ ۞ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَـٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَـٰلَ لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ ﴾ (النور)، واتە: خودا نوری ئاسمانەکان و زەویە، وێنەی نوری خودا وەکو چرادانێکە، چرایەکی (پڕ نور)ی تێدابێ، ئەو چرایەش لەنێو حوبابێك (ڕوپۆشی چڕ لەشوشە یان بلور) دابێ، حوبابێکی بێگەردو گەشەدار وەکو ئەستێرەیەکی ورشەدار، ئەو چرایە بەڕۆشنێك ڕوناك دەبێت و گڕ دەگرێ، کە لە دارە زەیتونێکی پڕ پیت و

بەرەکەت گیرابێ، نەخۆر هەڵاتی بێت و نەخۆرئاوایی بێت (ڕۆنەکەی ئەوەندە بێخەوش و پاڵاوتەو پاك بێت)، بێ ئەوەی ئاگر بیگاتێ گڕ بگرێ و بسوتێ، نور لەسەر نورە (تیریژێك و تیشك لەسەر تیشك و تیریژو نور دەهاوێژێ))، هەرکەسێك خودا بیەوێت بەرەو نوری خۆی ڕێنوێنی و هیدایەتی دەکاو بۆخەڵك مەسەل دێنێتەوە، وەخوا بەسەر هەموو شتێکدا بەئاگایە.

یاخود لەڕێگەی جەختکردنەوەیە لەسیفەتە ڕەهاکانی وەك (زانست – علم) یان سیفەتە کرداریەکان، ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٤﴾ ﴾ (الحشر)،

واتە: ئەوخودایە کەمەعبودی تر بێجگە لەو نییە، هەرئەوە دانای نهێنی و ئاشکرا، هەر ئەویشە بەخشەرو دلاوا (٢٢) هەر ئەو خودایەی کەمەعبودی تر جگە لەو نییە، فەرمانڕەوایە و پاکە (لەعەیب و کەموکوڕی) ئەمنیەت دەرە و پارێزەرەو زاڵە، خاوەنشکۆیە، ئەو شیاوی گەورەییە، و لەهەر شتێك کەدەیکەنە هاوبەشی پاك و بەریە (٢٣) هەر ئەوە خودای خولقێنەری دیمەنبەخشە، هەرئەوە ناوی چاك و شیاو، هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە بێخەوشی ئەو باس دەکەن، هەر ئەویشە خۆشەویست و دانایە(٢٤)).

شەشەم: ئەو ئایەتانەی، دەکرێت ئاماژە بن بۆئەوەی، خودای گەورە هەندێ سیفەتی مرۆیی هەیە، وەك (چاو – العين) ﴿ وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ (هود)، واتە: ئێستاکە

بەچاودێری ئێمەو بەپێی وەحی ئێمە، کەشتییەکە دروست بکە لەبابەتی ئەوانەی ستەمیان کرد، لێم مەپاڕێوە بەڕاستی ئەوانە لە نقومبووانن).

﴿ وَٱصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ۖ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٤٨﴾ ﴾ (الطور)، واتە: لەئاست فەرمانی پەروەردگارت خۆڕاگر بە، جا بەڕاستی تۆلەبەر چاومانی، وەکاتێ هەڵدەستی بێخەوشی پەروەردگارت بڵێ). تەفسیرەکانیان بەپێی ناوەڕۆکەکەیان بەتەواوی ڕوونە و باس لە مەجازیەتی ئەو سیفەتانە دەکەن، هێزو قودرەتیان فەرمان دەگرنەوە نەك بوونی بەواتا ماددیەکەی.

حەوتەم: ئەو ئایەتانەی کەباس لە عەرش دەکەن و دەکرێت وەك هەموو ئایەتەکانی پێشوو لێی تێبگەین، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆبەرجەستەبوونی خودا، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە هەموو شتێك سەرلەنوێ ڕیزبکەینەوە، بەهۆی ئایەتەکانی عەرشەوە، کە دەکرێت بەپێی خوازە (مجاز) و تەئویلەوە لەسیاقی خۆیاندا لێیان تێبگەین، و زمانی عەرەبی بەتەواوی بەم جۆرە خوازەو لێکدانەوانە دەناسرێنەوە.

بەڵکو یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی زمانی عەرەبی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی تەنها باسکردنی خوازە (مجاز) و (تأویل) لای هەندێك وەك هەڵگێرسانەوەی شەڕی (داحس)و(غبرا) وایە، ئەمەش کارێکە دەبێت بەجیددی وازی لێبهێنین، نەك لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لێکدانەوانە هیچ واتایەکی نەماوە، هەروەك پێشوتر دەمانگوت، بەڵکو بووەتە بەڵگەی ئیلحاد.

هەندێ لەو دەربڕینانەی لەکتێبەکانی ئەم دواییەی بیروباوەڕدا هەن لەم بارەیەوە بەتەواوی ترسناکە، لەبەر ئەوەی بەرجەستەکردن تۆخ دەکاتەوە، هەروەك لە کتێبەکانی پێشووشدا هاتووە.

ئـەوەمان لـەبیربێت دوور لەوهـەموو لێکدانەوانـە، سـەبارەت بـەدەقی قورئـانی، ئـەوا بەرجەسـتەکردنێکی خـودای تێـدا بـەدی ناکرێـت، وەك لەپەرتوکەکانی پێش خۆیدا بەدی دەکرێت.

بـەڵام فـەرمودەی پێغەمبـەر(ﷺ) جیـاوازە، ئـەکرێت بەهەمانشـێوەی پەرتوکە پیرۆزەکانی وەك (تـەورات و ئینجیـل) بەرجەسـتەکردنی تێدا بـەدی بکرێت، جارێ بائەوە دەستنیشان بکەین، فەرمودەی پەیامبەری پیرۆز ڕێـزو پایەی هەیە، بوونی ڕەخنەگرتن لەواتای هەندێك لەفەرمودەکان، کە دەکرێت هەندێ تێگەیشتن لەبارەیەوە هەبێت بەواتای لەناوبردن یا بەدورخستنەوەی نییـە، بـەڵام: زۆربـەی ئـەو فەرمودانـەی کێشـەو ئـاڵۆزی دروسـت دەکـەن فەرمودەی (ئاحاد)ن، واتە ژمارەی ئەو هاوەڵانەی گێڕاویانەتەوە لەیـەك یـان دوو یان سێ تێ ناپەڕێت، ئەمەش بەواتای ئـەوە نییـە، فـەرمودەی (ئاحـاد) گرنگـی و ڕێـزی نییـە، بـەڵکو کێشـەکە لەوەدایـە، لەوانەیـە گێڕەرەوەکـەی (راوی) بەتێگەیشتنی خۆی فەرمودەکەی گێڕابێتەوە نەك بەهەمان دەربڕینی پێغەمبەر (ﷺ) خۆی، ئەمەش لای زانایانی فەرمودە شـتێکی پەسـەندکراوو زانراوە.

بەڵام: کاتێك ئەو فەرمودانە هەندێ تێگەیشتنی نزیـك لەبەرجەسـتەکردنی خـودا بەرهـەم دەهێنـێن،ن بەپێچـەوانەی دەقـی قورئانـەوە، ئـەوا پێویسـتە لەسەرمان ئەو فەرمودەیە وەك بۆچوونی گێـڕەرەوە(راوی) و دەربڕینـی ئـەو وەربگرین، نەك فـەرمودەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـالێرەدا دوو نمونـە وەربگـرین کەبەرجەستەکردنی خودای تێدا بەدی دەکرێت:

نمونـەی یەکـەم: (إن الله خلـق آدم علـی صـورته)، واتـە: (خـوای گـەورە ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروسـت کـردووە) ئـەم فەرمودەیـە (ئاحـاد)ەو تـاڕادەی پڕاوپـڕی و وەك یـەکبون بەوەدەچـێت لەتەوراتـدا هەیـە، ئـەوەش

دەزانـین هەنـدێك لـەهاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ) هەنـدێ شـتیان لـەخاوەن کتێبەکان گێڕاوەتەوە، کە بـە (ئیسـرائیلیات) بەناوبانگـە، (لەوانەیـە هەنـدێ لەو ئیسرائیلیاتانە بـەبێ مەبەسـت دزەی کردبێتـە نـاو فـەرمودەی دروسـتی پێغەمبەرەوە (ﷺ).

نمونەی دووەم: (قال رسـول الله (ﷺ) إن الله یُمهـل حتـی إذا ذهـب ثُلـثُ اللیل الأول نزل إلی السماء الدنیا فیقول: هل من مستغفر؟ هل من تائـب؟ هـل من سائل؟ هل من داعٍ حتی ینفجر الفجر) واتە: خودای گەورە مۆڵـەت دەدات تا سێیەکی شەو دەڕوات، ئـیتر دادەبەزێتـە ئاسمـانی یەکـەم و دەفـەرموێت: ئایـا کەسـێك هەیـە داوای لێخۆشـبوون بکـات؟ داوای پەشـیمانی بکـات؟ داوایەکی هەبێت؟ نزایەکی هەبێت؟ هەتا سپێدەی بەیانی).

لێرەدا دەوترێت: چـۆن خـودا لەسـێیەکی شـەودا دادەبـەزێت؟ لەکاتێکدا ئەم کاتە بەپێی کیشوەرەکانی جیهان جیاوازە؟ ئایا سێیەکی کۆتایی شەوی یابان جیـاواز نییـە لەگـەڵ ئـەوەی لەشـام و میسـرو ئـەمریکا هەیـە، چـونکە کاتــەکانیان جیاوازە؟! !چـۆن لــەم فەرمودەیــە تێبگــەین لــە صــەحیحی موسلیمدا هاتووە؟ (کەئەمیش فەرمودەیەکی (ئاحادە).

کێشەو ئاڵۆزی ئەم جۆرە فەرمودەیەو هاوشـێوەکانی لەوەدایـە کەلەسـەر بنچینەی (لێکچواندن و بەرجەستە و مادییانە) هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەش وا دەکات ئەوکەسەی ئـەو گومانانـە دەوروژێنێـت زۆر لـۆژیکی بێـت، ئەی ئەگەر هەڵسوکەوت لەگەڵ فەرمودەدا لەسایەی دەقەکانی قورئانی: وەك (لـیس کمثلـە شـيء وهـو السـمیع البصـر) دابـوو، لەوکاتــەدا دەبیـنین ئـەم فەرمودەیــە ئاماژەیــە بۆپەیوەنــدی ئیمانــدار بــەخودا و، دووری و نزیکــی لێیەوە، ئەم دوری و نزیکییەش بەسروشتی حاڵ، بەمەترو هیچ پێوەرێکی تر

ناپێورێتو ناکرێت ڕەهەندی ماددی هەبێت بەڵکو پەیوەندییەکی تەواو جیاوازە.

بەهەمان ڕێگا بەڵکو هەر گرنگترە بڵێین بەشێوەیەکی باشتر: خودا لەدەرەوەی هەموو یاساکانی پێوانە و درێژی ئەو شتانەدایە، هەروا بەتەواوی لەدەرەوەی مەسەلەی (کات و شوێن)ە، لەگەڵ ئەوەشدا، بیسەرو زاناو بینەرە، پێویستی بەدابەزین نییە تابزانێت کێ لێیدەپاڕێتەوەو داوای لێخۆشبوونی لێدەکات...

فەرموودەکە واتای خوازەیی بەکاردەهێنێت، مەبەستی فەرمودەکە ئەوەیە کەئەو بەندەیەی لەوکاتەی شەودا کەخەڵکی لەخەوو پشودان ئەم خەریکی نوێژو پاڕانەوەو نزیك بونەوەیە لەخودای گەورەو خودای گەورەش بە سروشتی حاڵ لێی نزیکەو نزاکانی وەردەگرێت.

ئەمە پەیوەندی بەنیوەگۆی باشور و نیوەگۆی باکوری زەوییەوە نییە، هەروا پەیوەندی بەوەوە نییە، مرۆڤێك لەکوخێکدا دەژی و مرۆڤێکی تر لەکۆشکێکی ناوهەوردا دەژی، خودای گەورە لەدەرەوەی ئەم لێکدانەوانەیە، کەواتە پەیوەندیش لەگەڵیدا لەدەرەوەی ئەم لێکدانانەوەیە، واتای ئەم فەرمودەیە زۆر ئاسانەو کاریگەرە و دوورە لەتێگەیشتنی بەرجەستەکردنەوە... بەداخەوە هەر ئەوەش بڵاوە، بۆ ئەوەی ڕەهەندە مرۆییە ڕۆحانییەکەی بۆ وەرگرەکان ڕاڤە بکرێت، ئەمەش وای کردووە زۆر کەس بەحەرفی وەریبگرن و دواتر دەپرسن چۆن؟

ناتوانیت ڕێگر بیت لەوکەسەی سەبارەت بەم فەرمودەیە دەپرسێت و پێی بڵێیت: ئەمە لەفەرمودەکانی سیفاتە و باشترە لە لێکدانەوەی

بوەستین، ناتوانین واز لەفەرمودەیەکی وا بهێنن (لەگەڵ ئاماژەی بیرکردنەوە قەدەغەیە!)...

دروستترە (هیچ شت هاو وێنەی خودا نییە) لەبیردا بێت، سەلامەتترە بەبێ ترس لە خوازەو لێکدانەوە بەکاری بهێنیت... چونکە مەترسییە گەورەکە کاتێك کە دوبارە بیربکەینەوە لەم فەرمودانە و فەرمودەی تریش ڕەت بکەینەوە سەبارەت بە کەسانی بێباوەڕو مولحدیش ئەوا بەلگەی بەرجەستە کردن بەشێویەکی کاریگەر لەکتێبەکانی تردا دەبینیتەوە، بەڵام ئەو جۆرە کارە لەگەڵ قورئاندا گونجاو نییە...

(٦) کێشەی بوونی شەڕ و خراپەکاری لەجیهاندا

کێشەی بوونی شەڕ و خراپەکاری لەجیهاندا یەکێکە لەگرنگترین هۆکارە بوونگەراکان، پەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیە، و سەردەکێشێ بۆئیلحاد، واتای ئەم گرفتە زۆر بەسادەیی ئەوەیە، ئەم جیهانە زۆر قێزەونەو پڕە لە خراپە، پڕ لەئازارو چەرمەسەری، بە شێوەیەك هەندێك كەس بەلایەوە ئەستەمە لەگەڵ بوونی ئەوشتانەدا بڕوا بەبوونی پەروەردگارێك بكات، خودای چاكەی ڕەهاو هێزی ڕەها و خاوەنی زانستی ڕەها بێت.

بەلای ئەوانەوە كاروبارەكە بەم شێوەیەیە:

ئەگەر خوایەكی دروستكەر هەبێت دەبێت زانستێكی ڕەهای هەبێت، هێزێكی ڕەهای هەبێت، چاكەیەكی ڕەهای هەبێت، خودا خاوەن چاكەیەكی ڕەهایە، ئارەزوو ناكات بە بونی شەڕو خراپە لەجیهانداو دروستیشی ناكات.

خودای خاوەن زانستی ڕەها، ئاشناو ئاگاداری ئەوەیەن ئەگەر شەڕو خراپەیەك لەجیهاندا هەبێت، خودای خاوەن توانای ڕەها ڕێگری لەشەڕو خراپە دەكات لەجیهاندا.

بەوپێیەی شەڕو خراپە لەم جیهانەدا هەیە، ئەوا بوونی ئەم شتانە دژی ئەو سیفەتە بنەڕەتییانەیە بۆخودا، ئەمەش بەپێی تێڕوانینی ئەوان دەتگەیەنێت بەبیرۆكەی سڕینەوە و لەناوبردنی بوونی خودا لەبناغەوە، كێشەكە نوێ نییە، مشتومڕە سەرەتاییەكانی ئەم كێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زۆر سەرەتاییەكانی مەسیحیەت، كێشەو گرفتەكە بەدرێژایی چاخ و سەردەمەكان دەخرایەڕوو، بەو پێیەی شەڕو خراپە بەردەوام بوو، بەڵام

ئەمڕۆ زەبەلاح و گەورەکراوە و بووە بە دیوێکی قەبارە گەورە، ئەم کێشەیە بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵ دەنێ بەگەنجەکانەوە بۆئیلحاد.

هەر لەسەرەتای دروستبوونی خەڵکەوە جیهان پڕاوپڕە لە شەڕو خراپە، هیچ هەوڵێکی بەپەلە بەرەهایی لەم بارەیەوە نییە، مێژووی مرۆڤایەتی بەهەموو شارستانێتی و ڕەگەزو نەتەوەکانیانەوە لەسەر خوێن بنیات نراوە (بەئاست و ڕێژەی جیاوان).

لەجیهاندا بەپێی زانیاری ئێمە:

هیچ قۆناغێك نەبووە لەمێژوودا کارەساتی گەورەی تێدا نەبووبێت، جائیتر دروستکراوی مرۆڤ خۆی بووبێت وەکو: جەنگەکان و ستەمکاریی، زۆرداریی و خۆسەپاندن، کوشتن، لەناوبردن، یاخود ڕووداوی سروشتی بوبێت وەکو برسێتی، زەمین لەرزەو لافاوەکان....

کەواتە چی نوێ هاتۆتە ئاراوە لەمبارەیەوە تا وابێت، کێشەیەکی کۆن بەئەندازەی دێرینیی مرۆڤایەتی دەبێتە پاڵنەرێکی هاوچەرخ بۆئیلحاد بەشێوەیەکی وا، کەدەکرێ بوترێ ئیلحادەکی بەکۆمەڵە.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، چەرمەسەری و ئازارەکانی مرۆڤایەتی بەتەنها تایبەت بووە بەو کەسانەی لەئازارەکەدا ژیاون، یاخود ئەوکەسانەی دەگرتەوە، پێیدا تێدەپەڕین، لەفراوانترین باریدا چواردەورەکەی دەگرتەوە...

خەڵکی کارەساتەکانی شوێنی تری دەبینی و دەبیست... بەڵام ئەوەی بینی جیاوازە لەوەی هەم بینی و هەم تێیداژیا.

کێشـەی شـەڕو ناڕەحـەتی لەهـەموو سـەردەمێکدا بـەم شـێوەیە بـووە، تایبەت بـووە بـەو کەسـانەی بەکێشـەدا تێپـەڕ دەبـوون، یـاخود کێشـەیەکی فەلسەفی بوو ئەوانە توێژینەوەیان تێدا دەکرد، کە گرنگییان پێـدەدا، جـا چ لەبورجێکی بەرزدا بوبێتن یان لەکڵێسەیەکدا یان هۆڵی خوێندن.

بـەڵام ئـەمڕۆ جیهـان گـۆڕاوە، سۆشـیال میـدیا و ڕاگەیاندنەکـەی، ئـازارو چەرمەسەرییەکان دەگوازێتەوە بۆ هەمووان و بەشـێوەی تاکـە کەسـی و زۆر بەگەرموگوڕییەوە لەهەر شـوێنێکدا ڕوودەدات، وا لـە هـەموان دەکـات لـەباری بەریەککەوتن و هەستکردندا بن لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات...

(٣٠ ساڵ) لەمەوبـەر قەسـابخانەیەك لەشاری (حـەما)ی سـوریا ڕوویـداو قوربانییـەکان (٣٠)هـەزار کـەس بـوون و هـەزارەها دەستبەسـەر کـران و هەزارەها ئافرەتیش ئەتك کران، باشە ڕاگەیاندنی جیهانی لەو ئێوارەیەدا چی و چۆن تاوتوێی کرد؟ هیچ بەنزیکـەیی، لەوانەیـە هەنـدێك هـەواڵی پشتڕاسـت نـەکراوە و چـەند ڕاپـۆرتێکی بچـوك لـەبارەی بـوونی ڕووداوێـك هـەبوبێت، هەواڵگرییـە جیهانییـەکان بەدڵنیاییـەوە دەیـانزانی... بـەڵام ڕاگەیانـدن لەدۆڵێکی تردا بوو؟

دوای ماوەیەکی زۆر نەبێت وێنەکە ڕوون نەبویەوە... بەڵکو هەرگیز وێنـە ڕاسـتەقینەکە ڕوون نەبویـەوە، چـونکە وێنـەی پێویسـت بەردەسـت نـەبوو لەبارەی ئـەوەی ڕوویـدا، هـەموو ئـەو وێنانـەی کـەدزەی کردبـوو لەپەنجـەی دەست تێنەدەپەڕی... زۆربەی وێنەی کاولکاری شارەکەبوو... هەندێکیشـی وێنەی بەسەریەکدا کەوتنی لاشەکان بوو.

بەکورتی ئەوەی جیهـان لەوکاتـەدا زانـی کـەم بـوو، ژمـارەی قوربانیـان، هەنـدێك جـار لیسـتی ناوەکانیـان، و هەنـدێك وێنـە تـەنها بەشـێکی سـادەی کارەسات و ناڕەحەتییەکانی دەگواستنەوە، بێگومان هەمان ئەم شتە لەگەڵ

قەسابخانەکەی هەڵەبجە لەباکوری عێراق ڕوویدا... لەم ڕوداوەدا بەڵگەکان زیاتر وێنەبوو، بەڵام چەند مانگێکی ویست تا جیهان پێی زانی..

ئەمە تەنها بەهۆی سروشتی سەرکوتکارانەکەی ئەو کەسانەوە نەبوو، کە بە قەسابخانەکە هەڵسابوون، بەڵکو پەیوەستیش بوو بە سروشتی ڕاگەیاندنی ئەوکاتەوە، سەختی گواستنەوەی هەواڵ و وێنەی پێویست، بوونی پەیامنێرو پێداویستیەکانی ڕاگەیاندن و.... هتد.

بەڵام شۆڕشی زانیاری هەموو شتێکی گۆڕی، ئێستە هەرکەسێك دەتوانێت مۆبایلێکی زیرەك هەڵبگرێت و ڕاستەوخۆ ئەوەی ڕوودەدات بیگوازێتەوە، بێ ئەوەی پێویستی بە مۆڵەتوەرگرتن بێت لەبریکارێکی دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی..

خانوو ماڵ دەبینین بۆردومان دەکرێت و لەکاتی بۆردومانکردنەکەدا دادەڕمێ و دەڕوخێ، منداڵ دەبینین، قاچی قرتاوەو باوکی بانگ دەکات تا هەڵیبگرێت، منداڵ دەبینین نقوم بووە و خنکاوە و شەپۆلەکانی دەریا فڕێی داوەتە سەر قەراغی دەریاکە، پێش ئەوەی بنێژرێت ئاوا دەیبینین...

بەڵکو تاوانباران دەبینین وێنەی ئازاردانی قوربانییەکانیان دەگرن و چێژی لێدەبینن، وامان لێهاتووە ئەو سزایە دەبینین جاران دەمان بیست و لەبارەیەوە دەمان خوێندەوە، تەنها لە ڕێگەی نوسین و پیتەکانەوە ڕووداوەکانیان بۆدەگێڕاینەوە، جڵەوی خەیاڵمان بەردەدا تاکو بۆمان وێنا بکات، وەك ئەوەی سەیری فیلمێکی سینەمایی بکەین، ئەمڕۆ وا نەماوەتەوە وەك پێشتر چۆن بوو، ئێستا ڕووداوەکان بەدەنگورەنگ و ئاهوناڵە و دەربڕینی زیندوو نارەحەتییەکان دەبینین لەگەڵ چەند مرۆڤێکی ڕاستەقینە، کە دەزانین خۆیانن نەك تەمسیل بکەن.

دەبوایە کارەکە سەرەنجامی خۆی ببێت... هەرچەندە ئامانجی زۆربەی ئەوکەسانەی ڕۆڵیان هەبووە لەپەرەدان بەو وێنانە، بەشداری بوو لە ڕێگرکردن و بەرەنگاربونەوەی ئەوەی ڕوودەدات، لەپێناو هۆشیاریی زیاتر بوو بەمەبەستی گۆڕانکاری... بەڵام ئەنجامێکی تریش هاتە دی، کە نەدەکرا لێی هەڵبێت، ئەم وێنانە، ئەم ڕاگەیاندنە نوێیە ئێمەی ڕوبەڕووی بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆی چڕوپڕ کردەوە لەگەڵ کێشەی بوونی شەڕو خراپە لەجیهاندا، زۆر قورس بوو لەوکۆمەڵە پرسیارە یەکبەدوایەکانەی، کارلێککردن لەگەڵ ئەم سزا جیهانییە هێنایە ئاراوە ڕابکەی.

لەوانەیە کارەکە بەم پرسیارانە دەستی پێ کردبێت، خودا لەکوێ بوو کاتێك ئەم سزایە ڕوویدا؟ پاشان پرسیار کرا بۆچی خودا ڕێگەی دا بەم ئازارو سزایە؟ لەوانەشە دواییەکەی ئەم پرسیارە کرابێت: ئایا خودایەك هەیە، ڕێگە بەم هەموو شتە بدات و هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت بۆڕێگری کردن لەم سزایە؟

دواتر زۆر بەلۆژیکی گەیشتین بەوەی: ئایا خودایەك هەیە؟

ئەمە کۆمەڵە پرسیارێکە لەپرسیارەکانی پولی دۆمینە، لەکێشەیەکی زۆر کۆنەوە دەست پێدەکات، ئەویش کێشەی بوونی شەڕو خراپەکارییە لەجیهاندا، ئێمە تەنها لەکاتێکدا ئاگادار دەبینەوە، کە پولی کۆتایی دۆمینەکە دەکەوێت، وەکو ئەوە وابێت هەر چاوەڕواننەکراوە ڕووبدات بەو پێیەی پولەکانی بەشێوەیەکی باش ڕێکخراوە...

لەوانەیە کێشەکە هەمووی کێشەی بوونی شەڕو خراپەکاری نەبێت لەجیهاندا، بەڵکو لە چۆنێتی ڕێکخستنی پولی دۆمینەکەدا بێت، گەر پەیوەندی پێوەی هەبێت..

چۆن؟

لەمەودوا دەزانین....

باتاگاداری ئەوە بین گفتوگۆ لەبارەی بوونی شەڕو خراپەکاری لەجیهاندا و پەیوەندییەکانی بەخودا یاخود ئیلحاد و لاهوتی مەسیحییەتدا دەرکەوت، هەرچەندە خراپە و باسوخواسی شەڕ لەجیهاندا پێش مەسیحییەت کەوتووە...

ئەم جۆرە مشتومڕە لەگەڵ جولەکایەتیدا بابەتێکی ڕوون نەبووە، بەهەمانشێوە دواتریش لەگەڵ ئیسلامدا بەزەقی جێی باس و خواس نەبووە، ئێمە تائەم دەیانەی کۆتایی دەربڕینێکی هاوواتامان نەبووە بۆ (کێشەی شەڕو خراپە لەجیهاندا)، چەندەها گفتوگۆ هەبووە لەبارەی سیفەتەکانی پەروەردگارەوە (دەگونجێت بەشێوەیەك لەشێوەکان بەم کارەوە ببەسترێتەوە) هەروا لەبارەی پاڕانەوە (کەلەبابەتی داهاتوماندا ئاماژەی پێدەکەین)...

بەڵام کێشەی بوونی شەڕو خراپە لەجیهاندا وەکو بابەتێکی سەربەخۆ، وەکو کێشەیەك لەخودی خۆیدا، لەیەهودیەت و ئیسلامدا بوونێکی سەربەخۆی نەبووە ، تەنانەت وەکو مشتومڕێکی فەلسەفی تەنها لەدوای هۆلۆکۆست و لەسەدەی بیستەمدا لای جوولەکەکان بەدەرکەوت و بوو بەجێی باسوخواس.

ئەمە چیمان پێدەڵێت؟ بۆچی کارەکە زۆر گرنگ و ڕوون بوو لەگەڵ هاتنی لاهوتی مەسیحی؟ بەڵام بەو شێوەیە نەبووە لەگەڵ یەهودیەت، یان زانستی کەلام و بیروباوەڕی ئیسلامی، هەرچەندە زۆر شتی هاوبەش هەیە لەنێوان سێ ئاینەکەدا؟

هۆکارەکە لەدیدی من دا ئەوەیە، تێڕوانینی مەسیحیەت بۆخودا سەرنجی زۆر دەخاتە سەر بەزەیی و ئاشتی و خۆشەویستی... لەکاتێکدا تێڕوانینی جولەکە جەختکردنەوەیە لەسەر چەند لایەنێکی جیاواز، زۆرجار لەوانەیە بەپێچەوانەشەوە بێت....

بەڵام لەئیسلامدا، یان لەدەقە ئیسلامییەکاندا، تێڕوانینەکە بەشێوەیەکە هەردوو لایەنەکە بەجۆرێك دەخرێنەڕوو، کە من وای دەبینم هاوسەنگ و پارسەنگتر بێت.. لەنێوان بەزەیی و خۆشەویستیدا، هەروا لەنێوان ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تر دەیبینێت... زۆر ناومان هەیە (الرحمن–بەخشندە، الرحیم–میهرەبان، الغفور الودود– لێخۆشبووی نەرمونیان)، هەروا (الجبار– بەهێز و توانا، المنتقم–تۆڵەسێن، شدید العقاب–خاوەنی شکەنجەی زۆر قورس)...

لێرەدا کێشەکە بەدید و بۆچوونی من بوونی شەڕو خراپە نییە لەجیهاندا، بەئەندازەی ئەوەی دژبونێك هەیە لەگەڵ ئەو (وێنە پێشینەییە)ی خۆمان لەبیروبۆچوون و زەینی خۆماندا بۆ ئەم جیهانەمان کێشاوە، لەگەڵ ئەم شەڕو خراپەیەدا، کاتێك وێنەکان وێنەی گوڵین دەبن، گەشبینییەکی لەڕادەبەدەرن، پاشان لەگەڵ شەڕو خراپەی ئەم جیهانەدا پێکدا دەدەین، ئەوکاتە بابەتی شەڕو خراپە دەبێت بەگرێکوێرە... ئیتر پارچەکانی دۆمینەکە بەدوای یەکدا دەکەون تادەگات بەوەی:

خودا نییە:

بەڵام کاتێك وێنەکە لەبیروبۆچووندا بەشێوەیەکە، ئەم جیهانە چاکە و خراپەی تێدایە، بەبوونی شەڕو خراپە لەجیهاندا توشی شۆك نابێت، لەوانەیە ئەمە لەناڕەحەتییەکانت کەم نەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ بوونی شەڕیشدا

کێشەکانیشــت ناگۆڕێــت بۆچــەند ڕەهەنــد و لایــەنێکی تــری دەرەکیــی بەرەنگاربونەوە و کێشمەکێشمت لەگەڵ شەڕدا...

لێرەدا ناڵێم (گرێکوێرەی شەڕو خراپە) هاوردەیە، بەڵام ئەوە دەڵێم ئـەو پارچـانەی دۆمینەکـە پەیوەنـدییان بەخراپــەوە هەیـە لەجیهانـدا گۆڕیویانـە بۆگرێکوێرەیەك، لەڕوانگەیەکی دیـاریکراوەوە سەردەکێشـێت بـۆ ئیلحـاد... بەڵام مەرج نییە کارەکە لەدیدگای ئیسلامیدا وا بێت...

بابەتەکە ئەوەیە، دەقە ئاینیـەکان لەئیسـلامدا پێـت ناڵێـت، گەشـتی تـۆ لەجیهاندا گەڕانێکە لەباخێکی ئـاڵو واڵا دا و ڕاوی پەپولـەی تێـدا دەنێیـت و کاتێکی خۆشی تێدا بەسەر دەبەیت، بەپێچەوانەوە دەقەکان دەڵێن کـە (لقـد خلقنا الأنسان في كبد) (سوێند بەوانە–ی لەدوو ئایەتی پێشووتردا سـوێندیان پــێ خــواردوون– ئێمــە ئینســانمان دروســتکردووە و بــەردەوام لەشــەر و نارەحەتی و کێشـە و ناخۆشـیدایە) دەڵێـت: هەنـدێکمان دژی هەنـدێکمانین، جیهان هەرگیزاو هەرگیز شوێنی خۆشبەختی نییە بەڕەهایی...

دەڵێت ئایا: بۆچی خوای گەورە جیهانی بەم شێوەیە دروستکردووە؟

زۆر بەسادەیی: لەبەرئەوەی ئەمە بەشێکە لەتاقیکردنەوەکـە، بـۆ ئـەوەی ئەم جیهانە بکەیت بەشوێنێك باشتر بێت، داخوازی ئەوەمان لێدەکات مامەڵە لەگــەڵ نارەحــەتیو کێشــەو شــتە قێزەونەکانــدا بکــەین... ئائەمــە تاقیکردنەوەکەی ئێمەیە، بوونمان لـەم زەویـەدا پەیوەنـدیی بەئامانجێکـەوە هەیە، داخوازی ئەوەیە تاقیبکرێینەوە و پاڵفتە بکرێین، بـەبێ بـوونی شـەڕو خراپە لەجیهاندا ئەم تاقی کردنەوەیە نابێـت... ناگونجێـت تاقیکردنەوەیـەك هەبێت بەبێ قورسێتی و سەختێتی.

دەتوانی هەرشتێك بڵێیت لەبارەی سەختێتی و قورسێتیی پرسیارەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز تەنها لەبەر قورسیی پرسیارەکان، ناتوانیت بڵێیت تاقیکردنەوە ئەنجام نادرێت و تاقیکردنەوە بوونی نییە، هەرگیز ناتوانیت بڵێیت خودا نییە... لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەکانی قورس بوو..

ڕاستییەکەی: ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، وێنەی خودا لەمێشکدا، خەیاڵی و ناواقعییە و بوونی نییە... خودا وەك ئەوەی تۆ دەتەوێ لەمێشکتدا هەرگیزاو هەرگیز بوونی نییە، بەڵام خودایەکی بەدیهێنەر.. بوونی ئەو بەوێنەیەکی زۆر تەواو و کامڵ و بەو شێوەیەی تەعبیری لەخۆی کردووە... هیچ پەیوەندی بە وەهم و خەیاڵەکانی تۆوە نییە...

(٧) بۆچی خودا وەڵاممان ناداتەوە؟

دەڵێین: ساڵانێکە داوا لەخودای گەورە دەکەین، بەبێ ئەوەی نزاکانمان بەدی بێت، ئەی خۆی نافەرموێ: ﴿ .. ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ...﴿٦٠﴾ ﴾ (غافر) واتە: بانگم بکەن وەڵامتان دەدەمەوە، هەروها فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ...﴿١٨٦﴾ ﴾ (البقرة) واتە ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم ئەوا من نزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواریانەوە دەچم هەرکات لێم بپاڕێنەوە.

ئەی بۆچی وەڵاممان نادرێتەوە؟

سەرزەنشتیشیان ناکەین لەسەر ئەوەی دەیڵێن، ئەم قسانەیان دەرئەنجامی سروشتی بەکارهێنانی زیادەڕەوانەی ئایەتەکانی پێشووە، بەپێی تێگەیشتنێك، کارەکە دەگاتە پەیوەندییەکی مەرجی و ناچاری، لەتۆ داواکراوە بپاڕێیتەوە، لەویش چاوەڕوان دەکرێت وەڵام بداتەوە.

وەکو ئەوەی خوای گەورە پەیوەست بێت بە بەدەمەوەبوونی پاڕانەوەکانمان، بەداخەوە ئەم زیادەڕەویکردنە لەبەکارهێنان لەلایەن بانگخوازان و پیاوانی ئاینی، بەتایبەت لەچەند بۆنەیەکی دیاریکراودا بەشێوەیەك برەوی پێدەدرێت، کە دایدەبڕێت لەچەمکەکانی تری ئیمان، ئەمەیش نزیکتری دەکاتەوە لەپرۆسەیەکی مەرجدار (لێت دەپاڕێمەوە لەبەرامبەر ئەوەی وەڵامم بدەیتەوە)، ئەمە وا لەکارەکە دەکات مەترسی گەورەی تێدابێت، لەکاتێکدا پاڕانەوە لەبنچینەدا لەپاکێچ و گورژمەیەکی تەواوی باوەڕدایە.

لەکاتێکدا بابەتەکە لێرەدا بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەکو ئەوەی پاڕانەوە و نزاو پڕو پڕوپاگەندەبن بۆ ئیمان !

بەڵام ئایا ئەم دوو ئایەتە بەنزیکی ئەوە ناڵێن؟ لانی کەم بەڵێنێك لەئارادا نییە سەبارەت بەمە، ئایا ئەمە بەکرداریی، پەیوەندیەکی مەرجداری نییە، هەروەکو لەڕواڵەتی ئەو دوو ئایەتەدا دەردەکەوێت؟

لەوانەیە، بەپێی تێگەیشتنمان بۆپاڕانەوە و چەمکی وەڵامدانەوەی خودای گەورە بۆی... ئەمەش لەمەودوا زیاتر لێی دەدوێین.

بەشێوەیەکی ئاسایی چی دەگوترێت بەوکەسەیە ئەم پرسیارە دەکات: پاڕامەوەو پاڕامەوە، کەچی خودای گەورە وەڵامی نەدامەوە، بۆچی...؟

لێرە چەندین وەڵام دەگوترێت: تاوانەکان، خواردنی حەرام: بێ ئەدەبی لەگەڵ خودای گەورە لەکاتی پاڕانەوەدا، پەلەکردن و دڵنیا نەبوون لەوەڵامدانەوە لەکاتی پاڕانەوەدا.

هەموو ئەمانە ڕاستن و بەتەواوی بوونیان هەیە، چەند ڕێسایەك بۆپاڕانەوە هەیە، پێویست نییە وا چاوەڕێ بکەین پەیوەندی نێوان پاڕانەوە و وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ و یەکسەرە، وەکو ئەو کەسەی بەلێدانی بلیاردەکە بیپێکێ، بەڵکو ئایەتەکە تەواوکەرێکی هەیە کەمجار لە مشتومڕی بەرەودان بەنزاو پاڕانەوەدا باس دەکرێت، ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾ (البقرة)، واتە: کاتێك بەندەکانم پرسیاریان لێکردی لەبارەی منەوە، من نزیکم لێیانەوە، وەڵامی پاڕانەوەی ئەوکەسە دەدەمەوە، کە دەپاڕێتەوە کاتێك لێم دەپاڕێتەوە، با وەڵامی بەرنامەکەم بدەنەوەو بڕوام پێ بهێنن بەڵکو ڕێنمایی وەربگرن.

وەڵامدانــەوەی خــوای گــەورە لەلایــەن بەندەکانیــەوە و ئەوکەســەی پاڕاوەتەوە لەناواخنی هاوکێشەکەدایە، ئەمەش واتە جێبەجێکردنی فـەرمانی خوای گەورە (لەدروشمە ئاینییەکان یان ئەوانی تر لەشـوێنکەوتنی سـوننەت و ڕێسا خواییەکان) بەشێکە لەسیستەمی نزاو پاڕانەوەی وەرگیراو.

بێگومان کارەکە گەورەترو ئاڵۆزترە لەوەی تەنها بریتی بێت لەپاڕانـەوەو وەڵام دانەوەو گیرابوون، باناگادربین هـەموو ئـەم هۆکارانـەی بـاس کـران – یـان زۆرینـەیان– نـاگونجێن وەك پێـوەرێکی تـەواو ئاشـکرا بێـت، بـەواتای ئەوەی –ناگونجێت بکرێن بە پێوەر–.

بۆنمونە چەمکی تاوان لاستیکیو زۆر کراوەیە لای زۆر کەس، دەگونجێـت بیستنی گۆرانیەك لای هەندێك کەس یان ڕوانینێکی لەناکاو لەڕێگەدا بـەتاوان دابنرێـت، هــەروا دەگونجێــت هــەر مرۆڤێــك پاڕانەوەکـەی وەڵام نەدرێتــەوە بەهۆکاری هەر تاوانێك هەرچەندە بچکۆلە بێت.

هــەروا پەلــەکردن و دڵنیــا نــەبوون، دووکــارن نــاپێورێن... دەگونجێـت کەسێك وا خۆی دانێت زیاد لەپێویست پەلەی کردووە، یان کەمتر لەپێویستە دڵنیـا بـووە، دەگونجێـت بۆکەسـێکی تـر خـۆی پێچـەوانەی ئەمـە بێـت، دوو کارەکە بەتەواوەتی ڕێژەیین.

لەهـەموو بارێکـدا: ئـەم وەڵامدانەوانـە دەیـەوێت تۆپەکـە بخاتـە یاریگـای نزاکارانەوە، ئەو دەبێت ئەنجامی وەڵامدانەوەی پاڕانەوەی لەئەستۆ بگرێـت، ئـەمیش لـەزۆر ڕووەوە ئەرێنییـە، ئەگـەر لەقۆناغێکـدا نـەگۆڕێت بۆسـزادانی بەردەوامی خۆی بەشێوەیەك، هەندێك وەك تاوانێك ئەژماری بکەن بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان هەبێت لەسەری.

بەڵام شتێکی تر هەیە وای دەبینمو تا ڕادەیەك زۆر لەڕونکردنەوەی هۆکارەکانی گیرانەبوونی نزاو پاڕانەوەکاندا پشتگوێ خراوە، ئەویش مەرجە بابەتییەکانە بۆ وەڵامدانەوەی پاڕانەوەو وەرگرتن، بەردەوام هۆکارەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر ناخی ئەوکەسەی دەپاڕێتەوە، لەخواترسی و خۆپارێزییەکانی بەشێوەیەکی گشتی.

ئەی لەدەرەوەی کەسەکە چۆنە؟ ئەی ئەو ژینگە دەرەکییەی وا گریمانە دەکرێت پاڕانەوەکەی تێدا جێبەجێ بکرێت؟ ئەی نابێت بڕوانیتە ئەم بابەتە، لەوکاتەی پرسیار دەکرێت لەهۆکاری گیرانەبوون و بەدیهاتنی پاڕانەوەکە؟

ئەمەیش لەبەرئەوەی هەندێك لەوپاڕانەوانە نەهاتۆتەدیو گیرانەبووە و خاوەنەکانی پرسیاری هۆکاری وەڵام نەدانەوەو گیرانەبوونی دەکەن لەخودای گەورە، ئەم جۆرە نزایانەو گیرانەبونیان ڕاستییەکەی، داواکردنی موعجیزەیە لەخودای گەورە... تۆ هاوارو نزات نەکردوە.. تۆ بەسادەیی داوای موعجیزەت کردوە...

بۆچی؟ چونکە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە، تێپەڕاندنی ئەو یاسا وڕێسا و مەرجە دانراوانەن، کە سەبارەت بەو ڕوداوانە هەن، بەداخەوە زۆرێك لەو پاڕانەوانەی جێبەجێ نەبووە، ووروژێنەری چەندین پرسیاری لەو شێوەیەی پێشووترە، کە لەبواری داواکردنی هاتنەدی موعجیزەیەك باسکراوە نەك پاڕانەوەیەك.

پەروەردگاری جیهانیانیش فەرمویەتی: (هاوارم لێبکەن و لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە، نەیفەرمووە داوای موعجیزە بکەن بۆتان جێبەجێ دەکەم، سەردەمی موعجیزە کۆتایی هات لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی پێغەمبەرایەتی.

جیاوازی نەکردن لەنێوان ئەو دوو شتەدا، زۆرێک لەخەڵکی ڕادەکێشێت بۆنزاکردنی چەند شتێك، جێبەجێکردنی لەموعجیزە ئەچێت، زۆر داواکاری و پاڕانەوە هەیە دەتوانی بڵێیت دەچێتە خانەی بێئەدەبیەوە لەگەڵ خوای گەورە.

وەك ئەوەی داوای شتێك بکەیت لەخوای گەورە، دەبێت سەرەتا خۆت بگۆڕیت، تۆ هەڵنەستیت بەڕۆڵی خۆت و لەو بارودۆخە بابەتییانەی بۆ گۆڕین پێویستن تێنەگەیت...پاشان داوا بکەیت موعجیزەیەك کاروبارت بگۆڕێت، دواتر پرسیار بکەیت ئەی خوای گەورە نەیفەرمووە وەڵامتان دەدەمەوە؟ باشە بۆچی وەڵاممان ناداتەوە؟

موعجیزە ئەو مەودایەیە دەکەوێتە نێوان داواکردنی سەرکەوتن لەتاقیکردنەوەیەکدا کەخۆتت بۆئامادە نەکردووە تادەگات بەداواکاری و نزای سەرکەوتن لەڕوبەڕوبونەوەیەکی چارەنوسسازی دوڕاودا بەهەموو پێوەرەکان.

هەروا زۆرێك لەوپاڕانەوانە لەکاتی زۆربوونی ناڕەحەتییەکاندا دەکرێن، قورئان ئاماژە بۆئەوە ئەکات، وەکو ئەوەی پێمان ڕابگەیەنێت ئەمانە بەدیاریکراویی هیچ سودێك لەوەڵامدانەوەی پاڕانەوەکانیاندا نییە، چونکە خودی خۆیان دەڵێن: بۆچی و بۆچی وەڵامی پاڕانەوەکانمان نەدرایەوە؟

﴿ ...دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ (یونس)، واتە: هەرکاتێك خەڵکی (باوەڕلاواز) سواری کەشتی دەبن مەترسی نقومبوون و تیاچوون ڕوویان تێدەکات، بەکوڵ هانا و هاوار دەبەن و بەدڵسۆزی و ملکەچییەوە باوەڕدەهێنن، بەڵام کاتێك خوای گەورە ڕزگاریان دەکات و دەگەنە وشکانی، دەست بەجێ لەڕێبازی یەکتاپەرستی دەترازێن و هاوەڵ و هاوبەش بۆخودا بڕیاردەدەن.

لەمڕۆدا کەسانێك هەن بەتەواوی خۆی و خێزانەکەی دەخاتە دەریاوە و داوا لەخوای گەورە دەکات خۆی و خێزانەکەی ڕزگار بکات، ئەگەر ئەوە ڕوویندا و وا دەرنەچێت ئەوا دەڵێت بۆچی پاڕانەوەکە گیرانەبووە؟

بێگومان ئەو بارودۆخانەی وای لێکردووە خۆی و خێزانەکەی فڕێ بداتە دەریاوە ئاسان نەبووە، هەڵبژاردەکانی زۆر کەم بووە و ستەمێکی گەورەی تووش هاتووە –ئەڵقەیەکی تایبەت لەبارەی ئەمەوە هەیە– بەڵام کارەکە بگۆڕێت بۆ لێپرسینەوە سەبارەت بە پاڕانەوە و ئەو بارودۆخانەی وەڵامی تێدا نەدراوەتەوە ئەوە شتێکی ترە!...

دواتر کارەکە بگۆڕێت بۆ هۆکاری ئیلحاد!

کارەکە زۆر جار لەنوکتەی ئەو قوتابییە دەچێت وەڵامی تاقیکردنەوەکەی بەباشی نەدابویەوە، کەچی دەگەڕایەوە سەرزەنشتی دایکی دەکرد و دەیگوت: دەبوایە هەموو ساڵەکە دوعات بۆبکردمایە نەك هەر شەوی تاقیکردنەوەکە... یان لەو پیاوە دەچێت، بۆماوەی دەساڵ بەبەردەوامی لەخودا دەپاڕایەوە، خودای گەورە منداڵێکی ساڵحی پێ ببەخشێت بێ ئەوەی ژن بهێنێت.

زۆرێك لەسکاڵاکانی جێبەجێنەبوونی پاڕانەوەکان لەناوەڕۆکدا داوا لەخودا دەکات یاساکانی کیمیاو فیزیاو زیندەزانی بۆبگۆڕێت، بەڵکو سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆبگۆڕێت لەپێناو جێبەجێبوونی پاڕانەوەکەی، لەبەرئەوە گرنگە هەمومان ئاگاداربین کاتێك پاڕانەوەکانمان جێبەجێ نابێت لە زۆر شت ووردبینەوە.

ئایا هەموو ئەوشتانەی پێویستە جێبەجێیان بکەین لەوبوارانەی لێی دەپاڕێینەوە، ئایا جێبەجێمان کردووە؟ ئایا جێبەجێبوونی پاڕانەوەکە واتە

تۆ پلەیەك بەدەست دێنیت شایەنیت بۆی، بەراورد بە کەسانی تر –یان کەسانی دی، کە هەوڵی زۆر زیاتریان داوە لەوەی تۆ کردوتە؟.

ئایا کارەکە پەیوەندی بەکەسانی ترەوە هەیە، دەبێت ژیانیان بەنەرێنی و ئەرێنی ئەو پاڕانانەوانەی تۆ دەیکەیت، کاریگەری هەبێ؟ یان فلان کچ دەتەوێت ببێت بەهاوسەرت یان فلانەکەس دەتەوێت ببێت بە مێردت؟ ئەی چی لەبارەی بڕیاری تاکەکەسی ئەو پیاوە یان بڕیاری تاکەکەسی ئەو ئافرەتە؟ چی لەبارەی هەر ژنێك یان هەر مێردێك... ئایا ئەم کارە پەیوەندی بەکەسێکی ترەوە نییە، کە دەکرێت ئەو کەسەیش بڕیارو هەڵبژاردن و پاڕانەوەی تایبەت بەخۆی هەبێت؟ بۆ وا دادەنێیت و گریمانەی ئەوە دەکەیت ژیانی کەسانی تر بگۆڕدرێت لەپێناو تۆدا؟

ئایا جێبەجێکردنی پاڕانەوەکە وەکو (موعجیزە)یەك بێت؟ ئایا ئەگەر لە فیلمێکی سینەماییدا ڕوبدات بینەران بەزیادەڕەویەکی ناواقعی ببینن؟ ئایا دەتەوێت لەناکاودا نامەیەکت پێبگات، کە ژیانت بگۆڕیت بەبێ ئەوەی هەوڵ و ئاگاهییەکی وات بەخشی بێت بۆ گەیشتنت پێی؟ ئایا دەتەوێت لەکۆتا چرکەدا ڕزگارت بێت لەدەستی تاوانبارێك بێ ئەوەی هیچ هەوڵ و خۆپارێزییەکت دابێت بۆئەوەی نەکەویتە ژێر دەستی؟

ئایا دان بەوەدا دەنێیت هەوڵو کۆششەکانت شایانی ئەوە نەبووە خواستەکانتی پێ بەدی بێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا بوێری ئەوە بەخۆت دەدەیت لێپرسینەوە لەگەڵ خودای گەورە بکەیت – کە پێگەی خودا بەرزترە – بۆچی وەڵامی پاڕانەوەکەی نەداویتەوە؟

ئایا ئەمە لۆژیکیانەیە؟

ئایا دەڵێیت ئەی دەبێت چ شتێك بۆ پاڕانەوە مابێت؟ کوا لەکوێیە هاوارم لێبکەن وەڵامتان دەدەمەوە؟ لەکوێیە نزیکم وەڵامتان دەدەمەوەو ئەوکەسەی دەپاڕێتەوە نزاکەی گیرادەکەم...

ڕاستییەکەی، پەراوێزێکی گەورە هەیە لەژیانی ڕۆژانەدا ملکەچە بۆ بیردۆزەی گریمانەکان، بارودۆخەکان هەندێ جار لەیەك دەچن، ئامادەیی تۆ و ئامادەیی خەڵك زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەڵام لەکۆتاییدا کۆمەڵە گریمانەیەکی ناکۆتا هەیە هەندێ جار لەبەرەنجامی چوونە ناویەکی چەندەها گریمانەی ترەوە بەدێ دێت، و ئیتر بەم شێوەیە چەند دوڕیانێکە لەناو چەند دوڕیانێکی تردا و دەتگەیەنێت بەچەند دوڕیانێکی تر، ئەم پەراوێزە دەگونجێت زۆر گرنگ بێت لەکاتی یەکسانبوونی زۆرێك لەگۆڕاوەکانی دی...

هەندێ کەس ناویان نا بە بەخت یان ڕێکەوت... هەندێ کەس ناویان ناوە بە یارمەتی خودا، یان وەڵامدانەوەی پاڕانەوەیەك، هیچ کەسێك لەگرنگی ئەم پەراوێزە و کاریگەریی لەژیاندا کەم ناکاتەوە...

دوای هەموو ئەمانەی باسکران پێویستە لەسەرمان لەوەدڵنیابین گیرانەبوونی نزا و پاڕانەوە، سەبارەت بە باوەڕدار لەوانەیە هەندێك جار لەبەر ئەوەبێت خودای گەورە بەدانایی خۆی دەیبینێت، ئەو شتەی بەندە سورە لەسەر بەدەستهێنانی، سودی پێ ناگەیەنێت، شتێکی جیاوازی پێدەدات بەڵام باشتر، تەنها باوەڕدار دەتوانێت لەمە تێبگات و پەسەندی بکات...

پاڕانەوە بەشێکە لە سیستەمی باوەڕ...

ناگونجێ مامەڵە لەگەڵ پاڕانەوەدا بەوسیفەتە بکرێ، دەرگایەکە لێوەی بچمە ناو ئیمانەوە یاخود لێوەی دەربچم، ئەمەش ئەو پرسیارە دروستی دەکات: بۆچی وەڵامم نەدرایەوە؟ ئەو وەڵامدانەوەیەی پاڕانەوە دەکاتە مەرجی بۆ ئیمان و باوەڕ، نەك بەشێك لەباوەڕ، ئەم کارە سود ناگەیەنێت...

هـــەروا بـــا لـــەیادمان نەچـــێت، بەتایبـــەت لـــەبارەی پاڕانـــەوەو وەڵامنەدانەوەکەیـــەوە دەدوێـــین، ئەوانـــەی گفتوگـــۆ دەکـــەن لـــەبارەی وەڵامنەدانـەوەی پاڕانـەوەوە، ئایـا ئـەو چـەند جارەیـان ژمـاردووە وەڵامـی پاڕانەوەکەیان تێدا دراوەتەوە؟ ئاخۆ ئێمـە کاتێـك نزاکانمـان گیرا دەبێـت و بەدی دێت بیرمان دەچێتەوە ئاخۆ هەر لەبنەڕەتدا داوامـان لـەخودی گـەورە کردبوو؟

وەکو خونەریتی سروشتی مرۆڤایەتی، بەردەوام ئەزمونە خراپەکەی زیاتر لەئەزمونە باشەکە بیردەکەوێتەوە، ئایا ژماردوویانـە چـەند جـار پاڕانەوەکـە هاتۆتەدی لە بەرامبەر ئەو چەند جارەی نەهاتۆتە دی؟ ئایا هـەر لەبنەڕەتـدا سوود لەوەدا هەیـە نـزا بگـۆڕێ بـۆ هۆکـارێکی تاقیکردنـەوەی بـوونی خـوای گەورە، ئایا ناگونجێت پاڕانەوەکە لەبەر ئەم هۆکارە نەهاتبێتە دی؟

لەبـەر ئـەوەی پـەروەردگار دەزانێـت، بەوپێیـەی ئەوپـەڕی شـارەزایە بەهـەموو نادیارەکـان، ئەوکەسـەی دەپاڕێتـەوە لەدواییـدا بـەم ڕێگەیـە بیردەکاتـەوە.... ئەگـەر مامەڵـەت کـرد لەگـەڵ پاڕانـەوەدا وەکـو هۆکارێـك بۆتاقیکردنەوەی بوونی خودای گەورە، بیرت بێت تۆ پرسـیاری تاقیکردنـەوە بە هەڵاوگەڕی دەخوێنییتەوە...

لێرەدا تۆ تاقی دەکرێیتەوە...

نەك ئەو...

(٨) چۆن خوای گەورە سزامان دەدات لەسەر شتێکی کە لەسەری نوسیوین؟

گفتوگۆ سەبارەت بەقەدەرو پرسیاری نەمری:

ئایا مرۆڤ خاوەن ویستە یان ناچارە؟ زۆر جار سەردەکێشێت بۆ پرسیارێکی تر، کە مولحیدەکان زۆر شتی لێ بەرهەم دەهێنن، چۆن سزاتان دەدات لەسەر شتێك، کە ئەو خۆی لەسەری نوسیون؟ بێگومان ڕوون و ئاشکرایە ئەم پرسیارە بەکار دەهێنرێت لەوەڵامی ئەوەی: مرۆڤ ناچار(مجبر)ە...

بەڵام وەڵامی ئەوەی مرۆڤ خاوەن ویستە، ئەوا بەڕێگەیەکی تر پرسیارەکە دەوروژێنرێت و دەئاڵێنرێت بەچەند ئایەتێکەوە، پێچەوانەی ئەمە دەگەیەنێت، ئەمەش لەلایەکی ترەوە شێواندن دروست دەکات.

پرسیاری ئەوەی ئایا مرۆڤ خاوەن ویستە یان ناچارە، بریتییە لەو پرسیارە کلاسیکییە نەمرانەی بەدرێژایی سەردەمەکان کراوە.

نەوە دوای نەوە دێت و دەڕوات و ئەم پرسیارە دەخاتەڕوو، بێ ئەوەی وەك دەردەکەوێت، وەڵامێکی پڕبەپێست و تەواوی درابێتەوە.

لەسەرەتاوە وا دەردەکەوێت پرسیارەکە مینرێژ کراوە.

پرسیارەکە بەشێوەیەك دەخرێتە ڕوو سەر بکێشێت بۆ دوو وەڵام.

لەهەردوو بارەکەدا...

چەندەها مین هەیە لەسەر ڕێگەکە، وەکو ئەوەی ئاماژەمان پێکرد.

سەرەڕای چەند پرسیارێکی تر لەجۆری: ئایا کێ وای کردووە، ئەم تاوانبارانە هەموو تاوانەکە بەویستی خۆیان بکەن؟

پرسیارەکان مینرپێژکراون.

زۆرجار وازی بەبێ وەلأم لێدەهێنرێت، تا مینەکە دەتەقێتەوە.

بەلأم لەهەموو بارێکدا ئەو مینەی وازی لێ هێنراوە، دەتەقێتەوە.

سەبارەت بەزۆرێك لەمولحیدەکان، لەبابەتی قەدەر تەنها مەتەلێکی سەخت نەبوو وا لەسەرەتاوە لێی تێنەگەیشتین، بەلکو ببوو بەتلیاکێك و بەتەواوی بەکارهێنرا بۆئەوەی وا لەخەلك بکەن درێژە بەو دۆخەی تێیدان بدەن ...

ئەوەش ڕاستییە.

هەندێ جار چەمکی قەدەر دەگونجێت بۆئەوەی بەکاربهێنرێت.

بۆبەرچاو ڕۆشنی: جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بەکارهێنانی قەزاوقەدەر بۆکەمکردنەوەی ئازارەکان لەوەی وەك بێهۆشکەرێك بەکار بهێنرێت.

دەگونجێت قەدەر، ئارامکەرەوەیەکی باشی ئازار بێت، هەمومان پێویستمان بەوە هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی چەندەها قەیرانی تاکەکەسی، کە لەژیانی هەر مرۆڤێکدا هەیە.

بەلأم ئازارشکێن، هەستت بەرامبەر ئازارەکە ناهێلێت، لێ هۆش دەهیلێت.

هەرچی تلیاك و بێهۆشکەرە، هەردوکیان هەلدەوەشێنێتەوە.

هەستت بەئازار ناهیلێت و تێگەیشتنت بۆکێشەش لەبیر دەباتەوە.

لێرەدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان بەکارهێنانێکی سروشتیی ئەرێنیی بیرۆکەی قەدەر.. واتا کاتێك دەگۆڕدرێت لەئارامکەرەوەوە بۆ بێهۆشکەرێك.

ئەوە کارێکی پێویستە دانی پێدا بنرێت، بەزیادەڕۆییەوە چەند سەدەیەك بەسەر گەلانی ئێمەدا هاتووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کراوەتە پاساوی

زۆرێـــك لـــەو ڕوداوو كارەســـات و ســـتەمانە و بـــەتوڕەیی ویســـتی خـــودا لێكدراوەتـەوە، ئەمـەش كراوەتـە ئاماژەیـەك بۆهەوڵنـەدان بـۆ لێكدانـەوەی ئەوەی ڕوویداوە یاخود هەوڵنەدان بۆگۆڕینی.

تۆ كێیت، تا بیربكەیتەوە لەگۆڕینی قەدەری خودای گەورە؟

نەخێر ڕوونە، كە هەوڵ نادەیت.

ئاشكرایە، سودلێوەرگرتنێكی نەشیاوی ئەو بابەتە لەئارادایە.

زۆرێـــك لەمولحیـــدەكان هەڵوێســـتێكی یەكلاكـــەرەوەیان لـــەم بابەتـــە وەرگرتـــوە، نـــەك لـــەم جـــۆرە بەكارهێنانـــە.. نـــەك لەچـــەمكی نەرێنیانـــەی قەدەری.. بەڵكو لەهەموو بابەتەكە.

* * *

زۆربەی ئەو كەسانەی پرسیاری (ئایا مـرۆڤ ئـازاد و خـاوەن ویسـتە یـان جڵەوگیر كراوە) دەخەنـەڕوو، ئـەم پرسـیاركردنە بەشـێوەیەك دەكـەن حـەزی لەوەڵامێكی ڕوونە ئەمە یان ئەوە.

بەڵێ یان نەخێر.

بەداخەوە ئەم وەڵامە یەكلاییكەرەوەیە بوونی نیـە، چـونكە ژیـانی مـرۆڤ زۆر ئاڵۆزترە لەوەی كورت بكرێتەوە بۆ وەڵامێـك لـەجۆری ڕەش یـان سـپی.

هەروەك ئەوەی یەكەمجار وا دەردەكەوێت، دژ بوون بێـت لـەنێوان دەقـە قورئانیەكاندا سەبارەت بەقەزاو قەدەر، ڕاسـتییەكەی دژایـەتی نییـە، بـەڵكو دەربڕینە لەپێكداچوونی نێوان ئـەو شـتانەی، مـرۆڤ تێیـدا ناچـارەو ئەوانـەی ئازادو سەرپشكە لەژیانی مرۆڤدا.

چەندەها کاروبار هەیە بەداخەوە هیچ هەڵبژاردنێکمان تێیدا نییە، لەقۆناغێکی کاتیی دیاریکراودا لەدایك دەبێت، لەنیشتمانێکی دیاری کراو، لەخێزانێکی دیاری کراو.

هیچ هەڵبژاردنێکمان نییە لەوەی باسمان کرد.

ئەمەش لەژیانی هەریەکە لەئێمەدا، کاروبارێکی تێپەڕ نییە.

ئێمە لەدایك و باوکمانەوە کۆمەڵێك بۆماوەمان بۆدەمێنێتەوە، کە پێکهێنەری زۆر زیاتر لەوەن، تەنها ڕەنگی چاو یان پێست یان درێژی بن، زۆرێك لەوەی پێی دەڵێن زیرەکیمان، ڕاستییەکەی بۆماوەییە لەدایك و باوکمانەوە ماوەتەوە... هەروا هەمان شت سەبارەت بە بەهرەکانمان و سەرکەوتنمان لەچەندکارێکدا ڕاستە، لەوانەیە لەلای هیچ یەك لەدایك و باوکمانەوە دەرنەکەوتبێت، بەڵام لای تۆ دەرکەوتووە... زۆرێك لەسیفەتە تایبەتییەکانمان یان لەکەسایەتیمان بەشێوەیەکی گشتی دەگونجێت بگەڕێندرێنەوە بۆ جینەکانمان، هەندێك لەلێکۆڵینەوەکان دەڵێن: لە ٤٠٪ دەگەڕێتەوە بۆ جینەکان.

ئەمەش کارێك دەکات لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی چواردەوری تۆی داوە، ڕیزبەندیت لەنێوان براکانت ڕۆڵێکی گەورەدەبینێت، بوونی دایك و باوك، ئەو چینەی تێیدا لەدایك بویت، ڕۆڵی باپیرە یان داپیرە یان نزیکە کاریگەرەکان، ئەو کەلتوورە فراوانەی تێیدا گەشەت کردووە لەناو ئەو وڵاتەی تێیدا لەدایك بویت، سەقامگیریی شار یان شێوانی، هەموو ئەمانە لەگەڵ جینەکانت کارلێك دەکەن و پشکداری دەکەن لەپێکهێنانی کەسایەتی تۆ، بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکت تێیدا هەبێت، هیچ نەبێت بۆچەندساڵێکی گرنگ و سەرەکی لەتەمەنتدا کاریگەرییان هەیە.

هەندێکی تر لەناڕەحەتییەکان کارەکە پێچەوانە دەکاتـەوە، هەنـدێك لـەو هاندانەی لەمندالّیتدا وەری دەگری، چەند ئامادەباشییەك گەشـە پێـدەدات لەسـەر حیسـابی ئـەوانی تـر... بـوونی پێشـبڕکێ لـەنێوان خوشـك و براکـان لەسـەر ڕازی کردنـی دایکـت بۆنمونـە، لەدرێـژایی ژیانتـدا ڕۆحـی پێشـبڕکێ کردنت گەشە پێدەدات، سوربونت لەسەر ڕازیبونی دایکت بەڕێگەیەکی دیاری کراو، وات لێدەکات ئەم ڕێگەیە لەگەڵ تۆدا تاکۆتایی بەردەوام بێت.

ئەم تێکەڵە ئالّۆزە لەکارتێکردنی نێوان بۆمـاوەو دۆخەکانـدا، پەیوەنـدی نێوان کۆمەڵە بۆماوەیـەك و کۆمەڵـە دۆخێکـی دەرەکـی، ناگونجێـت بـەوردی دیاری بکەین و زنجیرەیەکی پێکداچووی جین و دۆخـەکان دەسـت وەردەنـە نێو دیاریکردنی ڕەچەڵەك و نەژاد.

لەکۆتاییـدا هـەموو ئەمانـەت بەسـەردادێت، تیاتـدا ڕوو دەدات، کـارت تێـدەکات.. تـۆش لـەدەرەوەی چوارچـێوەی ئـەزمونی، بەسـەر ئـەوەی ڕوو دەدات.

ئەمە شوێنێکە دەتوانرێـت تـۆی تێـدا پـۆلێن بکرێـت بـەوەی، بەویسـتی خۆت نییە، زۆرێك ناویستانە دەبرێنە ناوچەیەك، ویستکاری و بژاردەخوازیی تێدایە.

بەدەربڕینێکی تر: قۆناغێکی زەمەنی بنەڕەتی هەیە لەتەمەنتدا، لەوانەیـە بگاتە ١٠ ساڵ، کەمتر یان زۆر تر... تۆ ئەم قۆناغە لەبـەر زۆر ئیعتیبـاری تـر لەدۆخێکی ناچاریدایت... بەڵام لەبەرئەوەی بناغە داڕێـژەرە، ئـەوا چـەندەها شـتی جیاجیـات پێدەبەخشـرێت، تـۆ لەگەشـتی ژیـانی داهاتوتـدا بەرهـەمی لێدەگریت...

دوای ئەم قۆناغە چەند شوێنێکی تر هەیە پشت دەبەستێت بەهۆشـیاریی خۆت بـەخۆت، بـەڕۆڵت لەژیانتـدا، ئـیتر ئەمـە بـژاردەی خـۆت بێـت یـان تـۆ

بەتەنها ژیان دەگوزەرێنیت تا خۆت بسەلمێنیت، ئەوەی کۆمەڵگەکەت دەوروبەرەکەت هەواڵی پێداویت، پێویستە لەسەرت ئەنجامی بدەیت، ئەوا بواری زۆر فراوانتری هەیە بۆ چەندین بژاردە لەم قۆناغەدا. هەرگیز کارەکە ئاسان نیە، بەڵکو لە ململانێیەکی ناوەکیی دەچێت لەگەڵ خودی خۆت و ویست و ئارەزوەکانتدا، ململانێیەکی دەرەکیە لەگەڵ چوار دەورو ژینگەکەتدا.

لەهەردو بارەکەدا، تەنانەت ئەم هەڵبژاردنە دەچێتە ناو چەندەها هۆکاری پێشینە، وەك ئەوەی لەسەر چی پەروەردە بویت، ئەوشتانەی پێشوو چۆن تۆی بنیات ناوە، جاری وا هەیە هەڵبژاردنێکی پێچەوانە هەڵدەبژێریت بۆئەو شتەی ژینگە ویستویەتی تۆی تێدا لەقاڵب بدا، وەك بەرپەرچدانەوەیەك بەرەنجامی کۆمەڵێك کارلێکی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی لەکارەکەوە دەردەکەوێت.

چەندەها دوورپیانی زۆر هەیە لەژیانتدا، خۆت هەڵیدەبژێریت، چ ڕێگەیەك دەگریتەبەر، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە زۆر بەدەگمەن، تەواو بەویستی ئازادانەی تۆیە... زۆر کاروبار هەیە لەگەڵیدا کارلێك دەکەیت و دەتگەیەنێت بەم بژاردەیە.

کەوابێت پرسیاری ئایا تۆ خاوەن ویست و بژاردەی یان ناچاریت، هەروا بەئاسانی ناتوانین وەڵامی بدەینەوە، وەك ئەوەی پرسیارکارەکان زۆریان حەزپێیەتی، تێکەڵەیەك هەیە لەویستخوازی و ناچارکردن لەژیانی هەریەکێکماندا، و ئەم ڕێژەیە لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر جیاواز دەبێت و لەدوورپیانێکەوە بۆدوورپیانێکی تر دەگۆڕێت.

بەڵام ئەم ناچارییە لەم دۆخەدا بەو شێوە باوە نییە، کە (لەناوچاوان نوسراوە و چاو دەبێت ببینێت)، ناچارکران شتێك نییە لەجیهانی سەروسروشت لەسەرت نوسرابێت، پێویستە بیکەیت، بەڵکو کارلێکێکی بەردەوامە لەگەڵ دۆخە دەرکییەکان، کەم دەتوانیت لەژێر ویست و ئارەزوی تۆدا بن.

لەڕووی زانستییەوە، بەئەندازەی پەیوەستیی کارەکە بەزانستی دەروونناسییەوە، قسەکردن لەبارەی (ویستێکی ئازادی ڕەها) ئەفسانەیەکی بیروباوەڕی لیبراڵییە... زانست زیاتر و زیاتر پەردە لەسەر ئەندازەی پێشینە دیاریکراوەکانی کە هەریەکە لەئێمە هەیەتی لادەدات، ئەمەش واتای خۆبەدەستەوەدانێکی ناچاریی نییە بۆ واقیع، پەراوێزێکی گۆڕانکاری ڕاستەقینە هەیە، بەڵام تەنانەت ئەم پەراوێزەش چەندین شتی پێشینە دەستی تێوەردەدات.

کەواتە بەڵگەی بێبڕواکان (بۆچی خودای گەورە شتێکی لەسەرنوسیویت، پاشان لەسەر ئەوشتە سزات دەدات؟) ڕاستییەکەی، تەواو کارا نییە، ئەگەر باسەکە بەشێوەیەکی ناچاری تێبگەین، کە بەداخەوە لەسایەی نەبوونی زمانێکی ڕووندا، تێگەیشتنێکی بەربلاوە، کە هەڵبژاردنەکە ڕون بکاتەوە لەبارەی پرسیاری بوونی ویست و خواست و ناچاری و سەپاندن.

بەڵام لێرەدا سێ کێشە و ئاڵۆزی دەبێت ڕوون بکرێتەوە:

یەکەم: لێرەدا تێکەڵەیەك هەیە لەنێوان زانینی پێشوەخت و قەدەر.

خوای گەورە پێشتر دەزانێت لەداهاتوودا چی دەکەیت و چی هەڵدەبژێریت، ئەوەش دەچێتە ناو زانستی پەنهانی پەروەردگارەوە. ئەو لە دەرەوەی کات و شوێنە و دەزانێت هەر لەپێش لەدایکبونتەوە، لەژیانتدا،

چی هەڵدەبژێریت، چونکە خاوەنی زانستێکی گشتگیر و ڕەهایە. پەیوەندی بەوەوە نییە ویستت نەبێت بەرامبەر ئەوەی هەڵیدەبژێریت و پەروەردگار پێشتر زانیبێتی.

ئەو نمونە باوەی ئەم بیرۆکەیە نزیك دەکاتەوە، مامۆستای قوتابخانەیە، ئەو ئاستی خوێندکارەکانی چاك دەزانێت و زۆربەی جار پرسیار دادەنێت و دەزانێت وەڵامی هەر یەکێکیان چۆن دەبێت.

ئەگەر مامۆستا ئەگەری ڕاستی وەڵامی خوێندکارەکانی بکات (نمونەی بەرز تەنها بۆ خودایە) ئەی باشە خودای دروستکاری ئاگادار نازانێت هەریەکە لەئێمە چی هەڵدەبژێرین پێش ڕودانی؟

بەڵام قەدەر هەموو شتێکە لە و دیاریکەرو بەخشراوانەی کارمان لێدەکەن (لەجیناتەکان تادۆخی ژینگەکە دەگۆڕێت چ لەرووی خێزانی و ناوخۆیی و جیهانی) هەموو بەوردی سەبارەت بەئەو ژمێردراوە، سەرەڕای ئەوەی هەڕەمەکییەك سەبارەت بەئێمە لەئارادایە.

دووەم: پرسیاری هیدایەت و ڕێنمایی!

دەقی قورئانی زیاتر لەشوێنێك دەفەرموێت: (يهدى الله من يشاء) (پەروەردگار هیدایەتی ئەوکەسە دەدات، کە بیەوێت)...

ئەگەر هیدایەت و ڕێنمونی بەدەست ویستی پەروەردگار بێت، ئیدی چۆن دەگونجێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت لەسەر ئەوەی ڕێنمایی وەرنەرگرتووە و کردارەکانی ئاوێنەی خستنەڕووی وەرنەگرتنی هیدایەت بێت؟

بەداخەوە ئەم پرسیارە بڵاوە، مولحیدەکان، لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی بەش بەش و هەندەکی بەرتەسکی باو لای ئاینداراەکان، لەمامەڵە کردنیان

لەگەڵ دەقەکانی هیدایە و ڕێنمونی و ویستی خودای گەورە، بەرهەمی دەهێنن و بەکاری دەهێنن.

بەڵێ، خودای گەورە ڕێنمایی ئەوکەسە دەکات کە دەیەوێت، بەڵام لێرەدا مەرجێکی پێشینە و چەندەها ڕێگریش هەن کەدیاری کراوە:

مەرجی یەکەم: کەلەوانەیە تاکەمەرجیش بێت ئەوەیە بەڕاستی بەدوایدا گەڕابێتی.. ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا... ﴿٦٩﴾ ﴾ (العنكبوت)، واتە: (ئەوانەی لەپێناوی ئێمەدا تێدەکۆشن ڕێگەی خۆمانیان نیشان دەدەین).

ئەوانەی هەوڵی گەیشتن بەخودا دەدەن، ئایەتەکە مەککییە، پێش ئەوەی چەمکی جیهادی سەربازیی پەیدا بێت، کە تەنها بەشێکە لەبەشەکانی تێکۆشان و هەوڵدان... واتا ڕێنمایی بۆ (ڕێگاکان)، ئەوانەی دەتگەیەنن بە پەروەردگار، (ئاگاداربە لێرەدا ڕێگاکانە نەك یەك ڕێگا) بۆکەسێك دێتەپێش زۆر هەوڵدەدات و جدییە.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە... چەندەها ڕێگری هەیە بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و هیدایەت، کە هەر دەقی قورئان لەچەندەها شوێندا دیاری کردووە.

پەروەردگار ڕێنمایی ستەمکاران ناکات، پەروەردگار ڕێنمایی بێباوەڕان ناکات.

ستەم ستەمە چ لەکەسانی تربێت یان لەخۆت، یان لەکاروبارەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، ستەم وا لەپێوانەکان دەکات هاوسەنگ نەبن، ئەمەش وا دەکات خۆت بدەیتە پاڵ ئاراستە و لایەنێك، کە ڕاست و ڕەوا نیە، ئەمەش دژی ڕێوشوێنی ڕێنمایی وەرگرتنە، ئەندازەیەك لەپاکێتی و نەزیهی و بێلایەنی وات لێدەکات لێپرسراوی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتویت لەئەستۆ بگریت.

تاوانکاری ڕێ لەکرداری ڕێنمایی دەگرێت، چونکە هەر زۆر بەسادەیی وات لێدەکات لەڕێنمایی و لەهەر شتێك دوربکەویتەوە، کە جددی و سودبەخشە، بەڕاستی دەتبەستێتەوە بەکۆمەڵێك ئارەزووو چێژی بچوك و وات لێدەکات لەلات ببنە چەقی هەموو جیهان و ژیان، دورت دەخاتەوە لەهەر شتێکی کەهیدایەت داخوازی دەکات، لە هیدایەت و پابەندبوونەوە تا دەگاتە و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی جوان.

لێرەدا (کوفر)یش واتایەکی گشتی هەیە، وا لە مرۆڤ دەکات، بەشێوەیەکی ڕەها هەڵسوکەوتێکی پێشوەختەی بەرپەرچکار و کەللەڕەقانەی هەبێت بەرامبەر بەخودای گەورە، ،ئەو هەڵوێستە نکوڵیکارە هیچ پەراوێزێك بۆپەیوەندیگرتن لەگەڵ بڕوابوون بەخودای گەورە نابینێت، دواتریش ملکەچ بوون بۆی.

ئەم سێ ڕێگرەی هیدایەت، ئەگەر لادرێت و مەرجەکەش (تێکۆشان لەپێناوی خودا – هەوڵدان بۆگەیشتن بەو) ئەوە زۆر ڕێی تێدەچێت هیدایەت و ڕێنماییکران ڕوبدات.

بەپێی ئەم تێگەیشتنە دەقەکانی (الله يهدي من يشاء)، واتە: (خوای گەورە هیدایەتی ئەوکەسە ئەدات کە خۆی بیەوێت)، وا دەرناکەوێت کێشەیەکی گەورەی تێدابێت.

سێیەم: پرسیاری دادپەروەری:

پرسیارەکە لەوەدایە، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بارودۆخی خەڵکی لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی کە لەناز و نیعمەت و خۆشییەکی زۆردا لەدایك دەبن و هەموو شتێك، لەیەکەم ڕۆژی ژیانیانەوە دەستەبەرە بۆیان.. لەگەڵ چەند بارودۆخێکی زۆر زۆر سەختوقورسی کەسانێکی تر لەهەموو ڕویەکەوە...

بێگومــان جیاوازییــەکانی نێــوان مــرۆڤ دەبێتــە هــۆی چــەندەها جیــاوازی لەنێوانیانــدا و ئـــەم جیاوازییانـــەش کاریگـــەریی دەبێـــت لەســـەر ڕۆڵ و کاریگەرییان.

پرسیار دەکەن: دادپەروەریی لەکوێی هەموو ئەمانەدایە؟

کێ وتویەتی ژیان پێویستە دادپەروەردانە بێت؟ دادپەروەریی لەم ژیانەدا نییە، بەڵکو لەژیانی دواییدایە، هەرگیز خوای گەورە نەیفەرمووە دادپەروەری لێرەدا دەبێت.

ئـەم ژیانـە تاقیکردنەوەیـە، بـەڵام پرسـیاری تاقیکردنەوەکـە، وا ناکـات پرسیارەکان یەکبن و لەیەک کاتدا ئاراستەی هـەموان بکرێت، بـەڵکو وەك پرسیاری تاقیکردنەوەی زارەکـی وایـە، یـاخود وەکـو ئـەو تاقیکردنەوەیـەی پرسیارەکانی بۆ هەریەکێك لەئێمەبەتایبەتی دانراوە.

خـودای گـەورە یـەك یـەك لەتاکـەکان دەپرسـێتەوە، نـەك وەکـو گـروپ گروپی پۆلێنکراو بەپێی تاوانەکانیان، هەموو کەسێك بارمتـەی ئـەو کارانەیـە کە کردویەتی، هاوار بۆئەو کتێبەی بچوك و گەورە واز لێناهێنێـت و هـەمووی دەنوسێت، لـە دادپـەروەریی تـەواوی پـەروەردگارە تابڕیـاری دواڕۆژ بـەپێی بـارودۆخی کەسـیی هـەر تاکێـك بێـت... ئـەو کتێبـەی بچـوك و گـەورە دەنوسێت، کردارەکانمان بەدەر لەو بارودۆخەی تێیـدا ژیـاوین لـەخۆناگرێت، بەڵکو لەگەڵیدایەو لەناویدایە.

کاتێـك تاقیکردنـەوەی خوێنـدن زارەکـی دەبێـت، ئـەوکات پرسـیارەکان لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر جیاوازە، ئـەو خوێنـدکارەی پرسـیارێکی ئاسـان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوکەسانەی تاقی دەکەنەوە زۆرجار بـە چـاوێك بـۆی دەڕوانن، کە لێپرسینەوەی کەمترە لەو هەڵانـەی دەیکـات بـەراورد بەهەڵـەی ئەو خوێندکارەی پرسیاری ئاسانی بۆهاتۆتەوە.

جائەگەر کاروبارەکە لەگەڵ مرۆڤدا وابێت ، کە هەندێکیان ڕەچاوی باروذۆخی هەندێکیتریان دەکەن... ئەی دەبێت پەروەردگارێکی بەبەزەیی و دادپەروەری خاوەن زانست و زانیاریی ڕەها چۆن بێت؟ بەڵگەی قەدەر بۆ مولحیدەکان بەشێویەکی سەرەکی دەرهاویشتەی تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ قەدەر.

ئەگەر بمانەوێت بەڵگەکە پوچ بکەینەوە... پێویستە لەسەرمان تیگەیشتنمان بگۆڕین...

دژە ئیلحاد ئەوەی پێویستە...

(٩) هەر بەراست بیردۆزەی پەرەسەندن دەمانگەیەنێت بە بێ باوەڕی؟

زۆریك لە بێباوەرە نوێیـەكان بـیردۆزەی پەرەسـەندن بەیەكەم بەڵگـەیان دادەنێن بۆ وازهێنان لە باوەر بەخودای گەورە و روكردنە بێباوەری، ئـەوان وایدادەنێن باوەڕكردن بە بیردۆزەی پەرەسەندن بـێ دوودڵـی دەیانگەیـەنێت بە ئیلحاد...

زۆرینـەی ئـە وانـەی بڕوایـان بـەخودا هەیـە و باوەڕیـان بـە بـیردۆزەی پەرەسـەندن نیـە و پەسـەندی ناكـەن، تـەواو لـە هـە نـدێ رووەوە وەكـو مولحیدەكانن. وا دەزانن باوەڕكردن بە خودا یـەكانگیر و دژە بـە بـاوەڕكردن بە بیردۆزەی پەرەسەندن، نزیكی و مەیلێك بەرە و ئەو بیردۆزە لە باوەڕداری دەریان دەكات و بەرە و بێباوەری وئیلحاد دەیانبات.

ئەم خاڵە لەو كەمە هاوبەشانەیە لە نێوان بێبـاوەرە نوێیـەكان وبـڕوادارە نەریتی و تەقلیدیەكاندا هەیە، كەمجار دەیان بینیت لەسەر شـتێك رێكبكـەون وەك لەسەر ئەم بابەتە رێكەوتبێتن.

بەڵام لێرەدا شتێكی كتوپڕ بۆ هەردولایەن هەیە.

ڕاسـتییەكەی، هـەردوو لایـەن بـە شـێوەیەكی هەڵـە لـەم بابەتانـە تێكەشتوون.

ئە وان بە شێوەیەك لە شێوەكان لە پاشا زیاتر مەیلی پاشایەتییان هەیە.

لە بەر ئەوەی(شارلز داروین) خۆی بیردۆزەی پەرەسەندنی داناوە بە هیچ شێوەیەك بێباوەر نەبووە، بـەڵكو بـە پاڵنـەری ئـاینی لێكۆڵینـەوە وگەشـتە زانستییەكانی ئەنجام داوە، بۆگەڕان بە دوای گەورەیی خـودا لەدروسـتكردن ودروستكراوەكانیدا.

ئەم گەشتەی ئەوی گەیاندە چەند دۆزینەوەیەك، رێكنە دەهاتنەوە لەگەڵ بەسەرهاتی دروستبونی دروستكراوەكان بەو پێیەی لەپەیمانی كۆنی كتێبی پیرۆزدا هەبوو، كەداروین باوەڕی پێی هەبوو.

بەڵام داروین نە بووە مولحید و بێباوەر، راستە ئەو باوەڕبوونی تەقلیدیانە وباوەڕی بە كتێبی پیرۆز ودامەزراوەی ئاینی(كڵێسە) لە دەستدا، بەلاّم هیچ كات نەیوتووە باوەڕی بە بونیی دروستكار وخالقێك لە دەستداوە(ئەوباوەڕی بە خالیقێك لەدەستنەدابوو).

ئایە ئەو دۆزینەوەیەی داروین چی بوو لە بیردۆزەكەیدا كە دیدگای جیهانی بۆ خودی جیهان گۆڕی؟

بیردۆزەی پەرەسەندن دەڵێت: بنەچەی هەموو ئەو گیانلەبەرە زیندووانەی لەسەر زەوی دەژین لە یەك خانەی زیندووەوە دروست بووە، پێش ٣.٥ ملیار ساڵ دروست بووە..ئەم خانەیە بەردەوامبووە لە دابەشبوون و زۆربوون وتایبەتمەندبوون تا گۆرا بۆ بوونەوەرێكی خانەیی و لەویشەوە بۆ بوونەوەری زۆر و ئاڵۆزی فرەخانە.

بەدرێژایی سەدان ملیۆن ساڵ، و لەبەرئەوەی ئامانجی ئەم خانە زیندووە وئەوەی دەیجوڵێنێت بۆ دوبارە دروستبونەوەی خودی خۆیەتی، ئەم بوونەوەرانە پەرەیان سەند تا چەندەها ملیۆن جۆری جیاواز بەرهەم بهێنێت و ئەم جۆرانە بەردەوامبوون لە زیادبوون و گواستنە وەی سیفەتە بۆماوەییەكان بۆ نەوە نوێیەكان، لە هەمان كاتدا بازدانە جینیەكان یارمەتیدەربوون بۆ دەركەوتنی چەندین سیفەتی نویێ(ئەرێنی یان نەرێنی)، ئامرازی هەڵبژاردەی سروشتی كاری خۆیكرد بۆهێشتنە وەی سیفەتە ئەرێنییەكان و لە ناوچوونی سیفەتە نەرێنییەكان، بە شێوەیەك ئەو زیندەوەرەی سیفەتە ئەرێنییەكانی بەشێوەی بازدانی سروشتی دەستكەوت

بەتواناتربوون بۆخۆپزگارکردن و دروستکردنی چەندین نەوەی نویٚ، بەلاّم ئەو بوونەوەرانە نەیانتوانی دەستەبەری ئەوسیفەتانە بکەن، یاخود بوونە خاوەنی سیفەتە نەرێنییەکان، نەیانتوانی دەربازیان ببێت وپارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بکەن.

ئەو نمونانەی هەن بۆ ئامرازی هەڵبژاردەی سروشتی و بەدەستهێنانی سیفەتە دەستنیشانکراوەکان تا بگوازرێنەوە بۆ نەوەی نویٚ و پارێزگاری لەخۆبکەن: زەرافەکان، بوونی زەرافەی ملدرێژو وملکورت وای کرد ئەو زەرافەیەی توانای گەیشتنی هەبوو بە درەختە درێژەکان، ودەیانتوانی لەو رێگایەوە خواردن بەدەست بهێنن، کاتێك ئەو ناوچەیە توشی کەمبونی خۆراك بوو و وشکە سالیٚ هات، زەرافە ملدرێژەکان بە شێوەیەکی ئاسان توانیان خۆراك بە دەست بهێنن، بەلاّم زەرافە ملکورتەکان تووشی مەترسی و مردن بوونەوە، بەم شێوەیە دوای ماوەیەك هیچ زەرافەیەکی ملکورت نەما. هەروەها چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن زەرافە ملدرێژەکان چانسی زیاتریان هەبوو بۆ گەیشتن بە مێیەکان، بە مەبەستی زاوزیٚ وگەشە، ئەوەبوو چەندین شەڕ لە نێوان نێرەکاندا ئەنجام درا، کە پشتیان دەبەست بە لولکردنی ملی یەکتری، بەمشێوەیە، زەرافە ملدرێژەکان بەهێزتر و بەتواناتر بوون بۆ گەیشتن بە مێیەکان.

لە نموونەکانی تردا نەهەنگەکان، لە ناویاندا نەهەنگی شینی زەبەلاح و جگەلەمانەش، نەهەنگەکان لەماسی دەچن لە رووی ئەوەی لەناو ئاودا دەژین بەلاّم چەند سیفەتێکی لە ماسی جیاوازە، ئەمەش وای لێدەکات سەر بە خێزانی مەمکدارەکان بێت نەك زاوزیٚ کارەکان، واتە لە مرۆڤ نزیکترن تا ماسی(تونە)، هەر بۆ نموونە (زاوزیٚ) دەکات وهێلکە ناکات وەك ماسییەکان و هەروا لە خوێنگەرمەکانە، واتا توانای کونترۆڵکردنی پلەی گەرمی ناوخۆی

هەیە، بەشێوەیەك كەمتر بێت لە پلەی گەرمی ژینگە، هەروا نەهەنگەكان لە ڕێگای سیەكانیانەوە هەناسە دەدەن نە ك لە ڕێگای ڕیشاڵەكانیانەوە وەك لە ماسیەكاندا هەیە.

ئەمە چۆن رویدا؟ پێش (١٠)ملیون ساڵ یەكێك لەئاژەڵە ناسراوەكان بە (بالینكس) بە ئەندازەی گورگێك دەبوو، بەباشی زانی واز لە وشكانی بێنێت و لە دەریادا راو بكات وماسی و ئاژەڵە دەریاییەكان بخوات، بارودوخێكی زۆر سەخت ناچاری ئەو كارەی كرد، دەست وقاچی ئاژەڵەكە یارمەتی دەدا بۆ مەلەكردن و لە وشكاییشدا دەمایەو،ە لەیەك كاتدا دەیتوانی لە وشكانی ولە دەریاشدا بۆماوەیەك بژی، بەڵام بازدانە جینیەكان جۆرێكی تر لە بونەوەری بەرهەم هێنا، كە دەیتوانی بە هۆی گۆڕانی هەندێ لە چوارپەلەكانیەوە، بە شێوەیەكی باشتر مەلە بكات، و لەبەرئەوەی ئەم بونەوەرانە دەرفەتێكی باشتریان هەبوو بۆ پەیداكردنی خواردن، هەر بۆیە توانیان بەشێوەیەكی باشتر زۆربن بەبەراورد بەو بوونەوەرانەی بەو شێوەیەی لە وشكانیدا پێی دەژیان.

زیاتر لە بازدانە جینیەكان و زیاتر لە هەڵبژاردنی سروشتی، كە بەردەوام ئەو بونەوەرانە بەباشتر دەزانێت دەتوانن باشتر وزیاتر خواردن بە دەست بهێنن ولە بازدان ولە هەڵبژاردنی سروشتی زیاتری بۆ بە دەست بهێنێت لە ماوەی دە ملێون ساڵدا لە ناو هەموو ئەمانەدا ئاژەڵی وشكانی چوارپا بوو بە گیانەوەرێكی ئاوی ولەگەڵ ژینگەی ئاویدا توانی خۆی بگونجێنێت، هەرئەمانە پێشینەی هەموو نەهەنگ ومەمكدارەكانی ئێستان.

لەسەر ئاستی كەسی هاوچەرخ، دەتوانین تێبینی هەندێ نموونەی سادە بكەین لەسەر گەشەسەندنی زیاتر لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە (مایكروفلوژن)دەناسرێت و ئەمە لەلایەن ئەوانەی دژی ئەم بیردۆزەشن

جێگەی پەسەندە، ئەو بەکتریایانەی بەرگری دژی چەند جۆرێکی دیاریکراوی دژەزیندەگی پەیدا دەکەن، و توانای گەیاندنیان هەیە بەو نەوە نوێیانەی پیشتر توشی ئەم دژانە بوونەتەوە، هەمان شت لەگەڵ زۆرێك لە مێروو و ئەو دەرمانانەی دژیان بەکار دەهێنرێت ڕوودەدات.

ئایە بیردۆزەی پەرەسەندن لە کرۆکیدا چی دەڵیت؟

یەکەم: ئامانجی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، بەرهەمهێنانی بوونەوەری هاوشێوەیەتی، خانەکان لەناو جەستەی زیندوودا، تازە دەبنەوە و دابەش دەبن وخانەی نوێ بەرهەم دێنن، بوونەوەری زیندوو بەشێوەیەکی زگماکی خۆی نوێ دەکاتەوە.

دووەم: لە ناو ئەمەیا دەبێت دووشت بپارێزرێت(خواردنی ئێوارەی بدۆزێتەوە ونەبێت بەژەمە خۆراکی ئێوارەی ئەوانی تر).

سێیەم: بازدانە جینییەکان هەندێ تایبەتمەندی دادەنێت، وادەکات زۆربوون – دەستکەوتنی خۆراکی ئێوارە و نەبوونی خواردنی ئێوارەی ئەوانی دی– لای هەندێك بوونەوەر لەوانی تر باشتر بێت.

چوارەم: هەڵبژاردنی سروشتی، ڕاستییەکەی، پێشبرکێ کردنە لەگەڵ زیندەوەرە زیندووەکاندا لەباری زۆربوون و بەدەستهێنانی خواردن و ڕزگاربوون لە بەنێچیربوون، سروشتی پێشبرکێ کردن وا دەکات هەندێ جۆرەکان بەرەو لە ناوچوون دەچن، چونکە نەیتوانیوە بەشێوەیەك زۆر ببێت، هەربمێنێت یان بەپێی پێویستییەکانی خواردن لە کاتی قاتوقڕیدا بەدەست بخات یان بەهۆی لاوازییەوە بوونەتە نێچیری دڕندەکان.

پێنجەم: لە ماوەی سێ ملیار ساڵ و نیودا، گۆڕانکارییەك بەسەر بارودۆخی سروشتیی سەرزەویدا هاتووە، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر و لە

هـەمان شـوێندا، سـەدان ملیـۆن جـۆر گیانـەوەر دروسـت بـووە، هەنـدێکیان توانای مانەوەیان نەبووە، بەڵام هەندێ جۆریتر توانیویـەتی گەشـە بکـات و خۆی بگونجێنێت لە گەڵ بارودۆخی دەوروبەریدا.

ئەمـە کورتـە وپوختـەی بـیردۆزەی پەرەسـەندنە لـە کۆپییـە نوێیـە زانستییەکاندا، لەگەڵ ئەوەی، ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین سـەبارەت بـە بازدانـە جینییەکان لەکاتی داروینـدا پێی ئاشنانەبووین.

چ شتێك، لەم هەموبابەتە بایولۆژیەدا، هۆکاری بانگەشـەکردنە بۆئیلحـاد و ئیلحاد؟

لەڕووی مەبدەئییەوە، ئەم بیردۆزە بە هیچ شـێوەیەك پەیوەنـدی نیـە بـە بـوونی خـوداوە، داروین و هـەموو زانایـانی زینـدەوەرزانی سـەرقاڵی لێکۆڵینەوەبوون لە ئاژەڵە بەبەردبووەکان، واتە ئاژەڵانی چاخی پێش مێژوو، نەك لە باری گفتوگۆی فەلسەفی تایبەت بە بوونی خودادا بن.

چی وای کرد کە کارە بکات بەوەی رویدا؟

لەسەرەتادا، بەریەکەوتنێك هەبوو لەنێوان ئەوەی بیردۆزەی پەرەسـەندن پێشنیازی دەکرد، سەبارەت بە تەمەنی زەوی وتەمەنی ئـەو دروسـتکراوانەی لەسەری دەژیـان ولـە نێـوان ئـەو وتـە روونـەی لـە کتـێبی پـیرۆزدا هـەبووە، کەجەختی دەکردەوە لەوەی تەمـەنی زەوی لـە چـەند هـەزار سـاڵێك تێپـەڕ نابێت.

وەك مسوڵمانان، لەوباوەڕەدا نیم ئەمەکێشەمان بودروست بکات لەگـەڵ بـیردۆزەی پەرەسـەندن، چـونکە ڕێـژەیی لـە بـوونی کـات وزەمـەن کارێکـە قورئان زۆر بە روونی ئاماژەی پێداوە.

﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾ (المعارج) (واتا: فریشتەكان وجبرائیل بەرز دەبنەوە بو لای خوای پەروەدگار لە رۆژیكدا ماوەكەی پەنجا هەزار ساڵە)

﴿ ... وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الحج)، واتا: بە راستی رۆژیك لای خوای پەروەدگار وەكو هەزار ساڵ وایە لەوەی ئێوە دەیژمێرن.

وا دیارە رێژەیی بوونی كات و زەمەن لە كتێبی پیرۆزدا روون نەبوو، ئەمەش بۆتە هۆی شۆكبوونی زۆریك لەوانەی باوەریان بە كتێبی پیرۆز هێنابوو، بەهۆی ئەو دەرئەنجامەی داروین و زانایانیتری جیۆلۆجیا بەدەستیان هێنابوو.

دووەم شت، دونیای شۆككرد لەكاتی خۆیدا وتەنانەت موسڵمانانی شۆك كرد، ئەمەش ئەوەبوو كە وا دەركەوت بیردۆزەی پەرەسەندن پێچەوانەی چیرۆكی دروستبوونە بەوشێوەی لە كتێبی پیرۆز و هەروا لە قورئانیشدا هاتووە بەتایبەت چیرۆكی دروست بوونی مرۆڤ.

بە لام ئەم دژیەكبوونە زەرورەتێكی حەتمی نیە، وەك چۆن زۆرێك وای دەبینن، یان لایەنی كەم زۆرێك هەیە ئەم دژیەكبوونە نابینن.

ئەمە بۆ ئەوانەی ئەم دژیەكبوونە نابینن پشت دەبەستێت بەوەی لەكوێدا چیرۆكی دروستبوون دەبینن بەوشێوەیەی لە دەقە ئاینیەكان باسكراوە، و لە لەكوێوە دەی بینێت بەو شێوەی بیردۆزەی پەرەسەندن باسی دەكات.

دەتوانیت وەكو ئەوەی وێنە گەورەو وگشتگیرەكەت پێ بدات، لەگەڵ دەقە ئاینیەكاندا مامەڵە بكەیت...

وێنــه گەورەکــە پێــت دەڵێــت، خــودا زەوی و ئاســمــان و ئەوەشــی لــە نێوانیاندایــە دروســتکردووە، دوای ئــەوەی لــە قــوڕ مرۆڤــی یەکــەم، ئــادەمی دروستکرد و تا کۆتایی ئەم چیرۆکە ناسراوە.

بــیردۆزەی پەرەســەندن چــەند وردەکارییــەکی بچــوکی بایۆلۆژیــت پــێ دەدات، ناتوانیــت ببینیــت کاتێــك لــە دورەوە وەســتابیت بــۆ ئــەوەی وێنــە گەورەکە ببینیت.. ئەو ناڵێت هەڵبژاردنی سروشتی خۆی دروستکەرە، بــەڵکو یــەکێك لــەو ڕیوشــوێنانە روون دەکاتــەوە، کــە لــە ڕێگەیــەوە لــە بابــەتی دروستکردنی بوونەوەر تێدەگەین.

بۆنموونــە: تــۆ لــە چێشــخانەیەك داوای ژەمێکــی خواردنــت کــردووە، بــە گەرمی و چێژەوە پێت دەگات، تۆ بەکردەیی دەزانیت چێشتلێنەرەکە خۆی دروســتیکردوە، کەســانێکیش هــەبوون یارمەتیانــداوە، کەســانێکیش هــەن بازاڕییــان کــردوە و پێکهاتــەکانیان هەڵبــژاردوە، هــەموو ئەوانــە دەزانــی خراوەتە ناو فڕنەکەوە بۆ ئــەوەی ئامادەبێــت بــەو شــێوەیەی تــۆ دەتــەوێت، بەڵام دوای ئەمە بڕوا ناکەیت فڕنەکە ئەم خواردنەی بۆ دروست کردویت.

بــەڵکو دەزانیــت فڕنەکــە تــەنها هۆکارێکــە، وچێشــتلێنەرەکە وئــەوەی لــە گەڵی بووە خواردنەکەیان لە کەرەستە خاوەنەکانی سروشت دروستکردووە.

هەڵبــژاردنی سروشــتی لــەم نموونەیــەدا وەك فڕنەکــە وایە..تــەنها ئــامراز وهۆکاریکــە، و بــاڵاترین نموونــە شــایەنی خوایــە... ئــەو نــەك هــەر خــۆی دروستکەری ئەو فڕنەیە و پلەی گەرمی بە شێوەیەکی گونجاو داناوە، بــەڵکو کەرەستە سەرەتاییەکانی بە ڕێژەی پێویست داناوە، بگرە هەر لە سەرەتاوە دروستکەری کەرەستە ســەرەتاییەکانیش بــووە، بەهــەرحاڵ نموونــەی ژەمــی خۆراك تــەنها نموونەیــەك بــوو، دروســتکردن تــەنها بەیــەکجار رووی نــەداوە،

بەڵكو بە پێی زنجیرەیەكی درێژ لە پرۆسەی چێشتلێنان یان هەڵبژاردنی سروشتی بە دوایەكداهاتوو روویداوە.

نموونەیەكی تر: ئەگەر كورە بچكۆلانەكەت، پرسیارێكی تەقلیدیت لێ بكات، چۆن منالّەكان دێنە جیهان ودنیاوە؟ وەڵامیان دەدەیتەوە و دەڵێیت كاتێك دێنە دونیاوە، دایك وباوك هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، تۆ بەشێوەیەكی كردەیی درۆ ناكەیت، بەڵكو باسی وێنە گەورەكە دەكەیت ، ئەوەی گونجاوە بۆ منداڵەكەت؟ ئەمە ناكۆك نابێت لەگەڵ ئەو وردەكارییە بایۆلۆژییەی پەیوەستە بە كرداری پێكاهتنی كۆرپەلەوە.

ئەم بابەتە لە شێوەی فیلمێكە، وێنەی مێژووی دروستبوونی زیندەوەران پیشاندەدات لەسەر زەوی، فیلمەكە بە خێراییەكی زۆر وێنەكان دەخاتە روو تا دەگاتە كاتی دەركەوتنی مرۆڤ، لەو كاتەدا خێرایی فیلمەكە خاودەبێتەوە وبە تەواویی ئاسایی دەبێتەوە.

هەموو ئەوەی پێشتربووە زۆر خێرا بووە، بۆیە وا دەركەوت بۆمان، چەند چركەیەكی كەم بووە و هیچ وردەكارییەكمان تێیدا نەبینی، بینەری زەوی وشاخ و زەریا ودەریا وكیشوەرەكان بوین، پێكدەهاتن وشێوەكانیان بە خێرایی دەگۆڕا و ماوەیەكی زۆر تێپەری لە گەشەكردنی بونەوەرە زیندووەكان و ئەمە و جۆری هەڵبژاردەی سروشتی بە خێرایی رۆیشت بە شێوەیەك تێبینی هیچیان نەكرد... دەقە ئاینییەكان بەم شێوەیە بابەتەكانمان پێشكەش دەكەن..

بیردۆزەی پەرەسەندن هەوڵدەدات ئەم فیلمە خاوبكاتەوە، ناكۆكییەكی راستەقینە لە نێوان ئەم دوو پیشاندانەدا نییە، تەنانەت ئەگەر لێرەدا كێشەیەكمان بینی، یان لەوەی لەو فلیمەدا كاتێك گەڕایەوە بۆ خێرایی

ئاسایی، ئەمە پاساو نییەوە تا بە یەکجاری ڕەتبکرێتەوە، لەهەموو بارودۆخێکدا بیردۆزەی پەرەسەندن بەدوای ئەو پرسیارە دەگەرێت: کێ بوونەوەری بەدیهێناوە؟ بۆئەوەی بە ئاسانی بخرێتە نێو مشتومڕی بێباوەڕی و بێئیمانی، بەلاّم ئەو بەدوای پرسیاری ئەوەی چۆن خانەی یەکەم دروستبووەوە نییە، هەروا ناپرسێت چی پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی زیاد بکات وبەرهەم بێتەوە، بە هەمانشێوە چی ئەو هەموو جینەی تێدا داناوە... ئەم باسانە و هی تریش لەوانەیە ڕێچکەیەك بن بۆ ئیلحاد، بەلاّم هەموو ئەمانە لە دەرەوەی چوارچێوەی بیردۆزی پەرەسەندنن، ڕاکێشانی بیردۆزەکە بۆناو چوارچێوەی ئیمان و بێباوەڕی، زۆرجار بە هۆی ئەوەوەیە لەوە تێنەگەشتبیت بیردۆزەکە دەیخاتەڕوو، یاخود ویستێکی پێشوەختەیە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی دیاریکراو دژ بە بیردۆزەکە یان دژ بە باوەڕ وئیمان.

نەك تەنها ئەمە، زۆر کەس زۆر ئایەتی قورئان دەبیننەوە پشتگیری بیردۆزەی پەرەسەندن دەکات ﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ...(٢٠) ﴾ (العنکبوت)، واتا: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ با بگەرێن بە زەویدا تەماشا بکەن وسەرنج بدەن چۆن بوونەوەر دەستی پێکردووە.

لێرەدا ئاماژە هەیە بۆ گەران لە زەویدا سەبارەت بە ئەسڵی دروست بوون و ڕێگای دروستبوونی دروستکراوەکان، بێ ئەوەی تەنها باس لەوە بێت لە قورئاندا هاتووە.

(وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا) نوح: ١٤، واتا: هەر خوا خۆی بە چەند قۆناغێك ئێوەی دروستکردوە.

﴿ وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤٥) ﴾ (النور)، واتا:

هەروا خوا هەر زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروستکردوە، جا هەیانە لە سەر سکی دەڕوات و هەیشە لەسەر دوو قاچ دەڕوات و هەیشە لە سە ر چوار قاچ دەڕوات، خوا هەرچی بوێت دروستی دەکات، بە راستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەمووشتێکدا هەیە.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾ (الأنعام).

واتا: هەر ئەو زاتەی ئێوەی بەدیهێناوە لە تاکەکەسێك، سەردەمێك لە پشتی باوکتاندا جێگیربوون و دواتر گوێزراونەتەوە بۆ ناوسکی دایکتان یا خود بۆ ماوەیەك ئێوەی لەسەر روکاری زەوی دانا دوایی لەزەویدا شاردینەوە تا رۆژی قیامەت، ئەمە روونکردنەوەی ئایەتەکانی خوایە بۆ ئەوانەی تێدەگەن.

﴿ ... وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ... ﴿٣٠﴾ ﴾ (الانبیاء)، واتا: (ئاو زۆربەی پێکهاتەی لەشی ئاوەمیزاد و زیندەوەران و رووەك پێکدەهێنێت).

بەڵکو پرسیارە بەناوبانگەکەی فریشتەکان: ﴿ قَالُوٓاْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (البقرة). دەتوانین لە ژێر روناکی هەڵبژاردەی سروشتی سەختەوە بۆی بڕوانین، کە هەموو گیاندارەکان تێیدا دەژین، بە بێ بوونی دەستورێکی رەوشتی و بەدەر لە یاسای مانەوە بۆ بەهێزترە هەتا ئەو قۆناغە.

سە بارەت بەوانەی باوەڕدارن بە خودا و بە هەڵبژاردەی سروشتی ئەوا ئەوەی کۆتایی هیچ نیە جگە لە میکانزمێك لە میکانیزمەکانی خودا لە

دروستکراوەکانیدا، ئەوەش بەشێکە لەو ڕێوشوێن ویاسایانەی ئەو، کە ناکرێت بەدیلی بۆ هەبێت..

بەرلەوەی بیرم بچێت: ئەو کاتەی بیردۆزەی داروین دەرکەوت، ئەوانەی دژی وەستابوون دەیانووت ئەو بیردۆزەیە لە ژێر کاریگەری بیروڕای موحەمەدیدایە واتا موسڵمانانەیە...لەبەرئەوەی کەلەپووری ئیسلام هاوشێوەی بیروبۆچونی پەرەسەندن، دروستکراوەکانی بە خۆوەبینیوە، کە زانایانی وەکو جاحز وئیبن خەلدون وجگە لەوانیش وتویانە.

ماوەتەوە بیرتان بهێنمەوە، هەندێ ئەفسانە هەیە برێك لە باوەڕداران بۆ دژایەتیکردنی بیردۆزەی پەرەسەندن، دوبارەی دەکەنەوە، پێویستە بوەسێنرێت.

بۆنموونە دەوترێت: بیردۆزەی پەرەسەندن (تەنها بیردۆزەیە) وەك ئەوەی تەنها بریتی بێت لە(بیروبۆچونێك)! لە ژیانی ڕۆژانەدا ودەربرینی بیردۆزەش لەبەرئەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە زانستدا مەسەلەکە جیاوازە، بیردۆزە نابێتە بیردۆزە تا وەکو قۆناغی گریمانەیی تێدەپەڕێنێت، بەرەو سەلماندن و وردبینیکردن، بیردۆزە ڕاڤەی کۆمەڵێك دیاردە دەکات بە چەندین هۆکاری جیاوازو ملکەچ بۆ تەحقیق لێکردن وسەلماندنی زانستی. گریمانە نزیکە لەوەی ئێمە پێی دەڵێین گۆترەکاری و مەزەنە هەرچەندە لە ڕوی زانستیەوە زۆر ئاڵۆزترە لە گۆترەکاری ومەزەنەکردن.

تکایە تکایە مەڵێ (تەنها بیردۆزەیە) ئەمە وەکو ئەوە وایە تو بڵێیت: (من هیچ نازانم سەبارەت بەوەی قسەی لەسەر دەکەم)

دووەم: هەروا دەوترێت بیردۆزەی پەرەسەندن دەڵێت، ڕەچەڵەکی مرۆڤ مەیمونە، ئەمەش هۆکاری ئەو هەموو کاردانەوانەیە بەدوای خۆیدا هێناویەتی

لە دراماوە بو کۆمیدیا..بەلام ڕاستییەکەی، بیردۆزەکە وا نالێت، بەلکو دەلێت ئێمە و مەیمونەکان یەك باوانی هاوبەشمان هەیە، ئەم باپیرە هاوبەشە پێش١٢ملیۆن سال ژیاوە.

سێیەم: دەوترێت بەردەوام دۆزینەوە زانستییە(نوێیەکان) هەلەبوونی ئەم بیردۆزە دەسەلمێنن.. بەردەوام ئەم قسەیە دەبیستین، پێش پەنجا سال ئەم قسەیەمان بیست، هەر زۆر بە سادەیی ئەم قسەیە ڕاست نییە، هەموو دۆزینەوەکان بە بەردەوامی هەموار دەکرێنەوە.. بیردۆزەی پەرەسەندن بەردەوام پەرەدەسێنێت، نە وەستاوە و نە پیرۆزە...وەك هەموو شتێکی مرۆیی هەلە و کەمو کورتی تێدایە.

چوارەم: بۆچی پەرەسەندن وەستا؟ بۆچی گیانلەبەرەکان لە هەزاران سالەوە تا ئێستا پەرەیان نەسەندووە، ئێمە وێنەکان دەبینین، وێنەی کێشراوی مرۆڤ دەبینین هەر لە کاتی سەردەمی فیرعەونەکانەوە کێشراون؟

تکایە ئەمەش مەلێ، تکایە. لەبەرئەوەی جارێکیتر پێت دەوترێت تۆ نازانیت دەربارەی چی دەدوێیت، پەرەسەندن لە بەرەنجامی ملیۆنەها سالدا بووە لە ژیانماندا و تەنانەت لە ژیانی شارستانیەتی مرۆڤیشدا، ١٠هەزار سالی تێنەپەڕاندووە ناتوانین ئەوە ببینین.

پێنجەم: بیردۆزەی پەرەسەندن نابەسترێتەوە بە ڕێکەوتەوە وەك ئەوەی باوە و بلاوە، هەندێ لەوانەی باوەڕیان بە بیردۆزەی پەرەسەندن هەیە ئەمە دەلێن، بەلام بیردۆزەکە بەشێك نیە لێی، بەلکو ئەوە تەنها پیاهەلدانێکە لەوەی لە ناو خۆیدا ڕوودەدات، بەلام یاسای هەلبژاردنی سروشتی توند و پتەوە و ناکەوێتە ژێر باسوخواسی ڕێکەوتەوە.

داوات لێ نەکراوە باوەڕ بە بیردۆزەی پەرەسەندن بکەیت ئەگەر شتەکە گرنگ نیە بەلاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوانیتر بڕوایان پێکرد وئەو باوەڕەیان و باوەڕ بەخوایان پێکەوە گرێدا، ئەوا کارێکی نەشیاوە دژایەتی بکەیت و دژایەتی هەموو ئەو شتانە بکەیت بڕوایان پێیەتی.

(١٠) دژیەکییەکانی قورئان لەگەڵ زانستی نوێدا

ئەو دژیەکییانەی وا دادەنرێت قورئانی پیرۆز لەگەڵ زانستی نوێدا هەیەتی، یەکێکە لە گرنگترین سەچاوەکانی ئیلحاد بەلای لاوانەوە..

زانست بەلای ئەوەوە پێگەیەکی ناوەندی و سەنتەری گرنگی هەیە... گومانی دژبوون لەگەڵ قورئاندا عادەتەن بە لۆژیکی رەش و سپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە.

لەگرنگترین ئەو دژ یەکبوونانەی ئەوان لەبارەیەوە دەدوێن ئەمانەن..

یەکەم- قورئان لە ئایەتی﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٣٨ ﴾ (یس)، واتە: زەوی دەڕوات بۆ ئەو شوێنەی تیایدا لەنگەر دەگرێت، ئەمەش ئەندازەگیرییەکی خوای بەتوانا و زۆر زانایە) باس لەوە دەکات خۆر دەڕوات و دەجولێت.

ئەمەش بە بۆچونی ئەوان دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو راستییەی، خۆر چەقی کۆمەڵەی خۆرە و زەوی و هەموو کۆمەڵەی خۆر بە دەوریدا خول دەخۆن.

بەڵام ئەم دژیەکبوونە تەواو دروستکراوە و ئیلهامی لەو ململانێیە وەرگرتووە، کە کڵێسەی کاسۆلیکی لەگەڵ گالیلۆ و کۆپەرنیکۆسدا هەیبووە، ئەوان دەیانووت زەوی و هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر بە دەوری خۆردا خول دەخۆن، لەکاتێکدا کتێبی پیرۆز لە چەندین شوێندا بە ئاشکرا و راشکاوی دەڵێ زەوی جێگیرە[١].

---

١ https: //en.wikipedia.org/wiki/Galileo_affair#Bible_argument

له روانگەی قورئانەوە کارەکە جیاوازە، قورئان نالێت زەوی جێگیرە یان خۆر بە دەوریدا دەسورێتەوە، ئایەتی پێشوو باس لە ڕۆیشتنی خۆر دەکات بۆ لەنگەرگای خۆی، نافەرموێت ئەم ڕۆیشتنە بە دەوری زەویدایە و نافەرموێت زەوی جێگیرە، بێگومان هەبووە بەدرێژایی چاخەکان وا تێگەیشتووە، بەڵام قورئان نە بەئاشکرا و نەبە ئاماژە وای نەفەرمووە.

ئایەتێکیتر هەیە هەندێك وا لێی تێ دەگەن، بەڵگەیە لەسەر جێگیریی زەوی و خولانەوەی خۆر بە دەوریدا ﴿ ۞ وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ ٱلْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ ... ﴿١٧﴾ ﴾ (الکهف). واتە: خۆر دەبینیت کاتێك هەڵدێت بەلای ڕاستی ئەشکەوتەکەیاندا دەکەوێت و کاتێکیش ئاوا دەبێت بەلای چەپدا بەجێیان دەهێلێت. ...

لێرەدا خۆر هەڵدێت و ئاوا دەبێت، ئەمەش بە بۆچوونی ئەوان واتای ئەوەیە، ئەوە خۆرە دەجولێت نەك زەوی، بەڵام چوارچێوە و ناوکۆی ئایەتەکە روونە. لەوەدا، کە ئەمە هەمووی ئەوەیە مرۆڤ دەیبینێت نەك ئەوەی بە زەرووەت لە واقیع و ڕاستیدا وا بێت(وَتَرَى ٱلشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت)، (خۆر دەبینیت کاتێك هەڵدێت) هەمان شت ئەو ئایاتانە دەگرێتەوە ، کە باس لە زولقەرنەین دەکەن کاتێك باسی بینینی ئاوابوونی خۆر دەکات لەکانییەکی گەرمدا، ئەمە ئەوەیە دەبینرێت و لێی تێ دەگەیت. بەڵام دەقەکە بە هیچ شێوەیەك نەیوتووە خۆر بە کردەیی لێرە یا لەوێ ئاوا دەبێت..

بەهەمان شێوە ئایەتگەلی تری وەکو: ﴿ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ (یس)،

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ (الأنبياء)، هەیە، کە هیچیان ناکرێت وا لێی تێبگەین زەوی جێگیرە یان

خۆر بە دەوریدا خول دەخوات، بەڵام ڕۆیشتنی خۆر یان خولانەوەی لە خولگەیەکدا- لە بازنەیەکی دیاریکراودا- ئەمە دژ ناوەستێت لەگەڵ زانستدا چونکە خۆر (و هەموو کۆمەڵەی خۆریش) بە دەوری چەقی گەلەستێرەی ڕێگای کاکێشاندا بە خێرایی ٨٢٨٠٠٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەخولێنەوە.

ئەم دژبوونەی وا دادەنێن هەیە لە کوێدایە؟ لە ئایەتەکانی قورئاندا نابینرێت، بەڵام لای کەسانێك دەبینرێت، کە تێکەڵییەکیان لە نێوان تێگەیشتنی باو لە چەند چاخێکی دیاریکراو(ئەو کاتەی بڕوا وابوو کە زەوی چەقی گەردوونە) و چەند ئایەتێکی قورئانی دروستکردووە، کە وای نەفەرمووە، بەڵام بەشێوەیەك ڕاڤەکراوە، گونجاو بێت لەگەڵ مەعریفە و زانیارییەکانی ئەو سەردەم و چاخە.

کەسانێکیتر هەیە ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەیان (خراپ بەکارهێناوە) و ئەمەیان بە دژبوونێکی نێوان قورئان و زانست داناوە.

دەوترێت لەهەمان بوار و چوارچێوەدا چەندین فەرموودە هەیە ئەم دژیەکییە زۆر بە ڕوونتر دەگەیەنێت، وەکو فەرموودەکەی ئەبو زەڕ لە سەحیحی بوخاری بە ژمارە٣١٩٩ ، کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی خۆرئاوابووندا بە ئەبو زەڕ دەفەرموێت: «أَتَـدْرِي أَيْـنَ تَـذْهَبُ؟»، قُلْـتُ: اللَّـهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: " فَإِنَّهَا تَذْهَبُ حَتَّى تَسْجُدَ تَحْتَ العَرْشِ، فَتَسْتَأْذِنَ فَيُـؤْذَنُ لَهَا وَيُوشِكُ أَنْ تَسْجُدَ، فَلاَ يُقْبَلَ مِنْهَا، وَتَسْتَأْذِنَ فَلاَ يُؤْذَنَ لَهَا يُقَالُ لَهَا: ارْجِعِي مِنْ حَيْـثُ جِئْـتِ، فَتَطْلُـعُ مِـنْ مَغْرِبِهَـا، فَـذَلِكَ قَوْلُـهُ تَعَـالَى: ﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٣٨ ﴾ (یس)، واتە: دەزانیت خۆر بەرەو کوێ دەڕوات؟ دەڵێت وتم: خوا و پێغەمبەری خوا زاناترن: فەرمووی: خۆر دەڕوات تا لەژێر عەرشدا کڕنووش ببات، داوای مۆڵەت دەکات و مۆڵەتی پێ

دەدرێت، نزیکە کڕنووش بەرێت، بەڵام لێی قبـووڵ ناکرێـت، جـارێکیتر داوای مۆڵەت دەکات، بەڵام مۆڵەتی پێ نـادەن و پێـی دەڵـێن: بگـەڕێرەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی لێـوەی هاتوویـت، دواتـر دێتـەوە شـوێنی خـۆی، ئەمـەش واتـای فــەرموودەی خوایــە: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ ﴾ (یس).

دەبێـت لەگـەڵ فـەرموودەکانی پەیامبـەردا بـە شـێوەیەکی جیـاوازتر هەڵسوکەوت بکەین.

قورئـان جـێگیرە، هـەموو ئایـەتێکی نـاوی یـەکلابووەوە و بڕاوەیـە، بـە ئاسایی ناو دەبرێت بە یـەکلا و بـڕاوە لـە رووی جێگیربـوون و واتـاوە(قطعـي الثبوت والدلالة).

بـەڵام فـەرموودەی پـیرۆزی پەیامبـەر مەسـەلەیەکی جیـاوازە. لێـرەدا مەبەسـتم لایـەنی دروسـتی یـان لاوازی نییـە، تەنانـەت ئەگـەر فەرموودەکـە دروسـت و سـەحیحیش بێـت، چـونکە دەکرێـت فـەرموودەی ئاحـاد بێـت، فەرموودە ئاحادەکان لـە رووی جێگیربوونـەوە قـەتعی و بـڕاوە و یـەکلا نـین بەڵکو زەنی و گومانهەڵگرن، ئەمەش شتێکە پسپۆڕانی بوارەکە، کـە زانسـتی فەرموودەیە دەیڵێن و دانـی پێدا دەنـێن... ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێت، ئـەو هاوەڵەی فەرموودەکەی گێڕاوەتـەوە درۆی بـەدەم پەیامبـەری خـواوە(ﷺ) کردووە، بەڵکو ئەو وەك مرۆڤێك لەوانەیە لە گەیاندندا هەڵە بکات... لەوانەیە بابەتێك بگوازێتەوە بـەو شـێوەیەی لێـی تێگەیشـتووە... یـان بـە دەربـڕینی خۆی شتێك بڵێت دەربارەی مەسەلەیەك، دەقی پیتاوپیـت و پڕاوپـڕی وتـە و دەربڕینی پێغەمبەری خوا نەبێت.

ئەمەش داهێنان یان نوێکردنەوە یان شتێك نییە لەخۆمەوە هێنابێتم، ئەوە کارێکە زانایانی فەرموودەناس چەند سەدەیەکە دانیان پێیداناوە...

فەرمودە ئاحادەکان لە رووی سەلماندنەوە قەتعی و بڕاوە نین...

بەلاّم زانایانی فەرمودە سەرەڕای ئەوەی ئاماژەیان داوە بە(زەنی و جێگیرنەبون)ی فەرمودەی ئاحاد، هەمان کات ئامازەیان داوە بەوەی(لە رووی واتاوە قەتعی و بڕاوەیە)... ئەمە تەواو لێیتێدەگەین لە چوارچێوەی کاروبارە فیقهی-تەشریعی-رەوشتییەکانی وەکو(دەستنوێژ یان نوێژ یان رەوشتی گشتی) بەلاّم فراوانکردنی(جێگیرێتی واتا)- سەرەڕای زەنی و جێگیرنەبونی دەقەکان- لە کاروبارێکی زانستی خاوەن سروشتێکی جیاواز سیستەمی فەرمودەی پیرۆز دەخاتە سەنگەری زانستی نوێوە... ئایا هەر بەڕاستی ئەم رووبەڕووبونەوەیەمان دەوێت... ئایا سووربونمان لەسەر(قەتعی و یەکلاییبوونی هەموو شتێك) ئەو بانگەشەی بوونی دژایەتییەی مولحیدەکان ئاسان ناکات؟

چۆن دەکرێت لەسەر فەرموودەیەکی(جێگیرنەبووی تەواو) بنیاتی دژبوون لەگەلّ زانستی نوێدا بنرێت؟

بە دلّنیاییەوە، ناکرێت دژبوونی لەسەر بنیات بنرێت... بەلاّم پێش ئەوە پێویستە لەسەرمان گرفتی خۆمان لەگەلّ تێگەیشتنی فەرمودە پیرۆزەکەی پەیامبەر چارەسەر بکەین... چەندین ئامرازی روون گەشە پێبدەین، کە نەمانخەنە بەردەم ئەو بژاردە قورسەی نامانەوێت: یان هەموو سیستەمی فەرمودە پێکەوە یان هیچی وەرنەگیرێت.!

پاشان سەبارەت بە فەرمودەکەی پێشوو: ئەی خوازە و مەجاز چی بەسەر هاتووە؟ بۆچی دەبێت هەموو شت بە حەرفی و دەقاودەقی تێبگەین؟ بەدلّنیاییەوە خۆر کڕنووش دەبات بۆ پەروەردگاری جیهانیان-

هەروەك چۆن باوەڕمان وایە گەردوون لە بارێکی کڕنووشدایە بۆ خوا.. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو کوڕنووشە، رووکارێکی جەستەیی نییە وەکو مرۆڤ... بەڵکو بە دڵنیاییەوە ملکەچبوونە بۆ یاسا و ڕێساکانی خوا... تا ئەو کاتەی خۆر و کۆمەڵەی خۆر پێکەوە دەسوڕێنەوە بەدەوری چەقی کاکێشانەکەدا، بەو شێوەیەی خوا ئەم یاسایەی بۆ داناوە، ئەو لە کوڕنووشدایە...

دووەم: لەو شتانەی سەبارەت بەم دژبوونانە دەیڵێن ماوەی دروستبوونی گەردوونە، ئەوەتا قورئان باس لەوە دەکات درووستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە، شەش ڕۆژی خایاندووە هەروەك لەم ئایەتەدا هەیە: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ ٱلرَّحْمَٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٩﴾ ﴾ (الفرقان). واتە: ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە لە شەش ڕۆژدا دروستی کردوون، پاشان لەسەر تەخت و پایەگای خۆی وەستا، لەبارەی خۆیەوە لە خۆی بپرسە، کە شارەزاترینە.

لە رووی زانستییەوە، ئەم جیهانەی ئێمە پێی ئاشناین ١٠ ملیار ساڵی ویستووە تا دروستبوو[١].. بەدەر لە ئەژمارکردنی دروستبوونی ژیان تیایدا.

ئەم دژیەکبوونە روون و ئاشکرایە؟

ئەم بابەتە بە فیعلی وا دەبوو، ئەگەر چەندین ئایەتی قورئانیی دیکە، زۆر روونتر نەبووایە ئاماژە بە ڕێژەیی بوونی چەمکی زەمەن و ڕۆژ دەکەن بە دیاریکراوی ﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ﴾. (السجدة). واتە: (هەر لە ئاسمانەوە بۆ زەوی

---

١ http: //www.space.com/٥٢-the-expanding-universe-from-the-big-bang-to-today.html

کارەکە بەڕێ دەکات پاشان بۆ لای خۆی بەرز دەبێتەوە لە ڕۆژێکدا وەك هەزار ساڵی ژمێرراوی ئێوەیە) ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾ (المعارج). واتە: فریشتەکان و جبریل سەردەکەون بۆ لای ئەو لە ڕۆژێکدا ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە.

کەواتە دەکرێت ڕۆژێك هەزار ساڵ بێت و دەشکرێت پەنجا هەزار ساڵ بێت، و دەکرێت زیاتر لەوە یا کەمتر بێت..

کەواتە دژیەکبوونەکەی نێوان ئەو دووە تەواو وەهمی و خەیاڵیە، ئەو شەش ڕۆژەش شتێکی ڕەمزییە بۆ چەند قۆناغێکی دوابەدوای یەك، کە پرۆسەی دروستکردنی پێدا تێپەڕیوە...

پێدەچێت ڕێژەیی بوونی زەمەن لە دەقەکانی کتێبی پیرۆزدا نەخرابێتە ڕوو، هەر ئەمەشە وایکردووە باس لەماوەی دروستبوونی زەوی هۆکارێك بووبێت بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوان کڵێسە و زانست هەبووە، هەر ئەمەشیان لێرەدا هاوردە کردووە بۆ قورئان.

سێیەم: هیچ بەڵگەیەکی (زەویزانیی)جیۆلۆجی نییە بیسەلمێنێت، لافاوی نوح هەموو سەرزەوی داپۆشیوە.

بەڵێ، بە هیچ شێوەیەك لە قورئانییشدا دەقی وا نییە.

بەپێی قورئان نوح تەنها بۆ گەل و نەتەوەکەی خۆی نێردراوە نەك بۆ هەموو خەڵکی لە جیهاندا. ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ (المؤمنون). واتە: ئێمە نوحمان نارد بۆ قەومەکەی، پێی وتن ئەی قەومەکەم خودای خۆتان بپەرستن، هیچ پەرستراوێکیترتان نییە شایەنی پەرستن بێت، ئایا تەقوا و خۆپارێزی ناکەن؟

له پێنج شوێنی قورئاندا ئامـاژه بـۆ ناوچـه‌ییبوونی پـه‌یامی نـوح کـراوه: (الاعراف ٥٩، هود ٢٥، العنکبوت ١٤، الحدید ١٦ و نوح ١)

هه‌روا ئاماژه‌کانی دواتر بۆ لاوه‌فاوه‌که، بـاس لـه سـزادانی سـته‌مکاران و کافرانی گه‌له‌که‌ی خـۆی ده‌کـات، نـه‌ك هـه‌موو مرۆڤایـه‌تی. بـه‌ڵکو ئایه‌ته‌کـه سه‌باره‌ت بـه زه‌وییـه‌ك (الأرض) ده‌دوێـن نـه‌ك زه‌وی (أرض) ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾ (هود).

واته: وترا ئـه‌ی زه‌وییه‌کـه ئاوه‌کـه‌ت قووتـده‌وه، ئـه‌ی ئاسمـان بوه‌ستـه لـه‌بارین، کاره‌کـه کۆتـایی پـێ هـات و که‌شـتیه‌که‌ش له‌سـه‌ر شـاخی جـودی له‌نگه‌ری گرت، وترا تیاچوون بۆ سته‌مکارانه.

هیچ ئایه‌تێك نابینیـت بڵێـت لافاوه‌کـه هـه‌ر هـه‌موو زه‌وی گرتـه‌وه له‌گـه‌ڵ ئه‌وه‌ی لافاوه‌که به‌راده‌یه‌ك گه‌وره بووه، گه‌یشتووه به شـاخه‌کان و ئه‌مـه‌ش مه‌سه‌له‌یه‌که و باسکراوه.

به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌وه: باسکردنه‌که لـه‌کتێبی پـیرۆزدا به‌شێوه‌یه‌که، ئـه‌م تۆفانـه هـه‌ر هـه‌موو زه‌وی گرتووه‌تـه‌وه و جـه‌ختی زۆری لـه سـه‌ر کـراوه و چه‌ندین جار دووباره‌کراوه‌ته‌وه.. ئه‌مـه‌ش کارێکـه کتـێبی پـیرۆز رووبـه‌رووی ئه‌م دژیه‌کییه ده‌کاته‌وه و گواستنه‌وه‌ی ئه‌م بابه‌تـه‌ش بـۆ قورئـان له‌بابـه‌تی چاولێکه‌ریی ئه‌زموونی رۆژئاواییدایه.

چواره‌م: هیچ شوێنه‌وارێك له‌سه‌ر مانگ نییـه بـه‌ڵگـه بێـت له‌سـه‌ر ئـه‌وه‌ی تووشی دووله‌تبوون یان درزبوون هاتبێت، ئه‌مه‌ش دژ ده‌وه‌ستێته‌وه له‌گـه‌ڵ وته‌ی قورئان به دووله‌تبوونی مانگ.

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئەم تێگەیشتنە بۆ ئەم ئایەتە(اقتربت الساعة وانشق القمر) بەڵام زۆرێك لە زانایان ئەم تێگەیشتنە بە لازم و پێویست نابینن، بەدڵنیاییەوە ئەوان ئایەتەکە بەدرۆناخەنەوە و بڕوایان پێیەتی بەڵکو بەبەشێك لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی دادەنێن، زۆریان لە قورئانی پیرۆزدا بە دارشتە و دەربڕینی ڕابردووە خراوەتەڕوو.(بڕوانە ئەم ئایەتانە):

﴿ ۞ وَتَرَكۡنَا بَعۡضَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ يَمُوجُ فِي بَعۡضٖۖ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَجَمَعۡنَٰهُمۡ جَمۡعٗا ٩٩ وَعَرَضۡنَا جَهَنَّمَ
يَوۡمَئِذٖ لِّلۡكَٰفِرِينَ عَرۡضًا ١٠٠ ﴾ (الكهف).

﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يَنسِلُونَ ٥١ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ
بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ٥٢ ﴾ (يس).

﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ
فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ٦٨ وَأَشۡرَقَتِ ٱلۡأَرۡضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلۡكِتَٰبُ
وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡحَقِّ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٦٩ وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا
عَمِلَتۡ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِمَا يَفۡعَلُونَ ٧٠ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا
فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ
وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ
٧١ ﴾ (الزمر) .

﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ ٢٠ وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ٢١ ﴾
(ق).

نمونەی تریش زۆر زۆرە، هەر هەمووی وێنەی قیامەت و دوارۆژمان لە ڕێگەی فرمانی ڕابردووەوە بۆ وێنا دەکات، ئەمەش شێوازێکی قورئانییە دەربڕی ئەوەیە، کە ئەو ڕووداوە بەکرداری و فیعلی ڕوودەدات، وەك ئەوەی

بەکرداری و فیعلی روویدابێت. دەربڕین لە داهاتوو بە داڕشتەی رابردوو بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەیە، ئەو ڕووداوە هەر دەبێت رووبدات.

هیچ کەس ناڵێت فوو بە کەڕەنادا روویداوە بە کرداری.. یاخود دۆزەخ خراوەتەروو بە کردەیی..

هەمان شت بۆ لەتبوونی مانگیش هەر راستە...

سەبارەت بەو فەرموودە سەحیحەشی باس لە لەتبوونی مانگ دەکات ئەوا ئەم زانایانە: ئەوە دەگێڕنەوە بۆ تێگەیشتنی هاوەڵەکە، چونکە بەلای ئەوانەوە ناچێتە عەقڵەوە، موعجیزەیەکی ئاوا روو بدات بێ ئەوەی هیچ هاوەڵێکیتر باسی بکات جگە لەم هاوەڵە نەبێت بە تەنها، ئەویش عەبدوڵای کوڕی مەسعودە، لە کاتێکدا شتێکی گرنگی وەك ئەمە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت زۆر کەسیتر باسی بکەن و باسوخواسەکە بگاتە ئاستی دڵنیایی بێ سێ و دوو..

ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی رۆژی دوایی، هەر بۆیە زانیاری دڵنیاکردنەوەی روودانی دوولەتبوونی مانگ نەگەیشتووەتە ئاستێکی پێویست لە بەڵگە هێنانەوە، چونکە هێشتا رووینەداوە.

ئەمەش جارێکیتر، دژبوون نییە لەگەڵ قورئاندا. بەڵکو دژبوونە لەگەڵ تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ قورئان...

پێنجەم: بانگەشەی ئەوەی، قورئان دەڵێت زەوی تەختکراوە!

ئەم دژیەکییەش لە ئەزمونی رۆژئاواییەوە هاوردە کراوە، بەڵکو هاوردەکراوی هەندێ لە بۆچوونەکانی ئەزمونی رۆژئاواییە، بە پێچەوانەی ئەوەی باو و بڵاوە، کڵێسە دەیووت زەوی تەختکراوە و دژایەتی هەر کەسێکی دەکرد بیوتایە زەوی خڕە، ئەم بابەتە ورد نییە و کێشەی

گەورەش نەبووە، چونکە کڵێسەی کاسۆلیکی لەسەر دەستی تۆماس ئەکوینی (لە سەدەی سیانزەی زاینی) [1] تەبەنی قسەکەی ئەرەستۆی کردووە سەبارەت بە خڕێتی زەوی، دیارە هەموو کەس لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوەڕیان بەمە نەبووە، بەڵام مەسەلەکە کێشەیەکی گەورە نەبوو، چونکە کێشە راستەقینەکە سەبارەت بە خولانەوەی زەوی بووە بە دەوری خۆردا، بەڵام دواتر و لە کاتێکی درەنگتردا، لەو جەنگەی دوژمنانی کڵێسە بەرپایان کرد دژ بە هەر شتێکی کە پەیوەندی بە کڵێسەوە هەبێت، وا بڵاوکرایەوە گوایە ئەوان دەڵێن زەوی تەختە.

ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەم بانگەشەیە بگوازرێتەوە، تا ببێتە دژی قورئان، مایەی گریانیشە هەندێ لە مسوڵمانانی ئەمڕۆش باوەڕیان بەوە هەبێت زەوی تەختە!

بۆچی پێکەنیناوییە و بۆچی گریاناوییە؟

چونکە جۆرێك لە کۆڕایی(إجماع) هەیە لە نێوان زانایانی مسوڵماندا سەبارەت بە خڕێتی زەوی! ئیبنو تەیمییە لەم بارەیەوە کۆڕایی زانایان دەگوازێتەوە!... لەوانەیە وتە یان بۆچونی تریش هەبوبێت، بە دوای ئەوەدا نەچووم، پێویستی بە بەدواداچونییش نییە، بەڵام بۆچوونەکە ئەوەندە بڵاوبووە تا پلەی وتنی کۆڕایی و ئیجماع لەو بارەیەوە! ئیتر ئەوە بەهۆی ئەو مەعریفەوە بوبێت، هەر لەسەردەمی گریکەکانەوە بڵاوبووە یاخود کارلێك بوبێت لەگەڵ ئایەتگەلێکی وەك: (يكور الليل على النهار ويكور النهار على الليل) وتنی ئەوەی زەوی تەختە لەهیچ کاتێکدا بڵاونەبووە یان تەمسیلی ئەوەی نەکردووە، مسوڵمانان لە قورئانەوە تێیگەیشتبن..

---

[1] http: //apologetics-notes.comereason.org/٢٠١٤/٠٨/christians-in-middle-ages-did-not.html

ئەی چی دەوترێت سەبارەت بە ئایەتگەلی وەکو: (وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ)؟ ئەم ئایەتانە باس لە کشان و تەختی بەشێك دەکەن لە گشتێکی خڕ.. زەوی تەختە بە واتای ئەوەی ئاسان و راخراوە نەك لە شێوەی کۆتاییدا تەخت بێت...

ئەی چی دەوترێت سەبارەت بە شاخەکان. بەڵێ، لە سەدا پێنج ٥ ٪ ی گۆی زەوی شاخەکانن.. یان لە سەدا بیستو پێنج ٢٥٪ ی وشکانییە... ئەمە ناکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر واتای(مد) و(تمهید) بەواتای راخران و خۆشکراو...

* * *

زۆرجار مەسەلەکە پشت دەبەستێت بەو رێگەیەی پێی دەڕوانرێتە زانست و ئایەتەکانییش..

ئەگەر تۆ کاری خۆتت یەکلاکردووەتەوە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانت داوەتەوە ئەوە تۆ هەر لە بنەڕەتەوە بەدوای دژبووندا دەگەڕێیت...

ئەگەر نەتبینییەوە... ئەوە دەخوازیت قورئان پڕاوپڕی ژمارەی کۆتایی گۆڤاریnature بێت

ئەگەر ئەمەش روویندا، ئەوا هاوار دەکەیت و دەڵێیت: دژبوون هەیە.

(١١) دژایەتییەکانی نێوان زیندەوەرزانیو قورئان

هەندێ لە برایان بە دوای دژایەتییەکانی نێوان زانستو قورئانەوەن، بە لۆژیکی ئەو ڕاوچییەی، تەندروستیو کێشی نێچیرەکەی بەلاوە گرنگ نیە بە ئەندازەی ئەوەی، لە دوورەوە بەدی بکاتو بیپێکێو ڕاوی بکات.. دواتر کەسانێك هەن لەووردەکارییەکەی بکۆڵنەوە بۆئەوەی دەریبخات ئەو هیچی ڕاونەکردووە.. کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار پرۆسەی وردبینیکردنی ڕاوکراوەکە دوادەکەوێ، هەندێ کەسیش ڕاوکراوەکەی برای ڕاوچی پەسەندە بێ ئەوەی هیچ وردبینیو پشکنینێکی کردبێ.

نمونەیەك لەم بارەیەوە دەیلێین، ئەو دژایەتیەیە لە نێوان ئەوەی قورئان هێناویەتی سەبارەت بە دروست بوونی مرۆڤ و ئەوەی زانست پێشکەشی کردووەدا هەیە.

یەکەم: بۆ نمونە ئەوان دەڵێن قورئان هاودژی خۆیەتی، جارێك دەڵێت لە ئاوە، جارێك لە گڵ، جارێك لە قوڕ، جارێك لە تنوك، جارێك لە خوێن، جارێك لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەن، وە هەروەها لە "هیچ شتێك" بەڵام زانست پێوەری دیاریکراو و وردەکار و "بینراوی"هەیە لەسەر پیتاندنی هێلکەو هەنگاوەکانی بەرەو پێش چوونی کۆرپەلە..

زانست وردبین یان ئامێری "سۆنار" پێشکەش دەکات و بەکاری دەهێنێ بۆ بینین و چاودێریکردنی کۆرپەلە، بەهەموو ووردەکارییەکەیەوە هەر لەیەکەم ساتی پیتاندنی هێلکەوە.. قورئان ئەوەی نەکردووە و پێویستیش نیە ئەوە بکات. قورئان وێنەیەکی گشتیی دووری خستۆتە ڕوو، تێڕوانینێکی

گشتییە لەو ساتەوەی هیچ شتێك نەبووە... ئەو قۆناغەی کە ئەرکی زانستی سروشتی نیە.. ئاو، قوڕی ڕەشی بۆگەن، ئاوی قێزەون، خوێنپارە، هتد..

ئەمانە دژیەکەکان نین، ئەمانە چەند قۆناغێکن لە ساتی دروستبوونی یەکەم خانە-زۆر سەرەتایی، کە هەموومان ڕۆژانێك تیایدا بوین.

پانۆرامای دیمەنێکی گشتی و هەمەلایەنەی چەندین برگەی خێرات پێ سەبارەت بە مێژووی وەچەی مرۆڤایەتی دەبەخشێت، لەو کاتەوەی قوڕ بووە، واتا لە کاتێکەوە لەسەر زەوی درووست بووە... پێویست نیە ئایەتەکان ڕاپۆرت سەبارەت بە دروستبوونی کۆرپەلە لە هەموو هەفتەیەك لە هەفتەکانی سکپڕی بخەنە ڕوو.. ئەگەر بتەوێ ئەوە بەدەست بهێنی، ئەوا پێویستە پەنا ببەیتە بەر کتێبی " کۆرپەلەناسی " نەوەك قورئان.

دووەم: بانگەشەی ئەوەی، قورئان دەڵێ خێزانەکەی ئادەم لە پەراسووی ئادەم دروست بووە، کەچی هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە، ئافرەت ببەستێتەوە بە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی پەراسوو یان باس لە جیاوازی نێوان دروستبوونی ئافرەتو پیاو بکات..

قورئان بە هیچ شێوەیەك ئەمەی نەوتوە.. ئەمە لە"پەیمانی کۆنی" کتێبی پیرۆز"سفر تكوين إصحاح ١٢: ٢-٢٢" ئاماژەی پێکراوە، قورئان زیاد لە شوێنێکدا فەرموویەتی"خلقكم من نفس واحدة وجعل منها زوجها"واتە: "ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی دروست کردووە". نە ئاماژەی بۆ ئادەم کردووە، نە بۆ خێزانەکەی، نە بۆ مرۆڤ هەر لە بناغەوە. ئەمەش لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتی بگونجێت لەگەڵ بیرۆکەی دابەشبوونی خانەکان، و سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی بونەوەرێکی زیندووی هاوشێوە..

بەڵام لە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە، دەکرێ ئەوەی لێوە تێبگەین" المرأة خلقت من ضلع اعوج و انك ان قمتها كسرتها و ان تركتها تعيش بها و فيها عوج "[1] واتا"ئافرەت لە پەراسووی لار دروست کراوە، ئەگەر ڕێکی بکەینەوە ئەشکێ و ئەگەر وازی لێبێنی ئەوا بەو بارەوە دەژێت، بەڵام ئەو لارییەی هەر تێدا دەبێت".

ئەمەش بابەتێکە دەکرێت وەکو ئایەتی"و خلق الانسان من عجل" واتا"مرۆڤ بەشێوەیەك دروستکراوە، پەلەپەلی تیایە" تێیبگەین، ئەمەش شتێکی بڵاوە لە زمانی عەرەبیدا بە تایبەت ناوکۆکە، باس لە نالەباری نێوان"ژن و پیاو"دەکات.

سێیەم: بانگەشەی ناسازی ئەوەی لە قورئاندا هاتووە سەبارەت بە شێوەگرتنی کۆرپەلە، لەگەڵ ئەوەی زانستی نوێ پێشکەشی کردووە.. بە زۆری ئەو ئایەتانەی ئەوان سەرنجیان خستۆتەسەری ئەمەیە:

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ (المؤمنون).

واتا"سوێند بە خودا، بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە'١٢'پاشان لە جێگەیەکی پارێزراوو لە باردا لە شێوەی نوتفەیەکی زۆر بچوکدا دامان مەزراندووە'١٣'پاشان نوتفەکەمان کردووە بە هەڵواسەرێك پاشان هەڵواسەرەکەمان کردووە بە گۆشتپارەیەك، ئینجا(شێوازی) گۆشتپارەکەمان بە پەیکەری ئێسك گۆڕیوەو بە گۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیوە، دواتر لە شێوەیەکی تردا دەرمان هێناوە(کە شێوەی ئادەمیزادێکی ڕێك و پێك و ڕۆحی پێبەخشراوە). بەڕاستی

---

١ المستدرك على الصحيحين٧٣٣٤.

خـوداى مــەزن بــەرزو پــيرۆزو موبــارەكــەو چــاكترين بــەديهێنــەرو چــاكترين دروستكارە'١٤'.

جارێكى تر ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ قسەى ڕاڤەكارانى قورئان بە درێژايى چاخە جياوازەكان، تا بيسەلمێنن ئەم ئايەتە دژە بە پێدراوە زانستييەكان، ڕاڤەكاران لە هەموو چاخێكدا قورئانيان خوێندووەتەوەو كارلێكيان لەگەڵى كردووە بە گوێرەى زانستو زانياريى سەردەمى خۆيان، بەدڵنياييەوە ئەم زانست و زانيارييانە بە تێپەڕبوونى كات و پێشكەوتن گەشە دەكاتو دەگۆڕێت. لێرەدا دژيەكييەكى گەورە هەيە لە نێوان زانستو زانيارى سەدەى حەوتى زاينى و زانستو زانيارى سەدەى بيستويەكدا، ئەمەش شتێكى ئاساييە، بەلام تێكەڵكردن لە نێوان قسەى ڕاڤەكارانى قورئان و دەقە قورئانيەكان(كە زۆربەى ئابيندارەكان پێى هەڵدەستن ئەمەيە كارەكەى بۆ ئەوكەسە ئاسان كردووە، گەر بيەوێت بگەڕێت بۆ دۆزينەوەى دژايەتييەكانى نێوان زانست و قورئان ونبووى خۆى لەوێدا ببينێتەوە، لێرەدا چيان بينيوەتەوە ؟دەڵێن قورئان ڕۆڵى بايەلۆژييانەى ئافرەتى لە كردارى پێكهێنانى كۆرپەلە لە مناڵدانى ئافرەتدا پشتگوێ خستووە تەنها ئامارژەى كردووە بۆ ڕۆڵى پياو ئەويش لەكاتى باسى"دڵۆپە ئاو– النطفة"دا.. هەر بۆ زانيارى، قورئان نەيفەرمووە ئەو دڵۆپە لە پياوە يان لە ئافرەتە، تەنها فەرموويەتى"النطفة"دەكرێ"دڵۆپەكە" لە هەردوكيان بێت بەيەكەوە.

لە زمانيشدا بريتيە لە دڵۆپێك لە هەر شلەيەك بێت.. دواتر دەڵێن هەڵواسراوەكە"خوێن مەينە"و كۆرپەلە نابێتە كلۆ خوێن لە هيچ قۆناغێك لە قۆناغەكانى كۆرپەلەدا، هەڵواسراوەكە هەر شتێكى هەڵواسراوە ئينجا ئەگەر خوێنمەين بێت يان هێلكۆكەى پيتراوى هەڵواسراو بێت بە ديوارى مناڵدانەوە.. ئەوان جارێكى تر دەچن بۆلاى زانياريى ڕاڤەكارانى قورئان لە

چاخە جیاوازەکاندا"نەك خودی دەقەکە". لەبەر سەلماندنی دژایەتی لە نێوان زانستو قورئاندا.

هەروا سەبارەت بەهەمان ئایەت، قورئان دەیفەرموێت دەڵێت: ئێسك پێش ماسولکە پێکدێت لە کاتێکدا ماسولکە لەهەمان کات و لەیەك کاتدا بە نزیکەیی دروست دەبێت، بەڵام قورئان هیچی نەفەرمووە لەسەر ریزبەندی کاتی، کە ئەوە بگەیەنێت ئێسك پێش دروستبوونی ماسولکەیە "ئەمە ئەگەر گریمان مەبەست لە گۆشت ماسولکە بێت"، ئەو پەیوەندییەی هەیە لە نێوان ئێسكو گۆشتدا ئەو"فائە"یە (فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْماً) ئێسکمان داپۆشیوە بە گۆشت و لە پێش ئەوەش هەڵواسراوەکەیان دروست کردووە لە گۆشتپارە، و لە گۆشتپارە ئێسکەکەمان دروست کردووە، هەروەك زانراوە کە"فا" لە زمانی عەرەبیدا، واتای بەدوای یەکداهاتنی مەعنەوی دەگەیەنێت، بەبێ مۆڵەتی نێوان بەشەکانی، وەکو خودای گەورە دەفەرموێت"خلقك فسواك فعدلك "واتا" ئەو کەسەی دروستی کردویت، رێكو پێکی پێداویت"جا دروستکردنو رێکخستن و رێكوپێککردن چەند کردەیەکی هاوکاتە و هەریەکە و ئەوی تر لە سەرەتاوە لەخۆدەگرێت ، هاوکات وەکو (وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي)"نوح پاڕایەوە لە خودای خۆی و وتی کورەکەم لە کەسو کاری منە" بانگو قسەکە لە ناو یەکدان، قسەکە بەشێکە لە بانگەکە بێ ئەوەی ماوەیەکی کاتی یان مۆڵەتێك لە نێوانیاندا هەبێت.

هەروا بوونی پیتی"فا" لە نێوان ئێسك و گۆشت (الْعِظَام) و (لَحْم) و(ثم) لە نێوان دڵۆپەئاو و خانەی هەڵواسراو(نطفة) و (علقة)، ئاماژەیە بۆ ماوەیەکی کاتی نێوان ئەمەی کۆتاییو نەبوونی ماوەی کاتی لەنێوان"ئێسكو گۆشت"نامەوێ لێرەدا دەرگای ئیعجازیی زانستیو هاوشێوەکانی بکوتم، بەڵکو تەنها دەمەوێت ئاگاداری دەربڕم لەبارەی ئەو دژبەیەکییەی،

بێبڕوایان گومانی دەکەن، بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نیە بە دەقی قورئانەوە، بەڵکو تەنها پەیوەستە بە لێکدانەوەکانی قورئانەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.

هەر لە هەمان بابەت بێ بڕوایان دەئاڵێن بەچەند فەرموودەیەکی پێغەمبەرەوە(ﷺ)، کە وای لێتێدەگەن لە دوای ١٢٠ ڕۆژ لە پیتاندن ڕۆح دەکرێت بە بەری کۆرپەلەدا..دوایش دەڵێن ڕۆح بەبەرداکردن کردەی دڵەو دڵیش"لە هەفتەی پێنجەم یان شەشەمدا" لە کۆرپەلەدا دەکەوێتە کار و دوای ئەمە هاوار دەکەن و دەڵێن: ئەها دژ بە زانستە!

یەکەم: ئەوەی لە فەرموودەکەدا باس کراوە دەچێتە ژێر بابەتی زەنی بوون، کە لە سەلماندنی فەرموودەدا پێشتر باسمان کرد و وامان لێدەکات پەلە نەکەینو ئاگادار بین لەوەرگرتنی پیت بە پیتی هەموو ئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتبێت.

دووەم: کێ دەڵێ ڕۆحبەبەرداکردن واتا لێدانی دڵ؟ لەوانەیە زۆر کەس بڕوایان وا بێت، بەڵام فەرموودەکە وای نەوتووە، بەڵکو دەقە قورئانییەکە دەڵێت، ڕۆح لە کاروباری پەروەردگارە، وەکو ئامارەیەك بۆ بێ سودی ڕۆچون لەم باسەدا ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٥﴾ ﴾ (الإسراء)، واتا(پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆح" چیەو چۆنە؟!" بڵێ: ڕۆح بەشێکە لە فەرمانی پەروەردگارم و بەدەست ئەوە"من نازانم چیەو چۆنە"و هیچیان پێ نەبەخشراوە لە علمو زانست تەنها شتێکی کەم نەبێ.

سێیەم: هەروا باس لە بوونی چەندین هەڵە لە جەستەی مرۆڤدا دەکەن – بەو شێوەیە ناوی دەبەن– لە کاتێکدا قورئان دەفەرموێت: (لَقَدۡ خَلَقۡنَا

الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ) التين: ٤ واتا: "بەڕاستی ئێمە مرۆڤمان لە جوانترین شێوەو ڕێكوپێكترین شێوازدا دروستکردووە لە هەموو ڕوویەکەوە"

چاكی لە دروستكردندا هیچ كات واتای ئەوپەڕی تەواوی نیە. هیچ دەقێكی ئاینی نیە، بڵێ خودای گەورە بەشێوەیەكی تەواوەتی ئەندامەكانی جەستەی مرۆڤی دروست كردووە، بەڵام زیاتر لە شوێن و جارێك وشەی"الحسن""باش"ی باس كردووە واتای"الحسن" دیار و ڕوونەو بە هیچ شێوەیەك ئاماژە نیە بۆ تەواوەتی"الكمال".

ئەو كەموكوڕییە خەلقیانەی دەبینیین، ئامـاژەی بۆ دەكرێت لە نێوان"٦و١٠"ن كە هەندێ جار ئامـاژە دەكرێت بۆ نەبوونی كردارێكی دیاریكراوی ئەندامێكی جەستەی مرۆڤ "دانی ژیری یان ڕیخۆڵە كوێرەو لەرزلێهاتنو گرژ بوون"، یان بۆچی ئێسكی مەچەك ناتوانێ بە پلەی ٣٦٠ بسوڕێتەوە. بوونی كردارێكی دیاریكراوی ئەندامێكی دیاریكراو لەكاتی پێشودا" وەكو ددانی ژیری كاتێك خواردنی مرۆڤ بە زۆری ڕووەكی بێت، ئەوا پێویستی بە جوینی زیاتر هەیە.." دواتر ئەم وەزیفەیە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ونبوون چوو، "مانەوەی" ددانی ژیری هیچ كات واتای بوونی نەنگیەك ناگەیەنێت، ددانی ژیری زۆرجار وەكو "كاكیلەیەكی یەدەگ" كاردەكات لەكاتی لە دەستدانی كاكیلەیەكی تردا... هەندێ لە توێژینەوە نوێیەكان ئاماژە دەكەن بۆ ئەگەری ئەوەی بەكاربهێنرێت وەك سەرچاوەیەك بۆ خانە قەد دارەكان، لەوانەیە بەكاربهێنرێت لە دروستكردنی ددانێكی تازەدا.

ئەم سودانەی ددانی ژیری بەواتای تەواو و "الكامل"بوونی جەستەی مرۆڤ نایەت، بەهەمانشێوە زیانەكانی ئەو شتە بەواتای ئەوە نایەت، خودای

گەورە تەواو نیە، لەبەرئەوەی "دروستکراوەکانی" تەواو و کامڵ نین..ئەم ئەگەرە لەبنەڕەتدا نالۆژیکییە، بەهیچ شێوەیەك خودای گەورە نەیفەرمووە مرۆڤی شێوەیەکی تەواوەتی دروست کردووە، "باشترین شێواز" "احسن تقویم" واتای ئەوەیە، باشترینە لە نێوان ئەو دیزاینانەی لە بوونەوەرە زیندووەکاندا هەیە، ئەمەش لە نێوان بونەوەرەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێت... بە گریمانە، دانانی ئەوەی مەبەست لە باشترین شێوەو شێوازێك (ئەوە بێت دێت بە خەیاڵدا، یان باشترین شێوەو شێوازێکی گریمانەکراو بێت) ئەمە بابەتێکە بەڵگەی لەسەر نیە..

لەلایەکی ترەوە بوونی (سنور) یان بوونی(توانایەکی باشتر کە ڕووی نەداوە) بۆ ئەندامەکانی مرۆڤ، ئەمە بەردەوام هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی داهێنان بکات لەو ئامێرانەی یارمەتیان دەدات لە کردارەکانیاندا..هەر بەڕاستیش ئەمە لەو کاتەوەی کە مرۆڤ مرۆڤ بووە ڕوویداوە..

چەند مۆرکو شێوازێکی دووبارە هەن، سەردەکێشن بۆ وێناکردنی بوونی دژایەتی نێوان زانستو قورئان.

لێرەدا یەکەم: پشت بەستنێك هەیە بە لێکدانەوەی جیاوازی زاناکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، کە لێکدانەوەکانیان پشت ئەستوور بووە بە زانیاری سەردەمەکانیان... مولحیدەکان پشت دەبەستن بەم لێکدانەوانە وەك ئەوەی سەلەف بن یان لە سەلەفییەکان خۆیان سەلەفیتربن.

لێکدانەوەی دەقەکە لای ئەوان بە تەواوەتی هاوشێوەی دەقەکەیە ئەمەش بیرۆکەی دژایەتی دەخولقێنێت.

دووەم: هەروا لەم بابەتەدا هەندێ جار هەندێ فەرموودە بەکاردەهێنرێت، لە ڕووی سەلماندنەوە گومان هەڵدەگرێت و دەکرێتە بابەتی دژایەتی لەگەڵ زانستدا... ئەمەش مەسەلەیەکە وەك گەنجینەیەکی گەورەوایە بۆ بێباوەڕان،

چونكه لێرەدا ڕەنگە دەقەكان خۆیان دژایەتییان تیادابێت نەوەك لێكدانەوەكانیان..لەبەرئەوەی دەقەكان سەلماندویانە ڕەنگە پیت بە پیتی وشەكان هی پێغەمبەر(ﷺ) نەبن، بەڵكو بریتییە لەوەی هاوەڵی گێڕەرەوە فەرمودەكە لەبیریدا ماوە یان لێی تێگەیشتووە... جگە لەوەی ئەمە ڕەنگە بە"پێچەوانەی قورئان"ەوە تێكەڵ بوو‌بێت بە زانیاری سەردەمی خۆیان لەوكاتەدا.

سێیەم: لەم بابەتەدا ئیلهاموەرگرتن و هاوردەكردنی گرفتەكانی كڵێسەش هەیە، كە لەگەڵ زانست لە ئەزموونی خۆرئاواییدا هەیانبووە، تەنانەت ئەگەر لێرەدا كۆڵكەیەكی هاوبەشیش نەبێت لەگەڵ پرسێكی دیاریكراوی قورئاندا... تێبینی ئەوەمان كردووە بەتایبەت لەبابەتی هێلكەیی بوونی گۆی زەوی و تۆفانی نوح و سوڕاندنەوەی زەوی بە دەوری خۆردا..تا كۆتایی.

سەیر نیە لەدوای هەموو ئەوانە بڵێم بەشێكی گەورە لە بانگەشەی دژایەتی لە نێوان زانستو قورئاندا ئاكامی شێوازی بیركردنەوەی"ئاینی"یە لەبەشێكی هەرە گەورەیدا.. ئەم تێكەڵبوونە لە نێوان دەقو قسەی ڕاڤەكارانی قورئانو پیاوانی ئاینی... ئەم پیرۆزەییەی دەیبەخشینە وتەی زاناكان. ئەم مامەڵەكردنە لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) بەشێوەیەكی ڕەهاوەكو ئەوەی بەتەواوەتی یەكسان بێت لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا... بێگومان لە كۆتاییدا دەرئەنجامە كۆتاییەكەی ئەوەیە سەبارەت بەو بانگەشەی دژبوونانەی لەگەڵ زانست دا بەدی دێت و سەردەكێشێت بۆ ئیلحاد، خستمانە ڕوو... دژە"anti"ئیلحاد دەبێت بە ناچاری چاوبخشێنێتەوە بە ئامرازەكانی ئەم بیركردنەوە ئایینیەدا.

(١٢) هەڵەکانی ئیعجازیی زانستی

بەداخێکی زۆرەوە، ئیعجازیی زانستی دەتوانرێت هەژماربکرێت بەنمونەلەسەر ئەو نیازە چاکانەی بەئەنجامێکی زۆرخراپ کۆتاییان دێ.

دەستپێکی کارەکە و ئامانجەکەڕوونە، وای لەخەڵك کرد زیاتر باوەڕ بەکتێبی خودا بهێنن.

کارەکە بڵاوبوویەوە و بایەخی پەیداکرد، هەتا چەندین بانگخوازی پسپۆڕی بۆپەیدابوو، دەگەڕان بەدوای کەرەستەی زیاتر بۆئەوەی پێشکەشی کەن بەجەماوەرێکی تینوو.

لەگەڵ کاتدا کەرەستەی ئیعجازیی زانستی هەڵئاوسا، لەتواناداا نەما ئەوشتانەی دەوترا و بڵاو دەکرایەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

چەندین کۆنگرەو دەزگا و خول بۆ ئیعجازیی زانستی هاتەئاراوە، بەڵکو چەندین پەیمانگای پسپۆڕ بۆدەرچاندنی خوێندکاری ئیعجازی زانستی کرایەوە.

بیرۆکەی ئیعجازی زانستی سادەبوو و ئامانجەکەی ڕوون بوو، پشت دەبەستێت بە چەند هەنگاوێکی یەك لەدوای یەك.

یەکەم: ئەم زانیاریە زانستییە لەمدواییەدا پێی زانراوە، بۆنموونە لەسەدەی بیستدا.

دووەم: ئەم زانیاریە لەقورئاندا بوونی هەیە.

سێیەم: قورئان پێش ١٤٠٠ساڵ دابەزیوە.

چوارەم: کەواتە قورئان لەلایەن خوداوەیە.

ئەو نەوانەی بەتایبەتی لەنەوەدەکان و بەدوواوە گەورەبوون ئیمانی بەشێکی زۆریان لەسەر ئەوە بنیات نراوە، کە ئیعجازی زانستی پێشکەشی کردووە.

دواتر ئەنتەرنێت پەیدابوو، گەڕان و وردبینی ئاسانتربوو.

پاشان تۆڕی کۆمەڵایەتی هات، گواستنەوەی زانیاری ئاسانتربوو.

لێرەوە ئەم نەوەیە ڕووبەڕووی ئەوە بوونەوە، زۆربەی ئەو زانیارییانەی لەسەردەمی پێش ئینتەرنێتی ئیعجازی زانستیدا وترابوون، وا دەرنەچوون.

بگرە بەشێك لەو زانیارییانە بێبنەما بوون.

بەوپێیەی باوەڕی ئەوان لەسەر ئەو زانیارییانە بنیات نرابوو و نەمان و دارمانی ئەو زانیارییانە، بووە هۆی ڕووخانی باوەڕیان.

بێگومان ئەوەش بێ ئەو گۆڕانکارییە گەورانە ڕووی نەدەدا، کە وەك ڕەشەبایەك کۆمەڵگاکانیان پێش خۆیان خست.

بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەوەیە، هەڵەکانی ئیعجازی زانستی بووەتە هۆی ئەوەی، ئەو نەوەیە بەلای ئیلحاددا پێچ بکاتەوە.

یان لایەنیکەم وا دەوترێ.

* * *

خودی خۆم سەرسام بووم بەیەکێك لە پەرچووەکانی ئیعجازی زانستی، ئیعجازێکی بچوك نەك زۆر گەورە. بیرم چۆتەوە لەبنەڕەتدا کێ وتوویەتی یان نوسیویەتی، بەڵام هەرلەخەیاڵمدا ماوەتەوە ئەوکات پانزە یا شانزە ساڵ بووم.

دەربارەی ئەوئایەتەیە﴿ وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ ﴾ (النازعات) (دواتر زەوی بەشێوەیەکی هێلکەیی بەدی هێناوە) نازعات: ٣٠

پەرجوو(معجزە)کە دەیوت، (دحیە)لەزمانی عەرەبیدا مانای(هێلکە)یە، ئەوەش مانای وایە، ئایەتەکە دەڵێت زەوی شێوەکەی (هێلکەیی)یە.

ئەمەش وردترو تەواوترە لەوەی بڵێت زەوی (خڕە).

چۆن پەیامبەر درودی خوای لەسەربێت ئەوەی زانی ئەگەربە(وەحی)پێی نەوترابێت.

گەورەیی بۆخودا. سوپاس بۆ خودا. دەی بانوێژی فەرزەکان بکەین لەمزگەوت.

دوای ئەوەی تۆزێك گەورە بووم، زانیم وشەی (دحیە) مانای (هێلکە) ناگەیەنێت، بەڵکو بەمانای (پان و تەخت)ی دێت.

نزیکترین واتا کرداری(دحا) و(هێلکە)بەیەکەوە دەبەستێتەوە بریتییە لەوەی، (الدحیە) ئەوشوێنەیە، وشترمرخ هێلکەی خۆی لە(لم)دا تێدا دائەنێت.

دوای ئەوەی زیاتر گەورەبووم بۆمدەرکەوت هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد... خڕێتیی زەوی بەئاسانی لە ئایەتەکانی تردا بەبێ ساختەکردن و بەهەڵەدابردن، دەتوانرێت هەستی پێبکرێت ، و بگرە موسڵمانان بەگشتی دانیان بەخڕێتی زەویدا ناوە، (ئیبنوتەیمیە) لەسەدەی هەشتی کۆچی وتویەتی کۆڕا(اجماع) لەوبارەیەوەهەیە.

لەلایەن منەوە شتەکە هیچ واقوڕمان و ئەنجامی لاوەکی نەبوو، چونکە من ئیمان و باوەڕی خۆم لەسەر ئەم ئیعجازە بنیاد نەنابوو یان هۆکاری تری هەیە.

بەڵام...نەوەیەك هەیە، باوەڕی لەسەرئەم جۆرە ئیعجازانە بنیاد ناوە، وباجێكی زیاتری داوە.

* * *

باهەندێك نموونە وەرگرین لەسەر ئەو نموونە بەربڵاوانەی ئیعجازی زانستی، كە بە ئاكامی ناخۆش كۆتاییان هات.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا ... ﴿٢٦﴾ ﴾

(البقرة) (بەڕاستی خودا باكی نیە بەلایەوە هەرنموونەیەك بهێنێتەوە بەمێشولەیەك، لەویش بچوكتربێت یان گەورەتر)سورەتی ٢٦ (البقره)

تێڕامان و مەلەكردن لە وردەكارییە كردارییەكانی هەردروستكراوێك مێشولەیەك بێت یان فیل یان كەركەدەنێك، كارێكە لەوانەیە بە(پاكوبێگەردی دەربرین بۆ خوا)كۆتایی بێت..لەبەرئەوەی قەشەنگیی بەدیهێنان لەهەموو دروستكراوەكاندا دەردەكەوێت، ئیعجازی زانستی لەوەدانیە مێشوولە چەند دان یان چەند دڵ یان چەند چاو یاخود چەند شاخی هەستیاری هەیە یان نییەتی، لەبەرئەوەی قورئان باسی لەمە نەكردوە.

بەڵام دێینە سەر(فمافوقها) (لەوسەرووتر).

بانگەشەكەرانی پەرچوو هاتن و دۆزینەوەی زیندەوەرێك كە لەسەر مێشوولە دەژی ڕابگەیەنن، لەبەرئەوەی مێشوولە خۆی لەخۆیدا نابینرێت، بەسروشتی ڕەوشەكە ئەم زیندەوەرەش نابینرێت.

بەدڵنیاییەوە ئەمەش بەسەركەوتنی ئیعجازی زانستی دانرا.

بەڵام وردەكارییەكانی بابەتەكە—بەداخەوە—ناوردی كارەكە دەردەخات...ڕاستییەكەی زیندەوەرێكی مشەخۆر هەیە كە لە (گەنە) دەچێت بەژمارەیەكی زۆر لە سەرمێشووله و زیندەوەرانی تر دەژی. تایبەت

نیە بەمێشوولە بەتەنها، هەروا مەرج نیە بەناچاری لەسەرەوەی مێشوولە بژی بەڵکو دەلکێت بەباڵە کانیەوە یان لەسەر لەشی.

بێباوەڕان بەشێوەیەکی بابەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم هەڵەیەدا ناکەن، بەڵکو یەکسەر و بێ وردکردنەوە دەڵێن (هیچ شتێك نییە لەسەرەوەی مێشوولە)، بەداخەوە وردەکاریی زۆر نییە سەبارەت بەوەی (لەسەروو مێشوولە)یە یان (ئەوەی لەسەر مێشوولەیە)...

بەڵام باشتربوو خۆمان نەخەینە ئەم سەرگەردانییەوە و واتا ڕوونە ئاسانەکەی ئایەتەکە وەرگرین (خودای گەورە نمونە دەهێنێتەوە، چەندگەورە یا بچوك بێت)؟

نمونەیەکی تر مێروولە و شوشە.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَـٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ (النمل)

(هەتاگەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولەیەك وتی(هاواری کرد)ئەها مێروولەینە، بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەر بازانی پێشێلتان بکەن، لە کاتێکدا هەستتان پێ ناکەن)

مەسەلەکە بەو پرسیارە دەستی پێکرد، بۆچی قورئان وشەی(تێکتان بشکێنن)ی بەکارهێناوە؟ نەك(بتانکوژن)یان هەر دەربڕینێکی تر..دواتر هەندێك دێن و دەڵێن پێکهاتەی مێروولە نەرمی کەمە وەك شووشەیە(دیارە ئەمەش بەتەواوی ووردنییە، بەڵام بەڵێ هەندێ بەشی مێروولە نەرمی کەمە، بەڵام پەیوەندی بەشووشەوە نییە).

پاشان کارەکە پەرەدەسێنێت و نەناسراوێك لەسەر ئینتەرنێت دەنوسێت، زانای فەرەنسی (ناپلیۆن پۆناپرت) دۆزیویەتەوە، لەشی

مێرووله لەشووشه درووست بووه...هەروا قورئان ئەو وشەیەی بەکارهێناوه لەبەرئەوەی کارەکە وەك مامەڵەکردنە لەگەڵ شووشەدا..پاکوبێگەردی بۆخودا..ئیشەکە بڵاودەبێتەوە وەك ئەوەی یەکێك بێت لەپەڕجووەکانی ئیعجازی زانستی، پاشان هەمووی بۆیەکتری ئەگوازنەوە بێئەوەی بەهیچ شێوەیەك بەدواداچون و وردبینی تێدا بکرێت.

دواتر مولحیدەکان دێن و مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی کۆتاییدا دەکەن- دەڵێن زانست بەتەواوی بوونی پەیوەندی نێوان مێرووله و شوشه ڕەت دەکاتەوە!قورئانی پیرۆز لەبنەڕەتدا ئەوەی نەوتووه..بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بەم زانیارییە بەهێزدەبێت، خۆیان لەبارودۆخێکی خراپدا دەدۆزنەوە.

ئیعجازی ژمارەیی هات بۆ زیادکردنی کێشەکان. خەڵك دەڵێن گەورەیی بۆخودا بیّ ئەوەی وردبینی بکەن، چونکە لەوە ڕانەهاتوون دەربارەی کەسێکی باسوخواسی ئاینی دەکات بکۆڵنەوە..

ئەو ئەنجامەی گروپی ئیعجازی ژمارەیی هەوڵی بۆدەدەن ئەوەیە، قورئانێکی وا وردو و هاوسەنگ ناکرێت لەنوسینی پیاوێکی نەخوێندەوار بێت، لەسەدەی حەوتی زاینیدا ژیابێت، تەنانەت ناکرێت لە نوسینی پیاوێکی خوێندەواریش بێت، گەر لەوسەردەمەدا ژیابێت.

زۆرچاکە-ئامانجێکی زۆرجوانە- دەبێتە هۆی زیادکردنی پتەوکردنی بیروباوەڕی زۆر کەسان.

بەڵام دوایی بۆیان دەردەکەوێت ئەو زانیاریانەی، پێشکەشت کردووه هەڵەبوون، بانەڵێم درۆت کردووه..ئەوەتۆ بەشێوەیەکی زانستی پەیامێکی پێچەوانەت گەیاندووه پێیان... بەتەواوەتی دژو پێچەوانە.

دیاره لەوانەیە ئەوانەی ئەم ژمارانە باسدەکەن ڕونکردنەوەیان لەلابێت بۆئەم بابەتە، لەوانەیە داڕشتە(مشتقات)ە کانیان یاخود وشە نزیکەکانیان ژماردبێت و ئەنجامەکەی ڕاست بوو بێت، بەلام ئەوان ئەمەیان نەوتووە.

هەروا دەڵێن: قورئان باسی هەنگ و هەنگوین و سودەکانی دەکات وەك ئیعجازەك، لەگەڵ ئەوەی هەموو شارستانییەتە کۆنەکان سوود و بەکارهێنانەکانی هەنگوینیان زانیوە و بۆچارەسەر و چاکبوون بەکاریان هێناوە.

هەروا مامەڵەکردن لەگەڵ کەڵەشاخ وەك ئیعجازێك، لەکاتێکدا چارەسەرێك بووە لەوکاتەدا و خەڵکێك پێی ئاشنا بووە و هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نییە بیسەلمێنێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو لیستە دوورودرێژەی نەخۆش سودی هەبێت، کە بانگەشەی ئەوەدەکرێت کەڵەشاخ چارەسەریان دەکات..

چیرۆکی وەکوئەمە زۆرە..(مەککە)سەنتەری زەوییە یاخود وشکانییە..بیردۆزی ڕێژەیی پێش ١٤٠٠ساڵ لەقورئاندا هەبووە..

ڕۆمەکان تێکشکێنران لەنزمترین شوێنی زەوی، بەلام هیچ بەڵگەیەك نییە شەڕەکە لەم شوێنە و لەسەر کەناری دەریای مردوو بووبێت...ئاسمانەکان بە نێزەکی کشاو پارێزراون و ناتوانرێت مووشەك بهاوێژرێت تەنها لەچەند شوێنێکی دیاری کراوەوە نەبێت...دەزگای ناسا دەڵێت بەڵگەی دۆزیوەتەوە لەسەر لەتبوونی مانگ..کریستاڵەکانی ئاو دەگۆڕێ کاتێك قورئانی پیرۆزی بۆ لێدەدرێت..کونە ڕەشەکان هەر (الجوار الكنس)ی قورئانە.. بەراز بۆیە حەرام کراوە، چچونکە بوونی جۆرێکی دیاری کراو لەکرمی تێدایە، دەبێتە هۆی نەخۆشی ترسناك..، لەگەڵ ئەوەی هەمان کرم لەمانگاشدا هەیە..ژمارەی گەردیلەکانی ئاسن(٢٦)ە، ئەگەر بسمیلامان بەئایەتێك ئەژمارکرد ئەوا

ئایەتی﴿ وأنزلنا الحدید فیه بأس شدید﴾ (هەروا ئاسنیشمان دروست کردووە کەماددەیـەکی سـەخت و ڕەقـە) ژمارەکـەی دەبێـت بـە(٢٦)...زنجـیرەی سـوورەتی ئاسـن لـە قورئانـدا(٥٧)ە...کێشـی گـەردی ئاسـن بەنزیکەیی(٥٧)ە...ڕاستییەکەی بەنزیکـەیی(٥٦)ە...بـەڵام ئەگـەر سـورەتی فاتیحەمان سڕیەوە ئەوا زنجیرەی سورەتی ئاسن.

(الحدید)یەکسان دەبێت بەکێشی گەردی ئاسن!!!

ئەمە هەمووی بۆ؟ چۆن گەیشتینە ئێرە؟...ئایا ئامانج لێرەدا بریتییە لە زیادکردنی بـاوەڕی خـەڵکی یـا سەرسـامبوونێکی کـاتیی جـەماوەر؟... ئـیتر گرنگ نیە دوای ئەوە چی ڕوودەدات...

ئایـا ئـەوەی ڕوودەدات هەڵەیەکـە(بێ مەبەسـت بـوو) یان(مەبەسـتێکی) لەپشـتەوەیە...ئایا زانیارییـە هەڵـەکان لێـرەدا دروسـتکراون بەمەبەسـتێکی پێشـوەختە و سـووربوون لەسـەر کۆکردنـەوەی ڕەزامەنـدی و سەرسـامی دەربڕین، یان یەکێك بە هەڵە لـە شـێخ فلانـەوە گواسـتویەتییەوەو وردبـینی تێدانەکردووە. لەهەموو قسـەکانی پێشـوودا مەبەسـت لەکەسـێکی دیـاریکراو نییـە لەوانـەی لـە ئیعجـازی زانسـتی دەدوێن...بیرۆکەکـە پەیوەنـدی نییـە بەشێخ یان دکتۆر فلانەوە. ئەمەدیاردەیەکی بەربڵاوە و بووەتە هۆی ئـەوەی زۆرێـك لەگەنجـەکان بـبن بـە بێباوەڕ..بەکـەموەرگرتنی ئـەم بابەتـە بەبـەرگریکردن لەپلەوپایـەی شـێخەکان، لەوانەیـە ئـەم قسـانەی پێشـوو گرتبێتیانەوە، شتێکی زۆر پێکەنیناوی وگاڵتەجارییە...

ناتوانین بڵێین ئەمانـە هەڵـەن و قسـەی لـەدەم دەرچـوون..ببوورە ئەمـە ڕێبازێکە زۆرێك پشتی پێدەبەستن و تەنها هەڵەیەك نییە مرۆڤ نـەتوانێت لێـی ڕزگاربێت...ئەمەڕێبازە...ئـەو ڕێبـازەی باسـی پـەرچوو دەكـات، بـەڵام لەڕاستیدا خۆی کەموکورتە.

سازی و گونجاوییەکی کە لەنێوان ئەوەی قورئان باسی دەکات لەگەڵ ئەوەی زانست دەیڵێت دروست دەبێ، شتێکی سروشتیە...بەتایبەتی زەمانی قورئان فراوانبوونی واتاکان هەڵدەگرێت و پێشکەوتنی زانستی تێدایە..

بەڵام ئەمە شتێکی جیاوازە لەبیرۆکەی پەڕجوو.

بیرۆکەی پەڕجوو-بەپێی پێناسەکەی-جۆرێک لە ئالنگاریی لەخۆدەگرێت..

بەشێوازێکی پلەپلە و لەسەرخۆ هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنان و لێکدانی واتاکان تا بگونجێت لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکاندا.

بیرۆکەی ئەوەی ئەمانەمان لەنزیکەی ١٤٠٠ساڵەوە هەیە..

بەڵام ئایا پرسیارمان کردووە، بۆچی ١٤٠٠ساڵ چاوەڕێمان کرد تا ڕۆژئاواییەکان وامان لێبکەن قورئانەکەمان بەشێوەیەکی باشتر بخوێنینەوە..

بەڕاستیی بێباوەڕیوونێک هەیە دەرهاویشتەی ئیعجازی زانستییە، بەنیازێکی پاکەوە دەستی پێکرد..

نیازەپاک و چاکەکان، میتۆدی لەکارکەوتوو چاک ناکەنەوە...

(١٣) پەیامە ئاسمانییەکان

زۆرێك لەمولحیدەکان بەگرفتێکی گەورەی نابینن دان بنێن بەبوونی ((هێزێکی دروست کەرو بەدیهێنەر)) بۆ ئەم گەردوونە... لەکاتێکدا ئەو هێزە دەست وەرنەداتە ژیانیان، واتە بریتی نەبێت لەخودای کتێبە ئاسمانیەکان. هەنگاوی باوەڕهێنان بە پەیامە ئاسمانیەکان لەوانەیە قورسترین هەنگاو بێت.

بەڵگەکانیش تەواو جیاوازن ئەم گەردوونە مۆجیزە و سەرسوڕهێنەرە، دەکرێ ببێتە بەڵگە لەسەر بوونی دروستکەرو بەدیهێنەرێك.

بەڵام چۆن ئەم گەردوونە دەبێتە بەڵگە لەسەر بونی خوایەك، کە پەیامی بۆ مرۆڤ هەیە؟

خوایەك لەڕووی لۆژیکییەوە ڕێنمایی بۆ مرۆڤ هەیە؟

با لەژێربێژییەکەوە دەست پێ بکەین.

وا خەیاڵ بکە بەڕاستی ڕۆژێك لەناو کارگەیەکی گەورە دایت .

لەخەو هەستایت خۆت دیتەوە لەناو کارگەکەدا. پێشتر ئەو کارگەیەت نەبینیوە.

یەکێك لەوان تۆی خستووەتە ناو کارگەیەکی تایبەتی خۆی. دەرگای لەسەر داخستووی.

ئاگاداری نەکردووی، دەبێت چی بکەی. نە بە پەیامێکی نوسراو. نە بە پەیامێکی دەنگی، نە بە هیچ جۆرە پەیامێك، نەبەئاماژەیەك، نەبە هیچ شتێك.

نازانیت چی بکەی بەخۆت و بەئامێرەکانی کارگەکە یان بەکارگەکە، یان بەهەرشتێك..

لەوانەیە خۆت بگونجێنیت لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا.. هەوڵ بدەیت پلە بە پلە شوینی خۆت کەشف بکەیت، لەوانەیە بتوانیت پلە بەپلە لەکارگەکە تێ بگەیت، تێبگەیت لەوەی دەتوانیت چی بەکارگەکە بکەیت، دانانی تۆ لەلایەن خاوەنی کارگەکە بەبێ هیچ شتێك، و ڕێنماییەك لەوێدا هیچ واتایەکی نییە؟؟

ژێری پێمان دەڵێت دەبێت خاوەن کارگەکە بەهەر ڕێگایەك بێت ڕینمایی ڕوون و ئاشکرای بۆ کرێکارەکانی کارگەکە بەجێ هێشتبێت.

هەروەك چۆن پێویستە ڕێنمایی و پەیامی ئاشکرا هەبێت بۆ هەموو ئامێرێکی کە دەیکڕین و ئیشی پێ دەکەین.

هەروەك پێویستە دایك لەکاتی جێهێشتنی ماڵدا، ڕێنمایی ڕوون و دیار بۆ منداڵەکانی بەجێ بهێڵێت...

ئەمە بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا جۆرێکە لە ناڕەسەنی و ناتەواوی.

بەڵام! لەزۆربەی کاتدا ئەمە ڕەفتاری مرۆییە. لۆژیك لێرەدا لۆژیکی مرۆڤانەیە لەمامەڵەکردندا.

ئایا دەکرێ لێرەدا لۆژیکێکی مرۆییانە بۆ مامەڵەکردن بەسەر خودای دروستکەردا بسەپێنین؟ ئایا دەکرێت ڕەفتارێکی مرۆییانەی بەسەرا بسەپێنین؟

خاوەنی کار یاخود کارگە پێویستە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی لەگەڵ کرێکارەکانی کارگەکەیدا هەبێت...بەڵام چۆن ئەم ڕەفتارە مرۆییە ڕوون و ئاشکرایە دەپێورێت بەوەی کە (گریمانەی دەکەین) خودای دروستکەر بیکات؟!

ئەی بۆچی ئێستا وا گریمانەی دەکەین کە پێویستە خودا پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دروستکراوەکانیدا و هەروەکو چۆن پێویستە خاوەنی هەرکارێك ئەوە بکات؟ ئایا ئەمە وەك ئەوە نییە؟

ئایا ئەمە لەکۆتاییدا ڕەفتارێکی مرۆییانەی پەسەند نییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنانەت لەگەڵ مرۆڤیشدا حەتمی نییە؟

* * *

بۆئەوەی بیسەلمێنین دەکرێ خودای خولقێنەر پەیام بنێرێت ئەوا دەبێت لەڕێگای دروستکراوەکانیەوە ئەوە بدۆزینەوە، یاخود لەڕێگای ئەو یاسایانەوەی کە خودا لەگەردوندا داینـاوە. شتێك پێمان دەڵێت خودا هەڵدەستێت بە ناردنی چەندین پەیام... ئەم بابەتە لەکردارەکانیدا سەبارەت بە دروستکراوەکانی (نامۆ) نییە، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دروست بێت...پاك و بێگەردی بۆ خودای مەزن، کە لە لێکچواندن و هاوشێوە و هاوڕەنگ بوون دوورە.

بەدەربڕین و دەستەواژەیەکی تر.. پێویستە لەسەرمان بەشوێن سیفاتەکانی خوداوە بگەڕێین لەو سروشتەی خودا دروستی کردووە، پێویستە لەسەرمان ببینین سروشت چیمان پێدەڵێت لەسەر سیفەتەکانی دروستکەرەکەی..

لەنێوان ئەم سیفەتانەی هەوڵ دەدەین بیدۆزینەوە ئەوەیە خودا هەڵدەستێت بەناردنی پەیامەکانی و لە ڕەفتاری ئەوە لەدروستکردنی سروشتدا.

سروشت چی دەڵێت دەربارەی کردگارەکەی؟

ئێمە لەسروشتدا شتگەلێك دەبینین بەڵگەیە لەسەر هەندێك لەسیفەتەکانی پەروەردگار، هەر بۆ نموونە دەبینین خودا یەکە، بەو پێیەی هەموو شتێك دەستی پێکردووە لەناوچەیەکی زۆر بچوك و پاشان فراوان بووە، نەك لە چەند ناوچەیەکی جیاوازەوە کۆکرابێتەوە و چوویێتنە پاڵ یەك،جگە لەو رێك و پێکی و هاو ئاوازییەی لەئەم گەردونەدا هەیە، زۆر بەئاسانی دەبینین خودا زۆر بەتوانا (قدیر)ەو توانای خودا تەنها کورت ناکرێتەوە لەسەر دروستکردنی ئەم گەردوونە هەمووی. بەڵکوخودا توانای دروستکردن و داهێنانی شتی هەیە لەنەبوونەوە، لەڕێکخستنی ئەم گەردوونە و ئەو وورد‌ەکاریيانەی تێیدایە دەبینی کە خودا نەخشەکێش و دانا (حکیم)ە، دەبینین کەئەو زۆر زۆر دێرینە، ئەو هەمیشەییە (أزلی)ە لەسروشتدا، چەمکی کۆن و دێرین (قدیم) زاراوەیەکە لەپەرتوکەکانی بیروباوەڕدا بۆ وەسفی خودا بەکار هاتووە، بۆیە هیچ هۆیەك نییە بۆ نمایشکردن...

کاتێك وورد دەبینەوە لەو جیهانی زیندەوەرانەی خودا دروستی کردوون، لەئاسانترین خانەی زیندووەوە بۆ ئاڵۆزترین زیندەوەرەکان، دەبینین خودا ڕێنمایی بۆ بوونەوەران جێدەهێڵێت، ڕێنماییان ئاڕاستە دەکات، پەیامیان بۆ دەنێرێت .

چۆن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بەشە وانەیەکی ئاسانکراو لەوانەی زیندەوەران وەرگرین.

هەموو خانەی زیندەوەرەکان لە سادەترین جۆر لەجۆرەکانی بەکتریاوە تا دەگاتە بچوکترین ڕووەك و بچوکترین بونەوەرە دەریاییەکان، تا دەگاتە هەموو ئەو ئاژەڵ و ڕووەکانەی پێی ئاشناین تا دەگاتە ئێوەی بەڕێز، هەموو خانە زیندووەکان لە ئەم دروست کراوانەدا ماددەیەك لەخۆ دەگرێت،

دەتوانرێت دابنرێت وەك مسۆدەیەك یاخود هێلکارییەك یان پرۆگرامی کاری هەموو خانەیەك، ئەم مسۆدەیە بریتیە لە دی ئێن ئەی، ئەم (DNA)ەیە هەموومان پێکەوە دەبەستێت، هەموو زیندەوەران جگە لە(ڤایرۆسەکان !).

DNA ئەو بەشەیە، کە هەموو زانیارییە بۆماوەییەکان یا مسۆدەیەك لەخۆدەگرێت، تایبەتە بەگەشە و زۆربوونی هەموو بونەوەرە زیندووەکان.

بەدەستەواژەیەکی تر DNA (نەخشە نهێنییەکە یاخود جفرە تایبەتی یەکەی هەموو بونەوەرێك، یان هەموو خانەیەك لە هەموو بوونەوەرێکدا لەخۆ دەگرێت.

چۆن DNA ئەمە دەکات؟

با لەیەکەکانی دروستکردنی ژیانەوە دەست پێ بکەین.

ترشە ئەمینیەکان / بریتین لەماددەیەکی کیمیایی لەناو لەشی مرۆڤدا، ژمارەیان (٢٠) ناوکەترشە و بۆ هەموو یەکێکیان پێکهاتەیەکی جیاواز هەیە.

ئەم ترشە ئەمینیانە وەك یاری برین ی (لیگۆ) وایە کە ئەتوانرێت هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان یەکبگرن، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پێکبهێنن لە پرۆتینەکان.

هەموو پرۆتینێك، بەهۆی ڕێکخستنی لیگۆیەکی دیاریکراو گەشە دەکات.

کەواتە ترشە ئەمینیەکان، پرۆتینەکان دروست دەکەن،پرۆتینەکانیش خانەکان دروست دەکەن، خانەکانیش شانەکان پێك دەهێنن، شانەکانیش ئەندامەکان پێك دەهێنن، ئەندامەکانیش کۆدەبنەوە بۆ دروستبوونی زیندەوەر.

(DNA) لەکوێی هەموو ئەمەدایە؟

(DNA) هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕێگەی ڕێکخستنی ترشە ئەمینیەکان، ڕێگای پارچەکانی لیگۆکە، ئەوە (DNA) یە ئەو شێوازە پێشکەش دەکات و چارەسەرییەکە ڕێك دەخات و بەدەوریدا ڕیز دەبەستن، بۆ ئەوەی پرۆتینی گونجاو بەرهەم بهێنن، (DNA) بە کاغەزی دروستکردنی ئەو شێوە جیاوازانەی لەگەڵ یاریی لیگۆی تایبە کراون دەچوێنرێت، بۆ نموونە دروستکردنی قەلایەك، هەنگاو بە هەنگاو شوێنی هەموو پارچەیەك ڕوون دەکاتەوە، هەر هەڵەیەك لە زانیارییە هاتووەکانی (DNA)دا، هەڵەیەك بەرهەم دێنێت لە دروستکردنی پرۆتینی پێویست، بەمەش زنجیرەکە کۆتایی دێت...

زنجیرەی دروست کردنی ژیان:

چواندنێکی تر.. (DNA) ئەو نەخشەیە پێشکەش دەکات، کە دەبرێت بۆ کارگە، تا بەشە جیاوازەکانی ئۆتۆمبێلێك بەرهەم بهێنێت، ئەگەر نەخشە نەبێت، کەواتە بەشە جیاوازەکانیش نییە. کەواتە ئۆتۆمبیلیش نییە.

ئەو میکانیزمە چیە لەو میانەدا (DNA) بۆ ئەو کارە پێی هەڵدەسێت؟

ئێمە لێرەدا زۆر ناچینە ناو وردەکارییەوە، سەرەڕای جوانی و سەرنجڕاکێشییەکەی. بەڵام بەکورتی (DNA) هەڵدەستێت بە لەبەرگرتنەوەی ڕێگای کارکردنی یاری لیگۆ یان ڕێگای ڕێکخستنی ترشە ناوەکییەکان، کە ناودەبرێت (RNA) وناردنی بۆ رایبۆسۆم (هەموو ئەمانە لەخانەیەکی زیندوودا)، کە پەڕلەی نێردراو دەخوێنێتەوە، و هەڵدەسێت بە ڕێکخستنی ترشە ئەمینییەکان لەسەر بنەمای هێڵکارییە نێردراوەکە، بۆ ئەوەی پرۆتینێکی جیاواز بەگوێرەی چارەسەرەکە پێکبهێنێت.

جارێکی تر: ترشە ئەمینیەکان. پرۆتینەکان . خانەکان. شانەکان......هتد

(DNA) هەڵدەسێت بەناردنی پەیامگەلێك كۆنترۆڵی هەموو ئەمانە دەكات، هەموو خانەیەك لەلەشدا بەبەردەوامی ئەمە تیایدا روودەدات، تەنها جارێك ڕونادات و كۆتایی بێت. هەندێك لەخانەكان بەدرێژایی كات بەو شێوەیەن، وەك خانەكانی بەرپرسیار لە ڕەنگی پێست یان بەرهەمهێنانی هیموگلۆبین.. هەندێكیان لەكاتی تازە بوونەوەدان، ئەمە لەهەموو بوونەوەرێكی زیندوودا ڕوودەدات... تا ژیان بەردەوام بێت ئەمەش بەردەوامە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدەدا ئەگەر ئەو ڕێنماییە ئاراستەكارانە نەبوونایە، كە (DNA) بۆ ریكخستنی برینی لیگۆكە_ترشە ئەمینیەكان _ئەیگوازێتەوە، بۆئەوەی پرۆتینەكان پێكبهێنێت... ئەگەرئەم نامانە نەبێت، كە چارەسەری دیاریكراو و ڕێگای كارەكە لەخۆ دەگرێت، ئەگەر ئەو ڕێنماییانە نەبێت، لە پەیامی (DNA) دا هەیە، هەموو ئەمانە ڕوویان نەدەدا.... ژیان بەردەوام نەئەبوو بەڵكو ژیان لە بنەرەتدا هەر نەدەبوو.

ئا لەوێدا ڕێنمایی هەیە بۆ ژیان.. لە قوڵایی سروشتی زیندوودا.. ڕێنمایی بۆ هەموو خانەیەك لەلەشدا، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت..

چۆن ئێمە گەیشتینە ئێرە؟

ئێمە لە چۆنیەتی دروستكردنی ژیان دا، بۆ سیفاتەكانی بەدیهێنەر دەگەڕاین..

لێرەدا سروشت، دەربارەی بەدیهێنەرەكەی، چ هەواڵێك بە ئێمە دەدات؟

سروشت پێمان دەڵێت یەك لە سیفەتەكانی ئەم دروستكەرە ئەوەیە، ڕێنمایی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە !

چەندین پەیامی ووردی، سەبارەت بەوەی پێویستە ئێمە چیبكەین ناردووە.

لێرەدا ئێمە قسە لەسەر باوکێك ناکەین، کاتێك لەماڵەوە نییە، هەندێ ڕێنمایی بۆ منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت.

یاخود خاوەن کارگەیەك نامەیەکی چۆنیەتی بەکارهێنان لەگەل ئەو ئامێرەدا دەنێرێت، کە دەیفرۆشێت .

ئێمە قسە لەسەر ڕەفتارێکی مرۆییانە ناکەین، ئەوە لەکۆتاییدا بژاردەیەکی تاکەکەسی مرۆڤەکان خۆیانە..

لەسەر ڕەفتاری خوداییانە لەگەڵ هەموو ئەو خانە زیندووانەی ئێمە دەیانناسین، قسە دەکەین.

ڕەفتارێك بەدیهێنەر هەرگیز وازی لێنەهێناوە.

لەگەڵ هەموو خانەیەکی زیندوودا چەند ڕینماییەکی روون و ئاشکرا هەیە.

لەسیفەتەکانی خودا ئەوەیە پەیامی بۆ مرۆڤەکان ناردووە.

***

ئایا دەکرێت، خودا پەیام و ڕێنمایی ناردبێت بۆ پرۆسە زیندەگییەکان، بەڵام جۆرێك لەجۆرەکانی ڕینمایی جێنەهێشتبێت بۆ خودی ژیان، کە ژیان ئامانجی کردارە زیندەگیەکانە.

ئایا دەکرێت ڕینمایی ناردبێت بۆ هێلکەکان و تازەکردنەوەی پێست و خرۆکە سوورو سپیەکانی خوێن. بەڵام ڕینمایی بۆ ژیان نەناردبێت، تا چۆن بژێت؟ئامانج چیە لەژیان؟

ئایا دەکرێت خودا ڕینمایی، بۆخانەکانی چاو ، تا چۆن خۆیان تازە بکەنەوە ناردبێت.. پاشان ڕێنمایی نەناردبێت کاتێك ئەو چاوە دەکرێتەوە بەسەر ئەم جیهانەدا، و ببینێت خاڵییە لە هەر ئامازە و ڕێنماییەك لە دروستکەرەکەیەوە.

ئێمە بە ڕەفتاری مرۆییانە نایپێوین، بەڵکو لەسەر کرداری خودای پاك و بێ لەکە خۆی پێوەر دادەنێین، بەپێی ئەو سروشتەی دروستیکردووە، لە کردارەکانی رادەمێنین..

کەواتە پێویستە خودا راستەوخۆ ڕێنمایی و پەیامی بۆ ئێمە ناردبێت.

هەروەکو چۆن ئەمەی لەگەڵ هەموو خانەیەك لەخانەکانی لەشماندا کردووە.

ئەگەر ئەمەی نەکردبێت، شتێکی زۆر زۆر نامۆ دەبێت.

* * *

نەدەکرا ئەم پەیامە لە بەدیهێنەرەوە بێت، مەگەر لەڕێگای دیاردەیەکەوە نەبوایە ، ئەو دیاردەیەش ئێمە وەك مرۆڤ جیا دەکاتەوە.

پەیامەکە لەرێگەی (DNA) یەوە بوو بۆ هەموو زیندەوەرەکان، لەپێناو دروستکردنی خانە زیندووە یەکگرتووەکان.

بەلام پەیامە ئاراستەکراوەکەی تر بۆ ئادەمیزاد، لەرێگای دیاردەیەکەوە ئاراستە دەکرێت، مرۆڤ جیا دەکاتەوە لەهەموو بونەوەرەکانی تر.

ئەویش زمانە.. یەکێك لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لەهەموو دروستکراوەکانی تر. بەڵێ. زۆرێك لەگیانداران هۆکاری لە یەکگەیشتن لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام زمانی مرۆییانە بەتەواوەتی جیاوازە لەو تێگەیشتنە.

بەراستی زمان لە ئاڵۆزترین دیاردە مرۆییەکانە و زۆرترین پەیوەستیی هەیە بە گەشەسەندنی ژیاری مرۆیی..لەڕێگەی زمانەوە مرۆڤ بیرو بۆچونەکانی گەشەپێدا، و ئاڵوگۆری پێکرد و شارەزایی و زانیارییەکانی گواستەوە و سۆزو حەزەکانی دەربڕی، پێش زمان (ئەگەر شتێکی لەم چەشنە هەبووبێت) بیرو بۆچوونەکان، بیروبۆچوونی سادەو خاوەن تاکرەهەند بوون.

بەلام زمان بیروبۆچوونەکانی پێش خست و قوڵی کردەوە، سەبارەت بەئێمەش وەك ئیماندار، بەراستی گەشتی مرۆڤایەتی هاوشان بووە لەگەڵ زماندا، کاتێك خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم (علیه السلام)کرد...

کەواتە زمان ئەو چوارچێوە و لەخۆگرەیە، خودا هەڵی بژاردووە بۆ ئەوەی پەیامەکەی پێدا بنێرێت بۆ مرۆڤ...

بەهەرحاڵ، من قسە لەسەر پەرتووکە ئاسمانیەکان دەکەم، سەبارەت بە پەیامە ئاسمانیەکان...سەبارەت بە پێغەمبەرایەتی...سەبارەت بە (صحف)ی ئیبراهیم و (تورات)ی موسا و (زبور)ی داود و (انجیل)ی عیسا... هەروا سەبارەت بەو قورئانەی دابەزێنراوە بۆ محمد(ﷺ) ئەدوێین..

لەوانەیە پەرتووکیپیشووی تر هەبوبێت، بۆ پێغەمبەرانی تر دابەزێنرابێت، بەلام نەسخ بووەتەوە و ئەمڕۆ هیچ شوێنەوارێکیان نەماوە.

درێژە نادەم بەقسەکردن لەسەر پەرتووکە ئاسمانیەکان.

بەلام باوەرم وایە هەڵبژاردنی زمانێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی پەیامێکی پێدا بنێرێت، لەبەر بوونی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی ئەو زمانەیە لەو کاتەدا. بەلام لەبارودۆخێکی دواتر و لەماوەی داهاتووتردا ئەم زمانە ناتوانێت لەهەڵگرتنی پەیامەکە بەردەوام بێت.

لەبەر ئەم هۆیە، هەڵگرانی ئەم پەیامە زمانی ئاینەکەیان دەگۆڕن بۆ زمانێکی تر، بۆ پارێزگاریکردن لە ئاینەکەیان، بەلام ڕاستییەکەی کرداری گواستنەوە زۆرێك لەناوەرۆکی تێکستەکان لەدەست دەدات.

هەروا باوەڕم وایە، هەڵبژاردنی زمانی عەرەبی بەدیاریکراوی، لەبەر ئەوەبوو، ئەم زمانە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی بووە، بەشێوەیەك توانای تازەگەری و فراوان وونی بەڕادەیەك پێ دەبەخشێت، کە ئەو پەڕی واتای پێویست بدات بە ووشەکان.

ئەمە دووبارە، باوەڕی تەواوم پێیانە. دەشزانم پێویستیان بەبەڵگە و سەلماندن هەیە تاجێگیر بکرێت، بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بە ئەم باسە بهێنم، دەزانم پەروەردگار لەکاتێکدا هەر زمانێکی هەڵبژاردبێت، کە دواتر بەرگەی نەگرتبێت، زانیویەتی لە داهاتوودا چی بەسەر دێت، هەر بۆیە ئەو پلەبەندییەش، کارێکی زۆر گرنگ بووە بۆ جیاکردنەوەی خاڵە بەهێزەکانی کۆتا پەیامی محمد (ﷺ).

پەرتووکە ئاسمانییەکان تەنها شتێك نین لەگەڵ پێغەمبەران هاتبن، بەڵکو زۆر جار پاڵپشتی کراون بە پەرجووەکان.

پەرجووەکانیش کارێکی نائاسایی بوون لەسروشتدا، خاوەنی پەیامەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەو ئالنگاریی ئەوانەی بێباوەربوون پێی هەڵدەستا، زۆرجار مولحیدەکان داوای کارێکی نائاساییان دەکرد لەپێغەمبەران، زۆر جار هەر ئەوانیش دانیان بەراستدانانی پێغەمبەرەکەدا نەدەهێنا.

لەرووی ژیرییەوە، چ شتێکمان هەیە بۆ تێگەشتنی ئەو پەرجووانە؟ ئەمە کارێکی سروشتی ئاساییە، و لەبەر ئەمەش گەردن کەچ نابێت بۆ ژیری، ئەمە کارێکە بێباوەرەکان داننانێن بە راستیی ڕودانیدا، تەنانەت زۆرجار ئەگەر خۆیان لە شایەت و بینەرانی پرجووەکانیش بن.

بەڵام ئێمە باوەرمان بەرودانیان لەکاتی خۆیدا هەیە، وەك ڕووداوگەلێکی نائاسایی، کە دووبارە نابنەوە، باوەڕیشمان وایە سەردەمی پەرجووەکان لەگەڵ هاتنی قورئاندا کۆتایی هات.

قورئانی پیرۆزیش خۆی پەرجوە بەڵام لەجۆرێکی زۆر جیاوازی تری پەرجووەکانی تر... بەراستی ویستی خودا وابوو قورئان لە ڕەگەزی ئەو چوارچێوە و جۆرە بێت، کە پەیامەکەی هەڵگرتووە.

بەدڵنیاییەوە، مولحیدەکان باوەڕیان بە هیچ کام لەمانە نییە، هەموو پەرتووکە ئاسمانیەکان بەقسەی ئەوان تەنها پەڕاوێکی ئاسایین، مرۆڤانێکی چاکەکار داینـاون و شـوێنکەوتووەکانیان لەمـەدا یارمـەتییان داون... ئەمـە ووتەی مولحیدە بەڕێزەکانە.

ئێمە باوەڕمان وایە کارەکە بەم شێوەیە نیە، بەڵکو کارەکە پەیوەستە بە نیگای خوداییەوە...

کەواتە سەنگی مەحەك لەکوێیە؟ چۆن جیاکاری بکرێت لەنێوان پەیامێك و پەیامێکی تر یان پەرتووکێك و پەرتووکێکی تردا؟

مـن بـاوەڕم وایـە، لەبەرئـەوەی تێکسـتە بنەڕەتییـەکان تووشـی هـیچ گۆڕانکارییـەك نـەبووە، تێگەیشـتنی مرۆڤـی تـێ چـووبێت... هەربۆیـە هـیچ دژیەکییـەك لـەگونجان و پتـەوی پەیامەکـە خۆبـەخۆی یـەك لـەئارادا نییـە.. لـەوەی بەبـەردەوامی و بەدرێـژایی سـەردەمەکان، توانـای وەڵامدانـەوەی هەیە...

بـۆ ئـەوەی ئـەوان بیسـەلمێنن کارەکـە نیگـا نیـە، دەسـت دەگـرن بـە زەرەبینـی گـەورەوە و هـەوڵ دەدەن چـەندین دژیـەکی و هەڵەیـەکی تێـدا ببیننەوە.

لێ ئەوان لەکونی دەرزییەوە دەڕوانن.. دەگەڕێن بەشوێن دژیەکییەکانـدا بەڵام بۆ سەرەوە ناڕوانن.

هەر دژیەکییەك بانگەشەی بۆ دەکـەن یـان دژیەکییـەکی کـە بەگومانـەوە بەسەریدا ڕۆشتبین...

شـتێك هەرهـەبووە بێتوانـا بـووین لـەبینینی، ئـەو شتەیشـە، گومـانی دژیەکییەکە لادەبات.

ئەوان دەڵێن: بەڵام ئێوە، لەپێناوی لابردنی دژەیەکەکاندا، لەتی دەکەن و پێوەی دەنوسێنن و پینەی دەکەن

ڕاستییەکەی کاتێک وورد دەبینەوە لەوەی ئەوان بە وزەڕەبینە گەورەکراوە دەیکەن، دەبینین ئەوە ئەوانن خەریکی لەتکردن و پێوە نووساندنن.

لەزنجیرەکانی داهاتوودا هەموو ئەو دژیەك و کێشانە دەخەینە ڕوو، ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن.

هەمووشتێك چارەسەر ناکەین..

بەڵام چەندین ڕێوشوێن بۆ روونکردنەوەی نەبوونی دژیەکی و تێکگیران دەبینینەوە...

(١٤) مێژووی ئایینەکان

مولحیدەکان چەندین پرسیار سەبارەت بەمێژووی ئاینەکان بەشێوەیەکی گشتی دەوروژێنن، نەك تایبەت بێت بەئاینێکی دیاریکراو، بەڵکو ئاراستەی کۆی ئەزمونی ئایینە مێژووییەکان دەکرێت، بەتایبەت ئایینە ئاسمانی یان ئیبراهیمییەکان...

هەر بۆنمونە: ئەوان دەڵێن: ئایین و پەیامبەران و پەرچووەکان بریتین لەئەفسانە و پڕوپوچی پێشینان و باوەڕپێکردنیان لەلایەن نەزان و نەفامەکانەوەیە، ئەگەر درۆکردن لەگەڵ گەلانی نەفام و نەزانی ئەمڕۆی سەردەمی زانستدا ئاسان بێت، ئەوا لەسەردەمەکانی نەزانی پێشوودا زۆر ئاسانتر بووە..

ئەوەی برەو بەم تێڕوانین و بۆچونانە دەدات، بڕوای وایە باوەڕ بەخوا لەهەندێ کات و سەردەمدا ئاسان بووە، لەو سەردەمەی ئەفسانەکانی تێدا بڵاو بووە. ڕاستییەکەی، ئەو دوژمنایەتییەی، لەکاتی بانگەشەکردنیاندا، توشی پەیامبەران بووە، شتێکی زۆر جیاوازترمان سەبارەت بەم وێناکردنە لەمیانی گوتاری قورئانییەوە، پێ دەڵێ، بەڵکو لەمیانی ئەو هەموو کتێبە ئاسمانییانەی پێش قورئان هاتووە، وا ئەبینین هەڵوێستی باوەڕنەکردن بەهەبوونی خودا و نێردراوەکانی بەبەردەوامی هەبووە، بەڵکو زۆرێك لەو بێباوەڕانە ڕێك هەمان قسەی مولحیدەکانی ئەمڕۆ دەڵێن، ﴿ ... إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾ ﴾ (الأنفال)، واتە: ئەم قورئانە تەنها قسەی ئەفسانەو پڕوپوچی پێشینانە.

بەڵکو زانستی مێژووی مرۆڤ (ئەنترۆپۆلۆژیا) ئاماژە بۆئەوە دەکات، (ئیلحاد) پێش گەشەسەندنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کەوتووە و باوەڕ لەقۆناغێکی دواتری گەشەسەندنی بوونی مرۆییدا ڕوویداوە.

بەهەمان لۆژیک، هەندێك لە مولحیدەکان پەیوەندییەك لەنێوان باوەڕ و دواکەوتوییدا دروست دەکەن، ئایا ئەمە وا لە ئیلحاد ناکات ببێتە جۆرێك لەگەڕانەوە بۆپێش – هۆمۆسابیانز– مرۆڤی نوێ؟

دوور لەم گفتوگۆیە، ئێمە وەك مرۆڤ هاوبەشی دەکەین لەگەڵ گەلانی دێرینی ناشارستانی، لەزۆر کاروباری سەرەکی وەك: هەناسەدان و سێکس و خواردن و هەستی خۆشەویستی و غیرە و... هتد، هەروا باوەڕبوون بەئایین، ئایا پێویستە لەسەرمان واز لەهەناسەدان و خواردن و سێکس بهێنین لەبەر ئەوەی کەلە ناشارستانییەکان پیادەیان دەکرد؟!

لەنمونەی تێڕوانینی هەندێ لەمولحیدەکان بۆمێژووی ئاینەکان، چەند وێنەیەکی دەستاودەستکراوە، کە زۆرینەی سیمبول و هێما ئاینییە ناسراوەکان لەهەموو جیهاندا لەخۆ دەگرێت، گەورەمان مەسیح /بوزا/ شیفا خوای هیندۆس / هەروا / فیلی پیرۆز لەلای هیندییەکان / قوشی پیرۆز لەلای ئەزتیك... هتد.

لەگەڵ وێنەکەدا دەربڕینێك هەیە پێت دڵێت ٥٠٠٠ خوا هەیە لەجیهاندا دەپەرسترێت...

بەڵام ڕاڕا مەبە...

پەرستراوی تۆ خوایەکی ڕاستە...

بێگومان وێنەکە، بەزیرەکی گێراوەو دیزاینەرەکەی دەزانێت چۆن لەگەڵ جەماوەردا هەڵسوکەوت دەکات، ئامانجی وێنەکە بریتییە لەوەی وەرگر هەست بەوە بکات، قەبارەی خواکەی ئەو چەندە بچوك و کەمبایەخە لەنێوان

٥٠٠٠ خوای تردا، پوچی و بێ مانابیه تەنها خوایەکەی ئەو ڕاست بێت... یان بیرۆکەی خودا خۆی شتێکی پڕوپوچە وەك ئامانجی کۆتایی...

لەڕووی مەبدەئیەوە، ژمارە ٥٠٠٠، کە بەنزیکی وەرگیراوە زیادەڕەوی تێدایە، کاتێك ٤٢٠٠ نزیك دەکاتەوە لە ، ٥٠٠٠ لەبری ئەوەی نزیکی بکاتەوە لە ٤٠٠٠... بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك کێشە نییە، کێشەکە ئەوەیە ٤٢٠٠ هەرگیز تایبەت نییە بەخواوە، بەڵکو تایبەتە بە ئاینەکانەوە! جیاوازییەکە گەورەیە... بۆنمونە ئەگەر سێ ئایینە ئیبراهیمیەکە کۆبکرێتەوە و بڵێیت سێ خودایان هەیە، ئەوە بە سادەو ساکاری ئەتوانین بڵێین چەواشەکاری کراوە.

شێواندنەکە لێرەدا بووەتە هۆی یەکسانکردن لەنێوان ئایین و لەنێوان خواوەند، هەرچەندە بابەتەکە لەوانەیە، لەکرۆکدا وێنای جیاواز بێت بۆهەمان خواوەند... ئەمەش بابەتێکی زۆر گرنگە لە ئایینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا، یەك خودایی... بەڵام تێگەیشتن و وێناکردن و دەربڕین لەبارەیەوە لەئاینێکەوە بۆئاینێکی دیکە جیاوازە..

شێواندنەکە تەنها لێرەدا ناوەستێت، بەڵکو دەگاتە ژماردنی هەموو ئەو تایەفە و گروپانەی، سەر بەئایینە سەرەکییەکەن، تا دەگاتە ئاینە جیاواز و سەبەخۆکان، بەڵکو تەنانەت گروپە دابڕاوەکان لەگروپی ترەوە وەکو ئاینێکی جیاواز لەم شێواندنەدا ئەژمارکراوە، بۆنمونە (شهود یهوه) لەگەڵ مەسیحی، سەبتیەکان لەگەڵ مەسیحی ئەژمار ناکرێت، تەنانەت لەگەڵ پرۆتستانتیش ئەژمار ناکرێت، بەم شێوەیە بێگومان لە لیستی هەموو گروپ و تایەفەکان و هەریەکێك لەوانە، خواوەندێکی بۆزیاد دەکرێت بە پێی لیستی خواوەندەکان، لای ئەوکەسانەی بەم شێواندنە هەستاون.

بـەڵێ لەجیهانـدا ئـاییني زۆر هەیـە، بـەڵێ دەكرێـت ئـەم پرسـیارە بەشـێوەیەكی بـەهێزو بـێ دودڵـی بخرێتـە ڕوو: بۆچـی پێـت وایـە تـەنها ئایینەكەی تـۆ ڕاسـتە؟ بـەڵام ژمارەكـە زۆر كـەمتر دەبێـت لـەپێنج هـەزار... بەڵكو كەمتر دەبێت لەبیست ..

كاتێك كارەكە بەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو ئەوا شـیاوتر دەبێـت و شـایەنی گفتوگۆكردنـە: بۆچـی خـودا ئایینـە جیاوازەكـان دادەنێـت و دواتـر بەخـەڵك دەڵێت، ئاینەكانی تر لەبیر بكەن و باوەڕ بەئیسلام بكەن؟ ئەگەر ئیسلام ئەو ئاینەیە، بۆچـی لەسـەرەتادا نـەبوو؟ سـەبارەت بـە ئاینـە ئیبراهیمییـەكان، دەتـوانین وای دابنـێین، چـەند لەبەرگێراوەیـەكی بەدوایەكـداهاتووی تازەكراوەی یەك ئاینن لەبنەڕەتدا...

ئیسـلام كۆتـا كـۆپی و لەبەرگێراوەیـەتی و كۆتـا ئەبـدەیت و تازەكردنەوەیەوە، بۆچی چەند كۆپی و لەبەرگێراوەیەكن نـەك یـەك كـۆپی؟ لەبـەرگێراوەی كۆتـایی پێویسـتی هەیـە بەهـەموو ئەبـدەیت و تازەكردنەوەكانیەوە، بۆئەوەی بەتەواوی لەوە تێبگەین بەشی پێشتر هەیـە، تا سوود لەهەڵەكان و ئەزمونەكان وەربگیرێـت، پێویسـتە لەهـەموو ئەوانـەی پێشـووترەوە فێرببیـت، سـود لەكەڵەكـەبوونی ئەزمونـەكان وەربگریـت، بۆئەوەی بگەیتە ئەزمونێكی باشتر.

دەكرێت بەرپەرچ بدەنـەوەو بڵـێن: لەوانەیـە پەرسـتراوەكەتان بـەقۆناغی پێگەیشـتن و گەشەسـەندن لەبیروبۆچـونەكانی دا تێپـەڕ بوبێـت، بۆئـەوەی ئاینێك بنێرێت بـۆ ڕاسـتكردنەوەی ئـاینێكی تـر و نێردراوێـك بنێرێـت ڕەخنـە لەنێردراوێكی تر بگرێت.

بەهیچ شێوەیەك پەیامبەرێك ڕەخنەی نەگرتووە لەنێردراوێكی تر، ڕەخنەگرتنەكان بەردەوام لەسەر ئەو كەسانەبوون ڕێنومایی پەیامبەرانیان دەگۆڕی یان بەكاریان دەهێنا یان خراپ لێی تێگەیشتبوون...

هەركەسێك ژیری هەبێت دەزانێت، فێربوون لەهەڵەوە دەبێت و سەرنجوەرگرتن لەهەڵەكان، لەئەزمونی مرۆڤەكان بەشێوەیەك مرۆڤ فێردەكات هیچی كەمتر نییە لەفێربوونی شتی ڕاست و دروست، هەروەك چۆن هەر خاوەن ژیرییەك جیاوازی دەكات لەنێوان ئەوەی جێگیرە و پێویستە وردو ڕون بكرێتەوە لەگەڵ ئەوەی بەپێی شوێنكات، گۆڕانكاری بەسەردا دێت و شایستەی تێگەیشتنەوەی نوێیە...

بەدڵنیاییەوە، هەندێ لەباوەڕداران هەمان تێڕوانینی وشك و وەستا و تەبەنی دەكەن، هەموو شتێك لەیەك سەبەتەدا دادەنێت، ئەو كەسانە بەشێكن لەو كێشەیەی ڕێگە خۆش دەكەن بۆ بێباوەڕی.

بۆچی هەموو ئاینە ئاسمانییە بڵاوەكان لەهەموو جیهاندا، لەیەك شوێنەوە هاتوون، ئەویش خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە؟ ئەمە واتای ئەوە نییە خودا ڕێنماییەكەی تایبەت كردووە بەم شوێنە بەدەر لە هەموو جیهان؟

كاتێك باسی ئایینە ئیبراهیمییەكان دەكەین و بەراوردی دەكەین لەگەڵ ئاینەكانی تردا، ئەوا بەكرداری باسی یەك پەیام دەكەین بەڵام بەچەند وێنەی یەك لەدوای یەك.. یان تازە كردنەوەو ئەبدەیت و ڕاستكردنەوەی یەك لەدوای یەك.

بەدەربڕینێكی تر: خودا ئاینی ئیبراهیمی تایبەت نەكردووە بەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵكو ئیبراهیمی تیا تایبەت كردووە، سروشتی و ئاسایی بوو، پەیامەكانی دواتر، كە تەواوكەری پەیامی ئیبراهیمین لەهەمان ناوچەدا بێت، نەك ئەوەی یەكێكیان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و

تەواوکارەکەی لەچین و سێیەم لەئەمریکای باکور بێت، کەواتە بۆچی خودای گەورە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵبژاردووە بۆئەوەی پەیامەکەی تیادابنێت؟

لەوانەیە لەبەر هەمان هۆکاربێت، کە ئەم ناوچەیە و دراوسێکانی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و حەوزی دەریای ناوەڕاست) چەندین شتی تری وەك ئەلفبێ و عەرەبانە و کەشتی چارۆکەدار و وێنە و بیرکاری و دەستوری دیموکراسی و شانۆی پێشکەشی جیهان کردووە.

هەموو ئەم کارانە بەهەمان شێوە لەم ناوچەیەوە بەرهەم هاتوون و دواتر بەهەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە، ئەی بۆچی ئەمە پەسەند دەکەین، بەڵام کاتێك کەپەیوەندی بەئاینەوە دەبێت ڕەتی دەکەینەوە؟ بەڵام ئایا هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئەم دوو کارەدا هەیە؟

بەدڵنیاییەوە ئەوە بەڕێکەوت نییە کەئەم ناوچەیە لانکەی گرنگترین شارستانیەتەکانە لەجیهانداو، هەروا لانکەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکانە.

ئەو تایبەتمەندییە شارستانیەتییەی ئەم هەموو بەرهەمهێنراوەی پێشکەش کردووە کەنیشانەی گرنگ بوون لەڕێگەو ڕەوتی گەشەو گۆڕانکاری مرۆڤایەتیدا، هەر ئەمە وای کرد لەئەم ناوچەیە زیاتر لەئەوانی تر ئامادەبێت بۆ پەسەند کردنی پەیامە ئاسمانیەکان و دواتر بڵاو کردنەوەی...

پلەی گەشەو گۆڕانکاری شارستانیانەی پێشکەوتوو لەئەم ناوچەیەدا وای کرد دابەزینی پەیامەکان لێرەوە بێت.

دەڵێین: ئەی چی دەوترێت دەربارەی گەل و نەتەوەکانی تری گۆی زەوی؟ ئایا بەبێ پەیامبەرو نێردراو مانەوە؟ باوەڕداران دەڵێن چەندین ئایەت هەیە کەنێردراو لەهەموو گەلێکدا هەبووە، ئەی بۆچی کتێبە پیرۆزەکان باسیان نەکردوون؟

بۆچـی باسـی بکـات؟ چـۆن بـزانین بۆنمونـە ئیـدریس (سـەلامی خـوای لەسەربێت) نێردراوێك نەبووە لەنێردراوەکانی گەلانی تر؟ بەو پێیـەی کـەزۆر دەربارەی نازانین، زۆریش دڵنیا نین لەوکەمەی کەدەیزانین.

قورئـــان ئەفـــەرموێت: چـــەندین پەیامبـــەر هـــەبوون کەچـــیرۆك و بەسەرهاتەکانیان باسنەکراوە.. لەوانەیە بەتەنها نێردراو بوبن بـەبێ ئـەوەی کـەخاوەنی ئـاینی تـازەی سـەربەخۆ یـان کتێبـی ئاسمـانی بـوبن. پرسـیار دەکەن: چۆن؟

دەتانـەوێت ئـەو چـیرۆك و بەسـەرهاتانەی کـەڕویان داوە لەناوچـەیەکی جیهاندا کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەبێت؟ چۆن چینیەك بکەوێتـە ژێـر کاریگەری چیرۆك و بەسەرهاتی سەمودەوە؟ چۆن ئێرلەندییەك کارلێك بکـات لەگەڵ چیرۆکی عاددا؟

ڕاستییەکەی و بەکرداری ئێمە کاریگەر دەبین بەو داناییـەی کەلەچینەوە دێت یان ئەو پەندەی کەلە ئیسکیمۆوە دێـت، زۆر گرنگـی نـادەین بەشـوێنی وتنی حیکمەت و داناییەکە یان هەبوونی لەهەر کیشوەرێکدا.

ڕاســتیەکەی، بــەدیاریکراوی قورئــانی پــیرۆز چــیرۆکی پەیامبــەرانی بەکەمترین ووردەکاری خستۆتەڕوو، کرۆکی چـیرۆکەکە و پەنـدوەرگرتن لێـی بەبەردەوامی ئەوە گرنگە، بە زۆری قورئان باسکردنی تەواوی کات و شـوێنی چـیرۆك و بەســەرهاتەکانی تێپەڕانـدووە، بـەڵکو پێشکەشـکردنی چـیرۆکی پەیامبەران لەقورئان بەڕێگەیەکی گێڕانـەوەی چـیرۆکی ئاسـایی وەك ئـەوەی لەتەورات دا هەیە، بەشێکە لـە پرۆسـەو کـردەی جیاکردنـەوە و بـەش بـەش کردنی چیرۆك لەپەیوەندییەکانی کات و شوێن و جەختکردنەوە لـەناوەڕۆك و گەوهەرەکەی.

ئەی بۆچی خوای گەورە ڕێنیشاندەری نەتەوە جیاوازەکانی نەکردووە لەڕێگەی چەند پەیامێکی دابەشکراوەوە بە هەموو جیهاندا؟ بەکرداری بیروبۆچونەکان لەزۆر ڕێگەوە و بەچەندین هۆکار دەگوازرێنەوە و ڕێژەی هەرەزۆری ئەوانەی باوەڕیان بەئاینە ئیبراهیمییەکان هێناوە، لەنیشتەجێی ئەو ناوچانە نین، کە ئەم ئاینانەیان تێدا دابەزیوە، واتە پەیامەکە (کە لەبنەڕەتدا یەك پەیامە) بەچەند کۆپییەکی بەدوایەك لەهەموو شوێنێکدا بڵاو بوەتەوە.

دەڵێن: بەڵام بۆچی پێویستە لەسەر فلیپینی و ڕوسی و مەکسیکی و مۆزەمبیقییەك فێری زمانی عەرەبی ببن بۆ بەجێگەیاندنی نوێژ؟ ئەم بابەتە فیقهیانە دەقی قورئان یان پەیامبەری لەسەر نەهاتووە، ڕێبازێکی فیقهی دانپیانراو هەیە، ڕێگە دەدات نوێژ بەو شێوەیە بخوێنرێت، ئەمەش بۆچونی ئەبوحەنیفەی نوعمانە...

پاشان لەمڕۆدا سەدان ملیۆن مسوڵمان هەن عەرەبی نازانن و ڕۆژێکیش بیریان نەکردۆتەوە فێری ببن، بەڵام ئەوە بەربەست نەبووە بۆ بەجێگەیاندنی نوێژەکانیان.

ئەی چی دەگوترێت سەبارەت بە زۆربەی (ئەفسانە کۆنەکان)؟ کە بەتەواوی لەکتێبە پیرۆزەکاندا هەیە و لەئەفسانەکانی ناوچەی هیلالی خەسیب و میسرو یۆنانەوە گواستراونەتەوە، ئایا خوای گەورە سروشی بۆ سۆمەر و ئەکەد و کەنعان و فیرعەون کردووە؟ یان ئەوەتا ئاینەکان شتیان لەم ئەفسانانە وەرگرتووە؟

کاتێك لێکچوون لەنێوان دوو سەرچاوەدا هەبێت، سەرچاوەی (أ) و سەرچاوەی (ب)، لێرەدا سێ ئەگەر لەئارادا هەیە، یەکەمیان ئەوەیە (أ) لە

(ب)ی گواستبێتەوە، دووەم ئەوەیە: (ب) لە (أ)ی گواستبێتەوە، سێیەم ئەوەیە هەردوکیان لەسەرچاوەی سێیەمەوە گواستبێتیانەوە.

لەبەرئەوە پەلەکردن لەوەی بانگەشەی ئەوە بکرێت، کتێبە ئاسمانییەکان لەئەفسانەکانەوە گواستویانەتەوە بێمانایە، ئەو ئەگەرە تێدەپەڕێنین ئەفسانەکان لەکتێبە ئاسمانیەکانیان وەرگرتبێت و ڕەهەندێکی خەیاڵییان بۆزیاد کردبێت.

هەروا ئەو ئەگەرەش پشتگوێ دەخات ڕەنگە هەریەکە لەکتێبە ئاسمانییەکان و ئەفسانەکان ئاماژە بکەن بۆچەند ڕوداوێکی کە ڕویان داوە، بەڵام لەنێوان کتێبە ئاسمانیەکان و ئەفسانەکاندا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیاوازی بۆکراوە.

ئایا دەکرێت مامۆستایەکی زمانی عەرەبی بنێردرێت بۆ فێرکردن لەباکوری فەرەنسا؟ ئەی چۆن بڕواتان وایە خوای گەورە کەسێکی نەخوێندەواری ناردووە، بۆئەوەی بەوهەموو زمان و کەلتورو نەریتە جۆراوجۆرانەوە، هەموو جیهان فێربکات؟

ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن، کێشەیان نییە لەوەدا، دان دەنێن بەوەی شکسپیر کاریگەری هەبووە، لەسەر زیاتر لە ٧٥ دەوڵەتی کە کارو بەرهەمەکانی بۆ وەرگێڕدراوە، بۆچی دەتوانرێت دانایی و حیکمەتەکانی شکسپیر وەربگێڕدرێت و ناتوانرێ ووشەی خودای گەورە وەربگێڕدرێت؟

ئایا دەیانەوێت پەراوی خودا بە ٥٠٠٠ زمان دەربچێت؟ ئەوکاتەش دەیانووت: ئایا نەدەکرا یەك کتێب بەیەك زمان هەبووایە و دواتر بۆهەموو خەڵك بگواسترایەتەوە؟ !!

(١٥) ئايين تلياكى گەلانە

زۆرێك لەبیروباوەڕەكان بەگشتی بەشێوەیەك سەیری ئاینەكان دەكەن بەوپێیەی هۆكارێكە بۆ بەنج و بێهۆشكردنێكی كە چینی دەوڵەمەند دایهێنابێت بۆ دەست بەسەراگرتنی چینی لە خۆیان هەژارتر، تا بەردەوام بن لە زیادكردنی سامانەكەیان...

گوتەیەكی بەناوبانگی (ماركس)هەیە لەچوارچێوەیەكی فراواندا بەكاردێت و زۆرجار ئاماژەشی پێناكرێ.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاین تلیاكی گەلانە، تەنها درۆیەك یان داهێنانێكە، دەوڵەمەندەكان دایان هێناوە بۆ بێهۆشكردنی چەوساوەكان، هەژارەكان بۆ كەمكردنەوەی ئازارەكانیان و تا بەرگەی زیاتر بگرن، بۆ ئەوەی ژیانیان باشتر بێتە پێش چاو وەك لەوەی لە ڕاستیدا هەیە، بۆ ئارامگرتن لەسەر دۆخ و ڕاستییەكی تاڵ، پێم وایە دەبێت هاوڕابین لەگەڵ (ماركس) دا.

دەكرێت ئایین ببێتە تلیاك.

بەڵام ئەمە نە دەربارەی ئاین نە دەربارەی تلیاك، هەمووشتێك نیە.

تلیاك دەكرێ لەچوارچێوەی بەكارهێنانی پزیشكی دا بەسودبێت.

هەروا دەكرێت زیانێكی زۆر لەوە گەورەتری هەبێت كە (ماركس)مەبەستی بووە، كەواتە بەكارهێنانی زۆرە.

بەهەمانشێوە ئاینیش دەكرێت بەكاربهێنرێت بۆ بێهۆشكردنی خەڵك هەروەك (ماركس) وتویەتی، و لە هەندێك كاتدا ئەمە واقع و ڕاستیە.

بەلاّم دەكرێت بشبێتە هۆكارێك بۆ هۆشیاركردنەوەیان، بۆ ئازادكردنیان و هانیان بدات بۆ كارو هیوا و ڕەوشتی ئەرێنی، كارەكە لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی وەستاوە ئەمەش تەنها تایبەت نیە بە ئاین یان تلیاكەوە.

بەڵكو ئەمە بۆ هەموو بیرو باوەڕێك و بۆ هەموو هەڵوێستێكی هزری دروستە.

ڕویداوە و ڕوودەدات، كۆمۆنیستبوونیش بوبێتە هۆكارێك بۆ بەنجو بێهۆشكردنی خەڵك، بە جۆرێكی تر خەڵكەكە وەك نابینایەك لە ژێر سەرپەرشتی یەك پارت و یەك هەڤاڵی سەركردەدا بەڕێ بكرێت.

هەروا ئەمەش لەگەڵ فاشی ونازیەكاندا ڕوویداوە، جەماوەر وەكو كەسێكی بێهۆشكراو لەگەڵ (مۆسۆلینی) و (هیتلەر) دا هەماهەنگ و دەست لەسەر سنگ بوون، سەرەڕای ڕوونی و زوودەركەوتنی دەرئەنجامە وێرانكەرەكان.

هەروا دەكرێت (لیبرالیزم) بێهۆشكەرێكی كاریگەربێت، لەگەڵ سەرمایەداری بەكاربەریدا بەتەواوی دەستلەملان بن و جەماوەر بەرەو بەهەشتی بەكاربەری و چێژی كاتی ببەن، لەم كاتەشدا قازانج و دەستكەوتەكانی سەرمایەداری زیاتر و زیاتر دەبێت.

ئایە ئەمە ئەوە نیە (ماركس) بەم ڕێگایە یان بەشێوازێكی تر دەیڵێت.

هەموو بیروباوەڕەكان دەكرێت تلیاك بن، بەگوێرەی چۆنیەتی بەكارهێنانی.

بەڵكو هزرو ئایدۆلۆژیاكان بەپێی بەكارهێنانیان یا ڕاستر بڵێین هەموو دروشمەكان دەكرێت وا بن، تا بریقەدارتربێت ئەوە باشتر دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. پاش ئەوەی ڕابورد دەكرێت دان بەوەشدا بنێین، ئاین خاوەنی

چەندین توانای شاراوەیە و زۆرتر جۆراو جۆرە وەك لە بیرو باوەڕەکانیتر، ئەمەش وای لێکردوە زۆرتر وەکو تلیاك بەکاربهێنرێت.

ئەوە بەدیاریکراوی چ شتێکە لە ئایندا وای لێکردوە وابێت؟ سێ تێگەیشتنی سەرەکییە:-

یەکەم: بیرۆکەی ڕۆژی دوایی دەکرێت زۆر بەخراپی بەمەبەستی بێهۆشکردن بەکاربهێنرێت. لە ڕۆژی دواییدا دادگەرییەکی ڕەها هەیە، هەر بۆیە تۆ دواتر ستەملێکەرەکەت دەبینی سزا (دەچێژێ) بەهەر جۆرێك و چەندە ستەمی لێکردبێت و لە دونیادا خۆی لێکردبێت بە کەڵەگا، ئەم هەستەش وات لێدەکات هەست بەدڵدانەوە بکەیت و توانای لابردنی ستەم و وەرگرتنەوەی مافەکانت لەدەست بدەیت، ئەمە بەکرداریی وات لێدەکات، لە چاوەڕوانی ڕۆژی دواییدا، بەردەوام بیت لەو دۆخەی تێیدایت.

دووەم: هەروا دەکرێت بۆچوونی قەدەر بەشێوەیەك بەکاربهێنرێت، ملکەچی واقعی بەسەرداسەپێنراو بیت. ئەگەر ئەو واقعە بەشێك بێت لەپلانی پێشتری کە خوای گەورە بۆی داناوی، بۆیە هەوڵەکانت بێ مانایە.

سێیەم: بەکەمگرتنی دونیا، هەستکردنت بەوەی دونیا تاسەر نامێنێت و هیچ مانایەکی نیە و خۆشبەختی ڕاستەقینە لە دەستبەرداربووندایە لێی، هەروا قەناعەت گەنجینەیەکە کۆتای نایەت.

ئەم سێ تێگەیشتنە هەموو شتێك پێشکەش دەکات بەخاوەن سەرمایە و دەسەلاتەکان، تا لە کۆکردنەوەی سامان بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی گرنتی ئەوەیان دەداتێ گەل یان جەماوەر لە هەمان دۆخیاندا دەمێننەوە، بێ ئەوەی یاخی بن.

بەدرێـژایی مێـژوو، پیـاوانی ئـاینی لـە ئاینـە جیاوازەکـان یارمـەتی لـەم جۆرەیان پێشکەشکردوە، و هاوپـەیمانی پیـاوانی ئـاینی لەگـەڵ دەسـەڵات و خاوەن سەرمایەکان دیاردەیەکی دوبارەبووەوەی مێژوو بوە.

بـەڵام ئـەم سـێ چـەمك و تێگەیشـتنە: ڕۆژی دوایـی، قـەدەر، بەسـوك سەیرکردنی دونیا، دەکرێت بە مەبەستی جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێـت و نەبێتــە بێهۆشــکەر، بــەڵکو بەپێچــەوانەوە ببێتــە ووزەی گۆڕنکارییــەکی هۆشیارانە.

دەکرێ ڕۆژی دوایی ئەوکاتەبێت لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێ لەسەر ئـەو کارانەی بەئەنجامت گەیاندوە وە ئەوکارانەش بەئەنجامت نەگەیانـدوە، لـەناو ئەوەشدا بێدەنگ بیت لەمافی خۆت، دەکرێ قەدەر تـۆی وەرگرتبێـت لەبـەر ڕۆڵگێڕانت لە گۆڕینی ئەو واقیعە سەختەی دەوری داویـت، دەکـرێ ڕوانینـت بۆ دوونیا هاوسەنگ تربێت، لەبری پاشەکشەیەکی خراپ لێی، دەکـرێ تێیـدا بـژیت و بهێڵیـت جگـە لـەتۆش تێیـدا بـژین، دونیـا فراوانـە بـۆ هـەموان هەموئاینەکان بەم دوو بەکارهێنانەدا تێپـەڕیون، بـەکارهێنانی بێهۆشـکەر و ئارامبــەخش، پێبــپێــی بــارودۆخێکی ئــارام، بــەکارهێنانێکی ئازادکـــار، کەهۆشداری بڵاودەکاتەوە و هاوپەیمانە لەگەڵ گۆرانکاریی.

ئـەو تێکسـت و دەقانـەی لـەباری هۆشـبردن و لـە بـاری گەشـەو نـەش و نماشـدا بـەکارهێنراون، لەهـەردوو بارەکـەدا هـەمان جـۆری دەق و تێکسـتن، بەڵام تێگەیشتن و گۆشەنیگای بینین جیـاوازە، لەهـەردوو بارەکـەدا ئـامێرە ڕێنیشاندەرەکان جیاوازن، بار و دۆخـە جیاجیاکـان وادەکـات پـەنا بـۆ ئـەم بەکارهێنان یان ئەوی تـر بـەریت، بـەڵام لـەگرینگترین دەستنیشـانکەرەکانی گـۆڕینی ئـاین بـۆ تلیـاك و هۆشـبەر بـۆ چالاکی وکـار بریتییـە لـە (پیـاوانی ئاین)ی لەسەرجەم ئاینەکان دا.

پیاوانی ئاینی یان زانا یا کەهەنوتەکان یا هەرناوێکی تری لێنرێ، ئەوان تێڕوانینیان دەخەنەڕوو بۆ دەقە ئاینییەکان، و ئاین بەشێوەیەکی گشتی.

جـاری وایـە تێڕوانینـی ئـەم زانایانـە هۆشـبەرانەیە، نـەك لەبەرئـەوەی بازرگانی مادەی هۆشبەرن یا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ سـوودمەندن، بـەڵکو جـار هەیـە پێیـان وایـە ڕاسـتیەکە ئەوەیـە، بڕوایـان وایـە ڕۆڵـی ئـاین لـە کەمکردنەوەی ئازارو دژوارییەکانە و یارمەتی دەری مرۆڤە تابەرگەی واقیعـی پڕ ئاستەنگ و ناخۆشی بگرێت و سوککردنی ڕاڕایی دەروونییـە، یـا تەنانـەت ڕاڕایـی دەرەکـی، کـە دەکرێـت بـەهۆی تێکـەڵی خـەڵك بـە واقیـع و دۆخـی ژیانیانەوە بۆیان درووست ببێت، هەنـدێ جـار حەزدەکـەین بـە شـەیتانیان بکەین و تۆمەتباریان بکەین بە دووڕوویی، بەڵام ئەمە وردنیـە، بـەڵکو جـاری واهەیە ئەوکارە زۆر بەڕاست ودروست دەزانێت، لەوانەیە لانی کەم کـەمێکیان وابکەن.

هەندێکی تر هەیە تێڕوانینێکی جیاوازتریان هەیـە بـۆ هـەمان ئەودەقانـە، وادەبیـنن هـەمووتاکێك بەرپرسـیاریەتییەکی هەیـە لەباشـترکردنی واقـع.. بڕوایـان وایـە پێـدانی دەرمـانی ئازارشـکێن بەنـەخۆش دەبێتـەهۆی ئـەوەی نەخۆشییە ڕاستەقینەکەی فـەرامۆش بکـات، ئەمـە لەکاتێکدا نەخۆشـییەکە لەلاشەیدا پەرە دەسەنێت.

* * *

بەڵام مەرج نیە هەرکەسێك بانگەشەی گۆڕانکـاری بکـات، پێویسـت بکـات ئاین بەکاربهێنێت وەك چـالاککەرێك یـان بەکارهێنانەکـەی وەکـو هۆشـبەرێك بوەستێنێت، جاری وا هەیە گۆڕانەکە خۆی بازرگانی مـادەی هۆشـبەرە یـان لەجۆری ئەوە.

یـان جـاری واهەیـە قـازانج ب هاوبەشـییە لەمـەوە بـۆ ئـەوی تـر. هەنـدێك لەتەوژمـە سیاسـیەکان، بەتایبـەت بانگەشـەی گۆڕانکـاری دەکـەن، بەلآم لە هەمان کاتدا هۆکارە هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن و لـەکاتی پێویسـتا نایانـەوێت تێگەیشـتنەکە بگـۆڕن، چـونکە تێگەیشـتنی سـەلبی خزمـەتیان دەکـات، دوای ئـەوەی ئامانجەکـەی بـەدی دێـت و دەگـات بەدەسـەلآت. ئەگەر ئاین رەتکەینەوە، لەبەرئەوەی هەندێك وەك مـادەی هۆشـبەر بـەکاری دەهێنن، وەکو ئەوە وایە پزیشکی وەرنەگرین، چونکە دکتۆرەکان دەجـال و بازرگانی مرۆڤن، یان کارەبا بەکارنەهێنین، چونکە هەیە لەئازارداندا بـەکاری دەهێنێـت، یـان هـەموو ئەوشـتانە بەکارنـەهێنین، کـە دەکرێـت لەشـتێکدا بەکاربێت باوەڕت پێی نیە.

کەواتە ئاین مادەی هۆشبەروو تلیاك نییە، بەڵکو ڕاستییەکەی مادەیـەکی سـەرەتاییە، دەکرێـت کەرەسـتەی هۆشـبەری لێـدەربهێنرێت یـان دەکرێـت کەرەستەی چالاککەر و بەهێزکار وڤیتامیناتی سوود بەخشی لێدەربهێنرێت. کەواتــە بارەکـە پەیوەنـدی بەوکەسـەوە هەیـە، کـە لێـی دەردەهێنێـت. ئەی بۆچی خودا ڕێگەی داوە ئاینەکان وایان لێبێت؟ هەموو ئاینەکان!

بۆ ڕێگەی داوە دەستکاری بکرێت؟ یـان بـۆ ڕێگـەی داوە پیـاوانی ئـاینی دەستی بەسەردا بگرن و قۆرخی بکـەن و بـەکاری بهێـنن بـەم ئاڕاسـتە یـان ئەوی تردا؟ بگرە خودا چەند دەق و تێکەڵییەکی بـەجێ هێشـتوە، و ئامـاژە دەکـات بـەوەی هەنـدێ لەوانـە بەشـێکی سـەرەکی بـوون لـە گرفـت و شکستەکانی... لەڕێگەی شێواندنی ووشەکان لە شوێنی خۆی (واتە لەڕێگەی گۆڕینی واتاکەی نەك گۆکردن و دەربڕینەکـەی)یـاخود لەڕێگـەی داهێنـان و درووستکردنی چەند دەقێکی کەپێشتر نەبوە...

خودا ئاگادارمان دەکاتەوە و بە ئاگامان دێنێت.. ئەزموونەکان بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە..

هەندێك پەند وەرناگرێت لەو ئاگادارکردنەوە و تێکەڵی دەکات لەنێوان ئەوان و ئایندا، پاشان بڕیاری ئەوەی داوە ئاین تلیاکی گەلانە... و بڕیاردەدات واز لەئاین بهێنێت..

* * *

بەڵام ئەمە دەمانباتەوە بۆ پرسیارێکی تر، پەیوەندی بە خوێندنەوەی دەقەوە هەیە...

دەڵێن قورئان هەڵگری چەند ڕووە، چۆن دەکرێت دڵمان ئارام بێت بە هەر خوێندنەوەیەك لەسایەی بوونی ئەم فرەخوێندنەوەدا، هەندێك ئەمە بە تەنگی دادەنێت، لە ڕاستیدا ئەگەر قورئان لەتوانایدا نەبووایە چەندین خوێندنەوەی جیای بۆ بکرێت، ئەوکات ئێمە دەکەوتینە کێشەی قووڵەوە، خوێندنەوەیەك دەکرێت تەنها بۆ کات و شوێنێك باش بێت.

بەڵام زۆر قورس وگرانە بۆ هەمووکات و شوێنێك بشێت...

کاتێك ئاماژەی ڕێنیشاندەری خوێندنەوەیەك دەست نیشان دەکرێت ڕوەو چەند جێگیرێکی ئیجابی، هەر خودی دەقەکان دیاری دەکەن ئەوکات گرفت لە فرە خوێندنەوەیدا نابێت...

کەواتە فرەیی وجیاوازی خوێندنەوە لە واتای دژیەکی نیە...

دەکرێت خوێندنەوەکان جیاوازبن، بەڵام وێنە گشتیەکە بخەنە ڕوو...

کارەکە قورسە؟

بەلای منیشەوە قورسە... بەڵام ئەگەر بژاردەکەی تر وازهێنان بێت لەبابەتەکە بەتەواوی..... کە ئیلحادە...ئەمەیان قورسترە.

(١٦) ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بووە لەبەر ئەوەی وازی لەئایین هێناوە !

دەڵێن بڕواننە ڕۆژئاوا...

بڕواننە سەرکەوتن و پێشکەوتن و گەشەسەندنیان... ڕۆژئاوا بەهۆی وازهێنانی لە ئاین گەشتە ترۆپکی سەرکەوتن، گەیشت بەم ئاستە.

بڕوانە دۆخی خۆمان.. لە زانکۆکانمان.. لە شەقامەکانمان.. لە فەرمانگەکانمان..لە گەنجەکانمان.

ئەوەی ئێمەی گەیاندە ئەم ئاستە بریتییە لەوەی پابەندین بە ئاینەوە.

دەی باشە.

لەم قۆناغەدا سوودی نییە ئامار پێشکەش بکەین لەبارەی داڕمانی ڕۆژئاوا و بڵاوبونەوەی لەدایکبوونی دەرەوەی هاوسەرگیری و تێکڕای مانەوە بە کچێنی و کۆتایی هێنان بەپرسیاری: ـ ڕازی دەبیت بۆ خوشکی خۆت؟

لەبەر ئەوەی گەیشتوینەتە ئەو قۆناغەی کەوەڵامەکەی: (بەڵێ ڕازیم) بەوەیە.

بێجگە لە وەڵامێکی ئاسانتر: بەڵام خۆمان هیچ ئامارێکمان نییە لەبارەی خراپەکاری ئێمە نیشان بدات، لەوانەیە ئەوەی شاراوەیە گەورەتر بێت.

بەڵکو ئێمە کاتێک وەڵامیان دەدەینەوە، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر پێشکەوتنیان، بەوەی باس لە خراپەکاری ئەوان دەکەین، ئێمە بەکرداریی پەیوەندی حەتمی و هەبووی ئەو دوانە پێکەوە گرێ دەدەین.

بەکرداریی دەڵێین خراپەکاریی ئەو نرخەیە، پێویستە بدرێت تا پێشکەوین.

ئایا بەوە ڕازیت بۆ خوشکەکەت..

شتێکی کە نابێت پێی ڕازیبین بۆ هیچ کەسێك ئەوەیە، کاروبارەکان بەمشێوەیە سووك نەکەین.

شتێکی کە نابێت پێی ڕازیبین ئەوەیە، نابێ بەمشێوە سەرپێی و سادەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ شتەکاندا بکەین .

* * *

بەشێوەیەکی سەرەکی، بەستنەوەی پێشکەوتنەکانیان لەگەڵ (وازهێنان لە ئاین) هەڵەیەکی لۆژیکیی ئاشکرایە، لەوانەیە ئەمە لە زۆرترینی ئەو هەڵە لۆژیکییە بەربڵاوانە بێت، کە هەیە.....

هەڵەکە بەهۆی هۆکارێکی ساختەوە بووە، ئەم بەهەڵەداچونە ئەوەستێتە سەر پەیوەندی نێوان دووشت، یەکەمیان بەویتر شیدەکرێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر دارێکت چاند کاتێك تۆ بچوك و منداڵ بویت، تۆ گەورە بویت و ئەویش گەورە بوو، هەڵەیە گەورەبونی هەردووکتان بە یەکترییەوە ببەسترێتەوە، تا بگەیت بەئەنجامێك و بڵێیت گەورەبوونی دارەکە لەبەر ئەوەیە تۆ گەورە بوویت.

بۆ نموونە دەتوانین بە ئاسانی پەیوەندی بکەین لەنێوان پێوانەی پێڵاوی منداڵ و چاکبونی ڕێنوسەکەی لە نوسیندا و هەڵەکە ئەوەیە پێت وابێ گەورەیی پێڵاو و چاکبونی ڕێنوس پێکەوە گرێدراون.

لەکاتێکدا هەردوو بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ گەورەبونی منداڵ لە تەمەندا، پێوانەی پێڵاوەکانی گەورەتر دەبێت، و ڕێنوسەکەشی باشتر دەێت.

زۆر بە سادەیی بوونی دووشت لەیەك شوێندا واتای ئەوە نییە یەکێکیان هۆکارە بۆ ئەویتر.

هـەمان هەڵـە بەناهۆشـیارانە بـەکاردێت لەگـەڵ ئـەوەی دەلێـت سـەیری ڕۆژئاوا بکەن ! پێشکەوتووە لەبەر ئەوەی وازی لە ئاین هێناوە.

لەلای ئەوان بابەتەکە بەم جۆرەیە:

ا - ڕۆژئاوا پێشکەوتووە.

ب - ڕۆژئاوا وازی لە ئایین هێناوە.

کەواتە بەپێی ئەم هەڵەیە، ڕۆژئاوا پێشکەوتووە لەبەر ئەوەی وازی لەئاین هێناوە.

هەرچەند زۆر شتیتریش هەیە، دەکرێت بچێتە شوێنی (وازهێنان لە ئاین).

بۆ نموونە:

ا - ڕۆژئاوا پێشکەوتووە.

ب.ڕۆژئاواییەکان سپی پێستن.

کەواتە ڕۆژئاوا پێشکەوتووە لەبەر سپیپێستیی ڕۆژئاواییەکان.

یان ا - ڕۆژئاوا پێشکەوتووە.

ب - زۆرینەی ڕۆژئاواییەکان لە ڕەگەزی ئارین.

کەواتە ڕۆژئاوا پێشکەوتوون، لەبەر ئەوەی ڕۆژئاواییەکان ئارین.

بـەم جۆرەدەکرێـت وادابنرێـت، هـەر دیاردەیـەك لـەڕۆژئاوادا هۆکـارە بـۆ پێشکەوتنی ڕۆژئاوا.

بـە دڵنیاییـەوە، ئـەم هەڵەیـە نـەرێی ئـەوە ناکـات، کـەدەکرێت هۆکـاری پێشکەوتنی ڕۆژئاوا بگەڕێتەوە بۆ ئیلحاد یان بۆ ڕەگەزی ئاری، بەلاّم تـەنها بوونی هـەردوو دیاردەکـە، واتـای ئـەوە نییـە یـەکێك لەوانـە هۆکـار بێـت بـۆ ئەوەیتر، لێ پێویستە پەیوەندییەکە بخرێتـە ژێـر توێژینـەوە و سـەلماندنەوە پێش ئاکامگیری.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەو بیرەی(ڕۆژئاوا پێشکەوتووە لەبەر ئەوەی وازی لە ئاین هێناوە).

ڕستەکە واتە: پێشکەوتن و چونەپێش زیاد دەکات، هەر چەند ڕێژەی (وازهێنان لە ئاین) زیاد بکات.

ئەمەش واتە هەر چەند ئیلحاد زیاد بکات لە شارێکدا یان لە کۆمەڵگەیەکدا، کەواتە زیاتر پێشدەکەوێت.

بەڵام ئەوە ڕاست نییە.

وڵاتێك خاوەنی زۆرترین مولحیدە لە دنیادا ئەویش (ڤێتنام) ٥٠٠ ڕێژەی ئیلحاد تیایدا ٨١٪[1] لەهەمان کاتدا ڤێتنام وڵاتێکە لە ڕیزبەندی ژمارە ١٢٩ لە توانای داهاتی تاك[2]، لە ژمارە ١٢٨ لە توانای کڕینی تاك.

بێگومان ئیلحاد هۆکار نییە، بەڵام نەبووەتە هۆکار بۆ ئەوەی ڤێتنام بچێتە بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستا تیایەتی.

کەواتە بۆ ببێتە هۆکار بۆ گەشەسەندویی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان؟

بۆ پێچەوانە نەبێت بۆ نموونە...

پێشکەوتنیان وای لێکردون بێباوەڕ بن... وا هەستیان کردووە ئەوان پێویستیان بە خوا نییە...

ئەوە هەروەك نموونە دەڵێم...

* * *

ئەگەر سەیری لیستی زۆرترین مولحیدەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەین تێدەگەین، دۆخەکە زۆر بەوشێوەیە ڕەش نییە...

---

١ http: \\www.atheistrepublic.com\tables\top-٢٠-atheist-agnostic- conutries

٢ http: //en.wikipedia.org\wiki\vietnam

تـەنها ٣ وڵات ڕێـژەی ئیلحـاد و نازانمگـەرایی(لا ادریـة)ییـەکان لـە ٥٠٪ تێدەپەڕێنن، ئەوانیش (سوید، چیك، فەڕەنسا)..

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەمریکا دەوڵەتێکە کەمترین ئیلحادی تێدایە لەناو لیستی دەوڵەتە ڕۆژئاواییە مولحیدەکاندا.

ئـەمریکا کـەمترین ئیلحـادی تێدایـە بەبـەراورد لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـەدا، بەڕێژەی ٣ ـ ٩٪ یە !

ئایا دەتوانرێت بوترێت، چیك پێشکەوتووترە لە ئەمریکا چونکە ئیلحادی تێیدا بەرزترە !

ئایا دەکرێت هەنگاریا و ئۆکرانیا پێشکەوتووترین تەنها لەبەرئەوەی زیاتر لە ئەمریکا وازیان لە ئاین هێناوە !

ئەمە هەڵەیەکی لۆژیکی بووە و هۆکارەکەشی ڕاست نییە.

* * *

ئیلحاد هۆکاری باڵادەستی ڕۆژئاوا نییە.

ئەی کەواتە چی یە

بەگشـتی مێـژووی پەرەسـەندنی ئـەو زانسـت و ڕابونـەی کـە ڕۆژئـاوا بەخۆیەوە بینیوە (ئەوروپا بەتایبەت)ی لەبەر ئەوەی کێشە لە نێوان کڵێسا و زانست هەیە و ئەمەش دواتر بۆتە هۆی دوورخستنەوەی ئاین.

ئەمەش بەرەو ئـەو بیردۆزەیـە دەمانبـات، بۆیـە ڕۆژئـاوا باڵادسـت بـووە چونکە وازی لە ئاین هێناوە. بەڵام بچوك کردنەوەیەکی خراپ لەمـەدا هەیـە، چونکە مەسیحیەت لە کڵێسای کاسۆلیکیدا کورت ناکرێتەوە کە ئەوکاتە ئـەم هەڵوێسـتەی هـەبووە.. بـەڵکو ڕێبـازێکی نـوێ پەرەسـەندووی تـر هاتۆتـە کایـەوە، کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕاوە لـە پەرەسـەندن و ڕابـوونی ڕۆژئـاوادا،

ئەویش ڕێبازی لۆسەرییە بە ڕابەری (پادشا مارتن لۆسەر)، کە سەرکردایەتی چاکسازی ئاینی کردووە و دواتر بۆتە هۆی درووست بوونی ڕێباز و کڵێسای پرۆتستانتی.

ڕێبازی پرۆتستانتی تەنها هەڵوێستی لایەنگری وەرنەگرت بۆ زاناو دامێنانەکان، بەڵکو چەندین لێکۆڵینەوەش هەن کە ئاماژە بە چەسپاندنی جۆریك لە بیرکردنەوەی نوێ و لێکدانەوەی نوێ بۆ کتێبی پیرۆزو پوکانەوەی دەسەلاتی کلێسای کاسۆلیکی لەو شوێنانەی کە ڕێبازی پرۆتستانتی تێدا بلاو بووە، ئەمانە هانی زانایانیدا لەو شوێنانەی کە هێشتا لەژێر دەسەلاتی کلێسای کاسۆلیکیدا بوون کە بە شێوەیەکی تر بیربکەنەوە، کە دژ و پێچەوانەی تێگەیشتنی تەقلیدی بوو بۆ جیهان.

لەو لکۆڵینەوانە ئەوەی کە ئێستا بە (تێزەکانی میرتۆن)ناسراوە لە مێژووی زانستدا کە سەرهەڵدانی پرۆتستانتی لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەیەمدا و دەرکەوتنی چاکسازی لە سەرەتاکانی سەدەی شانزە و شۆڕشی زانستی بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە لەسەر دەستی (کۆپەرنیکۆس) دەستی پێ کردووە لەدوای چەند سەدەیەك.

تەنها هەر ئەمەش نا، بەڵکو ڕێبازی پرۆتستانتی پەیوەستە بە زۆرێك لە چەمکە هاوچەرخەکانی وەك ئازادی و لیبرالیزم و تاکگەرایی تەنانەت شێوازی دەوڵەتی نوێش.هەروا بەشداری کردووە لە گەشەسەندنی چینی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی سەرمایەداری دا.ماکس ڤیبەر لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە لە کتێبی (ڕەوشتی پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری) دا پێشکەشی کردووە.

گومانی تێدا نییە کە زۆرێك لە بەهاکانی کارو ئاکارەکانی لە ڕۆژئاوادا (وەك ڕێزگرتنی کات و لێزانی) کە ئەمڕۆ جودایە لە هەر چەمکێکی ئاینی، لە بنەڕەتدا کاتێك کە لەسەرەتادا لە ڕۆژئاوا بلاوبۆتەوە بنەمایەکی ئاینی پرۆتستانتی هەبووە، پرۆتستانتەکان ئەم بەهایانەیان وەك چەمکەکانی ئاینی ڕاست بلاوکردەوە.

واتە ڕوانینی ئەمڕۆمان بۆ ئاکاری کاری عەلمانیەت لە ڕۆژئاوادا، لە ڕووی مێژووییەوە ڕاست نییە، چونکە سەرەتا لە کۆ ئەقڵی ڕۆژئاوادا و لای پرۆتستانتەکان بەتایبەتی، وەك بەهای ئاینی چەسپێندراون، پاشان شتەکان بەجۆرێکی تر ڕۆیشتوون بێ ئەوەی ئەم بەهایانە لەناو بچن (چەندین لێکۆڵینەوەی تر هەن کە ئەمە دەبەستنەوە بە ڕێژەی ئەو پرۆتستانتانەی کە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە کە لە هەمووان زیاترە لەگەڵ جولەکەدا. لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتە پرۆتستانتەکان لە ئەورووپا لەو دەولەتانەن کە کەمتر قەیرانی دارایی ئەم دواییە کاری تێکردوون و پەرەسەندێکی عەلمانی جیاوازی هەیە کە لە کاسۆلیکیەتی جیا کردۆتەوە، زیاتر لەوەی، لەدەوڵەتەکانی تردا ڕویداوە).

پوختە.

ئاین هۆکاری گرنگ بووە لەپەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕۆژئاوادا...

چاکسازی ئاینی بەتایبەتی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەبووە.....

بەداخەوە ئیسلامییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی وێنەیەکی بچووککراوەی ململانێی نێوان کتێب و زانست بخەنە ڕوو، لەگەڵ دادگایکردنی گالیلۆ و شتی لەو بابەتانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك دروشمی بریقەداری وەك: بەڵام ئەمە تایبەتە بە مەسیحیەت و ئیسلام دژی زانست نییە، بۆیە پێویستمان بە عەلمانیەت نییە.

بێگومان شتەکە لە دروشمەکانی ئێمە ئاڵۆزترە، مەسیحییەت دژی ئایین نەوەستاوە بەڵکو دامودەزگای کاسۆلیکی بەو کارە هەستاون، لە کاتێکدا پرۆتستانەتەکان هەڵوێستێکی لایەنگریان هەبووە.

بێگومان لێرەدا بانگەشە بۆ پرۆتستانییەت ناکەم، تەنها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم بەهاکانی ڕابوون و پەرەسەندنی ڕۆژئاوا (کە ئەمڕۆ بە سەرکەوتوترین دادەنرێت) لە بەهاکانی باوەڕ و نوێکردنەوەی ئایین دوورنەبووە....تەواو پێچەوانەی ئەو تیۆرەیە کە دەڵێت: (ڕۆژئاوا باڵادەست بووە، چونکە وازی لە ئایین هێناوە).

دەی باشە...

کەواتە بۆچی دوای ئەوەی چاکسازی ئاینی بەشداریکردووە لەدروستکردنی ڕابوونی ئەوروپییەکاندا، ئیلحاد بڵاوبۆتەوە؟

بۆچی ئەم شتە لە ئەمریکادا وانەبووە؟

ڕاستییەکەی، دۆخەکە لەئەوروپادا سەرەڕای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی، بەڵام ئەو شەڕە خاچپەرستانەی لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکدا ڕوویداوە، ١٢٤ ساڵی خایاندووە، لە ساڵی ١٦٤٨ ی زایینییەوە و نزیکەی ٦ ملیۆن کەس بە لانی کەم و ١٨ ملیۆن کەس بە لایەنی زۆرەوە بوونەتە قوربانی...ئەو قۆناغە ئەوروپییە لە قۆناغی ئەو شەڕە مەزهەبیانە دەچێت کە ئەمڕۆ پیایدا تێپەڕ دەبین، وکاریگەرییەکی قوڵی لەسەر کۆئەقل کردووە تا لە هەڵوێستێکدا ئایینەکان ڕەت دەکاتەوە... هەروا ئەم شەڕانە دوای چەندین ئەزمونی تاڵ هاتووە، کە هەمووی بەشێوەیەك لە شێوەکان دراوەتە پاڵ ئایین..وەك (مەرگی ڕەش) پەتای تاعون، کە لەسەدەی چواردەدا داویەتی لە ئەوروپا و لە نێوان ٧٥ بۆ ٢٠٠ ملیۆن کەسی لە ئەوروپا لەناوبردووە، لە ئاستێکی فراواندا وا لێکدراوەتەوە ئەمە تووڕەیی خودایە

لەسەر دانیشتوانی ئەوروپا، هەروا شەڕە خاچپەرستییەکان، کە تیایدا ئەوروپییەکان بەڵێنی سەرکەوتنیان پێ درابوو، مادەم لەپێناوی خاچدا دەجەنگن و(بەڵام بە چەندین شکست کۆتایی هات و نزیکەی ١بۆ ٣ ملیۆن قوربانی لە ئەوروپییەکان کەوتەوە[١] سەرباری قەسابخانەی هەموو لایەنەکان) لەگەڵ ئەوەشی سەرکردەی هەڵمەتە خاچپەرستەکان لە دروستکردنی دەستەی منداڵانەوە تێوەگلابوون، کە دواتر وەك كۆیلە فرۆشرابوون ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە لەسەر ڕوودانی ئەم چیرۆکە، بەڵام بڵاوبۆتەوە و کاری کردۆتە سەر کۆنەقڵی ئەوروپی.

هەموو ئەمانە بەشدارییان کردووە، وەك زۆرێك پێیان وایە لەوەی ئەوروپییەکان وردە وردە کەمتر بایەخ بە ئاین بدەن و پێوەی پابەند بن، پاشان هەموونەمانە لەگەڵ شەڕی کڵێسا دژی زانست و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کڵێسە کارلێکی کردووە، دواتر لەگەڵ ئەو دۆزینەوە زانستییانەی ڕوانین بۆ کتێبی پیرۆزی هەژاند، پاشان لەگەڵ نەهامەتییەکانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، کە چەندین فەسڵی تاوانکارانەی خستە سەر کێشەی خراپە و ترسناکی لە جیهاندا... پاشانیش هەموو ئەمانە پێکەوە کارلێکیان کرد تابووە هۆی ئەوەی ڕادەی ئیلحاد لە ئەوروپادا بەرز ببێتەوە.

بەڵام لە ئەمریکا، کە پرۆتستانتییەت لە ئەوروپاوە بۆی چوو تا لەسەر زەمینێکی ئازاد و کراوە و نوێتر کار بکات، بەدەر لە ئەزموونە مێژووییە تاڵەکان و ببێتە هۆکاری برەودان و زیادکردنی کێبڕکێی سەرمایەداری و دروستکردنی خەونی ئەمریکی.

---

١ https: \\en.wikipedia.org\wiki\list-of-wars-and-anthropogenic-disasters-by-death-toll

بەدەربڕینێکی تر، پرۆتستانییەت توانی ئەو بەها ئاینییانە نوێ بکاتەوە، کە هەیانە و بەشێوەیەکی ئەرێنی بەشداری بکات لە دروستکردنی ئەمریکادا... ڕەنگە ئەمەش ئەوە لێك بداتەوە بۆچی ئەمریکا لەناو هەموو دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا کەمتر مولحیدە.

ئەی چی دەربارەی ئێمە؟

گومان لەوەدا نیە، زۆرێك لە کێشەکانمان ڕەگێکی ئاینی هەیە.

لای ئێمە ئاین تێکەڵبووە بە سیاسەت ومێژوو، بەشێوەیەك وای لێکردوین خەریکە هەرسێکیان لەدەست بدەین، ئەمە جگە لە داهاتووش، زۆرێك لە دواکەوتنەکانمان بەهۆی شەڕو ناکۆکی و دارمانەکانمانەوەیە لە هەموو شتێکدا کە ڕەگێکی هەیە لە هەندێك تێگەیشتنی دیاریکراو بە شێوەیەك لە شێوەکان...

بەڵام وازهێنان لە ئاین ئەم کێشانە چارەسەر ناکات ... لە ژێر دروشمی تردا، لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دێین... بەڵام چارەسەر لەڕووبەڕووبونەوەی ئەم چەمکانەو چاککردنیاندایە لە ڕەگەوە ...

* * *

لە دارستانەکانی ئەمازۆن لە بەرازیل، هۆزێکی سەرەتایی هەیە ناوی (پیراهە)یە لە کەنار ڕووبارەکان دەژین.. ژیانێکی تەواو سەرەتایی دەژین... تائێستاش تاکەکانی لەقۆناغی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەروبووم دەژین...

ئەم هۆزە هیچ ئاینێکیان نییە... هیچ چەمکێك بۆ خودا یان ڕۆح یان هێزی بالآ..

لێرەدا ناڵێم بێ ئاینی ئەوان هۆکارە بۆ مانەوەیان بە دواکەوتویی.

بەڵام دەڵێم ئەگەر وازهێنان لە ئاین کەڵکی هەبوایە.. ئەوا کەڵك و سوودی بۆ پیراهە دەبوو...

(١٧) ئازادی تاکەکەسی

لەسەردەمێکدا دەژین ئازادی تاکەکەسی، بەیەکێك لەگرینگترین پیرۆزییەکان و هێڵە سورەکانی مرۆڤ دادەنرێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەمە ئەوەیە کەدەیڵێن.

زۆرێك لە مولحیدەکانی ئەمڕۆ لەسایەی چەمکی ئازادی کەسێتی دا (من ئازادم) پێگەیشتووە و گەورە بووە، تا بووەتە ئەوبەڵگەنەویستەی جێی مشتو مڕنییە، لەبەر ئەوە لەنێوان چەندین گرفتی تر و ڕوبەڕووبونەوەی تر لەگەڵ ئایندا، سەرەنجی ئەوەیان داوە ڕێنماییە ئاینییەکان بەیەکێك لەبەربەست وئاڵنگارییەکانی بەردەم خوای ئازادییە کەسییەکان دادەنرێت بەو شێوەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی.

سەبارەت بە ئەوان، ئاین دەست وەردەداتە خواردن، و خواردنەوەیان، جل و پۆشاکیان، هەندی جار لەشێوازی قسەکردنیاندا، لەڕێکخستنی تریاندا.. لەوەی دەیبینن و لەوەی دەیبیستن..

بەدڵنیایەوە لەپەیوەندییەکانیاندا.

ئەوان گەیشتوون بەوەی بڵێن (خودا دەست وەردەداتە هەموو کاروبارە تاکەکەسییەکانمانەوە)

ڕستەیەکی کە ئێمە پێش چەند دەیەیەك، هیچ کات باوەڕمان وانەبوو بەو ڕوونییە گوێمان لێی دەبێت، بەڵام گەیشتنە ئێرە.

چۆن چەمکی ئازادی تاکەکەس بووە قەڵایەکی پیرۆز (دەتوانم بڵێم خودایەك) یان بەلایەنی کەم پێوەرێك بۆ بڕیاردان لەسەر شتەکان..

چۆن گەیشتینە ئێرە؟

لەسەرەتاوە، – ئازادی بەتێگەیشتنە گشتییەکەی کۆنە، بەئەندازەی کۆنی مرۆژەکان خۆیان، مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان ڕاهاتوون لە ئەنجامدانی ئەو ویستە خۆڕسکانەی هەیانە بێ ئەوەی تیۆریزەی بکەن یان ئایدۆلۆژیایەك لە هەرجۆرێك بێت... بەلأم مرۆڤەکان ناتوانن بەتەنیا بژین، ژیانیش لەگەلٚ کۆمەلٚگەکاندا مرۆڤەکان ناچاردەکات واز لەهەندێ ئازادی تاکەکەسیان، یان ئەوشتانەی کە ئارەزووی دەروونیی خۆرسکن بهێنن.

بەم شێوەیە، کۆمەلٚگاکان هەلٚدەستن بەدانانی گرێبەستێکی تایبەت بە خۆیان، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەلٚگە، بەجۆرێك زۆربەی جار ئازادی تاکەکەس زیان ناگەێنێت بە کۆمەلٚ... سروشتی ئەندازە و مەزەندەکردنی زیانەکان لەناو کۆمەلٚگەیەکەوە بۆ کۆمەلٚگایەکی تر و لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر وبێگومان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت.

لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە هاوتەریب لەگەلٚ شۆڕشی پیشەسازی و هەلٚکشانی سەرمایەداریدا گەشەیان کرد، ئەو بەها ڕەوشتیانەشی کە گەشەیان سەندووە، پێویست بوو ڕەچاوی ئەم گۆڕانە بکەن و مەودای ئازادی تاك فراوانتر بکرێت (ئەوەی تایبەتە بەژیانی تایبەتی) لەبەرامبەردا گەشە بەڕەوشتی کار بدرێت (ڕێز گرتنی بەهای کارو بەرهەم و کات.. هتد)

یاساو ڕێسا ئاینییەکان جیاوازیەکی زۆریان لەم ڕووە نییە، بەلأم زیاتر دەسەلأتی ئەوان، ڕوحی و کەسیین.. لێ ئەمە تەنها تایبەت نیە بەئاینەکانەوە، بەلٚکو داب ونەریت ویاساکان بەردەوام هەبوون و هێزو دەسەلأتیان هەبووە و هیچیان کەمتر نەبووە لەڕۆلٚی ئاین، بەکورتی،

بەتێپەڕینی سەردەمەکان، ئاینەکان، داب ونەریتە جیاوازەکان وەك گرێبەستی کۆمەلایەتی لەسەر پێشخستن وگرنگیپێدانی کۆمەڵگە بەسەر تاکدا دامەزراون، پاشان بیرۆکەی لیبڕاڵی ڕۆژئاوایی هات تا ببێتە ناوبڕێکی جیاواز لەگەڵ ئەوەی ڕابورد و پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ بەرێت، یان لانی کەم زۆر لایەنی ژیانی تاکەکەسی وا لێکرد.

بیرۆکەی لیبڕاڵیزم لەسەردەمی ڕۆشنگەریی ئەورووپی و لەسەدەی ١٨ زاینیدابوو پێ گرت و لەدایکبوو، ئەم هزرە جەختی دەکردەوە لەسەر دوو بنەمای سەرەکی: - ئازادی و یەکسانی.

ئازادی لێرەدا بریتیە لە (liberty)، کە وشەی لیبڕاڵیزم لەوەوە هاتووە، لیبڕاڵی لەسەرەتادا هزرێکی سیاسی و ڕەنگدانەوەی بزاوتە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگا ئەورووپیەکان بووە بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاتی پاشایەتی و شکاندنی ئەزموونی خانەوادەکان لەبەرژەوەندی چینی مامناوەند، شتێکی سروشتی بوو ئەم هزرە لەنێو کۆمەڵگا ولەنێو چینە جیاوازەکاندا بلاو بێتەوە و چەندین چەمك و فەلسەفەی تری گرێدراوی لیبڕاڵی پێکبێن.

گرینگترین ئەو فەلسەفانە فەلسەفەی تاکگەرایی (individualism) بوو، لەسەدەی نۆزدە و لەسەردەستی سێ بیرمەند دامەزرا و، هزرێکیان خستە ڕوو، دواتر بوو بە یەکێك لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی کۆپیە ئەمەریکیەکەی، لەگەڵ ئەم هزری تاکگەراییەدا تاك بووە بناغە و پێوانە، هەموو بەها ڕەوشتیەکان لەمیانەی تاکەوە دادەڕێژرا، تا وای لێهات تاك خرایە پێش کۆمەڵگەوە، ئەگەرچی پێشتر بەهاکانی کۆمەڵگە بەسەرتاکدا دەسەپێنرا، و تاك بوو بە یەکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگە.

بەم شێوەیە شتێکی لۆژیکی بوو، ئەو بەها ڕەوشتییە کۆنانەی، پێوەرەکانی خۆیان دەدا بەسەر کۆمەڵگەدا، لەناو بچن و نەمێنن وو بەهای نوێ شوێنیان بگرنەوە.

لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە لەگەڵ شۆرشی پیشەسازی و سەرکەوتنی سەرمایەداریدا سەریانهەڵدا، دەبوو ئەو بەها ڕەوشتیانەی دروست دەبوون ڕەچاوی ئەم گۆرانکارییانە بکەن و مەودایەکی فراوانی ئازادی تاکەکەسی (ئەوەی پەیوەندیدارە بە ژیانی تایبەتیەوە) بە تاکەکەس ببەخشن، لەبەرامبەر سەپاندنی رەوشت و ڕێنمایی پەیوەندیدار و گرێدراو بەکارەوە ((ڕێزگرتن لە میکانیزمەکانی کار و دەستکەوت و کات..)) ئەمەش بابەتێکە لە بناغەدا پرۆتستانتەکان ڕۆڵیان هەبوو لەچەسپاندنیدا.

گرێبەستی کۆمەڵایەتی نوێ لەسایەی لیبراڵ و تاکگەرایی ڕۆژ ئاواییدا هەلی ئەوەی بە تاك بەخشی، هەرچی بوێت لەماڵ وژوری نوستنی خۆیدا بیکات ((مادام ئەوەی ڕودەدات بەڕەزامەندی کەسی بەرامبەرە)) بەڵام پێویستە زۆر زوو بڕواتە سەرکارەکەی و بەشێوەیەکی باش جێبەجێی بکات.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین دیموکراسیەتی ڕۆژئاوایی تەنها پەیوەست نییە بە لیبڕاڵیزمەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە تاکگەراییەوە... لەکۆتاییدا بۆچوون وهزری (one man one vote) (هەرکەسە دەنگی خۆی هەیە) ئەو هزرەیە، جەخت لەوە دەکاتەوەن پێویستە تاکەکەس بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان بێت.

بەڵکو چەمکی تاکگەرایی لە پێك هێنانی ئەوەی بەدەوڵەتی خۆشگوزەران (welfare دەناسرێت بەشداری کرد، کە بریتییە لەو دەوڵەتەی کەهەڵدەستێت بەدابینکردنی کەمترین ئاستی خۆشگوزەرانی (هەندی جار

پێداویستی هاوڵاتیـــەکانی بـــەرزە) بـــۆ نمونـــە (ئـــەڵمانیا و وڵاتـــانی ئەسکەندەنافی).

ناکرێت ڕۆڵی ئەرێنی تاکگەرایی لەئەزمونی ڕۆژئاواییدا لەپێشچاو نـەگرین، بەڕاستی ڕۆڵی داینەمۆی بووە لەژیانی زۆرینەی ئەوانەی بەکاریان هێناوە بـۆ بـەدیهێنانی دەسـکەوتە کەسـییەکان و دواتـریش بووەتـە دەسـکەوتێکی شارستانیەتی هەموو ڕۆژئاوا بەگشتی، دروشمەکانی وەك دوای حەزت بکـەوە وشـوێن دڵـت بکـەوە (خـۆت بسـەلمێنە هـەموو ئەمانـە ئـەکرێ لـەم کۆنتێکستەدا تێبگەین).

بەدڵنیاییەوە(تاکگەرایی) - بەو پێیەی تیشك دەخاتە سـەر تـاك و ئازادی وداهێنانی تاك- ئەوا بەسروشتی خۆی سەرنجی هونەرمەند و ئەدیبان کەمەنـدکێش دەکـات، ئاسـایی بەشـێوەیەکی سروشـتی ئـەو بەرهەمانـە لەکارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش ڕۆڵی خـۆی هـەبوو لەبڵاوکردنـەوەی هزری تاکگەرایی وسـەلماندنی ، تانـەت لـەدەرەوەی کۆنتێکسـتی خۆشیدا.. بەم جۆرە بیرۆکەی (ئازادی تاکەکەسی) لەهەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە.

بەڵام بـێ ئـەوەی بەهـەمان ڕێـرەوی پلەبەنـدیی دیموکراسـیەت وچـەمکی تاکگەراییدا تێپەڕێت، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر تاك و بەهێزی دەکات تـا ببێتە پێوەری بڕیاردان لەسەر شتەکان.

بابەتەکـە بەشـێوەیەك بـۆ ئێمـە گوازراوەتـەوە، تیایـدا چـەمکی ئـازادی کەسی تەنها لەئازادی سێکسی و ڕەفتارە نزیکەکانیـدا چـڕکراوەتەوە، بـەبێ ڕەچاوکردن وتێپەڕین بەبەرپرسیارێتی و بوونی چەندان بەهای ڕەوشتی تـری ڕۆژ ئاوادا....

گۆڕانی چەمکی دەستوەرنەدان لەژیانی کەسیدا وەك میکانیزمێك بۆ ڕێگەگرتن لەخزمان و هاوڕێیان و دراوسێکان - بگرە هەندێ جار خەڵکی سەرشەقامەکانیش- (کەئەوە ڕێگرتنێکی پێویستیە بەدیدی من) بەرەو دەستوەرنەدانی دایك وباوك (بەوپێیەی ئەو کەسە خۆی پێگەیشتووە و ئەزانێ چی دەکات) تاگەیشتن بەوەی (بۆچی خودا دەست وەردەداتە تایبەتمەندیەکانمانەوە ؟) تا گەیشتین بەوەی (بۆچی خودا ئێمەی دروست کردوە بێ ئەوەی مۆڵەتمان لێ وەربگرێت ؟)...

ڕاستییەکەی، چەمکی ئازادیی کەسی بەشێوەیەکی شێرپەنجەیی تووشی هەڵاوسان بوو تا گەیشتە سنوری میتافیزیك...

زۆر باشە...

ئەوەی کەناوی دەبەن بەدەستوەردانی خوا لەژیانی کەسی، بریتیە یاساو ڕێساکان و فەرمان و ڕێگرییەکانیەتی..

ئەوان وای دادەنێن ئەم فەرمان و ڕێگریکردنانە دەستوەردانی خودایە لەشتێکدا، پێوەندی بەوەوە نییە...

پێم وایە هەڵەیەکی زۆر گەورەی تێگەیشتن لێرەدا هەیە.. تێگەیشتن لەبابەتی ژیانی کەسایەتی.. تێگەیشتن لەبیرۆکەی خودا.. تێگەیشتن لەبابەتی دەست وەردان..

کاتێك دراوسێ فزوڵەکەت، پرسیارێکت لێدەکات سەبارەت بە شتێك پێوەندیی بەوەوە نیە، دەیەوێت ئامۆژگاریەکت بکات، کە پوختەی ئەزمونی ژیانی خۆی ونزیکەکانیەتی، ئەم دراوسێیەت دەستی وەرداوەتەوە شتێکەوە، پێوەندیی بەوەوە نییە.

چونکە ئەمە هەر بەڕاستی پەیوەندی بەوەوەنیە، بەڵام ئەمە بگوازیتەوە بۆ خودا، واتای بوونی گرفت کێشەیەکی گەورەیە.

بۆ نمونە تۆ بەو کۆمپانیایەی سەیارەکەتی دروستکردووە ناڵێیت، لێت نەخوازێت ڕۆنی مەکینەکە بۆ مەودایەك نەگۆڕی، یان بێ مەرجەکانی دڵنیایی و سەلامەتی ئوتومبێل لێ مەخوڕە، زۆربەسادەیی ناتوانین بڵێین ئەوە دەستوەردانە لەتایبەتمەندیەکانت، دیارە دەتوانیت ڕێنماییەکان جێبەجێ نەکەیت، بەڵام دواتر دەبێت سەرەنجامەکان لەئەستۆ بگرێت.

خودا دروستکەر و خوڵقێنەرە، بوونی ڕێنمایی لەگەڵ هەر شتومەکێکی دروستکراودا بەشێکە لەپێوەرە حەتمییەکانی کوالیتی.

دەتوانیت ڕەتی بکەیتەوە، لەبەرئەوەی باوەڕت پێی نییە.. ئەگەر تۆ بیرۆکەی بوونی ئەو ڕەت بکەیتەوە.. ئەوکاتە دەڵێیت: سەبارەت بەچی دەدوێیت؟.. خودایەك نییە ئەو هەموو فەرمان بەنەکردن وحەرامکراوانەش خەڵەتاندنێکی بێ مانان.

دەتوانیت بڵێیت: من مولحیدم و قسەکردنەکە نامگرێتەوە.

بەڵام بەهۆی ئەوەوە مولحید بیت، باوەڕت هەبێت بەبوونی خودایەك و دواتر بڵێیت زیاد لە پێویست دەستوەردەداتە ژیانی تایبەتیمەوە، بەڕاستی تۆ لەدەرگایەکی هەڵە چویتە ژوورەوە و کارەکە بەپێچەوانەوە تێگەیشتوویت.

باشە! هەندێ کەس هەن چەمکی ئازادیی تاکەکەسی بووەتە شتێکی پیرۆز لایان، و زۆربەی ڕێنماییە ئاینییەکان بەبارێك بەسەر ئەو ئازادییە کەسیەوە ئەژمار دەکەن، ئاین دەست وەردەداتە ژیانەوە، و واباشترە لەسوورچی دیوە ڕۆحانییەکەدا بمێنێتەوە.

بیرۆکەی حەرام یان قەدەغەکراو بیرۆکەیەکی ڕەسەنە لەئیسلامدا.

ئەو بیرۆکەیە مەرج نیە پەیوەست بێت بە بوونی (زیانی ئاشکرا) لەشتە قەدەغە کراوەکەدا.. ((واتە پێویست ناکات زێدەڕۆیی لە باسکردنی زیانەکاندا بکرێت))..

بیرۆکەی قەدەغەکردن خۆی لەخۆیدا، لەفێرکردنی مرۆڤ و ڕاهێنانیان لەسەر سەرکوتکردنی ئەو زیادەڕەوییانەی حەزدەکەن ئەنجامیدەن گرنگە، وفێری ویست وئیرادەکی جڵەوگیرانەیان دەکات. هەر بۆیە تەنانەت لەبەهەشتەکەی ئادەمیشدا (درەخت) ێکی قەدەغەکراو هەبوو، بێئەوەی بزانین زیانی هەبووە یان نا... بەڵام ئەوە ئەو جڵەوگیرییەیە کە پێویستە مرۆڤەکان فێری بن. جڵەوگیرییەك کەدەبێت لە ئوتومبێلی دروستکراودا هەبێت.

ناکرێت بەئوتومبیلێك بوترێت باشترین ئوتومبیل ئەگەر ئیستۆپەکانی جڵەوگیرو مەحکەم نەکرابێت...گەرچی تایبەتمەندی زۆر بەرزیشی هەبێت ..

بیرۆکەی حەرام، کە هەندێك بەدەستوەردان ناوی دەبەن/ یان بیرۆکەی ((ڕێگرو قەدەغە)) بەشێوە گشتیەکەی زۆر قووڵترە لەوەی تەنها لەڕوانگەی ئەودەر ئەنجامە خراپەوە بۆی بڕوانێت، لەسەرئاستی تاکەکەسیی لە حەرامکراوەکەوە دەکەوێتەوە.

ئەمە بانگهێشت نییە بۆ سەر لەنوێ کپکردنی هەناسەی تاك وپێشخستنی کۆمەڵگا بەسەر تاکدا.. بەڵام نابێت پەیوەندییەکە تا ئەوڕادەیە پێچەوانەبێت.. پێویستە دارشتەیەکی هاوسەنگ هەبێت لەنێوان هەردوولادا.

با بە نزیکەیی نمونەیەکتان بۆ باس بکەین...

ئازادی تاك سنورێك بۆ خۆی دەستنیشان دەكات بەزۆری دروشمە باوەكانیان ئەوەیە كەدەڵێ: (تۆ ئازادی ئەگەر زیان نەگەێنیت) یان (ئازادی تۆ كۆتایی دێت كاتێك ئازادی كەسانی تر دەست پێدەكات).

ئازاد نیت پیس وپۆخڵی و خاشاك فڕێ بدەیتە سەرجادە، ئەمە زیان گەیاندنە بەخەڵك و موڵكومالی گشتی. تۆ بۆت نییە ژاوەژاو لەماڵەكەی خۆتدا دروست بكەیت، بەشێوەیەك ببێتە هۆی بێزاركردنی هاوسێكانت، ئازادیی تۆ لەدەرەوەی سنوری ماڵەكەت، كۆتایی دێت.

ئەمە، لای ئەوانەی بانگەشەی ئازادی تاكەكەسی دەكەن قبوڵە، بەلأم لە هەردوو بارەكەدا زیانەكە ڕوون و ڕاستەوخۆیە، ئەی سەبارەت بەو زیانانەی دوای مەودایەكی دوور و چەند دەیەیەك دروست دەبن، دەبێت چی بڵێین، هەندێك دەرمان بەنمونە دوای چەند ساڵێك بەكارهێنانیان، ئەوجا كاریگەرییە سلبییەكانیان دەردەكەوێت، ئەوكاتە وازیان لێ دەهێنین.

ناكرێت كاریگەرییە خراپە كۆمەلأیەتیەكانی زۆرێك لەو شتانەی لەڕووی شەرعیەوە حەرامكراون دواتر دەربكەون؟ (كە بە بۆچونی ئەوان حەرامكردنیان، پێچەوانەی ئازادی تاكەكەسییە) دەكرێت ببنە هۆیەك بۆ زیان گەیاندن بەخێزان؟

زۆركات ئەمە ڕوودەدات، بەلأم وا دەردەكەوێت بابەتەكە چارەسەركراوە، چارەسەریش بە بۆچوونی ئەوان خۆگونجاندنە لەگەڵ شت و دۆخە نوێییەكاندا لەبری ڕاستكردنەوەی دۆخەكە.

سەبارەت بەم كەسانە: بیرۆكەی حەرام ڕەتكراوەیە، چونكە دژ دەوەستێت لەگەڵ ئازادی وسەربەستی تاكەكەسیدا.

خودا چییەتی بەسەرمەوە، من چی دەپۆشم وچی دەنۆشم.. بەلام ئەوکەسانە بیرۆکەی یاسا پەسەند دەکەن!.. باشە، بەهەمان لۆژیکی ڕەتکردنەوەی حەرام و قەدەغەکراوەکان: ئەی یاسایەکی حکومەت دایدەنێ، چ مافێکی هەیە ناچارت بکات لەناو ئۆتومبیلدا، پشتوێنی سەلامەتی ببەستێت؟

خۆ تۆ زیان بەکەسیتر ناگەیێنیت جگە لەگریمانەی زیانگەیاندن بەخۆت.. حکومەت چی داوە بەسەر ئەمەوە...

لەهەندێ وڵاتدا، حکومەت ئەوکەسەی پوش و گیای زیادەی باخچەکەی خۆی نابڕێت، بە پێبژاردن سزا دەدات..

ئەمە پەسەند دەکەین، بەڵکو ئەم گوێڕایەڵیە بەبەڵگەو ئاماژەی شارستانی بوون دادەنێین.

بەلام پرسەکانی تر (حەرام و قەدەغەکراوەکان بە بەرتەسککردنەوەی ئازادی تاکەکەسی دادەنێین) .

* * *

ئایا باوەڕدارەکان ڕۆڵیان هەبووە لەوەی هەندێك خەڵك بگەیێنن بەم خاڵە.. کردنە بەڵگەی ئازادی تاکەکەسی بۆ گەیشتن بەئیلحاد؟

ئایا لەڕێی هەناسەلێبڕینیانەوە، بە ئامۆژگاری و فەرمانە بەردەوامەکانمان، پرزەمان لێ نەبریون..

پێم وایە، پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین، مامەڵەکردنی هەندێك لەوانەی خۆیان بە(دیندار) دادەنێن لەگەڵ ئەوانەدا کەبە (بێدین)یان دادەنێین، پشکدار بووە بۆ گەیشتن بەم خاڵە.. هەندێ پۆلێنکاری و وەسفکردن و ناو وناتۆرە هەن هۆکارێك بوون بۆ دورکەوتنەوەی زیاتری

ئـەوان، هەنـدێ لـەم چـاودێری خۆبـە بەرپرسـیاردانانە بەردەوامـە لـەژێر دروشمی (من رأى منكم منكراً– هەرکەسـێ لـەئێوە خراپەیـەکی بینـی...)) ((الــدین النصــیحە.. ئــاین ئامۆژگارییــە)) ئــەنجام دراوەو ئــەوەشمان لـەبیرکردووە، کـە (مـن حسـن اسـلام المـو ترکـە مـالا یعنیـە) لەباشـی موسڵمانبوونی مرۆڤ، وازهێنانێتی لەکارێکی کەپەیوەندی بە ئەوەوە نییە).

ئایا بەم هەڵوێستەمان بەشداریمان کـردووە لـەوەی ئـەو کەسانەمان لـە مرۆڤگـەلێکی ئەنجامـدەری تـاوان وخراپـەکاری وەکـو ئێمـەوە بگـۆڕین بـۆ کەسانێك، داوای لێخۆشبوون لەخودا بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای پـەروەردگار و جارێك شکست بهێنن و جارێك سەرکەوتن بەدەست بهێنن..

ئایــا بەشــدارو پاڵنــەریان بــووین لــەوەی زیــاتر دەســت بگــرن بەهەڵوێستەکانیانەوە تـا دەگـەن بەوبڕوایـەی: ((خـودا دەسـت وەردەداتـە ژیانی تایبەتیانەوە))؟!

(١٨) ڕۆژی دوایی

کێشەی باوەڕداران لەگەڵ ڕۆژی دوایی ئەوەیە، کێ دەچێتە بەهەشت یان دۆزەخەوە.

کێشەی بێباوەڕان قوڵترو گەورەترە، ئەوان ڕاستییەکەی، باوەڕیان بە بوونی ڕۆژی دوایی نییەو پێشیان وایە ئەمە تەنها هەڵخەڵەتاندنێکە، تا وا لە خەڵك بکەن لەم ژیانەدا بەشێوەیەکی باشتر رەفتار بکەن، لە ژیانێکدا ئەوان باوەڕیان بەوە نییە لە دەرەوەی ئەم ژیانە بوونی هەبێت. بەڵام بەهەشت و دۆزەخ پاداشت و سزاکەی زۆر زیاتری تیادایە لەوەی تەنها "وا لەخەڵك بکەن بەباشترین شێوە مامەڵە بکەن".

مولحیدەکان دەڵێن هیچ بەڵگەیەك لەسەر بوونی بەهەشتو دۆزەخ نییە جگە لەوە نەبێت کە پێغەمبەرانتان پێیان وتوون...!!

بەدڵنیاییەوە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر بەهەشت و دۆزەخ نییە بێجگە لەوەی پێمان وتراوە..! ئەوەش باوەڕە... ئەگەر بەڵگەیەك هەبوایە لەسەر بوونی ڕۆژی دوایی، ئەوا نەدەبوو بە باوەڕ، بەڵام باوەڕ داوای ئەو بازدانە ئازایانەمان لێدەکات لە بۆشاییدا... بەو پێیەی باوەڕ بەتەواوی شتێ دێنێت بێئەوەی بتوانێ دڵنیابێ لە هەموو وردەکاریەکانی ئەو شتە.

نەبوونی ڕۆژی دوایی، واتە بوونی کێشەیەك و کەلێنێك لە سیستەمو ڕێکخستنی گەردوونیدا، نەبوونی ڕۆژی دوایی واتە باوەڕت وایە جیهان لەسەر چەندین هاوکێشەی نا هاوسەنگ وەستاوە.

واتە تۆ پێت وایە جیهان بریتیە لە تابلۆیەکی ڕێکخراوی (puzzle) گەورەو ناتەواو، بگرە هەر بەناتەواوی دروست کراوە.

ڕۆژی دوایی بەشێکە لەو تابلۆ (puzzle) ڕێکخراوەی ئەو وێنەیە تەواو دەکات لە دونیادا دەیبینین، بەبێئەوە دونیا وەکو ڕستەیەکی بێواتا وایە، وەکو نیهاد (مبتدأ)ێکە بەبێ گوزارە (خبر).

ئایا گریمانەی ئەوە دەکرێت فرمان (الأمر) ڕستەیەکی تەواو بدات بەدەستەوە؟ یان نیهادو گوزارە بێت؟ بەڵێ ئەو ڕێسایەی کەوا ئەم گەردوونەی لەسەر بنیادنراوە، ئەو گەردوونەی کەوا گونجاو بێت بۆ ژیان ناکرێت کۆتایی بێت، بێ ئەوەی لایەنێکی تر هەبێت هاوکێشەی دونیا هاوسەنگ بکات.. ناگونجێت ئەم ژیانە کۆتایی بێت وەکو هاوارێك لە دۆڵێکدا یان تەقاندنی فیشەکە شێتەیەك لە تاریکیدا.

دەڵێین ئێمە باوەڕمان وایە کەوا بیرۆکەی ڕۆژی دوایی تەنها دڵدانەوەو دڵخۆشکردنە بەرامبەر ئەوانەی، ستەمیان لێکردووینو نەمانتوانیوە تۆڵەی خۆمانیان لێبکەینەوە، ئەو کاتە ئەو کەسە لە ڕۆژی دوایدا سزای خۆی وەردەگرێت بەڵکو لەوانەیە بڵێین بیرۆکەی ڕۆژی دوایییو دواخستنی تۆڵەکردنەوەو سزاوەرگرتنەوە بۆ کاتی خۆی، پشکدار بووە بۆ ڕزگارکردنی ستەمکاران بەو هیوایەی سزای خۆیان وەردەگرن لە ڕۆژی دوایدا، بەگوێرەی ئەو تاوانانەی کردوویانە لەم دنیایەدا، ئەمەش ورە و هەستی سزادانی دونیایی ئەوانی پوکاندۆتەوە.

هەر بەڕاستی بیرۆکەی تۆڵەکردنەوەو سزادانی ستەمکاران لە دواتردا ووروژێنەر و ئیغراکارە؟.

بەڵام ئەگەر کارەکە بەو جۆرە بێت تەنها بیرۆکەی دڵدانەوە بێت.. ئەوا لێپرسینەوەی ستەمکاران بەداخەوە تەنها و تەنها بۆ ئەوە نییە.

لەگەڵ لێپرسینەوەی ستەمکاران لێپرسینەوە بۆ ئێمەش هەیە، لەوانەیە ئەو تاوانەمان نەکردبێت، کە ئەوان کردوویانە بەڵام قورسە لەسەرمان دڵنیابین لەو دەرەنجامەی بەسەرماندا دێت.

هیچ کەس قوربانی بەخۆی نادات لە پێناو بینینی سزای ستەمکارێك.

بەڵێ بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لەو کەسەی ستەمی لێکردووین بیرۆکەیەکی زۆر وروژێنەرە.

ڕۆژی دوایی زۆر بەسادەیی تەواوکارییەکی لۆژیکیانەی ناچاریی – بیرۆکەی بوونی دروستکار (خالق)ە... تەنها بەوەی بڕوات بەوە هەبێ هێزێکی زۆر باڵا دروستیکردوویت... ئەمەش ڕۆژی دوایی دەکاتە بەرەنجامێکی حەتمی، تەنانەت ئەگەر ئەو هێزە هیچ پەیامبەرێکیشی نەناردبێت.

تەنها بوونی هێزێکی باڵای عاقڵ، کە بوون و دروستکردنی تۆی ڕێکخستبێت، ئەوا بوونی دواڕۆژێك دەکاتە شتێکی پێویست بەوپێیەی ئەو هێزە باڵا و دروستکارە ئەوەندە زیرەك بوو بێت، تۆو ژیانی تۆی دروست کردبێت، کەواتە دەبێت دوا ڕۆژێکیشی دانابێت... بەبێ بوونی دواڕۆژ خودا نیە...دروستکەر نییە.. دانایی نییە.. هەموو شتێك ڕێکەوتێکی ڕووتە.. هەموو شتێك گاڵتەو گەپە..

تەنها بڕوا بوون بە بوونی دروستکەر، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تر هەروەکو ئەوەی ئەوانەی بە(دێستەکان – الربوبیە) دەناسرێن دەیکەن تەنها پووچگەراییە.

ئەگەر بڕوات بە بوونی دروستکەرێك هەبێت تۆی بەهۆشیارانە دروستکردبێت:

ئەوا ڕۆژی دوایی دەبێتە شتێکی حەتمی و لۆژیکی... ئەو تەواوکارییەی ناکرێت هیچ شتێکی لۆژیکیانەی هەبێت بەبێ ئەو بڕوابوونە.. بەڵێ دڵدانەوە دڵخۆشکردنیشی تێدایە.

بەڵام (ڕێکخستنیشی) تێدایە... ڕێکخستنێك کەوا لە هەموو لا و سوچێك و لە هەموو بەشێکی ئەم جیهانەدا هەیە... هەردەبێت لێرەشدا هەبێت.

* * *

دوابەدوای بیرۆکەی ڕۆژی دوایی... نارازی دەبن لە ناوەرۆك و تەواوکارییەکانی.

بۆچی مرۆڤ بەو جۆرە لەسەر هەموو شتێك لێپرسینەوەی لێدەکرێت.

ئایا ژیرانەیە خودایەك لێپرسینەوە بکات لە هەموو شتێك بەم جۆرە...؟!! ئایا ژیرانەیە لێپرسینەوەمان لەگەڵ بکرێت لەو هەموو ووردەکارییە بچووکانە...؟!!. گرنگ ئەوەیە وا لەناوەرۆکدایە...

گرنگ کۆکراوەی هەموو شتەکانە.

گوێ لەو پەڵپ و بیانووانە ناگرین، لەو ناوەرۆکە بچووکەدایە تەنها ئەو کاتە نەبێت پۆلێنکردنەکەی (خراپ) بێت، واتە لەکاتێکدا بە(تاوانکاری) دابنرێت.

بەڵام ئەوەیان بیرنەچێت، لەبەرامبەر چاکەی بچووکیشدا پاداشتیان دەداتەوە، بە زەردە خەنەکانت بەڕووی ئەوانی تردا، لەسەر خێرکردن بەهەژارێك... بە ووشەیەکی جوان بۆ کەسێکی کە پێویستی پێیەتی... تیکەیەکی بچووك بۆ پشیلەیەکی سەرەڕێ.. هیچ نابیستین سەبارەت بە بچووکی ئەم کارانە.. مەگەر کاتێك کارەکە گرێدراوی شتێکی نەرێنی بێت. سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەیەك هەیە، کە ئەمەیان ئەوەی تر دەسڕێتەوە.. و لێپریسنەوە هەمووان کۆدەکاتەوە.

هەروا ڕەخنە لە سروشتی پاداشتو سزا دەگرن..

دەڵـێن وەسـفكردنی بەهەشـت هاندانـە بۆئـەو كەسـانەی، لـە ژینگـەو سروشتێكی بیاباندا دەژیـان پـێش ١٤ سـەدە، هـەمان ئـەو شـێوازە هاندانـە نابێت بۆ كەسێكی كە لە ژینگەیەكی مامناوەندو سروشتی سـەردەمی تـازەدا دەژی.

دیارە ئەم تێڕوانینە بنیـاد دەنرێـت لەسـەر بینینێكـی هەڵاوێردكارییانـە و جەخت دەكاتەوە لەسـەر ڕووبارەكـانی بەهەشـتو بەروبوومـەكانی و ئـارامی دەروونی.. ﴿ لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ (الطور)

قسەی پڕوپووچو خراپەی تێـدا نییـە. یـان ﴿ وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (الحجر)

هەرچی كینە هەیە لەدڵیاندا دەرمانكردووە.

بەگشتی ئەم تێڕوانینە وا دادەنێت، بەهەشت شوێنێكی گەشـتیاری پێـنج ئەستێرەیە، هەست بە بێزاری دەكەین لە پاش ماوەیـەك هەرچـەندە جـوانو ڕەونەقدار بێت.

هەندێكیان بەڕاشكاوی دەڵێن كەوا بەهەشت بێزاركەرە.

بەو پێیەی ئەو بەدەستی هێنابێـت و چـووبێتە نـاوی و بێـزاریش بووبێـت لێی.

چۆن دەزانین هەستی بێزاربوون بەڕاستی دەمێنێت لە بەهەشتدا؟

بەڵكو فەرموودەی دروسـت هەیـە ئاگادارمـان دەكەنـەوە كـەوا (لـیس في الجنة شيء مما في الدنيا إلا الأسماء)[1]. هیچ شتێك لە دنیادا بـەوەی بەهەشـت ناچێت، بێجگە لە ناوەكانی نەبێت.

---

١) السلسلة الصحاح.

بەڵی هەموو ئەوەی گوێمان لێی دەبێت، لەبارەی ڕووبارەکانی بەهەشتو شەرابەکانیو بەرهەمەکانی لە ڕووبارو هەنگوینو شەرابی دنیا ناچن، تەنها بەناو نەبێت.

پاشان دەڵێن سزای دۆزەخ زۆر زیادەڕەوی تیاکراوە، ئایا دەبێت خودایەکی خۆشەویستو بەسۆز هەبێت، مرۆڤی دروستکردووە هەتا بەو جۆرە سزایان بدات..؟ !..

ئای چەند چێژ لەئازاردان وەرگرتنێکە..

بە کورتیو بەبێ نواندن، ئەوەی هەندێك مرۆڤ دەیکەن لەم دنیایەدا شایەنی ئەو سزایەن. ئێمە بەبەڵگەوە خراپەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ دەزانین، زۆر زیاتر لەوەی کەوا پێش چەند ساڵێك دەمانزانی.

بەڵام ئەگەر پەلپ و بیانووەکانت گەیشتن بەو ئاستە ووردەکارییە، باشتر و بەسودترە هەوڵبدەیت دوور بکەویتەوە لەوەی بگەیت بە دۆزەخ.

زۆرترین بیانووی لۆژیکی ئەو بانگەشەیەیە، کە هەموو ئەو خاوەن ئایینانەی باوەڕ بەڕۆژی دوایی دەکەن بڕوایان بەبەهەشتێکی قۆرخکراو هەیە بۆ خۆیانو بەس... بۆ هیچ کەسێکی تر نا.

دیارە دۆزەخیش بە دڵنیاییەوە، ئەو جێگە سروشتییەیە، بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئایینی ئەوان نییە. یەهوود کەوتوونەتە ناو ئەو بارودۆخەوە.

پاشان نەصرانیەکان کەوتوونەتە ناو ئەو واقیعەوە، خودا فەرموویەتی ﴿ وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١١١﴾ ﴾ (البقرة).

جووله‌كـه‌و مه‌سـيحييه‌كان ووتيـان، ناچـێته‌ به‌هه‌شـته‌وه‌ هه‌ركه‌سـێك جووله‌كه‌ يان مه‌سيحی نه‌بێت، ئه‌وه‌ تـه‌نها ئومێدو بۆچوونی خۆيانـه‌، ئـه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا پێيان بڵێ به‌ڵگه‌كانتان بخه‌نه‌ڕوو ئه‌گه‌ر ئێوه‌ ڕاستگۆن).

وه‌كو ئه‌وه‌ی ئێمه‌ش سوێندمان خواردبێت، شـوێنپێی ئـه‌وان هـه‌ڵبگرين هـه‌مان شـتمان كـرد، سـه‌ره‌ڕای ئـه‌و ئاگاداركردنـه‌وه‌ ڕوونـه‌ی لـه‌ قورئانـدا هاتووه‌.

له‌باره‌ی مولحيده‌كانه‌وه‌، ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ش نمره‌يه‌ك له‌وان كه‌مترن، ئـه‌و شته‌ لۆژيكيانه‌ ده‌رناكه‌وێت.. لـه‌باره‌ی يـه‌هوده‌وه‌ ئـه‌وا به‌هه‌شـت تـه‌نها بـۆ ئه‌وانه‌، ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ده‌گه‌يه‌نێت زياتر له‌ سه‌دا ٩٩ مرۆڤ ده‌چنه‌ دۆزه‌خه‌وه‌، ڕێژه‌ی يه‌هودييه‌كان كه‌متره‌ له‌ دوو له‌ هه‌زار له‌ نێـوان دانيشـتوانی جيهـان، به‌ڵێ زياتر له‌ ٧ مليار مرۆڤ له‌ جيهاندا ده‌چنه‌ دۆزه‌خه‌وه‌ ته‌نها ١٢ مليۆن لـه‌ يه‌هودييه‌كان ده‌چنه‌ به‌هه‌شته‌وه‌.

لـه‌باره‌ی مه‌سـيحيه‌كانه‌وه‌ لێـره‌دا نزيكـه‌ی ٥ مليـار ئه‌چـنه‌ دۆزه‌خـه‌وه‌، نزيكه‌ی ٢ مليار ده‌چنه‌ به‌هه‌شته‌وه‌، ئه‌و ژماره‌يه‌ كه‌مده‌بێته‌وه‌ له‌ به‌هه‌شتدا و زياد ده‌بێت له‌ دۆزه‌خدا ئه‌گه‌ر حسـاب بـۆ ئـه‌و گروپانـه‌ش بكـه‌ين كـه‌وا وا داده‌نێن گروپه‌كانی تر له‌ دۆزه‌خدان، دۆزه‌خه‌كه‌ لای ئێمه‌ وه‌كـو موسـڵمانان زۆر گۆڕانی به‌سه‌ردا نايه‌ت، له‌لای ئێمه‌ ٦ مليار له‌ دۆزه‌خ ده‌بـن‌و وه‌ مليـارو نيوێـك ده‌چـنه‌ به‌هه‌شـته‌وه‌ (Plus minus) به‌ڕه‌چـاوكردنی ئـه‌وه‌ی كه‌هـه‌ر گروپێك له‌ گروپه‌كانی ئێمه‌ گروپه‌كانی تر به‌دۆزه‌خی له‌ قه‌ڵه‌م ده‌دات.

به‌هه‌ر جۆرێك بێت له‌ دۆزه‌خدا چرو پڕی‌و قه‌ره‌باڵه‌غی هه‌يه‌..

ڕووبه‌رێكی زۆری به‌تاڵيش له‌ به‌هه‌شتدا هه‌يه‌.

ئەمە وادەردەکەوێت زۆر لە لۆژیکەوە دوورە، بە پێی هەر چاودێرێکی بێ لایەن، کە سەر بە هیچ ئایینێك نەبێت لەو ئایینانەی دەڵێن بەهەشت تەنها بۆ ئەوانە.

چ واتایەك دەگەیەنێت خوای گەورە ئەم هەموو مرۆڤەی دروستکردووە پاشان دوو لەسەر سێ یان زیاتری فڕێ بداتە ئاگرەوە؟.

بەڵکو واتای چییە، ئەوانە بچنە ناو ئاگرەوە تەنها لەبەرئەوەی لە (ئایینێکی هەڵە)دا لە دایکبوون – ئەو ئایینەی ناچێتە بەهەشتەوە؟ ئەوانی تر دەچنە بەهەشتەوە بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵدانێکی ڕاستەقینەیان دابێت. تەنها لەبەرئەوەی لە ئایینێکی بەبەختدا لەدایك بوون؟

کارەکە لۆژیکی نییە.

خۆ ئەگەر بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی پێویستی بە هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نەبێت، لەبەرئەوەی باوەڕ (ئیمانە)... ئەوە دژیەکیو نالۆژیکی بوون کۆتاشتە، کە باوەڕ پێویستی پێیەتی.

بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ شتێکی زۆر هەڕەمەکییە، پشت دەبەستێت بەکات و شوێنی لەدایکبوون، کەهیچ کەس توانای هەڵبژاردنی نییەو ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ بیرۆکەی خودی دادگەریو خودای دروستکارو خالق...

بەڵام پێداگرتنی هەموو کۆمەڵێك لەسەر ئەوەی بەهەشت قۆرخکراوە بۆ ئەو، پێویستە کاریگەری نەکاتە سەر بیرۆکەی خودی ڕۆژی دوایی خۆی...

شتێکی سروشتییە خاوەنی هەموو ئایینو ئایدۆلۆژیو ڕێبازێك وای دابنێت بیرو بۆچوونو ئایدۆلۆژیاو ئایینی ئەوان باشترینو تەواوترینە.. ئەمە سروشتی شتەکانە... لەمەدا جیاوازی نییە لە نێوان باوەڕدارێك بە ئایینێکی ئاسمانی لەگەڵ ڕێبازێکی دانراو، کۆمۆنیستەکان پێیان وایە بیرۆکەی ئەوان

تەواوترینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان، هەروا لیبڕاڵیستەکانیش وادەکەن.

خۆ ئەگەر ئیلحاد ڕێبازێکی فیکری بوایە و تەنها هەڵوێستێك نەبوایە بەرامبەر دروستکار، ئەوا مولحیدانیش دەیانووت ئیلحاد چارەسەرە.

ئەوە شتێکی تەواو سروشتییە و کێشەیەکی گەورەی تێدا نییە، ناکرێ بڕوات بە شتێك هەبێت و بڕوات وا نەبێت باشترینە.

کێشەکە لەو کاتە دەست پێدەکات تۆ باوەڕداریت و دەگۆڕێیت بۆ ئەوەی باشترە... بۆئەوەی باوەڕت وابێ تۆ باشترینی.

لێرەدا کێشەکە دەست پێدەکات و کێشەی تری لێدەبێتەوە. لەم نێوەندەشدا وەهمی قۆرخکاریی بەهەشت هەیە.

لەوانەیە بیرۆکەکە لەوەوە دەست پێبکات، کە هەوڵدانێك لەلایەن باوەڕدارانەوە هەیە، لەلایەن هەموو ئاینێکەوە بۆ قایمکاری ڕۆڵەکانی باوەڕەکەیان و ڕێگریکردنیان لە بیرکردنەوە بۆ ڕۆشتن بەرەو باوەڕێکی تر... لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەو هەوڵدانە دەگۆڕێت بۆتەرخانکردنی بیرۆکەیەکی هەرەمەکی بەهەشت و دژبەیەکبوونی بیرۆکەی دادگەری خودا و ڕەنگدانەوەی لە وەستانی وێناکردندا...

پاشان دەبێتە یەکێك لەو ڕەخنەو بیانوو بەڵگانەی دژ بە ئایین و بیروباوەڕ بەکاردەهێنرێت.

بەڵام دەبێت دەقەکان خۆیان چی بڵێن لەبارەی ئەو شتانەوە؟ دەزانین و تێدەگەین باوەڕداران چی دەڵێن لە بارەی ئەو پەرەسەندن و کەڵەکەبوونەی هەنگاو بەهەنگاو بەم ئاستە گەیشتووە.

بەڵام دەقە ئاینییەکان چی دەڵێن..

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾ (المائدة).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ (البقرة).

"له ڕاستیدا ئەوانە کە باوەڕیان هێناوە (ئوممەتی محمد-درودی خوای لەسەر بێت-) وە ئەوانەی کە بوون بە جوو، ئەوانەی کە صابئەن (فریشتە پەرستو ئەستێرە پەرستن) و گاورەکان هەریەك لەو دەستە و تاقمانە ئەگەر باوەڕی دامەزراو بە خودا و ڕۆژی دوایی بهێننو کاروکردەوەی چاكو دروستو بە سوود ئەنجام بدەن، ئەوانە نە ترسو بیم یەخەیان دەگرێت، نە خەم و پەژارە ڕوویان تێدەکات".

"بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئوممەتی محمد -درودی خوای لەسەربێت- و ئەوانەش بوونەتە جوولەکە -شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان-، گاورەکانیش شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی عیسان، صائبیەکانیش شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی داوودن" ئەوانە هەموو دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بە خوداو ڕۆژی دواییو کارو کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگارییانە، نە ترسو بیمیان دەبێت، نە غەمو پەژارەش ڕوویان تێدەکات.

بەڵکو دەقەکان ئاگاداری دەدەن لەوەی ببینە هەڵگری هەمان ئەو بیرو بۆچوونانەی گەلانی، دەربارەی وەهمی قۆرخکراویی بەهەشت پێشتر هەیانبووە.

﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ لَيْسَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ عَلَىٰ شَىْءٍ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَىٰ لَيْسَتِ ٱلْيَهُودُ عَلَىٰ شَىْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ ٱلْكِتَـٰبَ ۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ (البقرة).

"جووله‌كه‌كان ده‌ڵێن: گاوره‌كان له‌سه‌ر هیچ بنه‌ماو ڕاستیه‌ك نین، گاوره‌كان ده‌ڵێن: جووله‌كه له‌سه‌ر هیچ بنه‌ماو ڕاستیه‌ك نین، له‌كاتێكدا ئه‌وان كتێبی (ته‌ورات‌و ئنجیلیش ده‌خوێننه‌وه) هه‌روا ئه‌وانه‌ش، هیچ نازانن (له‌بتپه‌رستانی عه‌ره‌ب) هه‌روا ده‌ڵێن (بڕوایان به ئایینی ئیسلام نییه) خوداش له ڕۆژی دواییدا دادگایی نێوانیان ده‌كات له‌وه‌ی ناكۆك بوون تیایدا".

﴿ لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَآ أَمَانِىِّ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾ ﴾ (النساء).

﴿ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ ﴾ (النساء).

"پاداشت‌و ڕێزو نرخ نه به‌ئاره‌زووی ئێوه‌یه، نه به ئاره‌زووی خاوه‌نانی كتێبه(أهل الكتاب)، ئه‌وه‌ی خراپه‌و گوناهێك بكات، ئه‌وه به‌هۆیه‌وه سزا ده‌درێت‌و هیچ كه‌س‌و هیچ هێزێكی تری ده‌ست ناكه‌وێت جگه له خودا تا پشتگیری بكات‌و یارمه‌تی بدات"

"ئه‌وه‌ش كرده‌وه چاكه‌كان ئه‌نجام بدات نێر بێ یان مێ له كاتێكدا ئیماندار بێت، جا ئه‌وانه ده‌چنه به‌هه‌شته‌وه‌و به ئه‌ندازه‌ی په‌رده‌ی ناوكی خورما سته‌میان لێناكرێت"

﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾ (الزلزلة).

"ئـەو رۆژە خـەڵكی دەسـتە دەسـتە بـەرەو گۆڕەپـانی لێپرسـینەوە دەردەچن، بەپەرش‌و بڵاوی تـا کـارو کردەوە کانیـان ببیننـەوە (دیـارە کـە نامەی کردەوەکان تۆمارکراوە بەدەنگ‌و ڕەنگەوە)"

جا ئەوەی بەئەندازەی سـەنگی گەردیلەیـەك خێرو چـاکەی ئەنجامـدابێت دەیبینێتەوە، وەئەوەی بـە ئەنـدازەی سـەنگی گەردیلەیـەك شـەڕو خراپـەی هەبێت دەیبینێتەوە.

کێشەی گەورەی ئێمە لەگەڵ ئەم دەقانەدا نییە، ئەو دەقانە هەڕەشەمان لێدەکات سەبارەت بە قۆرخکاریمـان بـۆ بەهەشـت. هەربۆیـە ئێمـەیش پـەنا دەبەین بۆ ئەو تەفسیرانەی کە مەبەست لەم ئایەتانە هەر بۆ نموونـە تایبـەت دەکات بە ئەو سـەردەمەی پـێش ئیسـلام کـەوتووە یـان ئەوانـەی موسـڵمان بوون لەمان...هتد.

یاخود بەلایەنی کەمەوە چەند دەقێکی تـر لـە مێشـکماندا ئامادەیـە، کـە ئاماژە دەکەن بەوەی هەندێك لەوانە کەوتوونەتـە نـاو (ئیلحـاد)ەوەو لـەبیری دەکەن، ووشەی (کوفر) کاتێك دەوترێت وەکو کردار (لقـد کفـر) ئەمـە واتـای ئەوە نییە، بە دڵنیاییەوە ئەوان سیفەتی کوفر و ئیلحادیان هەیەو پەیوەستە پێیانەوە.

ئایـا ئەمـە واتـای ئەوەیـە یـەهوودو نەصـرانیو وە هـەموویان دەچـنە بەهەشتەوە؟

نەخێر بە دڵنیایەوە.. هەروا ئێمەیش نا. بۆ هیچ کەسێك نییـە بـەو جـۆرە بەشداری لەوەدا بکات.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَـٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾ (الحج).

"بەڕاستی ئەوانەی ئیمانو باوەڕیان هێناوەو ئەوانەش بوونەتە جوو، لەگەڵ صابینەکاندا، فریشتەپەرستن و گاورەکانو ئاگر پەرستەکانو ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا بڕیارداوە".

بێگومان خودای گەورە لە ڕۆژی دوایی جیایان دەکاتەوە لەیەکتری و بڕیاری خۆی دەدات لەسەریان، بەڕاستی خودا شاهیدە بەسەر هەموو شتێکەوە".

خوای گەورە خۆی ئەمە یەکلا دەکاتەوە.. کاری ئێمە نییە کێ دەچێتە بەهەشتەوەو کێ دەچێتە دۆزەخەوە، تەنانەت ئەنجلینا جولیش.

کاری ئێمە ئەوەیە خۆمان بچینە بەهەشتەوە.

ئەمە ئەوەیە دەقەکان دەیڵێن.. بێباوەڕان، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بوونی ڕۆژی دوایی بە بەڵگەوە ڕەتدەکەنەوە بە هۆکاری قۆرخکردنی بەهەشت. دەیسەلمێنن، کە لە هەمووان چاو لێکەرترنو ئایین لەسەر زاری پیاوانی ئاییني وەردەگرن... نەك لە دەقە بنەڕەتییەکانەوە.

(١٩) بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە شمشێر

دەڵـێن ئیسـلام بەشمشـێر بڵاوبۆتـەوە.. ئەمـەش بـە بۆچـوونی ئـەوان ئیسلام دەخاتە ناو قەفەسی تاوانبارکردن‌و لێپرسینەوە.. بە ئاسانی لە دوای ئەم بیرۆکەیە ڕێگـای ئیلحـاد خـۆش دەکرێـت. بەداخـەوە هەنـدێك کـەس بـۆ بەرگریکردن لە ئیسلام دژی ئەوانەی کە دەڵێن ئەمـە تۆمەتـە دێتـە مەیـدان، زۆربەی جار ئەم بەرگریکردنە هەوڵدانێکی شکستخواردووە بۆئەوەی مێـژووی ئیسلامی سپی‌و بێ لەکە نیشان بدەن، لەگەڵ نیشاندانی کۆمەڵێك پەپوولـەی گوڵڕەنگ‌و باڵندەی خۆشەویستی، کە لە پەراوێزدا بجریوێنێت.

لەبەرئەوەی ئەم هەوڵدانە، بێ هێزو ناکۆکە لەگـەڵ زۆرێـك لـەو ڕاسـتییە مێژووییانەی شانازی پێوەدەکرێـت لـە بۆنـەکانی تـردا، ئـەم بـارە تـەنها بـە شکستهێنان کۆتایی نایەت بەڵکو کاریگـەری پێچەوانەشـی هەیـە، کاتێـك زۆر بە توندی بەرگری لە ئیسلام دەکەین دژی ئەم جۆرە وتەیـە، ئـەوەی نـەرێی دەکـەیت لات تـاوان‌و تۆمەتـە.. لەبـەر زۆر هۆکـار کاتێـك شکسـت دەهێنێـت لەبەر گریکردنەکەتدا، ئەوا تۆ کردارییانە کارەکە خراپتر دەکەیت.

پێویست بەبەرگری ناکات.

بەڵێ بە ڕاستی ئیسلام لە هەندێ شوێن بە شمشێر بڵاوبووەتەوە.

لـە چـەندین شـوێن‌و ناوچـەی تـری سـتراتیژی و خـاوەن چـڕیی زۆری دانیشتوانی گرنگی وەکو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاو کەناراوەکانی ئەفریقا، ئیسلام تیایاندا بە زەبری شمشێر بڵاونەبۆتەوە.

کەواتــە دوو دۆخــی دیارمــان هەیــە.. ژمــارەی ئــەو موســڵمانانەی لــەو ناوچەیەدا دەژین و بەهۆی بازرگانیو بانگەوازەوە موسڵمان بوون زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی لە دوای جەنگو پێکدادان موسڵمان بـوون.. بۆیـە لەم کاتەدا هیچ پێویست بە گرژبوونو هەستیاری ناکات.

بەڵام ئەوە پێویست بە نکۆڵیکردن ناکات، کە ئیسلام بە جـەنگ فـراوان و بەهێز بوو بێت. چونکە ئەمـە نـەك هـەر پشتگوێخسـتنی ڕاسـتییە ڕوونـەکانی مێـژووە، بـەڵکو پشتگوێخسـتنی هەرەگـەورەی حەقیقـەتی هـەموو مێـژووی مرۆڤایەتییـە، لەوەتـەی مێـژوو دەسـتی پێکـردووە هـەتا ئـەمڕۆ پڕبـووە لـە جەنگ، هەرچـەندە ئـەم کـردارە جـوان نییـە، سـەرەڕای ئـەوەی هـەموومان ئاواتەخواز بووین مێژوو، گەشتێك بوایە بۆ ڕاوکردنی پەپوولـەکان، بـەڵام زۆر بەداخەوە، ئەمە ڕاستیو واقیعییە..

لەو کاتەوەی قابیـل هـابیلی کوشـت، تـا سـەردەمی دیموکراسـی لیبڕاڵـی جەنگەکان لە سووڕانەوەی خولگەی بەریەککەوتنو ململانێیـەکان لـە نێـوان مرۆڤەکاندا بەژدارییان کردووە، بەدەر لە دروشمە بەکارهاتووەکانو ئامانجـە تاقیکراوەکان، هەردەم جەنگەکان بوونیان هەبووە..

بۆ دەبێت مێژووی موسڵمانان جیاوازتر بێت؟

ئـەوەی سـەبارەت بـە بڵاوبوونـەوەی ئیسـلام ڕوویـداوە، هـەمان شـتیش لەگـەڵ مەسیحییەکانیشـدا ڕوویـداوە، (قوسـتەنتینی ئیمپڕاتـۆر هاوسـۆزی مەسـیحییەت بـووەو بـواری ڕەخسـاند بـۆ بڵاوبوونـەوەیو پەرسـتگای وەسەنییەکانی داخست، و لەدوای خۆیشی کوڕەکەی، بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر هەموو ئەوانەدا، سەپاند بتیان دەپەرستو وەسەنی بوون، و جـەنگی مەسیحییەکان لە نێوان خۆیاندا بۆماوەی چەند سەدەیەك بەردەوام بوو، کـە

بەزۆری دروشمەکان ئاینی بوون، و بەرژەوەندییەکان بەتەواوی دونیایی بوون، هەروەك بەردەوام وایە)... جوولەکەش لەسەرەتای دروستبوونییەوە وا دەناسرا، ئاینی جەنگاوەرەکانەو ئەو جۆرە دەقانەشی بەردەوام زۆر دیارن لە پەیمانی کۆنی (العهد القديم) کتێبی پیرۆزدا.

هەروا بودایزمیش سەرەڕای ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین، سەبارەت بە بانگەشەکردنی بۆ ئاشتی - سەرەتا بەهۆی پشتیوانیی هەندێ لە پاشاکانەوە بڵاوبوویەوە، کە بەهێز سەپاندیان بەسەر دانیشتوانی هینددا، هەر بۆ نموونە (ئەو ئەشوکای پادشا) ١٨٠٠ ی لە شوێنکەوتووانی ئاینی یابانی کوشت، تەنها لەبەرئەوەی باوەڕیان بە بوودایزم نەهێنا.

هەرچەندە هیندۆسەکان لەسەردەمی نوێدا بەهۆی غاندییەوە، بەدووری لە توندوتیژی ناسراون، بەڵام هیندۆسەکان لە ڕێنماییەکانیاندا -هەروەکو هەموو ئاینەکانی تر- دەق و ڕێنمایی ئاشکرا هەیە، دوورن لەم وێنەیەی غاندییەوە.

ئەمانە ئەو ئاینانە بوون، لە ئەمڕۆدا زۆرترین بڵاوبوونەوەیان هەیە، هەر هەموویان بەشدارن لەوەی بەشێك لە بڵاوبوونەوەیان گرێدراوی چەك یان دەسەڵات بووە، کە ئاینەکەی بەزۆر سەپاندووە.

جیاوازییەکی وا لە نێوان هەردوو بارەکەدا نابینم.

کەواتە هەموومان لەمەدا وەکو یەکین و کەس مافی ئەوەی نییە خۆی پاکژبکاتەوەو پەنجەی تۆمەتی تەنها بۆ ئەویتر بێت.

لەوانەیە کەسێك بڵێت، هەموو ئاینەکان لەمەدا بەژدارن؟

باشتر نییە هەموویان واز لێ بهێنین؟! نا ئازیزەکەم هەموو مێژوو بە ئاین و بەبێ ئاین ئاوا بووە، بە چاوپۆشین لەهەر دروشمێك، جا ئەگەر لە

ڕێگەی دۆزینـەوەی جوگرافییـەوە بووبێت یـان ڕێگـای ئاوریشـم یـان ڕێگـای بـەهارات، یـان گـەڕان بـەدوای دەروازەی بازرگـانیی نـوێ یـان دۆزینـەوەی کیشوەری نوێ، یان شۆڕشی پیشەسازی یان سەرمایەداری یان ئیسـتیعماری یـان کێڵگـەکانی نـەوت یـان نازییـەت یـان دیموکراسـیو لیبراڵیـەت.. هـەموو ئەمانــە وەکــو ئایینــەکانن، جــەنگییان بــەکارهێناوە بــۆ بڵاوبوونــەوە و فراوانکردنی دەسەڵات و بەرگریکردن لە بوونو مانەوەی خۆیـان، جـا ئەگـەر تۆ ئارەزووی ئەوە دەکەی واز لە ئیسلام یـان هـەموو ئایینـەکانی تـر بهێنین لەبەرئەوەی هێزی بەکارهێناوە لە مێژووی سـەرهەڵدانیدا، ئـەوا پێویسـتە واز لەبەرهەمە شارستانییەتەکانی مرۆڤیش بهێنیت، هەروا لە هـەموو جۆرەکـانی ژیانی سەردەمیانە، کە تۆ زۆرجار سەر بە یەکێکی لەوانە...

باشە، ئایا لێرەدا دەتوانین بڵێین: ئەو فەتحـە ئیسـلامیانەی وا ڕاهـاتووین لەسەر گەورەکردن و پیرۆزکردنییان ئەوانیش تەنها وەکو هەموو جەنگـەکانی تری جیهان، مرۆڤ و جیهان پێیدا تێ پەڕیوە.

هەرچـۆن وەکـو جەنگـەکان جیهـان پێیـدا تێپـەڕیوە، فتوحـات یـان جەنگەکان، یان داگیرکاری، یان ئەم نازناوانە تەنها بۆ پێداهەڵدانە..

فتوحات سیاسەتی دەوڵەت بوو، بەشێکە لـە مێـژووی موسـڵمانان، بـەڵام مەرج نییە بەشێك بووبێت لە ئیسلام.

دەبێت باش جیاوازی لە نێوان ئەم دوانەدا بکەین، لەنێوان مێژوویەکی کە ڕێزی دەگرینو تێی دەگەین، شتی زۆری لێوە فێردەبین و لە نێـوان ئایینێـك بە پیرۆزی دەزانینو باوەڕمان پێی هەیە.

ئەگەر ووردبیتەوە لە مێژووی فتوحات، کە عومەری کوری خەتاب (خـوای لێی رازی بێت) نەیویستووە عێراق تێپـەڕێنێت بـەرەو وولاتـی فـارس، بـەڵێ،

عێراق و وولاتی شام گرنگ بووه سەبارەت بەدەوڵەتێکی تازەدروستکراو لەبەرئەوەی درێژکراوەو قوڵایی دوورگەی عەرەبی بووە، بەڵام عومەر (خوا لێی رازی بێت) دەیویست لەسەر ئەم سنوورەدا بوەستێت، دوورگەی عەرەبی تا باشووری، عێراق باکووری رۆژهەڵاتی دوورگەکە بوو، وولاتی شام باشووری رۆژئاوایەتی، عومەر بەشێوەیەکی روون دەیوت: حەزم دەکرد لەنێوان من و فارسدا شاخێك لە ئاگر هەبوایە (ئەمە بلیمەتییەکی تری عومەر بووە)..!. سوپای موسڵمانان نەچوونەتە ناو وولاتی فارس دوای داڕووخانی ساسانیەکان نەبێت. لەدوای شکستی فارسەکان لە جەنگی نەهاوەند.. بەم شێوەیە دەبوایە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، کە کەس نەیدەویست بوونی هەبێت لەسەر سنوور لەگەڵ دەوڵەت تازە دامەزراودا.

هەروا عومەر ئارەزووی نەبوو بگاتە میصر، سووربوونی عەمری کوڕی عاص بۆ ئەم بابەتە ڕوون و ئاشکرایە پڕە لە چەندین بەڵگە، عومەر زۆر تامەزرۆی فراوانکردنی وولاتی نەبوو. بەڵکو هەوڵدانەکانی عومەر بۆ ڕازیکردنی خەڵکی شاری مەدینە بۆ شەڕی فارس پێش شەڕی قادسیەو تاوتوێ و ڕاڕایی لەوەدا... دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی فتوحات لەو کاتەدا بڕیارێکی سیاسی و کارگێڕی بووە، کە بە دڵنیاییەوە راستییەکەی سەلما، بەڵام هیچ کات باسێکی ئایینی نەبووە.

عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) ئارەزووی دەکرد دەوڵەتە نوێیەکەی بەهێز بێت و پتەو و تۆکمە بێت، بەڵام فراوانکردنی هەتا کۆتایی جیهان بەهیچ شێوەیەك لە نەخشە و پلانیدا نەبوو.

پێویست نییە لەسەرمان شەرم لەم مێژووەمان بکەین، ئەوە وەکو هەموو مێژووی مرۆڤایەتی وایە، پێویست بەدانانی دروشمی رۆمانسی ناکات وەك ئەوەی هەندێك لە بانگخوازان برەوی پێدەدەن، لەگەڵ ئەوەی ئامانجی

موسڵمانان گەیاندنی پەیامی ئیسلام بووە، بەڵام لەشکری دوژمن دەبووە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی ئەو پەیامەدا، هەربۆیە دەبوو شەڕیان لەگەڵ بکات. لە هەموو بارێکدا بڵاوبوونەوەی ئیسلام ڕوویدەدا، بەڵام شەڕکردن کارێکی زۆر ئاڵۆزتربوو لەو خۆشباوەڕیو سادەییەی هەیە.

لەهەمانکاتدا نابێت بکەوینە ناو هەڵەی پیرۆزکردنی ئەم مێژووەوە، و دانانی ئەم بڕیارە ڕامیاریو ئیدارییە بەوەی پێویست بێت تاهەتایە بەردەوام بێت، باری ئاسایيو سروشتی، بریتی بێت لە داگیرکردنی جیهان.

لەوانەیە بڵێیت، ئەگەر هاتوو هەموو کارەکە لەکۆتاییدا وا بێت کەواتە چی ئیسلام و شەڕەکانی جیادەکاتەوە لەوانی تر.

ڕاستییەکەی، بەتێڕوانینێکی خێرای لیستی کۆمەڵکوژییە گەورەکان لە مێژوودا – مەبەست لێرەدا ئەو کۆمەڵکوژییەیە، قوربانیەکانی دەگاتە ڕێژەی هەزاران مەدەنی نەك ئەو سەربازانەی، لە گۆڕەپانی شەڕن– .

دەبینین ئامادەنەبوونێکی گرنگی موسڵمانانی تێدایە، هەتا دەگاتە شەڕی خاچپەرستان، سەرچاوە مێژووییەکان باس لەبوونی کۆمەڵکوژییەکی دوولایەنە دەکەن.

کەواتە یەکەم دەرکەوتنی موسڵمانان لە لیستی کۆمەڵکوژی کەی بووە؟ لە سەدەی دوانزەی زایینی دوای پێنج سەدە لە بڵاوبوونەوەی ئیسلامو فراوانبوونی دەوڵەتەکەی.

بە دەربڕینێکی تر، لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا هیچ قەسابخانەیەك ئەنجام نەدراوە.

دیارە بە سروشتی حاڵ پێکدادان هەبووە، کوشتن هەبووە، بەڵام قەسابخانەو کۆمەڵکوژییەك ڕوویدات و تۆڵە لە خەڵکی مەدەنی بسەنرێتەوە، ئەمە لەماوەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و جێگیربوونی پایەکانیدا ڕووی نەداوە.

هـەر بـۆ زانیـاریی لیسـتی قەسـابخانە و کۆمـەڵکوژیی گـەورە لـە ڕیـزی کۆمەڵکوژییـەکان لـە پـێش ئیسـلامەوە لـە چـەندین شـوێنی جیـاوازی ئـەم جیهانـەدا ڕوویـداوە، واتـە ئـەم کـارە پەیوەنـدی نییـە بـە کـەمی ڕێـژەی دانیشتوانەوە لەو کاتەدا.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، لە جەنگی موسڵماناندا بەهاکان هـەبوون، بـەهای ڕەوشتی و جۆرێك لە دادپەروەریی ڕێژەیی بەبەراود لەگەڵ هەموو ئەوەی لەو سەردەمانەدا روویدەدا، بەڵکو بە بەراورد بەکاتی ئێستامان ئەمـەش شـتێکی گرنگە.

جەنگەکان ڕاستەقینە بوون، ناکرێت لێی ڕابکـەین.. گووتـەزای: (ئیسـلام بە شمشێر بڵاوبووەتەوە) ئەمە بەڕەهایی تۆمەت نییە، بەڕاسـتی هەنـدێ لـە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەڕێی شەڕکردنەوە بووە، بـەڵام ئایـا دانیشـتوانی ئـەو ناوچـە داگیرکراوانـە بـە زۆرلێکـردن و زەبـری شمشـێر بڕوایـان دەهێنـا بەئیسلام؟ ئەوە هەرگیز ڕوونەداوە، تەنها مەدەنیەکان ناچاردەکران بەوەی ئـایینێکی خـاوەن پـەڕتووك هەڵبـژێرن (لـە ناویـدا ئیسـلام) تەنانـەت مەجوسـیەکان وەکـو ئـاییێکی خـاوەن کتێـب مامەڵـەیان لەگـەڵ کـراوە، و باوەڕدارەکانی ناچار دەکران واز لە ئایینەکەی خۆیان بهێنن.

بـە دڵنیاییـەوە، سـەرانە وەرگـرتن هەنـدێك کـات هۆکـارێکی پەسـتانی ئابووری بوو، پاڵنەرێك بـوو بۆئـەوەی هەنـدێك بـبن بـە موسـڵمان، هـەروەکو دیاردەی لاساییکردنەوەی سـەرکەوتوو، بێگومـان کاریگـەریی خـۆی هـەبووە بۆئەوەی زۆرێك بڕوا بە ئیسلام بهێنن.

بەڵام بـڕوا بـەوەی شمشـێرەکە لەسـەر سـەرتە بۆئـەوەی موسـڵمان بیـت بۆنموونـە وەك ئـەوەی لـە ئەنـدەلوس پیـادە دەکـرا، دوای ئـەوەی کەوتـە

دەستی فردیناندو ئیزابیلا، ئەمە هیچ کات ڕووی نەداوە.. کەواتـە گووتـەزای (ئیسـلام بـە شمشـێر بڵاوبووتـەوە) دادەنرێـت بـە بەشـێکی زۆر بچـووکی ڕاستییەکی گەورە...

پشکینین و ووردکردنەوەی بەڕەهایی نایکات بە تۆمەتێك.

(٢٠) حوكمەكانی كوشتن لە ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ).

پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) غاندی نەبووە وەك چۆن هەندێك بانگخواز دەیانەوێت وای نیشان بدەن.

هەروا جەنگیزخانیش نەبووە، هەروەك چۆن دووژمنەكانی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) – هەتا ئەمڕۆش – لە هەوڵی ئەوەدان وای نیشان بدەن.

پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) پێغەمبەر بوو.

پێویست بەوە ناكات ئێمە ڕەوشت و ئاكارەكانی بۆ زیاد بكەین یاخود لێی كەم بكەینەوە و بیشارینەوە.

پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) مرۆڤێكی تەواو و كاملە، هەروەك ئێمە بڕوامان پێی یەتی .

كاتێك دەڵێم تەواو (كامڵ) مەبەستم لەم دووڕووەیە:

١. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر بوو.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوو، سەركردە بوو، دەوڵەتمەدار بوو.

چەند كەسانێك لە هەوڵی ئەوەدان وای نیشان بدەن پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) كەتەلۆكێكە و چەند ڕەوشت و ئاكارێكی تایبەتییان بۆ داناوە، چۆن دەبێت پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) ئاوا هەڵسوكەوت بكات؟

دواتر ئەم كەتەلۆكەی دایانناوە لەگەڵ ژیاننامەی پێغەمبەر لە هزری خۆیاندا بەراوردی دەكەنو ئینجا دەڵێن: ئا ئەمە پێغەمبەرە !!

بەڵێ، ئەوە پێغەمبەرە، ئێوە ئەمەتان لە کوێوە هێناوە، دەبێت پێغەمبەر ئەم کارە بکات و ئەم کارە نەکات، چۆن بڕیارتان داوە دەبێت پێغەمبەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە ئێوە دەتانەوێت.

ئێوە کێن؟ هەر بەڕاستی ئێوە کێن؟

بەڵێ: بێگومان پێغەمبەر پێغەمبەری ڕەحمەتە، پێغەمبەری مرۆڤایەتییە.

بەڵام وا پێویست دەکات، هەندێ جار بۆ پارێزگاریکردن لە ڕەحمەت و مرۆڤایەتی و بە ناڕەحەتی و سووربوون جێگیریان بکەین.

ئەوە ڕوویدا و تەواو.

بەداخەوە، جیهان بە بەردەوامی، بە ڕەحمەت و مرۆڤایەتی تێپەڕناکات و ناڕوات، لە کاتێکدا ناڕەحەتی هەیە، لە کاتێکدا هەندێك جار شەڕ هەیە، بەڵام ئەمە واقیعە، جیهان بە پێی خەون و ئاواتەکانی ئێمە ناڕوات.

ئەوەی لەسەر ئێمەیە بەڕاستی بیکەین ئەوەیە، ئەم قورسکارییە سارێژ بکەین، بە زیادەڕەوی بەکاری نەهێنین، لە جێگای خۆیدا بەکاری بهێنین بە بێ زیادە، جا بۆ تۆڵەسەندنەوە(قصاص) بێت یاخود بۆ ڕێگریکردنی کوشتارکاریی زیاتر...

لە دوای ئەم قسانەی کردمان، ئێمە دەتوانین لیستێك دابنێین و نیشانی بدەین هەندێك: دەیانەوێت بە هۆیەوە تانەی پێ لە پێغەمبەری خوا بدەن، لیستی ئەوانەی پێغەمبەر فەرمانی کردوە بە کوشتنیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لیستە هەندێ: ڕووداوی تێدایە ڕاست نیە و هیچ بنەمایەکی نیە، ئەو ڕووداوانە دوو لایەن بە دوو بۆچوون ودیدی جیاواز کاری دەهێنن.

لایەنی یەکەم: بێباوەڕەکان، ئەوانەی دەیانەوێت ئەم لیستە بکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی پێغەمبەر تۆمەتبار بکەن بەوەی ئەم کارە خراپانەی کردووە. _ حاشا_.

لایەنی دووەم: داعشەکان و هاوبۆچوونەکانی داعش، ئەوانیش هەمان لیست بەکاردەهێنن بۆ پاساو هێنانەوە بۆ کارە قێزەونەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لە دەق و بەڵگە هێنانەوە، پێیان زۆر جیاوازە.

ئەوانەی لە لیستەکەدا هەن کێن؟

یەکەم: کەعبی کوڕی ئەشرەف، ئەم پیاوە لە هۆزی عەرەبەکان بوو، بەڵام دایکی یەهودی بوو لە هۆزی بەنو نەزیر، لەبەرئەوە ڕێز و گەورەیی هەبوو لە لای عەرەبیش و جولەکەیش، وای دابنێین ئەڵقەی گەیاندنی دوو هۆزەکە بوو بەیەك، ئەوەی کەعب دەیکرد ئەوە بوو، لەدوای جەنگی بەدر دەیزانی، ئیسلام بەرەو بڵاوبونەوەیەکی زۆر دەچێت، بەجۆرێك هەرگیز جوولەکە چاوەڕێی نەددەکرد، بۆیە چوو بۆ لای قورەیشیەکان هەڵیدەنان و شیعری دادەنا بۆ زیاتر سووربونیان بۆ دژایەتی ئیسلام، لەدوای ئەوە شاری مەدینە بە هیچ شێوەیەك لەبەر بوونی دووڕووەکان تێیدا، بارودۆخی جێگیر نەبوو، شیعرەکانیشی دەربارەی پێغەمبەر دەیوتن، زۆر خراپ بوون و لە نێوان دووڕووەکاندا بڵاویش دەبویەوە، بۆیە پلانی کوشتنی کەعب بۆ هەڵنەدانی فیتنەیەکی تربوو، کە لە دواییدا بەرۆکی مسولمانانی دەگرت.

جا لەبەر ئەوە ئەو پەیمانەی لە نێوان مسوڵمانەکان و جولەکەکاندا نوسرا، لە ساڵی ٢ کۆچیدا بوو واتە دوای کوشتنی کەعب، نەك لە سەرەتای کۆچدا وەك ئەوەی بڵاوە، جا لە دوای کوشتنی کەعب یەهودیەکان هاتنە لای پێغەمبەر و سکاڵایان کرد لە لای وی، گوایە کەعب کوژراوە و ئەویش لە پیاوە گەورەکانیان بووە، پێغەمبەریش شیعرەکانی پێ ووتن، لە دژی پێغەمبەر نوسراوە و ووتراوە، و دواتر پێغەمبەر بانگی کردن، تا پەیمانێك

بنوسن له نێوان مسوڵمانەکان و جولەکەکاندا، دواتر ئەوە بوو بە (صـحیفة) پەیمان ناسرا [1].

دووەم: سەلام ئەبو رافعی کوری ئەبو حەقیق: ئەمەش یەکێك بوو لە بازرگانە گەورەکانی جولەکە لە حیجازدا، بەشداری دەکرد لە هاندانی مولحیدەکان لە جەنگی ئەحزابدا، ئەم بەشدارییکردنەشی پەیمانشکاندن بوو، ئەو پەیمانەی لە نێوان مسوڵمانان وجولەکەکاندا نوسرابوو.

سێهەم: ئەسوەدی عەنسی: ئەوپیاوە بوو، بانگەشەی پێغەمبەرایەتی لە یەمەندا دەکرد، سەرکردایەتی سوپایەکیشی دەکرد، کە لە ٧٠٠ جەنگاوەر پێکهاتبوو و هەموو خەڵکی یەمەن لە ژێردەستیدا بوو، ئەم کارەش دەرچوونێکی ڕوون و ئاشکرابوو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەدینە، کۆتایهێنانی ئەم لە دەسەلات دەرچوونە، بە کوشتنی ئەسوەد تەواو بوو، کە ماڵباتی ئەسوەد خۆیان دەستیان لە کوشتنیدا هەبوو، ئەمە چەندین قات لە بەرپابوونی جەنگ بە هەموو زەرەر و قوربانییەکانیەوە باشتربوو.

چوارەم: پیاوێکی نەناسراو، جاسووس بوو لە ناو مولحیدەکاندا، کە ئەم پیاوە خۆی کردبووە جاسوس و بەکرێگیراو لە نێوان هاوەڵاندا کە لە سەفەرێکدا بوو لەگەڵ پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت)، دواتر وازی هێنا، و هەموو جوڵەکانی پێغەمبەر وهاوەڵانی دەگوازتەوە بۆ مولحیدەکان، کە هەموویانی دەخستە مەترسیەوە، بە کوشتنی ئەم جاسوسە خۆیان پاراست و نەجاتیان بوو.

پێنجەم: ئافرەتێکی نەناسراوی جولەکەبوو، جنێوی بە پێغەمبەر دەدا، پیاوێك خنکاندی هەتا مرد، بەلام سەنەدی ئەم ڕووداوە لاوازە، گومان

١: سنن أبي داود (٣٠٠٠).

دەكرێت هەمان ئەورووداوەبێت، پیاوێكی كوێر كەنیزەكەكی خۆی كوشت، كە جنێوی بە پێغەمبەر دەدا، (لەوەدەچێت زۆر لێی تورەبوبێت) و كەسێكیش كوێر بێت ئەم كارە بە ئەنقەست ناكات مەگەر زۆر زەرور بوبێت، ئەمە بەهیچ جۆرێك، پێغەمبەر فەرمانی بە كوشتنی نەكردوەن و زیاتر بە ڕووداوێكی تاوانكاری دێتە هەژمار .

شەشەم: خالیدی كوڕی سوفیانی هوزەلی: كە هەموو هۆزەكانی هوزەیلی كۆكردەوە بۆ شەركردن لەگەڵ هاوەڵان لە مەدینەدا، واتە كوشتنی ئەو كوشتنێكی پێشوەختە بوو بۆ ڕێگریكردن لە ڕوودانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فەرموودەیەی باسی ئەم كەسە و ئەم ڕووداوە دەكات ڕاست نیە، و باسی هیچ كەسێكی تر بەو نیشانانە نەهاتووە، بۆیە پێویستە لە لیستەكەدا لایبدەین.

حەوتەم: ئەبو عەفك، كە شاعیرێكی جولەكە بوو، واقیدی لە كتێبەكەیدا لە بەشی جەنگەكاندا باسی كردوە، سەنەدەكەی لاوازە، وای دابنێین ئەم شاعیرە هاندەر بوو لەسەر پێغەمبەر بۆ قسەپێوتنی، و پێغەمبەریش كەسێكی نارد تا بیكوژێت، جا كە سەنەدەكەی لاوازبێت ئیحتمالی هەیە ڕووداوەكە هەر ڕووی نەدابێت و بوونی نەبێت، و ناوترێت ئەم ڕووداوەش كەسێك شاردوێتیەوە، بۆ نمونە كوشتنی كەعبی كوڕی ئەشرەف دەیان جار هاتووە وباسكراوە.

هەشتەم: عەصمای كچی مەڕوان: كە شاعیرێكی (ئەفسانەییە) لە بەنی خەتمە، ئەم چیرۆكە سەرلەبەری دروستكراوە وڕووی نەداوە [1] .

---

١ : سلسلة الأحاديث الموضوعة (٦٠١٣).

جارێکی تر دەیڵێمەوە: ناتوانرێت هەوڵی ئەوە بدرێت ڕووداوێك بشاردرێتەوە، چونکە گێڕانەوەکان چەندەها ڕووداوی تریان باسکردووە، بێ ئەوەی هەوڵی شاردنەوەشی بدرێت.

پۆلێنکردنی حوکمەکان بە لاوازیو دروستی بە پێی سەنەد و گێڕەرەوەکانە، واتە پۆلێن کردنەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکەکەوە نیە.

وا باوە پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت)، لە ڕۆژی ئازادکردنی مەککەدا، لێبوردنی بۆهەموو مولحیدەکان دەرکرد، جگە لە چەند کەسێکی کە ئەم لێبوردنە ئەوانی نەگرتەوە، فەرمانیشی کرد بە کوشتنی چوار پیاو و دووئافرەت، هەر چەندە دەست بە پەردەی کەعبەوە بگرن هەر دەبێت بکوژرێن[1].

پێویستە تێبگەین بۆچی ئەم چەندکەسە لێبوردنەکە نەیگرتنەوە...

پاشان لە چەند کەسێك خۆشبوون لەوانەی فەرمانی کوشتنی دابوون....

پێویستە بزانین بۆچی دواتر لێیان خۆشبوو...

ڕەحمەت بە یاسا کراوە وە تۆڵەسەندەوەش(قصاص) بە یاسا کراوە.

لەو کەسانەی بێ لێبوردن حوکمەکەیان لەسەر جێبەجێ کرا، دوو کەس بوون، کە لێکچوونێك هەبوو لە هۆکاری جێبەجێکردنی حوکمەکە بەسەریاندا.

عەبدوڵای کوڕی خەتل: مسوڵمان بوو، پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) ناردی زەکات کۆبکاتەوە و پیاوێکی تریشی لەگەڵ نارد لە پشتیوانان (ئەنصارەکان) بەڵام لە ڕێگا بێباوەڕ بویەوە و هەڵگەڕاوە لە ئایین و پیاوە ئەنصاریەکەی کوشت، و دواتر دوو ئافرەتی گرت کە گۆرانیبێژ بوون تا گۆرانی و جنێو وقسەی ناشرین بە پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) بڵێن[2] .

١: المستدرك (٢٣٣٩).

٢ : هامش البخاري.

ئەو دوو ئافرەتە گۆرانیبێژە، دیاربوو هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ عەبدوڵا شەریکبوون، ئەو دوو ئافرەتەشن لە لیستەکەدا هەبوون، یەکیان کوژراوە ئەوەی تریشیان هات داوای ڕێپێدانی کرد، دواتر پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لێیخۆش بوو.

هاوکات عەبدوڵای کوڕی خەتڵیش کوژرا لە کاتێکدا دەستی گرتبوو بە پەردەی کەعبەوە، وای دەزانی دیوار و پەردەی کەعبە لەو کارانەی کە کردویەتی دەیپارێزێت[1].

مەقیسی کوڕی صەبابە، ئەمیش لە لیستەکەدایە و حوکمی کوشتنی لەسەر جێبەجێکرا، چیرۆکی ئەمیش لە چیرۆکی عەبدوڵا دەچێت.

مەقیس برایەکی هەبوو لە بەنی نەجار کوژرابوو، چوو شکاتی کرد لای پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت)، پێغەمبەریش پرسیاری لە بەنی نەجار کرد، فەرموی ئەگەر بکوژەکە ئەزانن ئینکاری لێ بکەن، دواتر دیە (خوێنبایی)ی لەسەر دانان چونکە لە لای ئەوان کوژراوە، دواتر ١٠٠ حوشتری وەکو خوێنبایی بۆ نارد، بەڵام ئەو کەسەی خوێنباییەکەی هێنابوو مەقیس کوشتی و خوێنباییەکەشی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ مەککە و و بویەوە بە بێباوەڕ[2].

پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لەم کەسانە خۆش نەبوو و کوژران.

کێی تر لە لیستەکەدا هەیە.

عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل، نەك لەبەر ئەوەی کە کوڕی ئەبو جەهل بوو وە نەك لەبەر ئەوەی ئازاری مسوڵمانانی ئەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو

---

١ : سنن النسائي (٤٠٦٧).

٢ : شعب الإيمان (٢٩٢).

صولّح و ئاشتەواییەکەی ئەبو سوفیانی قەبولّ نەکرد کە لە ئازادکردنی مەککەدا کردی، بۆیە شمشێرەکەی هەڵگرت و سوار ئەسپەکەی بوو چوو بەرەنگاری خالیدی کوڕی وەلید بووەوە لە خەندەمە.

هەولّی ئەوەی نەدا کە ئاسایش و هێمنی بقۆزێتەوە بەوەی هەر کەس بچێتە مالّەکەی خۆی ئەوە سەلامەتە....

دواتر لە مەککە ڕایکرد، کاتێ زانی دەبێت خوێنی بڕێژرێت و بکوژرێت، ژنەکەی بوو بە سکالآکار بۆی لای پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) و دواتر پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لێی خۆش بوو، بەوەش بەناوبانگە، کە زۆرجوان مسولّمانێتی کرد.

کێی تر؟

عەبدولآی کوڕی ئەبی سەرح، مسولّمان بوو، وەحی بۆ پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) دەنوسیەوە[1]. هەرچی بویستیایە دەیگۆڕی لەوەحیەکە و دواتر مورتەد بوەوە و گەڕایەوە بۆ مەککە، برای شیریی عوسمانی کوڕی عەفان بوو، دواتر عوسمان بۆی بوو بە سکالآکار و پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لێی خۆش بوو.

هەندێکیش حویریسی کوڕی نەقید، وەك عیکرەمە دائەنێن[2]، ئەو چوو بەرەنگاری زەینەبی کچی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) بوەوە لە کاتێکدا دەچوو بۆ مەککە، کێشای بە حوشترەکەیدا و و زەینەب لەسەری کەوتە خوارەوە و بەر بەردێکەوت و سکەکەی لە بارچوو ــ هەر بە نەخۆشیەوە مایەوە تا لە مەککە وەفاتی کرد.

حوەیریسیش عەلی لە کاتی خۆیدا کوشتی.

---

١ : السنن الكبرى للبيهقي (١٦٨٨٠).

٢ : سنن دار القطني (٢٧٩٣).

کێ لێخۆشبوون نەیدەگرتەوە؟

خوێن (واتە ئەوانەی خوێنی کەسانی تریان ڕشتوە).

هەرکەسێك پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لێی خۆش نەبوو ئەوە کوشتنی ئەنجامداوە،... عەبدولا ئەنصاریەکی کوشت، کە هاوسەفەری بوو و زەکاتیان کۆئەکردەوە، واش دەردەکەوێت ئەو کەنیزەکەیش کوژرا یارمەتی عەبدولای دابێت لە کوشتنی ئەنساریيەکە یاخود بەشدار بوبێت.

مەقیسیش ئەو کەسەی کوشت، کەوا خوێنبایيەکەی بۆ هێنابوو...

حوەیریسیش بووە هۆی کوشتنی زەینەبی کچی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت).

لە ڕوویەکی ترەوە، لێخۆشبوونەکە درێژ بووەوە تا ئەو کەسانەشی گرتەوە یاریان بە قورئان دەکرد، ئەوانەشی گرتەوە دەیانویست صولحەکەی ئەبو سوفیان بشکێنن.

حوکمەکە دەرچوو بۆیان بەڵی... بەڵام لێیان خۆشبوون..

بەڵام ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی کەسێکدا هەبوو بە کوشتن...بەخوێنڕشتن....نەخێر.

* * *

با ئاگاداری ئەوەش بین، ئەم ناوانەی کوژران لە ئەنجامی ئەوەبوو، هەوڵی بەرپاکردنی جەنگیان دەدا، یان بەشداریکردنیان لە کوشتنی ڕاستەوخۆ هەبوو لە دەرەوەی مەیدانی جەنگ.

با ئاگاداری ئەوەش بین، ئەو حوکمانەی دەرکران لە حوکمی دادوەرانە دەچوون.

ئەمانەش ڕوویاندا تا دەوڵەتی ڕاستەقینە دروست نەبوو، کاری کوشتن و جێبەجێکردنی نەبوو، یان شەڕکردن لەگەڵ مافیاکان، لە پێش کۆچی

پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت)بۆ مەککە، هیچ کامێك لە مانە یان نزیك لەم ڕووداوانە ڕووی نەدا.

لیستی لێخۆشبوونی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لە مولحیدەکان زۆر لەوە گەورەترە...

هیند، وەحشی، سوهەیلی کوڕی عەمر، حاتەب ـ سەرکردەکانی قورەیش ئەوانەی ، ناکۆکی و دووبەرەکی و ئازاری مسوڵمانەکانیان ئەدا و گەمارۆیان ئەدان ... هەموو خەڵکی مەککە.

هەموو ئەم کەسانە... پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) لێیان خۆشبوو.

کاتێك بیر لەو لیستە ئەکەینەوە، پێی تۆمەتبار ئەکرێین، دەبینین، زۆر پاکە و بێگەردە لەوەی دەیدەنە پاڵی، دواتر سەیری لیستێکی لەوە گەورەتر ئەکەین ئەویش لیستی لێخۆشبووانە.

با دڵنیابین بەڵگەی بێدینەکان و مولحیدەکان بەڵگەیەکی تەواوەتی و ڕاستی نیە، و لەبەر چەند هۆکارێك زیادەڕەوییان لەم لیستەدا کردووە و ئەوانەی تریان لێ لابردوە.

(٢١) سزای هەڵگەرانەوە

دە ڵێن: چۆن دەتەوێت باوەڕبهێنم بە ئاینێك، ئەگەر دواتر بچمە دەرەوە لێی هەڕەشەی کوشتنم لێدەکات؟

چۆن دەتەوێت باوەڕبهێنم بە ئاینێك، ناچارم دەکات دووڕوویی بکەم ـ خۆم وەك باوەڕدار دەرخەم بۆ ئەوەی نەکوژرێم؟

چۆن دەتەوێت باوەڕبهێنم بە ئاینێك، بانگخوازەکانی شەو و ڕۆژ باس لەوە دەکەن، ئیسلام ئاینی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، بەڵام کاتێك کەسێك باوەڕ و قەناعەتی زیاتربوو بە ئاینێکیتر فەرمان دەکات بە کوشتنی.

ئەمە ئەو گفتوگۆیەیە، سەبارەت بە سزای هە ڵگەڕانەوە لەئارادایە.

پێویستە لە سەرمان دان بەوەدا بنێین، ئەوەی دەیڵێین بیرو بۆچونێکە و قسە هەڵدەگرێت.

بەڵام سەرەتا پێویستە لەسەرمان پشکنینی تێگەیشتنی باو بکەین، سەبارەت بە و سزایانەی بە (حدود) سنورەکان دەناسرێن، پاشان هەڵگەڕانەوە، لەوانەیە هەڵە و کەلێنەکە لەوێوە دەستی پێکردبێت، پاشان هەنگاوهەنگاو و پلەپلە کەڵەکە بووبێت تا گەیشتبێت بەو خاڵە...

جاریَ با بپرسین خودی سنور (حد) چییە؟ واتای وشەی سنور (حَـد) چی دەگەیەنێت؟

(الحد) لە زماندا واتە ڕێگری (المنع)، سنوری خودا: ئەو قەدەغەکراوانەیە، نەهی کراوە لە کردنیان و ئەنجامدان و بەزاندنیان، خودای

گەورە فەرموویەتی: ﴿ ... تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ...﴿١٨٧﴾ ﴾ (البقرة) واتە: (جا ئەوانەی باسکران، چەند سنورێکی خودان و مەیانبەزێنن و نزیکیان مەبنەوە).

دەربڕینی نوێ و هاوچەرخ بۆی بریتیە لە و هێڵە سورانەی کە نابێت نزیکی بکەوینەوە، ئەگەر بەزێنران ئەوا سزای لەسەر دەبێت.

بەڵام وشەی (حد)، کەبەکاری دەهێنین لەم کۆنتێکستەی ئێمە لەسەری دەدوێین بەواتای سزایەکی دیاریکراوە لە شەرعدا.

لە حەوت شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە کراوە بەوەی (ئەمە سنوری خودایە ـ تلك حدود الله) بەڵام بۆ یەکجاریش ئاماژەی تێدا نیە بۆئەوشتەی لەکاتی ناوهینانی (الحدود)دا بە بیرماندا دێت.

حەوت ئایەتەکەی قورئانی پیرۆز باسی لەرەوشتەکانی ژنهێنان و مزگەوت رەوشتەکانی جیابونەوە و ماڵ بەشکردن دەکات.

لە جێگەیەکی دیکەی قورئاندا ئاماژەیەکی گشتیی هەیە بۆ ﴿ ٱلْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا۟ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ...﴿٩٧﴾ ﴾ (التوبة) واتە: (زۆربەی عەرەبە کۆچەری ودێهاتی و بیابانشینەکان لە عەرەبە شارنشینەکان دڵرەقترن لە بارەی کوفرو دووڕوییەوە، چونکە دوورن لە سەرچاوەکانی زانست و مەدەنیەتەوە، شایستەترن لەو سنورانە نەزانن، کە خودا ناردویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی دەربارەی حەڵاڵ و حەرام).

بەڵام ئەوەی دێت بە زەین و هزری ئێمەدا، زۆربەی جار پەیوەندە بە سنورو سزاکانی وەك داوێنپیسی و خواردنەوەی عەرەق و مەی (ئەمە دووسنور وسزای روونن لەزەین وبیرماندا، چونکە پەیوەندیدارن بە ئازادی تاکەکەسییەوە).

لەم دواییەشدا قسەی زۆر بڵاوبویەوە سەبارەت بە حەدی هەڵگەڕانەوە.

لە روانگەی قورئانەوە: ئەو سزایانەی، قورئان دیاریکردوون بریتین لە سزای داوێن پیسی (بۆ خێزاندار) و رێگری (رێگری کوشتن) و دزی و بوختان بۆکردن و سزاکانی تۆڵەی خوێن (کوشتن و تاوانە هاوشێوەکانی).

ئەو سزایانەی تایبەتن بە داوێنپیسی کەسی خێزاندار و خواردنەوەی مەی و نێربازی و هەڵگەڕانەوە، لە قورئاندا باسنەکراون، گەرچی وەك حەرام باسیان کراوە.

ئەگەر رامێنین و سەرنجێك بدەین لە سزای تایبەتی مەیخواردنەوە، کە سزایەکە چەندین رووداوی تیایە، چ لەسەر دەمی پێغەمبەرایەتی یا لە سەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) ژمارەی لێدانی جەڵدەکانی دیاری نەکردووە، کە لە تاوانبارەکە دەدرێ، بەڵکو لەسەردەمی ئەبوبەکردا چل، و لە سەردەمی عومەر بووە بە هەشتا بە پێوانە لەسەر حەدی بوختانبۆکردن.

بەڵکو عەلی کوڕی ئەبو تالبیش (رەزاو رەحمەتی خودای لێ بێ) گەڕایەوە بۆ چلەکە وەکو ئەبوبەکر، عەلی لەو بارەیەوە وتویەتی: هیچ جۆرە حەد و سنورێکم پیادە نەکردووە لەسەر هیچ کەسێکی کە مردبێت و شتێك لە دڵمدا دروست بوبێت تە نها مەیخۆر نەبێت، ئەگەر بمرێت لە ژێر سزادا، ئەوا خوێنەکەی دەدەم، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) رێوشوێنەکەی بۆ دیاری نەکردوین[1] واتە سزاکەی یان ئەندازەکەی دیاری نەکردووە.

ئەمەش ئەوە دەگەینێت، ئەم کارە بۆ دەسەڵاتدارەکان بەجێ هێڵراوە تا لێکەوتەی زیانەکەی دیاری کەن و ئەندازەی سزاکەش دەستنیشان کەن.

---

١. صحيح البخاري ٦٧٨٧

هۆكاری زۆربەی ئەو قسەیە زۆرێك لە زانا ئاینییەكانە، بەوەی دەڵێن سزای مەیخواردنەوە حەد و سنورێك نییە لەو حەدو سنورانەی خودای گەورە داینـاوە، بـەڵكو سـزای كـی تەمێكردنـە، واتـە ئەدەبدانێكـە لـە پێنـاو دوورخستنەوەو سڵەمینەوە.

زۆرێك لەزاناكانی وەكو (تەبەری و ئیبن مونزیر و شەوكانی) ئەم رایە پەسەند دەكەن.

بەڵكو هەندێ سمبول و رەمزەكانی سەلەفیی هاوچەرخیش، كە ناكرێت لەسەر تەوژمی نوێگەری ئەژمار بكرێن، هەمان بۆچوونیان هەیە وەكو (ئیبنو عوسەیمین).

ئەمە چی دەگەیەنێت؟

ئەوە دەگەیەنێت، ئەوەی واڕاهاتووین لەسەری گوایا سنورو حەدی شەرعییە، شتێكی جێگر نییە، بە ڵكو ئەكرێ پە یوەندیداربێت بە خەمڵاندنی (دەسەڵات یان حكومەتەوە) و بۆ مەبەستی تەمێكردنی ئەو كەسانەیە، شتێكی قەدەغە وحەرامی دڵنیا ئەنجام دەدەن.

ئەمە لەگەڵ سزای مەیخواردنەوەدا ڕوویدا، سەرەڕای بوونی (ڕووداوە زۆرەكان)ی كە گونجا كارەكە وا لێ بكات ببێتە سنورێكی دیار و ئاشكرا.

پێویستە لەسەرمان ئەمەمان بە باشی لە یادبێت، چونكە ئەگەر ئەم هەڵوێستانە لەبەرامبەر خواردنەوەی عەرەق ومە یدا دەربڕدرابێت، ئەوا دەگونجێت لەگەڵ حەد و سنورەكانیتریش ڕووبدات، واتە لەگەڵ سزای تەمێكردنەكاندا، كەناوی سنوری لێنراوە، هەروەكو عارەق و مەی سزای هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، هاوشێوەی سزای عارەقخۆرەكەیە، لەهەندێك شتدا جیاوازە لێی و لەگەڵ هەموو سنور و سزاكانی تر بە هەندێ شتیتر جیاوازە.

لێکچوونی نێوان سزای هەڵگەڕاوە و سزای عارەقخۆر لەوەدایە، هەردووکیان پێکەوە، هیچ جۆرە دەقێکی قورئانی لە بارەیانەوە نەهاتووە.

بەڵکو لە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) باسکراوە.

بەڵام جیاوازییە گرنگەکە ئەوەیە، ئەو هەموو سزا و سنورانەی تر (ئەوەی لە قوئاندا باسنەکراوە) دژی هیچ شتێك نییە لە قورئاندا.

بەڵام سزای کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئاین، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ قورئاندا ئەگەر هاتوو هەڵگەڕانەوەکە تەنها هەڵگەڕانەوەیەکی فیکری بێت و گرێدراوی هیچ کارێکی دژ بە موسڵمانان نەبێت.

ئایەتەکانی کە دڵنیایی دەدەن لەسەر ئازادیی بیرکردنەوە (بەڵکو تەنانەت ئازادی کافربوونیش) زۆرن و دەستەواژەکانی زۆر ڕوون و ئاشکران.

﴿ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴿٢٩﴾ ﴾ (الكهف)، واتە: جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێباوەڕبێت.

(لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)، البقرة:٢٥، واتە: بە هیچ جۆرێك زۆرکردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا. (دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا.

﴿ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ﴿٢١﴾ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ﴿٢٢﴾ ﴾ (الغاشية)، واتە: کەواتە تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم شتانە بخەرەوە یادیان و ئامۆژگاریان بکە، بەڕاستی تۆ هەر یادخەرەوەیت، هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەر دڵ و دەرونیاندا (تا بە زۆری باوەڕداریان بکەیت).

﴿ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ كُلُّهُمۡ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٩٩﴾ ﴾ (یونس)، واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیوستایە (دەیتوانی بەزۆر و ناچاری) هەر هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕ بهێنن

(بەڵام پەروەردگاری مەزن ڕێزی بۆ ئادەمیزاد داناوە و سەرپشکی کردووە)، جا ئایا تۆ (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەی ئیماندار، ئەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕواداربن)؟ !

لە زۆر شوێندا سەرەنجامەکان تەنها بۆ دواڕۆژ بە جێهێڵراوە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ ثُمَّ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًۢا ﴿١٣٧﴾ ﴾(النساء)

واتــە: بەراســتی ئەوانــەی باوەڕیــان هێنــاوە و دوایــی پاشــگەزبونەتەوە دووبــارە ئیمانیــان هێنایــەوە و دوای پاشــگەزبوونەوە، لــە وەودوا زیــاتر لەبێــدینی و کافریــدا ڕۆچــون، و هــیچ کــات خــودا لەوانــە خۆشــنابێت و ڕێنمونییان ناکات بۆ ڕێبازێکی سوودبەخش.

﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾، (آل عمران)

واتە: جا ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام، پەیرەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، و لەقیامەتدا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە.

جیــاوازی دووەم لــە نێــوان ســزای هەڵگەڕانــەوە وســنورەکانی تــردا، چ ئەوانەی لـە قورئـان یـان لـە سـوننەتدا باسـکرابێتن ئەوەیـە، هـەموو حـەد و سزاکانی تر بەستراون بـەو زیانگەیاندنـەی چوارچێوەی زیـانی تاکـە کەسـی دەبــەزێنێت و زیانەکــەی دەگــات بــە کەســانیتر (داوێنپیســی، دزیکــردن، کوشــتن، ڕێگــاگرتن، هــەتا مەیخواردنــەوەش دەچــێتە نــاو ئــەم بابەتــەوە و کەسەکە ناتوانێت کونترۆڵی خۆی بکات ئەگەر هاتوو سەرخۆش و (مەســت) بوو و لەوانەیە ئازار بە خۆی و کەسانیتر بگەیەنێت.

بەڵام هەڵگەڕانەوە لە ئایندا بەواتا هزرییە پوختەکەی، دەکەوێتە ڕەهەندی تاکەکەسیی جیاواز لەوانیتر، لە ڕووی (زەرەرگەیاندن ـ بەوانیتر لە هیچ تاوانێك لەوتاوانانەی تر ناچێت، کە سنورو سزایان بۆدانراوە).

جیاوازی سێیەم : ئەوەیە ڕووداوەکانی سزاکانی تر وەکو مەیخواردنەوە زۆرە. لە کاتێکدا ڕووداوی کوشتنی هەڵگەڕاوەکان لەسەردەمی (پێغەمبەردا) (ﷺ) تەنها یەك ڕووداو بووە و پێویستە لە ژینگە و ناوەڕۆکەکەی تێبگەین.. تەنها یەك ڕووداو.. ئەویش پەیوەست بوو بە پیاوێکی (جولەکە)، موسڵمان ببوو دواتر گەڕایەوە بۆ سەر دینی جولەکەیاتی خۆی[1].

ناتوانین تەنها ئەمە بەڕووداوێك دابنێین بۆ کەسێك، لە ڕووی فکرییەوە (هەڵگەڕاوەتەوە)، موسڵمانەکان لە حاڵەتی جەنگدابوون لەگەڵ (جوولەکەدا)، گەڕانەوە بۆ جولەکایەتی لەو کاتەدا وەکو (ناپاکیی گەورە) یان (سیخوڕی) وابوو، تەنها دۆزی گۆڕینی بیروباوەڕ نییە و هیچیتر.

وادیارە ڕووداوەکە دووبارەبووەتەوە و وەکو پیلانێکی جولەکە ئەژمارکراوە بۆ نارەحەتکردن و ناچارکردنی موسڵمانان لەڕێگەی بەسەربردنی ڕۆژێك لەگەڵیاندا وەك موسڵمان و داواتر گەڕانەوەیان بۆ (جولەکایەتی) لەڕۆژی دواتر، بەشێوەیەکی دووبارەو بەردەوام وەك چۆن لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە.

﴿ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ءَامِنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓا۟ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ ﴾، (آل عمران)، واتە: دەستەیەك لە خاوەن کتێبەکان (جووەکان) وتیان بە تاقمێکیان، ئێوە لەسەرەتای ڕۆژدا

---

١ صحيح مسلم ١٧٣٣

بەدرۆوە باوەڕپهێنن بەو (قورئانەی) بۆ ئیمانداران ڕەوانە کراوە، بەڵام لەکۆتایی ڕۆژدا و دەمەوئێوارە پەشیمان ببنەوە (تا دوودڵی و گومانیان تێدا دروست ببێت) بۆ ئەوەی پاشگەز ببنەوە.

لە ناو ئەم چوارچێوەیەدا دەتوانین لە فەرموودەی (من بدل دينه فاقتلوه)[1] تێبگەین (هەر کەسێ دینی گۆڕی بیکوژن) ئەمە تەنها دەقێکە ئەوانە بەکاری دەهێنن، کە ڕەواج بە چەمکی حەدد و سزای هەڵگەڕانەوە دەدەن، هەروا دەتوانرێت لە فەرموودەی تر(التارك لدينه المفارق للجماعه)[2] واتە: (ئەوەی وازی لە ئاینەکەی هیناوەو کۆمەڵێ موسڵمانانی جێهیشتوە)، کە خوێنی پێ حەڵاڵ کراوە تێبگەین. کەواتە جیابوونەوە لە کۆمەڵ بەوە دەبێت، پەیوەندی بکات بە دووژمنانەوە.

ئەمەش جیاکردنەوەیە لەنێوان (ئەو هەڵگەڕانەوەیەی وەك ناپاکیی گەورە وایە) لەگەڵ ئەو هەڵگەڕانەوەیەی بریتییە لە گۆڕینی قەناعەتەکانی کە لە چوارچێوەی ئەو ئایەتانەدا جێگەی دەکرێتەوە، و تەئکید دەکاتەوە لە سەر ئازادی بیروباوەڕ، تەنانەت ئەگەر هاتوو کوفریش بێت.

لەم ڕووەوە لەنێو ئەم باسە گەرمەدا، ئایەتێك هەیە، هەندێك وەك بەرگریکردن بەکاری دێنن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، سزای هەڵگەڕانەوە بوونی هەیە لە قورئاندا.

﴿ ... وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟ ۚ وَمَا نَقَمُوٓا۟ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ ۚ فَإِن يَتُوبُوا۟ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ وَإِن يَتَوَلَّوْا۟ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ ... ﴿٧٤﴾ ﴾ (التوبة)

---

١ صحيح البخاري ٣٠٧١.

٢ صحيح مسلم ١٦٧٦.

واتە: (بەڵکو گوفتاری کوفرو بێ باوەڕی هات بەدەمیاندا، ئەوانە دوای موسلمانبوونیان بێ باوەڕبونەوە، خەریکی (پیلان) و نەخشەیەك بوون، بەڵام بۆیان نەلوا و پێنەگەیشتن (کە شەهیدکردنی پێغەمبەربوو)، هیچ شتێك ئەوانی تورە نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت، خودا و پێغەمبەرەکەی ئیماندارانیان دەوڵەمەند و پەروەردە کرد، لەفەزڵ و زیادەڕێزی خۆی، جا ئەو دووڕووانە، ئەگەر تەوبەبکەن و لە ڕەفتاری نادروستیان پاشگەز ببنەوە ئەوە چاکترە بۆیان، خۆ ئەگەر پشت هەڵکەن و (هەر خەریکی نەخشەو پلان بن) ئەوە بێگومان خودا سزای بەئازاریان دەدات لە دونیاو قیامەتدا کەسیش یار و یاوەر و پشتیوانیان نابێت لە زەویدا).

بەڵام سزای دنیا لەوانەیە خەم و خەفەت بێت یا هەموو ئەو شتانەبێت، زۆرێك لەوانە توشی دەبن کە لە ئایین هەڵدەگەڕێنەوە... بەڵکو سزای ئازاربەخشەکە دژە لەگەڵ بیرۆکەی کوشتن و کۆتایهینان بە ژیانی !

دەتوانین بۆ ڕۆچوونی زیاتر لەوەی رابورد سەربدەین لە کتێبی:

(لا ردة في الاسلام) (هەڵگەڕانەوە لەئیسلامدا نییە)ی دکتۆر (تەها جابر عەلوانی)... هەروا بڕوانینە بابەتێکی کۆکار و گرنگی دکتۆر (یەحیا جاد) بەناونیشانی (الردة رؤية تأصيلية جديدة – هەڵگەڕانەوە، دیدێکی نوێی ڕەسەنگەرا).

هەموو ئەوەی پێشووتر لە لایەن هەردوولاوە ڕەتکراوەیە.

ئەوانەی کە سزای هەڵگەڕانەوە دەکەنە پاساو و بەڵگە بۆ بێباوەڕ بوون.. وا دادەنێن ئەوەی پێشووتر تاکتیکێکی بەرگریکردن بوو، بە مەبەستی لەخۆگرتنی هەڵوێست..

تەنها نواندنێکە میانڕەوەکان دەیکەن بە مەبەستی بەدەستهینانی کاتی زیاتر..

ئەوانەشـى هـەموو تازەگەرييـەك ڕەت دەكەنـەوە، ئەوانـەى تەئكيـد دەكەنـەوە لەسـەر جێبـەجێكردنى سـزاى هەڵگەڕانـەوە، وادادەنـێن ئەوانـەى پێشووتر لەوانەيە هەڵگەڕانەوەيەك بوبێت، تۆبەى لێكرابێت.

بـەڵام لـەنێوان ئـەو كەسـانە و ئـەوانيتر تـۆ هـەيت... لـەو نێوانـەدا وەستاويت.. هيچ بەڵگە و پاساوێكت ناوێت بۆ ئـەوەى بێباوەڕبيـت، واز لـە هەموو كارەكە بێنيت... هەمان كات ناتەوێت باوەڕ بەو دژيەكيانە بكـەيت، دەڵێن: (لا إكراه في الدين) (دينداری به زۆر نابێت بكرێـت و بـەزۆر نادرێـت بە سەر كەسدا) دواتـر زۆر لـە خـەڵكى بكـەيت بـۆ هاتنـەوە و دەرچـوون لـە ئايين.

دەبينيت ئەوەى پێشوو لۆژيكيتر و پتەو بـەهێزترە و نـزيكترە لـە ژيريـى تۆوە...

تێبگـەى ئـەو فەرموودانـەى بـەكارى دێـنن بـۆ چەسـپاندنى سـزاى هەڵگەڕانەوە، لە چوارچێوەيەكى مێژووييدان و ئەمە وات لێدەكات تێبگـەى لەوهەلومەرجەى، تێيدا وتراوە، نەچى بۆچوونى ترى سەربارکەيت...

هەنـدێك ئايـەتى وەك ((لا إِكْـرَاهَ فِـي الـدِّينِ)) تێدەپـەڕێ بەسـەرتدا بـێ ئەوەى، دڵەڕاوكەت لێ ڕووبدات و بڵێيت !: بەڕاست؟

لێرەدا من ڕوو لە تۆ دەكەم..

هيوادارم پەيامەكەمت پێ گەيشتبێت..

(٢٢) ئایا داعش بریتییە لە ئیسلام؟

ئەگەر ئێمە لەماوەی نێوان (١٧٨٩ و ١٧٩٤) ژیابا‌ین. دەبوو زۆر جار قسە بکەین لەسەر ئەوەی بزوتنەوەی لیبرالی (رێبازی ئازادی) بزوتنەوەیەکی تیرۆریستیی خوێناوییە.

لەبەرئەوەی لیبرالیستەکانی شۆڕشی فەرەنسا لەو ماوەیەدا چەندین کوشتارگەی ترسێنەریان ئەنجام دا، تەنانەت ئەو ماوەیە ناونرا بە (سەردەمی ترس reign of terror [1]) لەو ماوەیەدا بڕیاری لەسێدارەدانی مەیدانیی بۆ زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس دەرکرا، نیوەیان لەماوەی تەنها نۆ مانگدا ئەنجام درا.

بێجگە لەو کەسانەی لە بەندیخانەدا بوون، یان بەهۆی ئەو دیمەنانەی بینیبوویان خۆیان کوشت. تەنانەت ئامێری سەربرین بووە هێمای شۆڕشی فەرەنسی.

ئەگەر لەماوەی نێوان سالانی (١٩١٧و ١٩٢٢) ژیابا‌ین، ئەوا زۆر جار قسەمان دەکرد، لەسەر ئەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بزوتنەوەیەکی تیرۆریستیی خوێناویی توندڕەوە، ئەو سەردەمە سەردەم و (چەرخی ترسی سوور Red Terror) بوو، ژمارەی قوربانییەکانی لە نێوان (١٠)هەزار کەس بۆ یەك ملێون و پێنجسەد هەزار کەس بوو.

---

١ https://en.wikipedia.org/wiki/Reign_of_Terror

کۆمۆنیستەکان هەمان ڕووداویان لە چین و کەمبۆدیا و ڤیتنام دووبارە کردەوە، لە چین لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٢٧-١٩٤٩) ژمارەی قوربانییەکانی تیرۆری کۆمۆنیستی (وەك نەتەو یەکگرتووەکان ناوی لێنا) زیاتر بوو لە قوربانییەکانی دەستی یابان لەچین[١]دا، کە ئەو ژمارەیە بەشەش ملیۆن چینی دەخەملێنرێت[٢].

لە کەمبۆدیا لە نێوان سالآنی (١٩٧٥-١٩٧٩) گروپی خەمیری سووری کۆمۆنیستی، هەستان بە پاکتاوی ڕەگەزی و قوربانیەکانی دوو ملیۆنی تێپەڕاند.

هەروا هەموو ئایینەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستێکیان هەیە، لە توندوتیژیی تیرۆر و کوشتن بەناوی ئایینەوە، کاتێك ئێمە وا خەیالّ دەکەین ئەمە تایبەتە بەئیسلامەوە، لەبەرئەوەیە لە سەردەمێکدا دەژین داعش و هاوبیرەکانی دەرفەتی گەشە و فراوانبوونیان بۆ ڕەخساوە، بەلاّم ئەگەر لەسەردەمێکی تردا بژیابایین ئەوا ئەم تۆمەتەمان دەلکاند بە کاسۆلیکی یا پرۆتستانتی یا جولەکەوە.

لەئەمەریکا بزووتنەوەی کۆکلۆکس کلان نەك هەر وەك بلاّوبۆتەوە دژایەتیی ڕەشەکانی دەکرد، بەلّکو بەهەمانشێوە دژایەتیی کاسۆلیك و جولەکەکانیشی دەکرد.

لەگەلّ ئەوەی وای پیشان دەدا، ئەوان پارێزگاری لە بەهاکانی پرۆتستانتی دەکەن، ئەم بزووتنەوەیە ڕێگایەکی نەرێنی ئایینی هەبوو لە کوشتنی قوربانییەکانی، کە ژمارەی تۆمارکراویان گەیشت بەنزیکەی چوار هەزار(٤٠٠٠) قوربانی.

---

١ https://en.wikipedia.org/wiki/Communist_terrorism#Cambodia

٢ https://en.wikipedia.org/wiki/Japanese_war_crimes#Mass_killings

دەتوانین بە ئاسانی بە ماڵپەڕەکاندا بگەڕێین بە دوای ئەو وتارانەی داعش دەچوێنێ بە بزووتنەوەی کۆکلۆکس کلان [1] لە کاتێکدا ئەو نوسراوانە لەلایەن ئەو چالاکوانانەی مافی مرۆڤەوە نوسراون، و هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاینی ئیسلامەوە نیە.

لە ئیرلەندا هەتا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، زیاتر لە کۆمەڵێك پۆلێنکراون بەوەی گرووپی تیرۆریستین، هەموویان دژی یەکبوون هەندێکیان کاسۆلیکی و هەندێکیان پرۆتستانتی بوون.

هەروا لە ئەفەریقا و هیند، ژمارەیەك ڕێکخراو پۆلێنکرابوون بە تیرۆریزم و لەکاتێکدا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد سەر بەم مەزهەبی مەسیحی یا ئەویترن.

جولەکەکان بەهەمانشێوە چەندین ڕێکخراویان هەبوو، هەوڵیان دەدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی لە ژێر دروشمی ئاینیدا. هەندێکیان وەکو (چەتەکانی ئەرەگۆن) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی بەریتانیا لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە تیرۆرست پۆلێنکراون، تەنانەت ئەو ئاینانەی بەوە ناسراون، بەهەموو شێوەیەك دژی توندوتیژین بۆ نمونە (بوودییەکان) کەچی لە هەندێ باردا چەندین (پیادەکردنی) زۆر توندوتیژ و خوێناوییان ئەنجامداوە، وەکو بەشداریکردن و هاندانی راهیبە بوزییەکان بە کەمینەی موسڵمانی ڕۆهینگا لە بۆرما یان سریلانکا[2].

بۆ ئەوەی زیاتر خۆم بگرم لێرەدا باسی تاوانە فەرمییەکانی جەنگم نەکردووە، کە چەندین تاوانی ترسناك و تۆقێنەری تێدا ئەنجام دراون نمونەی تاوانەکانی داگیرکاریی فەرەنسی لە (سەربڕین و کۆکردنەوەی ئێسك

١ https://chrishernandezauthor.com/٢٠١٥/٠٣/٠٣/isis-is-no-worse-than-the-kkk/

٢ http://time.com/٤٤٠٥٦٧٨/burma-myanmar-buddhist-muslim-wirathu/

و پروسکەکانیان) لەلایەن (کاسولیککانەوە) ئەنجامدرابوون یان تاوانەکانی لەناوبردنی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکا، لەلایەن پرۆتستانتەکانەوە ئەنجام درابوو، یاخود تاوانەکانی لەناوبردنی ئەرمەنیەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە ئەنجام دراوە، یان هۆلۆکۆستێکی کە دژی جولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە ئەنجام دراوە، ناکریت ئەم نمونانە هەروا بەئاسانی ببەستینەوە بە ئاینێك یان ڕێباز و مەزهەبێك، گەرچی دروشمی ئاینیشی تێدا بەکار هاتبێت، لەبەرئەوەی ئەوانە بەشێك بوون لە جەنگی ولاتان.

ناکرێت داعش بەراود بکرێ بە جەنگی ولاتان، بەڵکو جەنگی ڕێکخراو و چەتەکانە، کە ئایدۆلۆژیای دونیایی یان راڤە و لێکدانەوەی ئاینین هەر وەك بینیمان.

هەر وەکو هەموو ئەوەم دەستپێکرد بە تیرۆرێکی کە دراوەتە پاڵ (لیبرالیستەکان) ئەو لیبرالیستییەی ئەمرۆ وا هەڵسوکەوت دەکات، گوایە تاکە چاودێری مافەکانی مرۆڤە، دوای ئەوەی هەموو ئەمانەم دەستنیشان کرد، دەتوانم بڵێم ئەو بیرو بڕوایەی داعش و ئەو بیرەی داعشی لەسەر بنیادنراوە شێرپەنجەیەکە دەبێت لە ریشەوە دەربهێنرێت.

بەڵێ شێرپەنجەیەکە لەجەستەی ئیسلامدا، پێویستە لە ریشە دەربهێنرێت، بەلام ئەم شێرپەنجەیە تایبەت نیە تەنیا بەئیسلامەوە، بەڵکو شێرپەنجەیەکە لە هەموو ئاین و ئایدۆلۆژیاکاندا بە دەردەکەوێت.

ئەوەی داعش جیادەکاتەوە، لە هەموو ڕێکخستنەکانی پەیوەست بە ئاین و ئایدۆلۆژیاکانەوە، ئەوەیە داعش لە سەردەمی جیهانگیریدا پەیدابوو، وای کرد لە تەواوی جیهاندا کاربکات، نەوەك لە چوارچێوەیەکی ناوخۆیدا، هەر وەك پێشتر لای ڕێکخراوەکانیتری لەو جۆرەدا هەبووە، یاخود رێك وەکو ئەوەی لەلایەن کەسێکەوە وەسفکراوە:

داعش هەڵگری ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاستە لە ئەورووپا بەڵام چەکی سەدەی بیستویەکی پێیە[1].

داعش بەگشتی پشتی بەستوە بە چەند بژاردەیەکی دیاری کراو، ئەمەش وای لێکردووە تەنها بەشێکی زۆر کەمی ئیسلام ببینێت و وێنە گشتی و گەورەکەشی پشتگوێ بخات، ناڵیم بژاردەکانی ساختەن، بەڵام بژاردەکردن لە کۆنتێکستێکدا ڕاستیەکان دەشێوێنێت، بەوپێیەی نەك هەر کۆنتێکستەکە پشتگوێ دەخات، بەڵکو هەندێك لەبەشەکانی تری وێنە گشتییەکە پشتگوێ دەخات، کە تەواو پێچەوانەی ئەو بژاردانەی داعشن، ئەو تێڕوانینە بەشەکیانەی داعش بەکاری دەهێنا بۆ پاساو و پاکانەی شەرعیبوونی خۆی ئەو تێڕوانینانە هەمان تێڕوانینی بێباوەڕەکانیشە، کە (نۆ) لەسەر (دە)ی ئیسلام پشت گوێ دەخەن تا بڕواننە ئەو بەشەی خۆی پێوەلکاندووە و دەڵێن (ئەمە ئیسلامە ڕاستەقینەکەیە).

لە ناوەڕۆکی ئەو بژاردانەی هەردوولا پیادەی دەکەن:

١-دەرکردنی بەنو قورەیزە: وادادەنێین ئەم چیرۆکە لە گرنگترین ئەو شتانەیە، داعش بۆ پاساوهێنانەوەی کارەکانیان بەکاری دەهێنن، زیاتر لەوەی مولحیدەکان بەکاری دەهێنن بۆ هێرشکردنە سەر ئیسلام.

کورتەی چیرۆکەکەو بەسەرهاتەکە ئەوەیە، بەنو قورەیزە پەیمانیان بە پێغەمبەر(ﷺ) دابوو لەگەڵ یەهودییەکانی تری مەدینە، هاوپەیمانی یەکتر بن بۆ شەڕ و غەدر نەکەن، بەڵام هەر بەخێرایی بەنو قوریزە غەدریان کرد و هاوپەیمانییان لەگەڵ قورەیشیەکان کرد لەشەڕی (ئەحزاب، خەندەق)دا، ئەمەش کاتێك بوو سووربوونی قورەیشیەکانیان لە ڕیشەکەنکردنی

١- http://www.huffingtonpost.com/٢٠١٥/٠٢/٢٧/kkk-terrorist-organization_n_٦٧٦٤٨٦٦.html

موسڵماناندا بۆ دەرکەوت، ئەم ناپاکییە لێدانێکی ئاشکرا و ڕوونی موسڵمانان بوو لە دواوە، هەر کە ئابلۆقەی لایەنەکان لەسەر مەدینە شکا، پێغەمبەر(ﷺ) ڕووی لەو قەڵایە کردن کە بەنوقوریزە تێیدا خۆیانیان قایم کردبوو، بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ ئابلۆقەی دان پاشان داوای دادوەرییان لە سەعدی کوڕی موعاز کرد، کە دۆستێکی دێرینیان بوو، ئەویش ئاماژەی دا بە کوشتنی جەنگاوەرەکان و بەدیلگرتنی ژنەکانیان و دابەشکردنی سەروەت و سامانەکانیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تۆ بە حوکمی خودا بڕیارت دا [1]

یا خود ووتی بە حوکمی پاشاکان بڕیارت دا [2] .

بەپێی ڕاسترین گێڕانەوە ژمارەیان چل پیاوە، هەر وەك ڕوونە ئەم ڕووداوە سەری ڕمی هەردوو لایانە، کێشەکەش لەو ووتەیەی پێغەمبەردایە (ﷺ) کە فەرمووی: بڕیارەکەت بە پێی حوکمی خودا بوو.

بەڵام کاتێك سەیری گێڕانەوەکە بکەین ئەمانە دەبینین:

یەکەم: خودا لە هیچ شوێنێکی تردا فەرمانی نەکردووە، بە کوشتنی پیاوانی جەنگاوەر و بە کۆیلەکردنی مناڵ و ئافرەتان.

دووەم: ئەم بڕیارە نزیکترە لەوەی لە تەورات و پەیمانی کۆندا هاتووە، لەوێدا خودا لە تەوراتدا فەرمانی کردووە بە کوشتنی هەموو پیاوەکان و دیل و کۆیلەکردنی ئافرەت و مناڵەکانیان هەر وەکو لە (سفر التكوين أصحاح ٢٩: ٢٥: ٣٤)دا هاتووە.

(ئەوەی لە ڕۆژی سێهەمدا ڕوویدا ئەوە بوو بەئازارەوە کاتێك هەردوو کوڕەکەی یەعقوب، شەمعون و لاوی کە دوو برای (دینە) بوون هەرکەسەو دەستی دایە شیرەکەی خۆی و بەبێ ترس هاتنە شارەکە و هەموو

١ صحيح البخاري ٤١٢١

٢ صحيح البخاري ٣٠٤٣

نێرەکانیـان کوشـت و پاشـان حـەمور و شـەکیمی کوڕیـان کوشـت بـەزەبری شمشـێر و (دینـە)یان لـەماڵی شـەکیم بـردو دەرچـوون، پاشـان نـەوەکانی یەعقوب هاتن بەسـەر کوژراوەکانـدا وشـارەکەیان تاڵـان کـرد، لەبـەر ئـەوەی خوشکەکەیان پیس کرابـوو، هـەموو مـەڕەکان و چێلەکان و گوێدرێـژەکان و هەموو ئەوەی لە شارەکەدا بوو، و لە کێڵگەکـەدا هـەبوون، هـەموویان بـرد و هەموو سەروەت و سامانەکانیان بەتاڵان برد، لەگەڵ هەموو منداڵ و ئافرەتان و هەموو ئەوەی لەماڵەکاندا هەبوون.

سێهەم: سەعدی کوڕی موعاز، هاوپەیمانی کۆنی بـەنو قـورەیزە لەوانەیـە هەندێك شارەزایی هەبووبێت لەو یاساو ڕێسایانەی لە تەوراتدا هەبوون، بۆیـە لەلایەن ئەوانەوە هەڵبژێردراوە تا دادوەری بکـات بۆئـەوەی ئیحراجـی بکـەن بەتایبەت دوای ناپاکیکردنەکەیان لەشەڕی خەندەقـدا، هـەر بۆیـە سـەعد بـە چاکی زانیوە دادوەرییەکەی بەپێی ئـەوە بێـت، وا لـە کتێبەکانیانـدا هەیـە و پێیان باشتربووە پابەند بن پێیەوە لە بری ئیمانهێنان بە قورئان.

چوارەم: جیاوازی دەقەکە لە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) جارێـك بـە (تۆ دادوەریت کرد بەفەرمانی خودا) جارێك (بەفـەرمانی فەرمانڕەواو پاشا).

ئامـاژەی ئـەوەی تێـدان، کـە پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) وەك تـەعلیقێك لەسـەر حـوکم و بڕیارەکـەی داویـەتی بـۆ هـەمووان ڕوون نـەبووە، لەوانەیـە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویێتی: بڕیار و حوکمەکەی بەپێی یاسای کتێبەکـەیان یان فەرمانی خودا لە کتێبەکەیاندا، یان شتێکی لەو جۆرەی وتبێـت، لەبـەر ئەوەی رێك بەم شێوەیە باس لە حوکمی خودا کراوە لە تەوراتدا، وشتی لـەم شێوەیە لە قورئاندا نیە.

دەرکردنی ئەو ڕووداوە لە چوارچێوەو ژینگە و دۆخەکەی خۆی، (ناپاکی بەنو قورەیزەو پێشێلکردنی ئەو پەیمانانەی کەهەیان بوو پاشان هەڵبـژاردنی هاوپـەیمانێکی کـۆن) بـۆ دادوەریکـردن بـە ئامـانجی تێکـدانی یـەکڕیزیی موسڵمانان) جا ئیتر ئەم کارە بکرێتە پاساو و بیانوو لـەلای داعـش بـۆ کـارە ترسناك و ناڕەواکانیان یان لەلایەن مولحیدەکانەوە بـۆ پاسـاوی هێرشـکردنە سەر ئیسلام، ئەمە هیچ لەو ڕاستییە نـاگۆڕێ، ئـەم ڕووداوە وا دەردەکـەوێت لە هەموو جەنگ و ڕووداوەکانی تر دەگمەنتر و جیاوازتر بێت.

٢- فەرموودەی: (أمرت أن أقاتل الناس، حتى يشـهدوا أن لا إلـه إلا الله، وأن محمدا رسول الله، ويقيموا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلـك عصـموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحق الإسلام)[1]. (فەرمانم پێ کراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵك تا شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی خودا تاك و تەنیایە موحەمـەد (ﷺ) نێردراوی خودایە، نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەگەر ئەوەیان کرد خوێنیان و ماڵیان لەمن حەرام دەبێت تەنیا بەماف ئیسلام نەبێت).

ئەم فەرموودەیە دادەنێرێت بە (مانیفێستۆ) یان (بەیانی ژمارە یـەك)کـە داعش، لە جەنگە جیهانییەکەی دژ بە هەموو جیهانیان بەکاری دەهێنا.

بێگومان فەرموودەکە دروسـت (صـحیح)ە، بـەڵام مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا بەشێوەیەکی ڕەها، وا دەکـات وشـەی خـەڵك بـەواتای (هـەموو مرۆڤایـەتی) جێگەی قسە و بـاس بێـت، و بـەڵکو بابەتێکـە پێچـەوانەی فـەرمانی خـودا و پێچـەوانەی خـودی فەرموودەکەیـە، ئەگـەر ئـەم فەرموودەیـە بـە واتـای جەنگکردن بێت لەگەڵ هەموو خەڵکدا، هـەتا ئیسـلامەتی خۆیـان ڕابگەیـەنن، ئـەوا پێچـەوانەی ئـەو ڕاسـتییەیە، کـە ئیسـلام موسـڵمانبوون و ئیسـلامەتی

---

١ صحیح البخاري ٢٥

بەسەر خاوەن کتێبەکاندا نەسەپاندووە، بەڵکو داوای موسڵمانبوون یان وەرگرتنی سەرانەی لێکردوون، ئەم بژاردەیەش دژە لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە گشتییە ڕەهایەی، بۆ وشەی خەڵك دەیکەن، ئەمە جگە لەوەی قورئانی پیرۆز دیاریکردووە، کێن ئەوانەی دەبێت لەگەڵیاندا بجەنگێت : ﴿ وَقَٰتِلُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (التوبة).

هەمووتان بەگشتی بجەنگن لەگەڵ هاوبەشپەیداکاراندا هەر وەکو چۆن ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن، ئینجا بشزانن خودا یار و یاوەری ئەو کەسانەیە لێی دەترسن و پارێزکارن).

﴿ وَقَٰتِلُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ ﴾ (البقرة).

بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خودا، و دژی ئەوانەی، دژتان دەجەنگن نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن و منداڵ و ماڵات و هتد) چونکە بەڕاستی خودا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت، ئاشکرایە وشەی (هاوبەشدانەر) لەو کاتەدا ڕوون بووە، بە واتای بتپەرستەکان هاتووە نەك بە واتای هەموو ئەوانەی ئێمە(باوەڕمان بە دروستی یەکتاپەرستییەکەی نییە)، وەکو ئەوەی داعش پێی هەڵدەستێت، هەرچی مولحیدەکانیشە ئەوە بژاردە دەکەن ودەیان دەقی تر لە بیر دەکەن، کە ئاماژەن بۆ خاوەنکتێبەکان و بۆنمونە نەسرانییەکان بە نزیکترین کەس دادەنێن لە ڕووی خۆشەویستیەوە بۆ مسوڵمانان، یان ئەو وەفدەی نەسرانییەکانی نەجران، لە بیری خۆیان دەبەنەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) پێشوازی لێکردن و هەروا ئەو پەیمانە عومەرییەشیان لەبیر کردووە، کە عومەری کوڕی خەتاب دای بە

مەسیحیەکانی قودس و یەکێکە لە گرنگترین بەڵگەنامەکانی ئازادی و لێبوردەیی ئاینی بۆ چەند سەدە.

٣-ئەو ئایەتانەی تایبەتن بە ڕووبەڕووبوونەوە لە کاتی جەنگدا وەك ئایەتی: ﴿ ...وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم ... ﴿١٩١﴾ ﴾ (البقرة)، دەستدرێژکەران بکوژن لە هەر کوێدا دەستتان کەوتن.

هەروا ئایەتی هاوشێوە لە سورەتی تەوبەشدا هەیە، هەر کەسێك سورەتی تەوبە بخوێنێتەوە یان لە کۆنتێکستەکەی تێبگات، دەزانێت ئەو پەیامە سەبارەت بەو هاوبەشدانەرانەیە، پەیماننامە و بەڵگەنامەکانیان شکاندووە و دەرفەتی چەند مانگێکیان پێ بەخشراوە تا لە پەیمانشکاندنەکەیان پاشگەز ببنەوە، ئەوەش دەزانێت تەواوی سورەتی تەوبە، هەموو جۆرە کوشتارێکی خستووەتە چوارچێوەیەکی مەرجدارەوە و دەرفەتی بۆ ئاشتی، هەتا دواساتی کۆتایی هێشتۆتەوە.

هەروا ئایەتی هاوشێوەی تریش هەیە، وەکو: إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ) ئەوانەی بێ بڕوان (كفروا) لێرەدا مەبەستی جەنگ کەرەکانە چونکە (لقيتم) بۆ کاتی ڕووبەڕوو بۆنەوەیە لەکاتی جەنگدا، وەکو ئایەتی (إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ) بێگومان پشتیان هەڵکرد لە جەنگی ئوحدا لە ڕۆژی بەیەك گەشتنی ئیمانداران و بێ باوەڕەکان هەر وەك لەتەواوی ئایەتەکەدا هاتوە (حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا) (تا شەڕ کۆتایی دێت ئاسەواری شەر نامێنێت و دوژمنان چەك دادەنێن) هەموو ئایەتە هاوشێوەکان باس لە مولحیدە جەنگاوەر و هاوبەشپەیداکەرە شەرکەرەکان یان پەیمانشکێنەکان دەکات.

کەواتــە چــەتری کۆکــەرەوەی ســەرەکی، بریتییــە لــە ئایــەتی(٣٦)ی سورەتی تەوبە.

﴿... وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةًۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ٣٦﴾

هەمووتان بەگشتی بجەنگن هەر وەکو چۆن ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن، ئینجا بشـزانن کـە خـودا یـار و یـاوەری ئـەو کەسـانەیە کـە لێـی دەترسـن و پارێزگارن.

هـەروا ئــەوەی لــە سورەتی (البقرە ١٩٠)هاتوە کە دەفەرموێت: ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ١٩٠ ﴾ سورەتی بەقەرە (١٩٠). بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خودا دژی ئەوانەی دژتان دەجەنگن، نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن و منالّ و مالأت و هتد) چونکە بەڕاستی خودا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت.

هەردوو لایەنەکە، ئەو چوارچێوە جەنگییەی ئایەتەکان پشتگوێ دەخەن لە سیاقی ئایەتەکاندا هاتووە، داعش وایدادەنێت ئـەم ئایەتانـە ڕێپێـدانێکی تاهەتاییە بۆ دەسـتپێکردنی جـەنگ لەگـەڵ هـەر کـەس و لایـەنێکی کـە دژی بێت.

مولحیـدەکانیش بـاز دەدەن بەسـەر هـەموو ئـەو چوارچـێوە مێـژوویی و جوڵە مێژووییەدا، کە جەنگ بەشێکی سـەرەکی بـووە تیـایدا و بڕیـار دەدەن لەسەر ئەوەی دەبێت ئیسلام لقێك بێـت لـە ڕێکخـراوی دژەجـەنگ ونـەیارێتی بکات.

٤–سـنوری حیرابـە: یـەکجار لـە سـەردەمی پێغەمبـەر (ﷺ) جێبـەجێ کـراوەو ئـەو ئایەتـەی ئـەم حوکمـەی دیـاری کـردووە، سەرپشـکیی داوە بـە

جێبەجێکردنی تۆڵەکردنەوە بە کوشتن یان دەست بڕینەوە یان دوور خستنەوە، بەڵام داعش سزا قورسەکەی بەباشزانیوە، کەچی پێغمبەر (ﷺ) و جێنشینەکانی دوای خۆی حەد و سنورەکانیان جێبەجێنەکردووە لە ئەگەری بوونی هەر گومانێك، بەڵام داعش بەبوونی کەمترین گومان سزاکانی جێبەجێدەکرد.

بەڵام مولحیدەکانیش وای دادەنێن، دەبوو ئیسلام پێش نزیکەی ۱٤۰۰ ساڵ لە دەرچوونی یاسایەکی وەك ئەم یاسایە واژووی بکردایە لەسەر هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان.

٥- فەرمووده ئاحادەکان: هەندێکیان راستن، بەڵام بەتەواوی لە کۆنتێکستێکی جیاواز دەرهێنراون، وەکو نمونەی فەرموودەی: (والذي نفسي بيده لقد جئتكم بالذبح) (بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە، کوشتنم بۆتان هێناوە)[1] .

فەرموودەکە لەوکاتەدا وتراوە، پەیامبەر لە لایەن گەورەکانی قورەیشەوە فشاری لەسەربووە و لە مەککە تەنگەتاو کراوە و لەکاتی سوڕانەوەی بەدەوری کەعبەدا، کات لەدوای کات هێرش دەکرایە سەری وتانە و تەشەریان لێی دەدا.

ئەم دەربڕینەی وەك هەڕەشەئامێز بەکار دەهێناو لەسنووری خۆیاندا ڕایگرتن، و سنووری بۆ دانان، بەشێوەیەك بڵاوەیان لێی کرد وەك ئەوەی باڵندەیەك بەسەریانەوە بێت.

یەکێکی تر لەو فەرموودە ئاحادانەیەئاستی لە نێوان لاواز و باشدایە، بێ ئەوەی بگاتە پلەی دروست (صحيح)ی، ئەویش فەرموودەیەکی زۆر ئاشکراو

---

١ مسند أحمد ٧٠٣٦

بەناوبانگە و لای داعش بەشێوەیەک بەکار دێت و وا وێنا دەکەیت پلەکەی دەگاتە موتەواتر و متفق علیە ئەویش: (بعِثتُ بين يدي السَّاعةِ بالسَّيفِ حتَّى يُعبَدَ اللهُ وحدَه، لاشريكَ له)[1] .

واتە: لەنزیکی کۆتایی دونیادا بەشمشێرەوە نێردراوم، تا خودای تاک و تەنیاو بێهاوبەش بپەرستن.

بەڵام هەردوو لا خۆیان بێ ئاگا دەکەن، لە زۆرێك لە ئایەت و فەرموودەو چەندەها هەڵوێستی وەك: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ (الأنبياء) (تۆمان نەناردووە بۆ ئەوە نەبێت، میهرو بەزەیی بیت بۆ هەمووان و بۆ هەموو جیهانەکان).

یاخود ئەو لێبوردنە گشتییەی دەریکرد بۆ خەڵکی مەکە، دوای ئەوەی بەسەریاندا سەرکەوت، یان نمونەی فەرموودەی (دخلت امرأة النار في هرة عذبتها) (ژنێك خراوەتە دۆزەخ بەهۆی ئازاردانی پشیلەیەکەوە)، یان فەرموودەی (بەزەییهاتنەوە بە مەڕومالآت لەکاتی سەربڕین دا).

٦-داعش بەهەمان شێوە پشتی بەستوە بە فەتوا و وتەکانی زانایان لە قوناغە مێژووییە دیاریکراوەکان و ئەو دۆخە مێژووییانەی تایبەتن بە سەردەمی خۆیانەوە، لەهەموو بارێکدا ئەوانە تەنیا چەند بۆچوونێکن و ناگەنە ئاستی ئەو دەقە ئاینیانەی شایەنی گفتوگۆکردنن.

ئایا داعش نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات؟

داعش بریتییە لە دیاردەیەك، بەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراو جۆرە.

وەکو(نەزانین، گەوجاندن، بێ هیوایی، پیلاندانان، حەزی تاوانکاری، سیاسەتی نێودەوڵەتی)، هەموو ئەمانە پێویستیان بەوەیە بە دوای پاساودا

---

١ مسند أحمد ٥١١٥

بگەڕێین ئەگەر لە بژاردەیەکی مەبەستدارانەی ئەم جۆرە دەقانە یان دەقەکانی تردا نەبینرایەوە ئەوا پاساویتر یان دەقیتری بۆ دەبینرێتەوە.

ئایا داعش نوێنەرایەتی ئیسلام دەکات؟

ئەگەر ئێوە سوربن لەسەر ئەوەی لەکونی دەرزییەوە، تەماشای ئیسلام بکەن، بەڵێ.

ئەگەر پێتان وابێت ئامێری سەربڕینی شۆڕشی فەرەنسی، نوێنەرایەتی ئازادیخوازی ولیبرالییەت دەکات و کوکلۆکس کلانەکانیش نوێنەرایەتی پروتستانتەکان دەکەن، بەڵێ.

(٢٣) ئیلحاد بەهۆی بوخارییەوە

شتێکی سەیر و نامۆیە، کەسێك بەهۆی سەحیحی بوخارییەوە بێباوەڕ بێت، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕوودەدات و زۆریش ڕوودەدات. هەندێك لەوانەی خاوەنی بیری ئاینین بەشدارییان کردووە بۆ گەیشتن بەم خاڵە.

چۆن؟

گەورە دەبین و گەشە دەکەین، ژیری و زەینمان شێوە و شکڵ دەگرێ لەسەر ئەوەی بوخاری ڕاستترین کتێبی فەرموودەیە، لە دوای کتێبی خودا کە (قورئانە)، کاتێك دەربڕینی (بوخاری گێراویەتیەوە) دەبیستین وەکو ئەوە وایە، مشتومڕەکە بە یەك لێدان کۆتایی پێ بێت، تێدەگەین بوخاری هێڵی سوورە، وترا بوخاری، ئیتر نابێت هیچی تر بوترێت.

وردەوردە بوخاری لەلای ئێمە پێمان ناخۆش بێت یان نا، هەستی پێ بکەین یان نا، دەبێتە پایەیەك لە پایەکانی ئیمان و باوەڕی ئێمە، ناتوانین خەیاڵ بکەین بەبێ بوخاری ئیماندار بین، لەبەرئەوەی ئەو وەك کۆڵەکەی ئەم باوەڕەی لێ هاتووە.

زۆرێك لە گەنجەکانمان لەم دەیانەی دواییدا، بەم شێوەیە پێگەشتوون، پاشان ئەم لاوانە چوونە ناو لاپەڕەکانی ئەنتەرنێت و لاپەڕەی پەیجەکانیان هەڵدایەوە و ئاڵوگۆڕیان بە لینکەکان کرد، هەندێك شتیان لەسەر بوخاری بۆ دەرکەوت، پێشتر نەیاندەزانی، چەندین فەرموودەی وەك سیحرکردن لەپێغەمبەر(ﷺ) و شیرپێدان بە گەورە و خواردنی میزی حوشتر و ...هتد.

لەوانەیە لەبەرئەوەی، باوەڕیان زۆر بە توند و تۆڵی لەزەین و مێشکیاندا چەسپیبوو، بەبێ هیچ مرونەت و نەرمیەك...هەربۆیە ئەم فەرمودانە و هاوشێوەکانی لەناو کتێبە سەحیحەکانی تری فەرمودەدا، زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا لەسەر باوەڕیان کاریگەریی هەبوو، بوخاری لە زەینومێشکیاندا بەهۆی هەندێك لەو فەرموودانەوە ڕووخا...

چۆن بەم شێوەیە درۆ بەدەم پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەڵدەبەستێ؟ ئاوایان پێ دەڵێن و ئاواش دەڵێن..

بەڵام...

ناکرێت ئەم کارە لای بوخاری کۆتایی پێ بێت.

ناکرێت بە ئاسانی ئیمان و باوەڕ دەربازی بێت، ئەگەر بوخاری بکەوێت و لەناوبچێت.

کاروبارەکان بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز بنیات نراوە و ڕووخانی یەك پولی دۆمینەیەك ئەبێتە هۆی ڕوخانی بەدوایەکداڕووخانی ئەوانی تریش.

کاتێك ئیمامی بوخاری بەم شێوەیە بەسەردا کەوت بسڕێتەوە، ئەوا بیرۆکەی متمانە پێبوونیش نامێنێت...متمانە بەهەموو ئەو شتانەی ئەو نەقڵی کردووە لە دەست دەدرێت.

ئێمە لەمەسەلەی باوەڕ داین... گواستنەوە لێیەوە گرنگە.

بەم شێوەیە کارەکە خراپتر دەڕوات.

کێشەکە تەنها ئەوە نیە، پێگەی کتێبی بوخاری هێڵی سورە و بەڕاسترین کتێب دادەنرێت لە پاش قورئان، دەکرێت ئەگەری ئەوە دابنرایە هەندێك فەرموودە وەکو شۆك بێت بۆمان.

کێشە لەو هەڵسوکەوتەی ئێمەدایە، کە کارکردنە بە لۆژیکی ڕەش و سپی، یان ئەوەتا کتێبی بوخاری ڕاستی ڕەهایە، یان تۆمەتباری بکەین بە

هەڵبەستنی فەرمودە و درۆکردن... هیچ ناوچەیەکی مرۆییانەی سروشتیی مامناوەند لە نێوان ئەو دوو بۆچونەدا نیە.

ئەم لۆژیکە، یەکێکە لەکێشە درێژخایەنەکانمان، نەک تەنها لەگەڵ بوخاری یان لەگەڵ کۆی سیستەمی فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د.خ) یان لەگەڵ کەسایەتییە ڕەمزی و ناودارەکانمان، بەڵکو ئەمە لۆژیکی هەڵسوکەوت کردنمانە لەگەڵ هەموو شتێکدا...

تەنانەت هەندێ جار لەگەڵ خۆشماندا...

زیادەڕۆیی دەکەین لە ئەندازەی ئەو کارانەی، دەکرێت پێی هەستین. پاشان توشی نائومێدی دەبین لەکاتی شکستهێنان و دادەبەزین بۆ خواری خوارەوە.

چیرۆکی کەسی و تایبەتم هەیە لەگەڵ سەحیحی بوخاریدا... زۆر کاریگەری هەبوو لە هەڵسوکەوت و تێڕوانینم بۆ کۆی سیستەمی فەرمودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

لەسەرەتای بیستەکانی تەمەنم دابووم، نامەیلکەیەکم دۆزییەوە هەندێك فەرموودەی تێدابوو شیتەڵکردنی لەسەر بنیات دەنرا...فەرموودەیەکی تێدابوو پێویست بوو بەترسەوە بموەستێنێت ئەگەر نەڵێم توشی شۆك و سەرسوڕمانی کردم.

فەرموودەکە لە کتێبی بوخاری دا هاتووە، (ابن عباس) یش دەیگێڕێتەوە، پوختەکەی ئەوەیە کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرەمەرگدا نەخۆش کەوت، داوای لەوانەی چواردەوری کرد بێن نوسراوێکیان بۆ بنوسێت((اکتب لکم کتابا لاتضلوا بعده)) واتە((نوسراوێکیان بۆ بنوسێ تا لەدوای ئەو نوسراوەوە گومڕا نەبن))

ئیمامی عومەر فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) ئازار و نەخۆشی زۆری بۆ هێناوە، ئێوەش قورئانتان لایە، کتێبەکەی خوای گەورەمان بەسە [1].

ئەو هاوەڵانەی، لەدەوروبەری پێغەمبەر(ﷺ) بوون ڕای جیاوازیان بۆ دروست بوو لەسەر مەسەلەکە، هەتا پێی وتن (هەستن)، پاشان (ابن عباس) فەرمووی ((إن الرزية كل الرزية ماحال بين رسول الله (ﷺ) وبين أن يكتب لهم ذلك الكتاب، من اختلافهم و لغطهم)) واتە(بەڕاستی هەموو ناڕەحەتی و موسیبەتی تەواو ئەوە بوو، نەیانهێشت پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو نوسراوە بنوسێت) بەهۆی ئەو جیاوازی و قسە هەڵەق و پەلەقانەیانەوە.

بەهۆی بەردەوامبوونی باری سەرەمەرگی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژە کۆتاییەکانی ژیانیدا ئەوا ئەوەی کە (ابن عباس) دەیگێڕێتەوە، دەتوانین بەم شێوەیە لێ ی تێبگەین.

یەکەم / پێغەمبەر (ﷺ) ویستویەتی پێش وەفاتی وەسیەت بکات.

دووەم / عومەری کوڕی خەتاب (کەوتە نێوان) پێغەمبەر(ﷺ)وئەو کارە (نەیهێشت بیکات).

سێیەم/ دیارە پێغەمبەر (ﷺ) ویستویەتی وەسیەت بکات دەربارەی ناوی جێنشینی دوای خۆی(ئەم بیرکردنەوەیە لەبەر ئەو پڕبوونەی ئێمەیە جیاوازییەکی زۆرمان لەو بارەیەوە هەیە).

چوارەم/ ئیمامی عومەر ڕێگری لەوە کرد.

کەواتە لێرەدا چیرۆك و بەسەرهاتێکی زۆر ترسناك هەیە....ئەگەر وەك خۆی قبوڵی بکەین وەك ئەوەی هەیە، کەواتە تۆ بەکردار قوربانی دەدەیت بە عومەری فاروق، ئەگەر ڕەتی بکەیتەوە ئەوا ئیمامی بوخاریت ڕەتکردۆتەوە، هەموو ناوەکانی ئەم چیرۆکە ترسناکن... عومەر... عبدوڵای

---

١ صحيح البخاري ٥٦٦٩

کـــوڕی عبـــاس... بوخاری...ڕووداوەکـــە وا دەردەکـــەوێت لـــە هـــەموو بارودۆخێکـدا زەرەرمەنـد بێـت... بـەڵام هەوڵـدانی زیـاتر بـۆ توێژینـەوە، دەرئەنجامی جیاوازترمان پێدەدات.

تـەنها چـەند سـاڵێکە فـەرموودە پیرۆزەکـان بـەتۆمارکراوی لەسـەر کاسێت دەست دەکەون... کـەوای کـردووە لێکۆڵینـەوە و بەدەسـت هێنـانی سەرچاوەی زانیاریەکان ئاسان بێت... لەسەرم پێویست بوو بگـەڕێم بـەپێی توانام بەدوای هەر ووتەیەکی ناو فـەرموودەکان کـە یارمـەتیم بـدات بەیـەك ووشە لێرەو لەوێ بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ڕاستییەکەی ڕویداوە.

لە ڕاستیدا ئەمەم لە کتێبی (طبقات)ی (ابن سعد) بە دەست هێنا...

کە ئیمامی (عومەر) لەوێدا: دەفەرموێت کێ ئامادەیە بۆ ڕزگارکردنی فلان شوێن وفلان شوێن– مەبەستی شارەکانی ڕۆم بوو؟

بەڕاستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامرێت تا ڕزگاریان نەکەین، خـۆ ئەگـەر بشمردایە ئەوا چاوەڕێمان دەکرد، هەروەك چۆن بەنو ئیسرائیل واتە جولەکە چاوەڕێی موسایانکرد، [1] لەم هەڵوێستەدا – عومەر – خوای لێ ڕازی بێت – هەڵوێستێکی نواند وەك هەرکەسێکی ئاسایی، خۆشەویستێکی خۆی ببینێـت لەسەر جێگا لەسەرەمەرگدا بێت، و شتێك بڵێت، هەستکردن بێت بـەوەی کـە مردن نزیکە.. هەتا هەتایە... دوای ژیان...هەستکردن بەو دونیا... هتد.

هەموو کەسێك، بیەوێت دڵی کەسێکی بە تەمەن بداتەوە بـەو هەڵوێسـتە دا تێدەپەڕێت و هەر شـتێکی ئـاوا دەڵێـت، لێـرەدا عومـەر (خـوا لـێ ڕازی بێت) هەڵدەچێت، کاتێك هەست دەکات پێغەمبەری خـوا (ﷺ) قسـەگەلێك دەکـات، ئاماژەیـە بەنزیکبونـەوەی مردنـی بـۆ هەمیشـەیی– بـۆ کـوێ دەچێت؟..

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج ٢ ص ٢٤٤

کێ دێت لەگەڵمان بۆ ڕزگارکردنی شارەکانی ڕۆم... و بەناویش دیارییان دەکات...

هەڵوێستەکەی – عومەر– خوا لێ ڕازی بێت– زۆر ئاسایی بوو، لەهەمان کاتدا زۆر هەڕەمەکی و خۆڕسك و سروشتی بوو، ئەمەش دوایی بەڕاست گەڕا کاتێك ڕەتیکردوە بڕوا بکات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) مردووە، بەڵکو شمشێرەکەی ڕاکێشا بەرامبەر بەوانەی دەیانگوت مردووە.

کەواتە کێشەکە لە کوێدایە؟ بۆچی(ابن عباس)لە هەڵوێستە ئاساییەکەی عومەر تێنەگەشت؟

بۆچی مەسەلەکەی بەو شێوەی گێڕایەوە دەیگوت ((شەرمەزاری بۆ ئەوەی، نەیهێشت پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوسراوەکەی بۆ موسڵمانان بنوسێت)).

لەبەر ئەوەی منداڵ بوو، بەڕاستی منداڵ بوو، نەیتوانی لەم هەڵوێستە تێبگات، بەتایبەتی لەوکاتەدا، خەڵکێکی زۆر لە دەوری پێغەمبەر بوون. هەروەك چۆن دەقەکە ئاماژەی پێدەکات، هەربۆیە بە شێواوی دەیگێڕێتەوە، وێنەکە لەخەیاڵیدا شێواو و ناتەواوە.

لەم نمونەیەدا: (ابن عباس) دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ڕووداوەکە.

دیمەنەکەی بەو شێوەیە گێڕاوەتەوە، کە بینویەتی، بەو شێوەیەی لێی تێگەشتووە، بەمەش تێگەیشتنی ئەم هاوەڵە تەنها لە گێڕەرەوەیەکی فەرموودە و بوو بە بەشێك لە فەرموودەکە خۆی، بەڵکو لەوانەیە گرنگتر لە هەموو ئەوەی لە فەرموودەکە دا هاتووە.

پرسیار گەلێك لە جۆری: ئایا گێڕەرەوە لە فەرموودەکە تێگەیشتووە...

ئەی پێگەی ئەو لەناو ڕووداوەکە چییە...، کەی هاتووە بۆ شوێنی ڕووداوەکە یان فەرموودەکە، ئایا شتێك وتراوە پێش گەیشتنی ئەو بۆ شوێنەکە.

ئەم بابەتە هەموویان پێویستیان،بە تێڕامان و بیرلێکردنەوەیە کاتێك دەمانەوێت هەر فەرموودەیەك بپشکنین.

لەڕووی تیۆریەوە... دەکرێت دوو پێشەکی بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی سەلمێنراو، بەڵام پێویستمان بە بیرهێنانەوەیە.

پێشەکیی یەکەم/ هەموو مرۆڤەکان هەڵە دەکەن.

پێشەکیی دووەم/ بوخاریش مرۆڤە.

ئەنجام: بوخاریش دەگونجێت هەڵە بکات.

لە ڕووی تیۆریەوە، ئەوە سەلمێنراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت بە یەکێك لەم دوو زیادەڕەوییە کارەکە بزانین... یان ئەوەیە بوخاری بەبێ گوناهو هەڵە لەقەڵەم دەدەین...

یانیش هێرشێکی توند دەکەینە سەری، و هیچی بۆ ناهێڵینەوە..

بۆچی ئێمە ناتوانین ڕاستیی یەکێك لەم فەرموودە شۆکهێنەرانەی ڕابردوو ڕەت بکەینەوە، کە باوەڕی پێ ناکەین- بێ ئەوەی بوخاری بە تەواوی ڕەت بکەینەوە و بۆچی ئەم وتەیەی ((بوخاریش دەگونجێت هەڵەبکات)) هەندێ کەس دەورووژێنێ...

ئایا وا نابینیت ئەم هەڵوێستە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوانەی بەهۆی کتێبەکەی بوخاریەوە تووشی ئیلحاد دەبن؟

بەشێك لەهێرشە درامیەکە بۆسەر بوخاری بەهۆی تێنەگەیشتن لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی بوخارییە.

لەوانەیە قەناعەتمان بە فەرموودەیەك نەبێت یان بەدڵمان نەبێت...

بەڵام بوخاری تەنها گێڕەرەوەیە، ئایا ڕوویداوە نامەیەکت بەدەست گەیشتبێت، لە پۆستەوە و ناوەڕۆکەکەیت بەدڵ نەبوو بێت، دواتر سەردانی فەرمانگەی پۆستە بکەیت بۆ ئەوەی سەرزەنشتیان بکەی؟ نا نەخێر شتی وانابێت، گرفتی تۆ لەگەڵ بنێری نامەکەیە، بەوپێیەی نامەکە بەسەلامەتی گەیشتوەتە، دەستت، ئیتر هیچ قسەیەکت لەگەڵ کۆمپانیای پۆستەکەدا نیە، بوخاری خاوەنی کۆمپانیای پۆستەکەیە بە پێوەرە زۆر بەرزەکان. بابڵێین بەڵام بەرپرس نییە لە ناوەڕۆکی پۆستەکە.

زانایانی فیقهو زانایانی فەرموودە بەتەواوی دابەشکردنی ڕۆڵەکانیان دەزانی و هیچ کێشەیەك نەبوو لای زانایانی فیقە لەکارنەکردنیان بە فەرموودەی صەحیح، کە لە کتێبی بوخاریدا هاتووە، بێئەوەی کێشەی لێ دروست بێت وگەورە بکرێت.

ئەو فەرموودانەی هەندێ کەس ڕەتیدەکەنەوە دەبنە چەند جۆرێك:

یەکەم- چەند فەرموودەیەکی کە تایبەتە بە ژیانی هاوسەرێتی پێغەمبەر(ﷺ)، زۆرێك بە زۆرلەخۆکردنەوە ڕەتیدەکەنەوە وەك ئەو فەرموودەیەی، باس لەوە دەکات پێغەمبەر(ﷺ) لەشەوێکدا هەموو خێزانەکانی خۆی بەسەرکردۆتەوە.

گریمان ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە بێت، خەڵك لێی تێگەیشتووە و لەزەینی ئێوەدایە، - کەس ناتوانێت ئەم واتایە ڕاست بکاتەوە چونکە (طاف - بەسەریاندا گەڕا) ئەم واتایە وجگە لەمەش هەڵدەگرێت و گریمان وابوو...ئایا کێشەی ئێوە لەگەڵ ئەمەدا چییە؟ چی زیانێکی بەتۆ گەیاندووە، ئەو شتە چییە لەم فەرموودەیەدا تۆی هەراسان کردوە؟

ئێمە کاتێك ڕەتیدەکەینەوە، وەك مرۆڤ سەیری پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەین و لە چوارچێوەیەکی ناڕاستدا دایبنێین، ئەمەش وامان لێ دەکات هەندێك فەرموودە ڕەتکەینەوە، کە جەخت لەسەر مرۆڤبوونی ئەو دەکاتەوە.

دووەم–چەند فەرموودەیەك، هەندێك مەسەلەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەژینگە وکۆمەڵگەی ئەو کاتەی عەرەبدا پەسەند و بڵاوبووە، و پێغەمبەر (ﷺ) وەك کەسێکی ئاسایی ئەنجامی داوە، نەك وەك پەیامبەرێکی خوا، وەك بەکارهێنانی دەرمانی سروشتی، کە لەو سەردەمەدا باوبوو، لەوانەیە لەم ڕۆژگارەدا جێی پەسەندکردن نەبێت وەك میزی حوشتر.

بەدڵنیاییەوە، لێرەدا گرفتەکە لەو تێگەیشتنە باوەی سوننەتە، کە جیاوازی نەکردووە لەنێوان داب ونەریتی عەرەب و ڕێنماییەکانی پەیامبەرێتیدا.

سێیەم/ چەند فەرموودەیەکە لەشێوەی (ئیسرائیلیات)، وەك ئەو فەرموودەی باس لەوەدەکات (پێغەمبەر موسا چاوی فریشتەی ڕوحکێشانی کوێر کرد)، لەلای هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پەسەند بوو، لە جوولەکەوە فەرموودە بگێڕنەوە، لێیان وەربگرێت، هەروەك لەم فەرموودەدا هاتووە(حدثوا عن بني إسرائيل ولا حرج) (لەبەنی ئیسرائیلەوە فەرموودە بگێڕێتەوە ئاساییە) دەگونجێت ڕوداوێك ڕوویدابێت و تێکەڵ بە فەرموودەکە بووبێت، هەر چەند سروشتی فەرموودە ئیسرائیلیەکان زۆر ڕوونە و بە ئاسانی جیادەکرێنەوە.

چوارەم – ئەو فەرموودانەی باسی نیشانەکانی قیامەت دەکەن (بەتایبەت ئەوانەی دەربارەی مەسیحی دەجال هاتووە) هەندێ کەس کێشەیان لەگەڵ ئەم فەرموودانەدا هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بە

شێوەی حەرفی لێیتێگەیشتووە، لەکاتێکدا بواری زۆری تێدایە بۆ هێما و خوازە و ئاماژەکاری.

پێنجەم- ئەو فەرموودانەی لەگەڵ زانستدا ناگونجێت، ئەگەر بەشێوازی حەرفی شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، وەك فەرموودەی سوجدەبردنی خۆر بۆ عەرشی خوا، و رۆحکردن بەبەری کۆرپەلەو جگە لەمانەش بەدڵنیاییەوە، کێشە لەوەدا نیە ڕەخنە لەبوخاری یان موسلیم یان جگە لەمانیش بگیرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ڕەخنەکە زانستی بێت...لەوانەیە گرنگتر ئەوە بێت، بە لۆژیکی سپی و ڕەش نەبێت، لە بەپیرۆزدانانەوە بگوازرێتەوە بۆ لەناوبردن لەگەڵ یەکەم بێهیواییدا.

هەموو ئەو فەرموودانەی دەستاودەست دەکرێت و ڕەخنەی لێدەگرن لە کتێبەکەی بوخاریدا، لە (٨٢) فەرموودە تێناپەڕێت، لەکاتێکدا ژمارەی فەرموودەکان دەگاتە (٢٧٦١) فەرموودە بەبێ دووبارە.

ئەگەر وا دابنرێت، ئەم هەموو فەرموودانە ڕاست نین...ئەوا ڕێژەی هەڵە لە صەحیحی بوخاریدا، دەگاتە لە ٠٢٪ ئەمەش ڕێژەیەکە لە هەڵە، جێی پەسەند نییە... بەڵکو نایابە... بەڵکو ڕێژەیەکی پەسەندە تەنانەت لە تاقیگەکانیشدا...بەڵام ئێمە حەزمان لەدرامایە...

(٢٤) سودی دروشمه ئاینییەکان چییە؟

ئارەزوویەك لای مولحیدەکان هەیە بۆ بێبایەخ پیشاندانی دروشمەکان و گومان خستنە ناو واتاکانیانەوە، ئەوان لەبناغەوە بڕوایان بەکەڵك وسوودی ئەوپەرستشانە نییە، بە هۆی ئەوەی باوەڕیان نییە بەو کەسەی ئەو دروشمانەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەمە کارێکە باسی ناکەن، بەڵکو بە زۆری ڕوودەکەنە هەندێك کێشەی تری پەیوەندیدار بە خاوەن دروشمەکان و هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیانەوە..

لەم ڕووەوە، ئارەزوویەکی زۆر هەیە بۆ لاقرتی و گاڵتە جاڕیکردن بە هەر هەڵەیەکی ڕەفتاری، کە لە یەکێك لە پەیڕەوکارانی دروشمەکان دەربچێت، وەك ئەوەی ئەو دروشمانە پێویست بێت، وایان لێبکات بەدەربن لە هەر هەڵەیەك...

زیاتر لە گاڵتەجاڕیی، ئارەزوویەك هەیە بۆ گەورەکردنی هەڵەی خاوەن دروشمەکان و زەقکردنەوەی بە شێوەیەکی وا، کە سەرنجی خەڵکی بۆلای ڕابکێشریت، لێرەدا هاوێنە و دەنگگەورەکەرەوەیەك هەیە چاودێریی هەڵەی خاوەن دروشمەکان دەکات، لە هەمان کاتدا چاودەپۆشێ لە هەڵەی کەسانی تر، بەشێوەیەك وای پیشاندەدات، هەڵەی خاوەن دروشمەکان زۆر زیاترە لەوانیتر.

لەدوای هاوێنە گەورەکارەکەوە ئامێرێکی ناوزڕاندن هەیە، بیری ئەوانی تر دەخاتەوە(هەندێك لە مانەش خاوەنی نەریت و دروشمی ئاینین) و پێیان دەڵێ: ئەم ئاینداارانە– پابەندن– بەو شێوەیە نین، ئێوە گومانیان پێدەبەن، دروشمەکان تەنها ڕوبەندێکن بۆ کەسێکی کە هەڵە دەکات (هەرچەندە

هـەمومان هەڵەدەکـەین، بـەلأم ئاهەنگـە گشـتیەکە، تـەنها بەسـەر خـاوەن دروشمەکاندا پیادە دەبێت)...

تەنانــەت ئەوانــەی دروشمــەکان ئــەنجام دەدەن، هەنــدێ جــار لــەم قسەوباســەدا بەشــداری دەکــەن... بەشــداری دەکــەن لــە لێپرســینەوەی بەکۆمەڵی خاوەن دروشمـەکان، نابێت کەسێك پەرستش و نـەریتی ئـایینی ئەنجام دەدات، نێوچاوانی بدات بەیەکدا و تورەبێت یان لە کارەکـانی (وەکـو هاورێکانی تری) دوابکەوێت، نابێت میزاجی تێکچوبێت یـان رۆژێکـی نـاخۆش بەرێبکات وەکو ئەوانی تر...

پێویستە لە سەری هەمووکات لە باشترین بارودۆخدابێت، لـە بەرزییـەکی وادا هاوئاستی سەقفی پێشبینییە خەیاڵییەکەی ئەوانە بێت، داوای دەکەن.

ئامـانجی کۆتـایی لـەم هـەموو چـاودێری و بەسەرداخسـتن و راوکـردن و ناوزراندنە چییە؟

ئامانجەکە روونە و زۆربـەخێرایی دەگـەن، نـەریت و دروشمـە ئایینیـەکان سود ناگەیەنن و بەکەڵك نین، ئەو نەریت و دروشمانە ئەنجامدەرانی نەکردۆتە باشترین کەس، کەواتە سودی بەجێهێنانی ئەم کارانە چییە لـە کاتێکـدا هـیچ کاریگەرییــەکی لەســەر لایــەنگرانی نــەبێت؟ پرســیارەکە پلــە بــە پلــە گەورەدەبێت تا وەك بەڵگەنەویستی لێدێت...بەشێوەیەك ئەنجامدەرانی ئـەو نەریت و دروشمە ئایینیانە خۆشیان لە خۆیانی دەکەن...دەبێت سوودی ئەو دروشمانە چی بێت؟

بەلأم ئەو نـەریت و دروشمانـە، لـە پێنـاو سودەکانیدا، لایـەنی کـەم بـەم شێوازو ئاراستەیە، بەجێناهێنرێن.

بـەڵێ مـن و زۆرینـەی ئەوانـەی وەکـو مـنن، باوەرمـان بـەوە هەیـە، ئـەم رێورەسمانـــە ســـوودیان زۆرە، بـــەلأم ئەوکاتـــەی بەشـــێوەیەکی (بەرژەوەندیخوازانـە) مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت، لەسـەر بنـەمای قازانجـە

دەرەکییەکانی(واتە دەرەوەی ئەو کەسەی دروشمەکان بەجێ دەهێنێت) و لەسەر بنەمای ژمارەیەك وەسڵی کۆمەڵایەتی، ئەوا بیرۆکە سەرەکییەکەی دروشمەکان ئەشێوێنرێت.

سوودە کۆمەڵایەتیەکانی دروشمەکان گرنگن، بەڵام ئەو ساتەی بیر لە پوچەڵکردنەوەی (بۆندەکە)دەکەینەوە، بەهۆی نەبوونی ئەم سوودانەوە، ئەوە بەمە لایەنی تاکی و کەسیی ئەو مەسەلەیە هەڵدەوەشێنیتەوە، کە ناکرێت تۆ بەچاو یان بە ئاوێنە گەورەکەرەوەکەت ببینیت و هەڵەکانی خاوەن دروشمەکانیان بە سەردابخەیت...

بەڵێ لەوانەیە مۆنی و دواکەوتنی کابرای خاوەن دروشم لەکارەکەیدا ببینیت (لەوەشدا هەڵەیە وەکو هەرکەسێکی تری نەریت و دروشمەئاینییەکان پیادە دەکات) بەڵام هیچ ڕێگەیەکت نییە تا بزانیت ئەم دروشمە چ کاریگەریەکی لەسەر هاوسەنگیی هەناوی و متمانەو ئاسوودەیی دەروونی ئەو هەیە...

بچووککردنەوەی کاریگەریی دروشمەکان لەسەر بەشی دەرەوەو ڕووکار ولەبیرکردن یان گوێنەدان بە کاریگەرییە هەناوییەکانی ئەمە هەر لە سەرەتاوە زۆر بەسادەیی هەنگاوی یەکەمە بە رەو ئاماژەدان بە نەبوونی کاریگەریی هەناویی ئەو دروشمانە.

کاریگەرییە ناخی و ناوەکییەکان تەنها (سەلامەتی و دڵنیایی و هاوسەنگی ناوەکی) ناگرێتەوە، بەڵکو لەمە گرنگتر ئەو پەیوەندییەیە، ئەنجامدەری دروشمەکان هەیەتی لەگەڵ دروستکەرو خوڵقێنەریدا، و ئەمەش شتێك نییە هەرگیز بپێورێت.....

دروشمە ئاینییەکان، دەربڕی تێگەشتنێکی دیاریکراون لە جیهان، لە ڕۆڵێکی دیاریکراوی مرۆڤ لەم جیهانە و ئەو پەیوەندییەی بە خواوەند و

خوڵقێنەری ئەم جیهانەوە هەیەتی، دروشمەکان و دووبارەکردنەوەکانی ئەم تێگەیشتنە دیاریکراوە، بۆ جیهان تۆخدەکاتەوە و بەهێزی دەکات، ڕاستە لەوانەیە زۆر بگۆڕێت بۆ دابونەریت و خوو، بەڵام تەنها بە تێپەڕبوون بە قەیرانێکدا دەیوروژێنێت و دەیهەژێنێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێکی پشتگیریی، بۆ ئەو کەسەی درووشمەکان ئەنجام دەدات، تێگەشتنی گشتی بۆ ژیان لای ئەو کەسەی باوەڕی پێیەتی لەوانەیە لە ڕۆژە ئاساییەکان و لە ژیانی ڕۆژانەدا کاریگەر نەبێت، بەڵام تێپەڕبوون بە دۆخێکی کوتوپڕ و لەناکاو ئەم تێگەیشتنە لەڕێگەی ئەو دروشمانەوە ئامادە دەبێت تا ببێتە ئامرازێکی بە هێز و پاڵپشت بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە.

لە ڕووی سەرژمێرییەوە: خۆ سەرزەنشتکردنی خاوەن دروشمەکان لە قەیرانەکاندا زۆر زیاترە لەوانیتر...ڕێژەی خۆکوژەکان، لە نێو خاوەن دروشمەکاندا ئەوانەی دەناڵێنن بە چەندین نەخۆشی دەروونییەوە زۆر کەمترە لەو نەخۆشە دەروونیانەی، دروشم و نەریتە ئاینیەکان ئەنجام نادەن.

بەدڵنیاییەوە، ئەرکە ئاینییەکان تەنها بۆ کاتە قەیراناوییەکان یان کاتی پەشۆکاندن فەرزنەکراوە، بەڵام (کاریگەریی ڕۆژانەی) لەوانەیە زۆر ڕون نەبێت هەروەك چۆن لەکاتی قەیرانەکاندا بەدەر دەکەوێت، ئەم کارە ئەوانە ئیستیفزاز دەکات، باوەڕیان بە ئەرك و دروشمە ئاینییەکان نییە، و وایان لێ دەکات هەوڵ بدەن، لە ڕێگەی جەخت کردنەوە لە سەلبیاتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گەورەکردنییەوە ئەم ڕۆڵە کەم بکەنەوە.

بێگومان کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە لەلایەن خاوەن دروشمەکانەوە، لە مەسەلەی کاراکردنی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیانەی دروشمەکان، لە تێگەشتن لە دروشمەکان و ئەوەی پێویستە هەبێت، بەڵام ئەو

کەمتەرخەمییەی هەیە درووشم و گرنگیەکەی هەڵناوەشێنێتەوە، لەبەرامبەر ئەوەشدا، دوژمن و نەیارانی درووشمەکان کاتێکی کە درووشمە ئاینییەکان بە سووک تەماشا دەکەن، خۆیان بێئاگا کردووە لەوەی ژیانی هاوچەرخی دوور لە ئاین چەند درووشمێکی تایبەت بە خۆی داهێناوە (ڕۆژی لە دایک بوون، ئاهەنگی هاوسەرگیری و دەرچوون) بەڵکو چەندین درووشمی تایبەتییان دروستکردوە بۆ هێمنی دەروونی و ڕزگاربوون لە ڕاڕایی (یۆگا، وەرزش)، وەستان لە کاتی سروودی نیشتیمانی یان بەرزکردنەوەی ئاڵا، هەموو ئەمانە گوزارشتە لە دیدێکی هاوچەرخی جیهان و ڕۆڵی تاک لەم تێڕوانینەدا، بێگومان ئەم هەڵسوکەوتانە سەبارەت بەو کەسانەی لەم ژیانە هاوچەرخەدا دەژین و کارلێکی لەگەڵدا دەکەن هیچی تێدانییە، بەلأم مافی هەر ئیماندارێکە پارێزگاری بکات لە درووشمەکانی و ڕۆڵەکەیان و تەعبیرکردنیان لە تێڕوانینیان بۆ جیهان.

پرسیارێك دەکرێت لە شێوازی نوێژ و لە خۆگرتنی کوڕنوش و چەمانەوە و هتد...

ئایا شوێنی نوێژ دڵ نییە؟ کەواتە، نوێژ بۆ بە جەستە و بە لاشە دەکرێت؟

ئایا ئەکرێت بۆ نموونە وەرزشی ڕاکردن بە تێڕامان بکرێت؟

ئایا کردنی یۆگا بەبێ(دانیشتن)ی یۆگا دەکرێت؟

بەلأم کاتێك دەگات بە نوێژی موسوڵمانان، دەبێت تەنها لە دڵەوە بێت. بەهەمانشێوە ڕەخنە دەگرن لە ژمارەی نوێژەکان و لە ژمارەی ڕکاتی نوێژەکان...بۆ نوێژەکان پێنجن نەك چوار لە ڕۆژێکدا...بۆ نیوەڕۆ چوار ڕکاتە نەك سێ ڕکات...ڕەخنە لە هەموو ژمارەیەك دەگرن... ئەوان

بانگەشەکاری ئازادی و تێکشکانی قاڵبەکانن؟ ئەم ژمارانە قاڵبن...ئێمە لە نێو چوارچێوە و قاڵبدا دەژین، پێمان خۆش بێت یا نا...کاتژمێرەکانی ژیانمان هەموو دیاریکراوە بە ژمارە ڕۆژمێرەکانمان ڕێك خراوە بە ژمارەوە...ڕۆژ ٢٤کاتژمێرە نەك ٢٢و هەندێك جاریش نابێت بە ١٩کاتژمێر..

ساڵ ١٢ مانگە، کەم و زیاتر نابێت... ژمارەی دوانەیی هەموو کرۆمۆسۆمێك، کە هەموو شتێکمانی تێدا دیاریکراوە ٢٣یە و هەرگۆڕانکاریەك لەمەدا شێواوی بەرهەم دەهێنێت... هەندێك دەڵێن پێویستی بە ئاینێکی دیاریکرا و نییە، لەبەرئەوەی خۆی پەیوەندی دەکات لەگەڵ (هێزێکی گەورە) ڕێگای تایبەتی خۆی، لەهەرکاتێکدا بیەوێت نوێژی موسوڵمانان...نوێژی بوزیەکان...هەر کامیان، کە پێی وابێ بۆ پەیوەندی دروستکردن دەگونجێت.

وای دادەنێن ئەم کارە کە نوێژ کردنە ئامانجی تەنها پەیوەندیکردنە، هەرچەندە نوێژ لە ڕاستیدا زۆر لەوە زیاترە...ئەوە بینینی جیهانە لە ڕێگەی نوێژەوە...بەگشتی، بیرۆکەی ڕزگاربوون لە شێوەیەکی تایبەت و دیایکراوی نوێژکردن سەرنج ڕاکێش دەردەکەوێت بۆ هەندێ کەسایەتی کە مەیلی تایبەتیان هەیە بۆ دەرخستنی جیاوازیان لە کەسانی تر و دەرکەوتنیان بە شێوەی بەرز و باڵای فیکری.

لەڕووی بیروباوەڕەوە، دەتوانرێت بە هەر ڕێگایەك بێت، پەیوەندی بە خودای گەورە بکرێت، بەبێ دیاریکردنی شێوەیەکی دیاریکراو بۆ نوێژ یان ڕێوڕەسمی ئاینی، لە نزاکردن بۆ نموونە، دەتوانیت هەرشتێك بتەوێت بیڵێیت، بێ دیاریکردنی شێوەیەکی تایبەت بە پاڕانەوە، بەلآم نوێژ خۆی شتێکی ترە، بۆ نموونە گواستنەوە لە نوێژی موسوڵمانان بۆ نوێژی بوزیەکان هەڵەو ناتەبایی لە خۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی خواوەند لە

هەردوو ئایینەکە جیاوازن، ڕاستییەکەی، بیرۆکەی خواوەند لەلای بوزییەکان نیە، بەڵام ئەوەی وا دەڵێت نازانیٚ...کاتێك لە نوێژێك بۆ نوێژێکی تر دەڕۆیت تۆ بە کردار ڕوویەکی پێچەوانەو نەزانانە بە هەردوو تێگەیشتنەکە دەدەیت، کە نوێژە، لەوانەیە ئەمەت بە حەزی خۆدەرخستن وەك ئازادیخواز یان بەرگی ڕۆشنبیری ئەمەت داپۆشیبێت، کارەکە بە کۆکردنەوە دەچێت لە نێوان دوو ڕێگای چارەسەری تەواو جیاواز، کە هەریەکێك لەوان سەربە قوتابخانەیەکی تەندروستیی لە ریشەوە جیاوازە...

بەسادەیی: کارەکە بێسوودە...زۆرجار دروست کراوەو ڕاستەقینە نییە.

هەروا سەبارەت بە ڕێوڕەسمی حەج، بە هەمان زمانی ناشرین قسە دەکەن: ئەوماڵەی ناویان لێناوە (کەعبە)و بە دەوریا دەسووڕێنەوە و چیرۆکی حەوت سوڕانەوە و حەوت ڕاکردن و حەوت بەرد هاویشتن و جل پۆشینی ئیحرام، کە دەیپێچینە جەستە ڕوتەکانەوە؟

بە پێناسە: ڕێو ڕەسمی بتپەرستەکان گرێدراوە بە بت.

بت لە حەجدا نییە، و لە هەموو ئیسلامیشدا بوونی نییە.

هەموو شتێکی حەج ئاماژەیە بۆ بیرۆکەیەك و بە چەمکێکی دیاریکراوەوە، خانوو ئاماژەیە بە بیرۆکەی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە، و خولانەوە بە دەوری ماڵی خودا ئاماژەیە بۆ بیرۆکەی ئەوەی هەموو ژیانت ببەیتە سەر چەقی دروستکردن، لە کاتێکدا تۆ دەخولێیتەوە بە دەوری چەقی بنیاتنانەکە، ڕاکردن لە نێوان سەفا و مەروا دا، ئاماژەیە بۆ حەز و خولیای سۆزی دایکێتی و لە ئەستۆگرتنی کارە گرنگەکان لە ژیان...بەرد هاویشتن ئاماژەیە بۆ ململانێی بەردەوام لە نێوان خێر و شەڕ لەم ژیانەدا و ژمارە حەوت نیشانەی بەردەوامییە.

بەشێك لە حەج پەیوەستە بە واتایەكی قووڵەوە، بەلاَم هەندێك كەس نایانەوێت بۆ ئەو قولاَییە بڕوانن.

وایدادەنێن پێشكەشكردنی قوربانیی پەرستنی بتە! یان خواوەندە خوێنی قوربانی قبولّ دەكات بۆ خۆی وەك بە لای گەلانی پێش ئیسلامەوە هەبووە!

خوایەك خوێن قبولّ دەكات؟ وادەزانم ئەم بیرۆكەیە هاوردەكراوە لە رۆژانی بتپەرستن، ئەو كاتی كە قوربانییەكان پێشكەش دەكران بە بتەكان و و ڕاستییەكەشی دەچووە گیرفانی كاهینەكانەوە.

قوربانییەكان دابەش دەكران بە سێ سێیەكی: سێیەكی بۆ هەژاران، سێیەكی دووەم بۆ دراوسێكان و سێیەكی كۆتاییش بۆ خودی خاوەن ماڵەكە، مەبەست لەم كارە كۆمەلاَیەتییە ڕوونە و هیچ ناڕوونییەك قبولّ ناكات...

هەروا بینینی خەونەكەی ئیبراهیم، كە تیایدا كوڕەكەی سەربڕی و كردی بەقوربانیی، خوانێكیان لە گومان پێشكەش دەكات.

دەڵێن: ئەمە چ خواوەندێكی خوێناوییە، داوای سەربڕینی منداڵێكی بچووك دەكات تا باوەڕی باوكی تاقیبكاتەوە؟

ڕاستییەكەی، ئەم بەڵگە لەو بازنە مێژووییەی خەونەكە تێیدا ڕوویداوە، دەرچووە، هەر ئەوەش بەلاَ و كارەساتی زۆربەی ئەو چەشنە ڕەخنانەیە.

قوربانیدان بە مندالاَن و پێشكەشكردنیان وەك قوربانی لە زۆرێك لە شارستانییەتەكاندا شتێكی باو بووە، لەوانە لە شارستانێتی ناوچەكەو ڕۆژهەلاَتی نزیك، تەنانەت شارستانیەتەكانی ئەنكا و مایا، كە لە ڕووی جوگرافیشەوە دوورن...

خەون بینینی ئیبراهیم، لە بازنەو چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا پەسەند بووە، چونکە کاهین و پیاوانی ئاینی هانی ئەم جۆرە قوربانییە خوێناوییانەیان دەدا...

دەبوو ئەم خەونە ڕووی بدایە و ئیبراهیم و کوڕەکەی ڕازی بونایە بە داواکارییەکە، پاشان خودای گەورە بڕیاری دەرکرد بە جێبەجێنەکردنی چیرۆکی قوربانیدان بە مرۆڤەکان بۆ هەتا هەتایە...

ئەگەر ئیبراهیم یان کوڕەکەی ڕازی نەبونایە بە قوربانیەکەی، یان پەسەندیان نەکردایە ئەوکات کارەکە وەك ئەوە دەبوو، ئیبراهیم یان کوڕەکەی لە جێبەجێکردنی قوربانیەکە دەترسان، خۆ ئەگەر خەونەکە هەر نەبوایە، وای لێ دەهات وەك ئەوەی بڵێی بێ دەنگیەکە و تەواو.

بەڵام خەونەکە ڕوودەدات و باسی ملکەچبوونی ئیبراهیم و کوڕەکەی و ڕازی بوونیان بە کارەکە تا ساتی جێبەجێکردنی، و پاشان فەرمان دەکرێت بە جێبەجێنەکردنی پێش ساتی کۆتایی، ئەم هەموو گەرمبوونانە لە چیرۆکەکەدا خزمەتی دۆسیەی هەڵوەشاندنەوەی قوربانیکردنە بە مرۆڤەکان بە یەکجاری و بۆ هەتا هەتایە، کاتێك شتێك لە شوێنکاتی خۆیدا دەپشکنن زیاتر لەوە دەگەیت، بەڵگەکانی ئەوانەی گومان دەکەن کەم و کورت دەردەچێت...

مرۆڤایەتی گەشەی زۆری کردووەو تێڕوانینی بۆ ئەو جۆر سرووتانە زۆر گۆڕاوە، پاشان کەسێك دێت و فەلسەفە لێدەدات بەبێ ئەوەی زانیاری پێبێت بۆ ڕۆچوونە نێو باسەکانەوە.

(٢٥) کۆیلایەتی و کەنیزەك لە ئیسلامدا

کێشـەی کۆیلایـەتی و لقـە ئافرەتانەییەکـەی، خـۆی لـە کەنیزەکـدا دەنوێنێت، لە چەندین ڕەخنە و چەندین پرسیاری لۆژیکیدا چڕ دەبێتـەوە، هەندێ کەس دەیخەنە ڕوو.

بابەتی کۆیلایەتی سەر دەکێشێت بۆ گومان دروستکردن لەسـەر ئیسـلام وەك خـودی ئاینەکـە یـا گومـان دروسـتکردن لەسـەر گونجـاوێتی بـۆ بەردەوامیدان بەخۆی لە جیهانی هاوچەرخدا.

گرفتەکە لەوە دایـە، ئیسـلام بـەپێی چـەند دەقێکی قورئـان و سوننەت (دانی ناوە) بە هێشتنەوەی بەندایەتی و کۆیلایەتی بۆ ژنـان و پیـاوان، ئـەو بارەی لە جیهانی ئەو کاتدا باو و بڵاو بـوو، لـە چـەندین ناوچـەی تریشدا تـا پێش دوو سەدە بەر لە ئێستا باو و بڵاو بوو و بە پێـی یاسـا نـەما و کۆتـایی پێ هات، گەرچـی لـە ژێـر نـاوی جیـاواز و بـاری جۆراوجـۆری یاسـاییدا هـەر مابوون.

کەواتـە بابـەتی کۆیلایـەتی پـێش هـاتنی ئیسـلامیش بـە درێـژایی مێـژوو هەبووە، لەبەرئەوەی کۆیلایـەتی بـەپێوەری هاوچـەرخی ئێمـە ڕەتکراوەیـە، ئەوا ئێمە زۆر قورسە لەسەرمان ئیسلام گـوزەری بـە سـەردا کردبێـت وبـەبێ ئـەوەی لـە ڕەگوڕیشـە دەری نـەهێنابێت یـان بەیـەك جـار هـەڵی نەوەشاندبێتەوە.

ئەوجا دەبێت ئاگاداربین لەوەی ئێمە زۆر جار خەڵك ئاڕاستە دەکـەین بـۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە...

دووپاتکردنەوەی بەردەوامان لەسەر ئەوەی دروستی ئایینی ئیسلام بە گونجاویتی بۆ هەموو کات وشوێنێك وهاوچەرخێتی یاسا وڕێساکان بەستراوە، و هەروا چۆن ئێمەش پێش ڕۆژئاوای (گەشەسەندوو) کەوتووین لەم یاسایەدا یان ئەو یاسایە بە هەزار و چوارسەد ساڵ...

ئەم گرێدانە بەردەوامە و چەند بارەکردنەوە سەروەمڕەی، وای لەزۆر کەس کردووە، توشی واقوڕمان و شۆك بێت، لە کاتی بیستنی بابەتی بەندایەتی و کۆیلایەتی و بەم ڕێگەیەی خوارەوە بیردەکەنەوە:

یەکەم – ئیسلام ئاینێکی ڕاست و دروستە.

دووەم – لەبەر ئەوەی ئاینێکی ڕاست و دروستە، کەواتە دەگونجێت بۆ هەموو کات وشوێنێك. (گرێدان لە نێوان یەکەم و دووەمدا ئێمە بە شێوازێکی بنەڕەتی، بەشداریمان تێدا کردووە).

سێ یەم _ کۆیلایەتی وبەندایەتی کارێکی ستەمکارانە ونامرۆڤانەیە (ئەمە لە بەڵگەنەویستەکانی هۆشیاری هاوچەرخە).

چوارەم _ ئیسلام دانی بەکۆیلایەتیدا ناوە.

کەوابوو ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێك ناگونجێت، کەوابوو ئیسلام ئاینێکی ناڕاستە.

ئەم بەدوایەکداهاتنە لۆژیکییەی خۆمان ڕۆڵمان هەبوو لە چاندنیدا، بارێکی جیاوازتری دەبوو، هەمان کات نەدەگەیشتین بەو سەرەنجامەی پێی گەیشتووە، ئەگەر بابەتی گونجاوێتی شەریعەت وسازانی بۆ جێبەجێبوون و پەیوەستنەکردنی بە سەردەم و کات و شوێنەوە بەشێوەیەکی تر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکردایە، هەر بۆ زانیاری خودی دەقە ئاینیەکان بەدیاری کراوی ئەمە ناڵێین، ئەمە تەنها دروشمێك بوو لەم سەدانەی کۆتاییدا

بەکار هێنرا، نموونەی ئەمەش وەکو نموونەی دروشمی: (تەنها ئیسلام چارەسەرە)یە.

ڕاستێتی ئاینی ئیسلام، واتای ئەوەیە ئیسلام لەهەموو کات وشوێنێکدا تۆوە باشەکانی گەشە وپڕ بەرهەم لە خۆ دەگرێت، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نایەت، هەر شتێك ئیسلام لەماوەی دابەزینیدا بێدەنگەی لێ کردووە یان هەمواری کردۆتەوە، بێ ئەوەی لەناوی بەرێت، شتێکی گونجاو بێت وپێویست بێت لەسەرمان لەسەری بەردەوام بین، بەهەمان تێڕوانینەوە بێ ئەوەی گەشە بدەین بەو تۆوانەی تیایدان.

ئەمە وا دەکات، ڕێگەی تێگەیشتن وبەکارهێنانی هەنووکەیی دەربڕینی (گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك) ئالۆزی و کێشەی تێدابێت و بەدەرنجامی لەم جۆرە مینرێژکراو بێ.

جا ئیتر ئێمە، کاتێك قسە لەسەر بەندە و کۆیلایەتی دەکەین یاخود هەر بابەتێکی تری وەك سیستەمی فەرمانڕەوایی و بەدەر لەوانەش، ئەوا مامەڵەکردنێکی حەرفی لەگەڵ تۆوە نادیارەکانی ناو دەقەکەدا، دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی تۆوەکە و کوشتنی توانای گەشە وبەرهەمداری تیایدا...

بە پێچەوانەی ئەو مامەڵەیەی دەگەڕێت، بەدوای گەشەدان بەم تۆوە و دانانی (مەبەستە گشتییەکانی دەقەکان) وەك بناغەیەك بۆ تێگەیشتن و هەستکردن بەهەر ڕێگەیەك، بەهەر ئاراستەیەکی کە پێویستە گەشەی تێدابکات.

دوای ئەوەی لەوەی ڕابردوو دڵنیابوینەوە، لەدوای دڵنیابوونەوەمان لەوەی ڕێگەی بیرکردنەوەی چاولێکەرییانە، بەشێوەیەکی کرداری بە ئاراستەی ئەم تێگەیشتنە دەڕوات، چارەسەر لێرەدا بینینەوەی ڕێگەیەکی نوێی بیرکردنەوەیە، نەك لەبەرئەوەی خەڵکی بێباوەڕ دەبن بەهۆی شێوازی

بیرکردنەوەی چاولێکەرییانە، بەڵکو لەبەرئەوەی شێوازی بیرکردنەوەی نوێ دەبێت بناغە بێت.

لەدوای هەموو ئەمانە پێویستە ئەم خاڵانە تۆمار بکەین:

یەکەم: هیچ دەقێکی قورئانی پیرۆز بوونی نیە، فەرمانی کردبێت بەوەی خەڵکی بکرێنە بەندە و کۆیلەیان هەبێت. شتێکی لەوجۆرە بەهیچ شێوەیەك بوونی نییە.. هەروەك چۆن دەقێکمان نییە ئاماژە بدات یاخود باسی ئەوە بکات، ئەم بارودۆخە پێویستە بەردەوام بێت.

دووەم: لێرەدا چەندین دەقی فەرموودە هەیە، دەکرێت بەڕەهایی کۆیلایەتی (نوێ) حەرام بکات، مەبەست لە کۆیلایەتی تازە و نوێ ئەوەیە، هەندێك مرۆڤ بکرێنە کۆیلە، کە پێشتر کۆیلە وبەندە نەبوون، هەروەك پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: خوای گەورە فەرموویەتی: ((ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: رَجُلٌ أَعْطَى بِي ثُمَّ غَدَرَ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ، وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِ أَجْرَهُ)) صحيح البخاري: ٢٢٧٠.

لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە، فەرموویەتی خوای گەورە فەرموویەتی: (سێ کەس ناحەزم لەگەڵیان، لە ڕۆژی دواییدا کەسێك پەیمانی دا و سوێندی خوارد و دواتر شکاندی و غەدری کرد، کەسێك مرۆڤێکی ئازاد بفرۆشێت و نرخەکەی بخوات، کەسێك کەسێکی بە کرێ گرت و کرێی کارەکەی پێ نەدا)، ئەم قەدەغەکردنە سەرچاوە سەرەکییەکانی کۆیلەکردنی پێش ئیسلامی لابرد، لەکاتێکدا کۆیلەکردن لەڕێگەی ڕێگری و تاڵانوبڕۆی کاروانچییان و بەکۆیلەکردنی کاروانچییان و قەرزێکەوە بەدی دەهات، خاوەنەکەی نەتوانێت لێی ڕزگار بێت و سەر بکێشێت بۆ ئەوەی قەرزار بکاتە کۆیلەی قەرزدەر.

ئـەم قەدەغەكردنـە بـووە هـۆی پەكخسـتنی سەرچـاوە سـەرەكییەكانی كۆیلایەتی لەسەردەمی نەفامیدا، چونكە كۆیلایەتی لـە ڕێگـەی ڕێگریكـردن و تاڵانكردنی كـاروان و بـە كۆیلـەكردنی كـاروان چییان و قەرزاریـەك كـە هـیچ چـارەیەكی نـەبوو جگـە لـە كۆیلـە كردنـی خاوەنەكـەی بەدیـدەهات، بـوونی قەرزوەرگر بە كۆیلەی قەرزدەر، هەروا بە هەندێك لـە هـەژارەكان بـەهۆی زۆر هەژارییـەوە منداڵـەكانی خۆیـان وەك كۆیلەیـەك دەفرۆشـت، هـەموو ئـەم سەرچاوانەی كۆیلایەتییان زیاد دەكرد بەتەواوی وەستێنرا.

بەكردەیی یەك سەرچاوە مایەوە بۆ كۆیلایەتی تـازە، ئـەویش جەنگـەكان بوو، لەوەشـدا هـیچ دەقێك نـەهاتووە فـەرمان بكـات بەندییـەكان بـە كۆیلـە بكـرێن، هــەروەكو چــۆن هــیچ دەقێكــی دیــاریكراویش نــەهاتووە بەقەدەغـەكردنی، دەتـوانرا تێگەیشـتنی دەقـی پێشـوو بكێشـرێتەوە بـۆ گرتنەوەی ئەو سەرچاوەیە چونكە بێژەكە ڕوونـە، دەربـارەی قەدەغـەكردنی ڕەهای بەكۆیلەكردنی هەر مرۆڤێكی ئازاد (هەندێك لـە بێـژەی فـەرموودەكان باس لە باوەڕداریی یان موسوڵمانی دەكات، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە ئیسـلام یان ئیماندار لەمەودوا ئەو كەسە ئازاد دەكات).

سـێیەم: تاكـە مامەڵـە لەڕێگـەی دەقـە قورئانییەكانـەوە، سـەبارەت بـە كۆیلایەتی كارێكی ڕێكخستنكاریی بووە و سەری دەكێشا بـۆ كەمكردنـەوەی كۆیلایەتی، ئەوەش لە ڕێگەی چەندین دەرچە و ڕێگـەوە، كـە دەبـووە هـۆی ئازاد كردنی بەندەكان:

أ_ دانانی ئازادكردنی كۆیلە، وەك دروشم و پەرستش، مرۆڤی باوەڕدار لە بیر و باوەڕی تازەدا پێی نزیك دەبێتەوە لە خوای گەورە، هەر بـۆ نمونـە لـە دە ساڵەكانی یەكەمی بانگەوازدا، هیچ شتێكی وەكـو نوێـژ فـەرز نـەكرا، لـەو كاتەدا ئازادكردنی كۆیلە دروشمێك بوو وەكو نوێژ، ڕزگاركردنی كۆیلـە (واتـە

ئازادکردنیان) بە گرنگترین ئەو کارانە دادەنرا، کە لەخوای گەورەی نزیک دەکردنـــــەوە. ﴿ فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ (١١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ (١٢) فَكُّ رَقَبَةٍ (١٣) ﴾ (البلد). تۆ کۆسپی گەورەت نەبڕیوە، جا تۆ چوزانی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە کامانەن؟ ئازادکردنی بەندە و کۆیلەیە.

کەچی زۆربەی ئەو خەڵکە، نەیانتوانی بەسەر کۆسپ و لەمپەرەکاندا زاڵ بن و ڕێگای سەرفرازی بگرنەبەر.

بە بەردەوامی، فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هانی ئازاد کردنی بەندە و کۆیلەی داوە، بە بەڵێندان بە پاداشتی ڕۆژی دوایی.

پێغەمبەر محمد (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (مَن أعْتَقَ رَقَبَةً، أعْتَقَ اللَّهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهَا عُضْوًا مِنْ أعْضَائِهِ مِنَ النَّارِ، حَتَّى فَرْجَهُ) صحيح مسلم:١٥٠٩، ومتفق عليه. هەر کەسێك کۆیلەیەك ئازاد بکات، خوای گەورە بە هەر ئەندامێکی ئەو کۆیلەیە، ئەندامێکی لاشەی ئازاد دەکات لە ئاگر هەتا عەورەتی بە عەورەتی سەحیحی موسلیم:١٥٠٩، بوخاری و موسلیم هاوران لەسەری، ئەم بانگەشەیە تەنها بۆ ئازادکردنی بەندە نەبووە، بەڵکو بانگەشە بوو بۆ کڕینی بەندە و کۆیلەکان لەبەر ئازاد کردنیان بە ئومێد و هیوای پاداشت.

ب_ دانانی ئازاد کردنی بەندە وەك هۆکارێکی (پێبژاردنی دارایی _ کەفارەت)، کە کەسێك دەیدات لە بەرامبەر هەڵەیەك لە ئەنجامدانی دروشمەکاندا (وەك ئەوەی کەسێك هەستێت بەشکاندنی ڕۆژووەکەی لەڕۆژدا بەچوونە لای خێزانی) یان کەفارەت دەدات، لەدوا ئەوەی کەسێکی بە هەڵە کوشتووە... یان هەندێ دابونەریتی نەفامی ئەنجامداوە (وەکو ئەوەی کەسێك سوێند بخوات، خێزانەکەی وەك دایکی لێهاتووە).

ج_ تەرخانكردنی برێك لەسەرچاوەی زەكات بۆ ئازادكردنی كۆیلە وبەندە

﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٦٠﴾ ﴾ (التوبة).

واتە: بێگومان زەكات تەنها بۆ هەژاران و نەداران و ئەوكەسانەی كارمەندن بەسەریەوە و بەو موسوڵمانە نوێیانەی پێویستە دڵیان هۆگربكرێ و ڕابگیرێت، هەروا لە پێناو ئازادكردنی كۆیلە و دانەوەی قەرزی قەرزاران و لە پێناوی خودا و ڕێبواریَ كە پارەی لێبڕاوە، ئەمانە لای خواوە فەرزكراون).

د_ ڕێگەدان بەكۆیلەكان بەكڕینەوەی خۆیان بەنرخێكی دیاری كراو، ئەویش بەرێككەوتن لەگەڵ خاوەنەكەیان و لەسەر ئەم بنەمایە نوسراوێك لە نێوانیاندا دەبێت، بەجۆرێكی كە خاوەن بەندەكە، پابەند بێت بەئازادكردنی لە ساتی دابینكردنی ئەو برە پارە لەكاتی دیاریكراودا، لەدەقی ئایەتەكەی ئەو یاسایەی دیاری كردووە، ئەوە تێدەگەین ئەو پەسەندكردنە لەلایەن خاوەن كۆیلەوە پێویستە. ﴿ ...وَٱلَّذِينَ يَبۡتَغُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِمَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ فَكَاتِبُوهُمۡ إِنۡ عَلِمۡتُمۡ فِيهِمۡ خَيۡرٗاۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِيٓ ءَاتَىٰكُمۡۚ ...﴿٣٣﴾ ﴾ (النور)،
واتە: ئەو كەسانەشی كە دەیانەوێت خۆیان ڕزگار بكەن لەبەندەكانتان و خۆیان بكڕنەوە، ئەوە ئێوە لەگەڵیاندا ڕێك بكەون و ڕێگەی ئازاد كردنیان بۆ ئاسان بكەن، ئەگەر خێرتان تێدا بەدی دەكردن لەو ماڵ و سامانەی، خوا پێی بەخشیون بەشیان بدەن...

بوونی نوسین لەنێوانیاندا لە ناوەڕۆکدا بەواتای گرەنتی دێت، بەوەی ئەم بەندەیە خاوەنی پارە و سەروەتی خۆیەتی، کە لە کار و پیشەکەیەوە بەدەستی دێنێت و خاوەنەکەی هیچ مافێکی بەسەر ئەم پارەیەوە نیە...

یاخود ئەنجامدانی هەر کارێکی تر، لەگەڵ ئەنجامدانی کاری خاوەنەکەیدا مافی خۆیەتی.

لەسەر بنەمای ئەوەی ڕابورد، دادگاییکردنی ئیسلام، لەبەرئەوەی ئیسلام کۆیلایەتی هەڵنەوەشاندۆتەوە، نەك تەنها لەدەرەوەی مێژووە بەڵکو لەدەرەوەی لۆژیك و ژیربێژییە، چونکە ئیسلام بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، کە بە پلەبەندیی هەڵی وەشێنێتەوە، گەر تێگەیشتن لەلای ئەو کەسە دروست بێت، کەمامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا دەکات بە جۆرێك وەك ئەوە وا بووبێت چاودێری تۆوێك بکات بۆ گەیشتن بە گەشە وبەرهەمدار بوونی، ئەگەر بەکرداری ئەم تێگەیشتنە بۆ ماوەیەك دەستەبەر بووایە لەلای کەسایەتیەکی وەك عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت)، کە لە ئامانجی دەقەکان تێگەیشتبوو، لەوەش تێگەیشتبوو دەقەکان پێشڕەویی دەکات بۆ وشککردنی سەرچاوەی کۆیلایەتی و کانگاکانی بەندایەتی و پێشڕەوی بڕینی چەند هەنگاوێکی دەکرد بۆ ئەو مەبەستە، خۆ ئەگەر جێی خۆی بگرتایەوە و ببوایەتە ڕێبازێکی تێگەیشتن، ئەوا ئەوکات لەماوەیەکی نزیك و هەر لەسەرەتادا کۆتایی بە بەندایەتی دەهات.

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) لەو بارەیەوە چ کارێکی ئەنجام داوە؟

بنیات لەسەر بنەماکانی تێگەیشتنی دەقەکان عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) هەستا بەچەندین شێوەی پیادەکردنی، هەر بۆ نموونە هەڵدەستا بە ئازادکردنی ئەو دایکانەی منداڵیان هەبوو لەناو کۆیلەکاندا، هەر یەکێکیان

منـدالێكی لـه خاوەنەكـەی بهێنایەتـە دونیـاوە ئـازاد دەكـرا، ئـەم هـەنگاوە سەرەتا لەدوای مردنی، بەڵام دواتر هەر بە لەدایكبوونی ئەنجام دەدرا، هەروا فـەرمانی دەردەكـرد بـە ئـازادكردنی هـەموو ئەوانـەی ڕووبـەڕووی ئـازاری جەسـتەیی دەبوونـەوە لەلایـەن خاوەنەكەیانـەوە، ئەگـەر ئـەو ئازاردانـە شوێنەواری لەسەر جەستەی بـەجێ بهێشـتایە (ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت، دەبێـت مامەڵـەی باشـی لەگـەڵ بكرێـت یـان ئـازاد بكرێـت)، هـەروەك چـۆن ئەوانەی هی خەلیفە بوون و نوێژیان دەكرد ئازاد دەكران (بەمەرجێك ماوەی سێ ساڵ پاش ئازادكردنی خزمـەت بكـات)، بـەو واتایـەی ئەنجامـدانی نوێـژ كلیلێك بووە بۆ ئازادكردنی كۆیلـەكان، لەوانەیـە لەمـەدا نزیـك بووبێتـەوە لـە تێگەیشتنی ئەو فەرموودە پیرۆزەی دەفەرموێت:

(مـن أعتـق رقبـة مؤمنـة...)، (ئـەو كەسـەی بەندەیـەكی ئیمانـدار ئـازاد بكات...)

هەموو ئەمانە تەنها لـەماوەی سـاڵانێكی كەمـدا ڕوویـداوە، بـەبێ ئـەوەی گۆڕانكاریی لە پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی باوی ئەو كاتەدا ڕووبدات..

بێگومان ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بـەردەوام بووایـە، بارودۆخەكـە لـەماوەی چەند دەیەیەكدا، گۆڕانی بەسەردا دەهات..

* * *

كـەنیزەك چـییە؟ بەشـە ئافرەتانەكـەی، باسـی كۆیلایـەتی، ئـەوەی بـە هەسـتیارییەكی گـەورەوە لێـی دەڕوانرێـت بـەهۆی ئـەوەی گرێـدراوی باسـی سێكس و ئافرەتـە، ئـەم بەشـە تـەواو پەیوەندیـدارە بـە بابـەتی كۆیلـەوە، بەشێك بووە لەدابونەریتی باوی ئەو سەردەمە، لەو كاتەدا پەسەندكراو بووە، دەقەكان نـە فـەرمانیان پێكـردووە و نەقەدەغـەیان كـردووە و بـە كـرداریش

لەسەردەمی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) و جێنشینەکانی و لەدوای ئەوانیشەوە جێبەجێ کراوە.

بەڵام لەسەرمانە لێرەدا ڕێگای بیرکردنەوەمان بگۆڕین، تا لەو جیاوازییە بگەین، کە لەنێوان ئەوەی دەقەکان فەرمانیان پێکردووە، و ئەوەی لەو سەردەمەدا وەك دابونەریتێکی باو و لە کات و ساتێکی ڕۆشنبیری دیاری کراودا جێبەجێ کراوە هەبووە، دەقەکان فەرمانیان نەکردووە بە کۆیلایەتی و بەندایەتی و کەنیزەك.. بەڵکو دابونەریتی باوی ئەو سەردەمە لە هەموو جیهاندا وایکردبوو، ئەوە کارێکی پەسەندکراو بێت... لێرەدا ناگونجێت نەپرسین: ئەگەر هەموو ئەو دەقانە لە نووسینی پیاوێکی چاکساز بووبێت، لەدوورگەی عەرەبیدا ژیابێت... چۆن توانیویەتی جیاکاری بکات لەنێوان نەریتی کۆمەڵگایەك کە ئاوا دەبێت و دواتریش ڕەد دەکرێتەوە... و لەنێوان ئەوەی توانای مانەوە و خۆڕاگریی هەیە؟ چۆن لەتوانایدا هەبووە بەو شێوەیە دارشتن بۆ دەقەکان بکات، لەکاتێکدا مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراودا دەکات بێ ئەوەی فەرمانی پێ بکات؟!

ئەگەر یەکێکیان ئیسلامی تاوانبار کرد بەوەی دەیەوێت بە هەژاری بمێننەوە و هەژاری ببێتە سیما... ئەو کات وەڵامدانەوەی زۆر ئاسان دەبێت و دەڵێت: نەخێر... ئیسلام ڕووبەڕووی هەژاری بووەتەوە و هاوکاری هەژارانی کردووە و داکۆکی کردووە لەسەر هاوکاریکردنیان.

ئەو کات قسەکە قایلکەر دەبێت.

خودی کارەکە لەگەڵ کۆیلە و بەندایەتیشدا هەر وایە، لە هەردوو بارەکەدا کێشەکە ئابوورییە، لە ئامرازەکانی موڵکدارییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئیسلام هەژاری ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی وەستاوەتەوە...

ڕووبەڕووی سەرچاوەکانی بووەتەوە و پێداگیر بووە لەسەر هاوکاریکردنی هەژاران... ڕێك هەمان شت لە ئارادایە لەگەڵ کۆیلایەتیدا...

گەر سەیری کرۆکی بابەتەکەمان کردبێت...

وشککردنی سەرچاوەکانی کەم کردنەوەی کۆیلایەتی تازە بووە و هەڵنانە لەسەر ئازادکردن.

ئەگەر بە قووڵی لەو دوو کارەمان ڕوانیبێت، دەبینین ئیسلام لە هەردوو بارودۆخەکەدا هەمان هەڵوێستی هەیە.

کەواتە بۆچی ئایینە گەورەکەتان، ئیسلام هەڵنەستا بە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە کاتێکدا (لینکۆڵن) هەڵسا بەو کارە؟

ڕاستییەکەی، لینکۆڵن بەو کارە هەستا لەبەر بار و دۆخێکی ئابووری ئاڵۆز، کە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆیلەی لە کارگەکاندا نەدەدا، خوازراوتر بوو ئازادبن..

بێگومان ئەوە هیچ لە مەزنی ئەو کارەی لینکۆڵن پێی هەڵسا کەم ناکاتەوە، بەڵام لە چوارچێوە و حەتمیبوونێکی ئابووریدا ڕاڤە دەکرێت.

بەڵام بۆچی لەکاتی دەرکەوتنی ئیسلامدا ئەوە ڕووینەدا، ڕەنگە لەو کاتەدا سەرکەوتوو نەبووایە، کۆیلەکان بەشێك بوون لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، ئازادکردنیان وای لە هەموو بەندەکان دەکرد لەهەموو ناوچەیەك موسوڵمان ببن تەنها بە تەماحی ئازادبوونەوە بەدەر لەوەی، ئیسلام بە واتا گشتگیرەکە بەوە چووبێتە مێشکیانەوە، کارەکە هەموو ئیسلامی کورت دەکردەوە لە بزوتنەوەی ئازادکردنی بەندەکاندا، و بەکۆتایی هاتنی تەواو دەبوو..

هــــەروەك چــۆن ئامرازەكــانی بەرهــەمهێنان بـــە ڕاكێشــانی قەڵـــەم هەڵنەدەوەشایەوە، بەڵكو پێویستی بە كاتێك بوو بۆ ئەوەی پلەبەندی بسڕێتەوە و كۆتایی پێ بێت ئەگینا لابردنی یان بەرگریكردنی، ڕەنگە ببوایەتە هۆی ئەوەی كۆمەڵگا بەرەو ئەندازەیەك لە تێكدان بچووایە...

* * *

شتێكی تر تایبەت بە كەنیزەك...

هەموو ئەو ئایەتانەی ئاماژە بە كەنیزەك دەكات (فرمانی ڕابردوو)ی بەكارهێناوە بۆ دەربڕینی ئەم دیاردەیە:

(وما ملكت أيمانكم).. هیچ جارێك نییە، فرمانەكە بە دەمی ڕانەبردوو (تملكون) هاتبێت..

هەموو ئەو جارانەی، ئاماژە بە كەنیزەكی تیادا هاتووە بە دەمی ڕابردوو بووە، تەنانەت ئەگەر پاشماوەی باسەكە ڕانەبردووش بووبێت..

ئایە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت/ ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر هەموو ئەم بابەتە بەشێك بوە لەو ڕابردوو؟!

(٢٦) هاوسەرگیری خاتوو عائیشە

لەوانەیە مایەی سەرسوڕمان بێت، هەبێ بەهۆی ڕودانی هاوسەرگیرییەکەوە بێباوەڕ بووبێت، کە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ ڕوویداوە.

باوەڕی بە بوونی خودا نەمێنێت، بەهۆی هاوسەرگیرییەکەوە !

لەوانەشە ئەمە هۆکارە ڕاستەقینەکە نەبێت. ڕەنگە بەشێك بێت لەو کۆمەڵە بیانوو و گومانانەی کەم کەم و بە هۆکاری جیاواز کەڵەکە بوون، هەتا گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە و کارلێکیان لەگەڵ هەموو ئەو پرسیارانەدا کردووە، بەبیریدا تێپەڕ بوون، وەك ئەوەی ئەو بابەتە هۆکاری پێشڕەویکردنی بووبێت بەرەو ئیلحاد.

بە دڵنیاییەوە، باسەکە دەربارەی هاوسەرگیریی پێغەمبەری خودایە (درود و سڵاوی خودای لەسەر بێت) لەگەڵ خاتوو عائیشەدا.

بە دیاریکراویی باس لەو تەمەنەی خاتوو عائیشەیە، هاوسەرگیری تێدا کردووە.

لەو کاتەدا، پێغەمبەری خودا (درود و سڵاوی خودای لەسەر بێت) مارەی کردووە ئەو تەمەنی شەش ساڵان بووە، تەمەنی گواستنەوەشی نۆ ساڵان بووە.

لێرەدا سێ هەڵوێستمان هەیە، بەڵام پێویستمان بە هەڵوێستی چوارەمیش دەبێت.

هەڵوێستی یەکەم بریتییە لەو هەڵوێستەی هەواڵەکە بە ترسناك و تۆقێنەر ناوزەد دەکات، نۆ ساڵ.. ئای چ تاوانێکە، چ کارێکی ترسناکە..بەڵێ بە خێرایی دەست دەکەن بە بەرگریکردن لە خاتوونێکی ئازاردراو و منداڵییەکی

سەخت، هەر زوو بەخێرایی گوێمان لە تۆمەتبارکردنی پێغەمبەری مەزن دەبێت (درود و سلاوی خودای لەسەر بێت) وەك ئەوەی بە شێوەیەکی نامۆ (ئارەزووی بۆ منداڵ هەبووە)، ئەمەش بۆخۆی ڕێخۆشکەرە بۆ گومانکردن لە پەیامەکەی پێغەمبەر (درود و سلاوی خودای لەسەر بێت) (بەو پێیەی لە بۆچوونی ئەواندا پێغەمبەری ڕاست نابێت بەو جۆرە بێت) زۆر بە دڵنیاییەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی حەتمی پەلکێشیان دەکات بۆ وازهێنانی تەواوەتییان لە ئیسلام..، زۆر بە دەگمەن وەها بابەتێك ڕووەو باوەڕهێنان بە ئایینێکی دی دەیانبات.. بەڵکو بەزۆری بەرەو ڕووی ئیلحاد دەیانبات.

هەڵوێستی دووەم کاردانەوەی بەرگریکردنە لە هەڵوێستی یەکەم — نۆ ساڵان؟ پەنا دەگرم بە خودا، ئەمە بە تەواوەتی هەڵەیە، هەرگیز نابێت ئەمە فەرموودە بێت، پێغەمبەری مەزن کاری لەو جۆرە ناکات، بێگومان دەبێ هەڵەیەك لە گواستنەوەی هەواڵەکەدا هەبێت. ڕەنگە ئەو کەسەی، هەواڵەکەی گواستۆتەوە لە لێکدانەوە و ژماردنی ساڵەکاندا هەڵەی کردبێت، لەوانەشە وەك هەمیشە گەلەکۆمەیەك بۆ شێواندن و ناشرینکردنی ئیسلام و نێردراوەکەی لە ئارادا بووبێت، هەر وەك چۆن لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە هەبووە..

هەڵوێستی سێیەم دەڵێت: نۆ ساڵە و شانازی پێوە دەکات! وای دادەنێت ئەمە هەڵوێستێکی باشە و سوننەتیشە! بەرگری لێ دەکات، بەرگری لەهەر ڕوداوێکی نزیك و هاوشێوەی ئەوەش دەکات!

خاوەنی هەرسێ هەڵوێستەکە (ئابڕوبەر — ڕەتکەرەوە — شانازیکەر) نزیکن لە یەك، زیاتر لەوەی پێیانەوە بەدیدەکرێت.. زیاتر لەوەی خۆیان پێی بزانن.. هەموویان لە دەرەوەی مێژوو بابەتەکە لێك نزیك دەکەنەوە، بەبێ

گەڕانەوە و ڕوانین بۆ دۆخ و مێژووی ڕووداوەکە، مامەڵە لەگەڵ باسەکەدا دەکەن..

هاوەڵی یەکەممان، پشتیوانی ئافرەتە و پێغەمبەر تۆمەتبار دەکات بەوەی ئارەزوویەکی نامۆی بۆ منداڵ هەبووە وهەوڵدەدات بنەماکانی ڕەوشتی هاوچەرخ بسەپێنێتە نێو کات وسەردەمێکی تەواو جیاوازەوە، ئەویش سەردەمی پێغەمبەری سەروەرە، ئەو پێی وایە تێگەیشتن و بنەماکانی هاوچەرخ ڕەها و گونجاوە بۆ هەموو سەردەم و کات و شوێنێك، بە تەواوی وەك ئەوە وایە لە سەردەمی بەردیندا بێت و لێپرسینەوە لە دانیشتوانی زەوی بکات لەسەر پیسبوونی ژینگە و کونبوونی ئۆزۆن.

لەبەر ئەوەی وا تێگەیشتووە چەمك و بۆچوونەکانی خۆی بە ڕەها و گونجاو دەبینێت، و ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە، کە پێش ١٤٠٠ ساڵ ڕویانداوە و بە تاوانێکی ڕەوشتییان دادەنێت، سەرەڕای ئەوەی بە پێوەرەکانی سەدەی بیستویەکی زایینی دادگایی دەکات.

هاوەڵی دووەممان کە لە بناغەوە بەسەرهاتەکە ڕەت دەکاتەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەمان تێڕوانینی هەیە، هەروا ئەویش بڕوای وایە کە بنەماکانی هاوچەرخ ڕەهایە، بەڵام دادگایی ئەو کارە ناکات، کە پێغەمبەری خودا ئەنجامی داوە – سوپاس بۆ ئەو!– بەڵکو دادگایی ئەو کەسانە دەکات هەواڵ و سەرگوزەشتەکانیان گواستووەتەوە و تاوانباریان دەکات بە فێڵ یان هەڵەکردن لە باشترین بار و دۆخەکاندا.

هاوەڵەکەی ترمان خاوەنی (نۆ ساڵ و شانازی پێوە دەکەم) بەهەمان شێوە لە دەرەوەی مێژوو دەدوێ، بەڵام لێرەدا پێی وایە کە دابو نەریتەکانی پێش ١٤٠٠ ساڵ کار پێکردن و جێبەجێکردنیان بۆ ئێستاش گونجاوە، بەڵکو

ئەو وای دەبینێت، دابونەریتەکانی عەرەب، پێش ١٤٠٠ ساڵ لە دوورگەی عەرەبیدا ئەنجامیانداوە، بە بەشێك لە سوننەت و دین هەژمار دەکرێت.

پێدەچێت هاوەڵەکانمان هەر سیانیان وا دەرکەون، زۆر جیاوازبن لە بیروڕادا و لەوانەشەلە نێوان خۆیاندا و لە هەموو بۆنەیەکی گونجاودا لەبەر ئەو بابەتە قسەی نەشیاو بەیەك بکەن و دەمەدەمێ بکەن.

بەڵام ڕاستییەکەی زۆر هاوشێوەن بە لایەنی کەمەوە لەو هۆکارەی کە بەرەو ئەو هەڵوێستەی بردوون.

با یەکەمیان دەستنیشان بکەین.

خاتوو عائیشە کاتێك دەستنیشانکرا، تەمەنی شەش ساڵ بوو، کاتێك بە کرداری هاوسەرگیریی ئەنجامدا نۆ ساڵ بوو، خاتوو عائیشە خۆی لە فەرموودەی (متفق علیه)دا ئەمەی گێڕاوەتەوە.

لەو سەردەمەدا ئەم بابەتە زۆر بەربڵاو بوو، بەڵکو خاتوو عائیشە بەر لە هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ پێغەمبەر (درود و سڵاوی خودای لەسەر بێت) لە کوڕی (مطعم) کوڕی (عدي) مارە کرابوو[1] (ئەو یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی مەککە وهەمان ئەو کەسە بوو، پەنای پێغەمبەری خودایدا (درود و سڵاوی خودای لەسەر بێت) پاش گەڕانەوەی لە (طائف).

کەمترین سەرسوڕمان سەبارەت بە تەمەنی هاوسەرگیرییەکەی، لە هەموو ئەو هەواڵ و باسانەی کە لەسەر هاوسەرگیری خاتوو عائیشە پێمان گەیشتوون لە ئارادانییە، لە دوای کۆچی دوایی خاتوو خەدیجە، خەولەی کچی حەکیم پێشنیاری بۆ پێغەمبەر کرد، بە مەبەستی هاوسەرگیریی

١) مسند إسحاق بن راهوية ١١٦٤

عائیشـــەی وەك كچـێكی عـــازەب بۆدەستنیشـــان كـرد و ســـەودەی كچـــی زەمعەشی وەك ئافرەتێك، كە پێشتر هاوسەرگیری كردبوو[1].

واتـــە تەمـــەنی خـــاتوو عائیشـــە و منداڵییەكـــەی هۆكـــار نـــەبوون بـــۆ جیاكردنەوەی لە سەودە، بەڵكو عازەبیەكەی بوو.

هـــەروا وردەكـــاری مارەكردنەكـــە زۆر بـــەڕوونی لـــە هـــەمان سەرچـــاوەدا هاتووە(ئەمەش فەرمودەیەكی (صـحیح)ە بـە پێـی مـەرجی هـەر یـەك لـە (بوخاری و موسلیم)، كە هاوسەرگیری عائیشە لەگەڵ پێغەمبـەردا ئاڵۆزیـەكی بۆ ئەبوبەكر دروستكردبوو، نەك لە بەر بچووكی تەمەنی، بەڵكو لەبەر ئـەوەی ئەبوبەكر پێی وابوو برایەتی لەگەڵ پێغەمبەردا لە ڕێگەی ئیسلامەوە ڕێگـرە لەم هاوسەرگیرییە (واتە وەك چۆن هاوسـەرگیری نێـوان مـام و بـرازا حـەرام كراوە) هەر وەك چۆن دایكی ڕوممان باسی بابەتی كوڕەكەی موتعیمی كوڕی عەدی بیرخستەوە و ئاماژەی بە گرنگی یەكلاییكردنەوەی دا.

بە دەستەواژەیەكی تر: داواكردنی ئەو كچانەی شـەش سـاڵان بـوون، بـە پێی دابونەریتی عەرەب لەو سەردەمەدا كـارێكی پەسـەند بـووە، (بەلایـەنی كەم لە دابونەریتی قوڕەیشدا پەسەند بووە)، و بە تـاوان یـان عەیبـە یـاخود كارێكی كەموكورت هەژمار نەكراوە، ئەگەر وابوایە، ئەوا لەو كاتەدا دوژمنانی پێغەمبەر بەكاریان دەهێنا، بۆ شـێواندنی بانگەوازەكـەی و دوورخسـتنەوەی خـەڵكی لێـی، بـەلام سـەرەڕای تونـدیی جـەنگی گوفتاریـان بەرامبـەری و تۆمەتباركردنی بە شێت و جادوباز (سـاحیر)، كەچـی ئامـاژەیان بـەم بابەتـە نەكرد، لەبەر ئەوەی لە دابونەریتی ئەواندا كارێكی تەواو پەسەند بووە.

لـەو كاتـەدا هاوســەرگیریی پەیوەسـت بـوو بـە تەمـەنی پێگەیشـتنی (جەســتەیی) فیســیۆلۆجییەوە، و تێكــڕای ئــەو تەمەنــە دەگۆڕێــت لــە

١) مسند أحمد ٢٥٧٦٩

جێگەیەکـەوە بـۆ جێگەیـەکی تـر و لـە سـەدەیەکەوە بـۆ سـەدەیەکی تر[1](تەمەنی پێگەیشتنی کچان لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەمڕۆدا بریتییە لە ١١-١٢، بەڵام پێش ٥٠ ساڵ ١٤ ساڵبووە[2]).

پێویستە ئاگاداربین لەوەی، ڕەنگە هاوسەرگیریی پەیوەست نەبووبێت بە فەسلەجە و پێگەیشتن و سێکس و ئەوە خستنەوەوە بەتەنها، بەڵکو خزمایەتی و زاوایەتی هۆکارێك بووە بۆ یەکگرتن و ڕێککەوتنی خێڵەکان یاخود بەرەبابە جیاوازەکانی نێوان یەکخێڵ بەمەبەستی بەهێزکردنی و بەیەکەوەبەستنی پەیوەندییەکانیان، لەم کارەش زۆر وردبینی ناکرێت لە فسلەجەی کچدا، یاخود تەنانەت هاوسەرگیریکردنی کچەکە، ئایا بەکرداری هاوسەرگیری کردووە یاخود نا، بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە زوو بەشوودانەکە ڕەچاو دەکرا، بۆ بەیەکەوە بەستنی خێڵەکان، هەروەك چۆن ئێمە ئەمڕۆ لە بارەی قەبارەی دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچان لەو سەردەمەدا زانیاری تەواومان نییە، بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەو دیاردەیە کاریگەریی لەسەر ڕێژەی کچان کردبێ و دواتریش وایکردبێت مارەکردن و هاوسەرگیریی پێش وەختیان بوبێتە جۆرێك لە ڕووبەڕووبونەوەی کێبڕکێی سروشتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کەمی لە ژمارەی مێینەدا.

بە ئەندازەی دۆزەخیبوون و بە گەورەبینینی ئەم کارە لە ئەمڕۆدا، بۆ ئەو کاتە ئاسایی بووە.

ڕاستییەکەی، تا ماوەیەکی زۆر نزیك لە هەندێ لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا هەر بە هەمانشێوە بووە.

---

https://thesocietypages.org/socimages/٢٠٠٨/٠٩/١٩/changing-biology-age-at-first-(١ ./menstruation

http://www.chwn.ca/en/node/٣٩٣٦٥(٢

بە نموونە کۆنترین یاسایەکی، کە گرێبەستی هاوسەرگیری پێ دادەمەزرا لە ئەوروپا (لە دوای پێنج سەدە لە هاوسەرگیریی خاتوو عائیشە) تەمەنی ١٢ ساڵ بە دروست و گرنگ دادەنێت، گەر ڕازی بێت بۆ هاوسەرگیری لە دوای تەمەنی ٧ ساڵی. لەو کەسایەتییە ژنانەی کە تەمەنی هاوسەرگیریی وەك بەڵگەیەك تۆمار کراوە و هەتا سەدەی شازدە(١٧٠٠ی زایینی) چەندینی تیابووە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە، لیستی ئەوانەی بە بچووکی هاوسەرگیرییان کردووە، لە مێژووی شارستانێتی ڕۆژئاوادا دوور و درێژە، بەڵکو ئەو دەستورانەی کاریان پێکراوە لە هەندێ ویلایەتە ئەمریکییەکان لانی کەمی تەمەنی بۆ هاوسەرگیریی بە (١٣ ساڵ) دیاری کردبوو.

تەنها لە ٢٠١٦ نەبێ نەگۆڕا[1]، هەروا لە ٣ ویلایەت هەتا ئێستا (٢٠١٧) ١٤ ساڵ بە کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی کچان دەستنیشان دەکەن، دوو ویلایەتیش ١٣ ساڵیان وەك لانی کەمی هاوسەرگیری دەست نیشان کردووە[2].

ئەمە بۆ ئەوە ناڵێین ڕۆژئاواییەکانی پێ عەیب دار بکەین، وەك ئەوەی ئەوان پێغەمبەری ئێمەی پێ عەیبدار دەکەن، بەڵکو تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی بڵاوی ئەو بابەتەیە لە ڕووی مێژووییەوە، هەتا کات و سەدەکانی دوایی، ئەگەر تا ئێستا ئەوە بە کارێکی سروشتی هەژمار نەکرابێت، دواتر بەهۆی

---

(١) https: //www.washingtonpost.com/local/virginia-politics/why-١٣-year-olds-can-no-longer-marry-in-virginia/٢٠١٦/٠٧/٠٣/٠٣٨٤٩e٤٦-٣ef٩-١١e٦-a٦٦f-aa٦c١٨٨٣b٦b١_story.html?utm_term=.dbb١c٢٦٧١bbd

(٢) http: //www.tahirih.org/wp-content/uploads/٢٠١٦/١١/FINAL-State-Marriage-Age-Requirements-Statutory-Compilation-PDF.pdf

گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕەد کراوەتەوە، دەکرێت تەنها بە بەکارهێنانی بزوێنەری گۆگڵ بەدوای زاراوەی(تەمەنی گونجاو age of consent) — کە مەبەست لێی تەمەنی هاوسەرگیرییە — بۆ زانینی ئەو گەشە و پێشکەوتنەی بەپێی کات بەسەر ئەم تێگەیشتنەدا هاتووە گەشتێك بکەین.

چی هەیە دەربارەی ئەو هاوەڵانەمان، کە نکوڵی لە بابەتەکە دەکەن بە پینەکردنی و وادەزانن کارێکی باش دەکەن؟

ئەوان وەك ئەوانەی پێشوترن، بابەتەکە بە تاوان دەبینن و کاتەکانیان لە بەرگریکردن لە سەروەرمان(درود و سڵاوی خوای لەسەر بێ) بەڕێدەکەن، بەوەی هەر لە بنەڕەتەوە نکوڵی دەکەن لە ڕوودانی بابەتەکە، ئەمە تووشی پێکدادانیان دەکات لەگەڵ دەقە ڕاستەکانی کتێبەکانی فەرموودە (صەحیحەکان)، وەکو ئەو دەقەی کە هەریەك لە بوخاری و موسلیم ڕێکن لەسەر ڕاستی و دروستی، گوایە خاتوو عائیشە خۆی سەبارەت بە هاوسەرگیریی لەگەڵ سەروەرمان (درووود و سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (تَزَوَّجَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِسِتٌ سِنِينَ، وَبَنَى بِي وَأَنَا بِنْتُ تِسْعِ سِنِين) [١].

هیچ کێشەیەك لەوەدا نییە ڕەخنە لە بوخاری و موسلیم بگرین، چونکە هیچ کەس بێ هەڵە و گوناه نییە، ئەوانیش مرۆڤن و هەموو مرۆڤان لە ناساندندا هەڵەدەکەن.

بەڵام ڕەخنە دەبێت زانستی بێت، هیچ پەیوەندییەکی بە حوکمەکانی ڕابردووەوە نەبێت، کە بنیات لەسەر هەڵوێستێکی دیاریکراو وەری دەگرین.

---

١) البخاري ٣٨٩٤، مسلم ١٤٢٢

لێرەدا فەرموودەیەكمان هەیە بە گێڕانەوەیەكی ڕاست، خاتوو عائیشە تیایدا دەڵێت، تەمەنی ئەوەندە و ئەوەندە بووە كاتێك سەروەرمان (درووود و سەلامی خودای لەسەر بێت) هاوسەرگیریی لەگەڵ كردووە، كەوابوو كامەیە پلانی ئەو برایانەی نكوڵی لە بەدرۆخستنەوەی بابەتەكە دەكەن؟

بەدرۆخستنەوەكانیان لەسەر هەڵەگەلێك بونیاد دەنێن، بەداخەوە جگە لە پیرۆزكردنی بیر و هەڵەگەلێكی نەگونجاو بۆ شتێكی تر، پێشڕەوییان ناكات.

یەكەم – لێرە و لەوێ هەواڵیان لەوە هەیە خاتوو عائیشە دە ساڵ لە ئەسمای خوشكی بچووكتر بووە، هەواڵەكە لە كەسێكەوە بەڕاست و دروستی نەگێڕدراوەتەوە بەڵكو لە چیرۆكخوانانەوە وەرگیراوە، جیاوازی نێوان تەمەنی ئەو دوو خوشكە گرنگ نەبووە لەو ڕۆژگارەدا، تا بە ڕچەیەكی دروست و بە پێی گێڕانەوەیەكی فەرموودەیی پەسەند بكرێت، ئەوان ئەم جیاوازیە(دڵنیا نەكراوە) دەبەستنەوە بە هەواڵێكی ترەوە كە گێڕانەوەیەكی بێ ڕچە و سەنەدە و دانپێدانراو نییە، ئەویش ئەوەیە تەمەنی خاتوو ئەسما بیست و حەوت ساڵ بوو كاتی كۆچ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، خاتوو عائیشە تەمەنی حەڤدە ساڵ یان زیاتر بووە لەكاتی هاوسەرگیریكردنی لەگەڵ پێغەمبەر(درووود و سەلامی خودای لەسەر بێت)، سەرەڕای ئەوەی (دوو هەواڵەكە پەسەندكراو نین) بەستنەوەیان بەیەكەوە ناگونجێت بۆ پێشكەشكردنی هێنانەوەی بەهانە لە هیچ جۆرێك و بەڵام تەنها بیرۆكەی ئەوەی هاوسەرگیریی خاتوو ئەسما دواكەوتووە بۆ تەمەنی(٢٦) (ئەو دووگیان بووە بە منداڵی یەكەمیەوە لە كۆچدا) بە پێوەری ئەوكاتەبایە ئەوە زۆر نامۆیە، بەڵكو بابەتێكی نیگەراناویشە، تەنانەت بۆ ئەمڕۆش لە هەندێ لە كۆمەڵگا عەرەبییەكاندا.

ئیتر چۆن بۆ ئەو کاتە دروست دەردەچێت؟ بەڵام ئەوە ناکرێت بە تەواوی دانێین چونکە هیچ ڕچە و سەنەدێکی ڕاست و تەنانەت ناڕاستیش لە ئارادا نییە، تا جیاوازی نێوان تەمەنی ئەم دوو خوشکە یاخود تەمەنی ئەسما لەکاتی کۆچدا پەسەند و پشتڕاست بکاتەوە.

هەموو ئەوەی لە بابەتەکەدایە، ئارەزومەندیی هەندێکە بۆ گونجاندنی تەمەنی خاتوو عائیشە لەکاتی هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) لەگەڵ پێوەرە هاوچەرخ و نوێکاندا، ئیتر ئەوە گرنگ نییە، خاتوو عائیشە بەدرۆبخەینەوە لەو قسانەی دەربارەی خۆی دەیڵێت...

سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە، سەرەتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەم هەواڵەیان گواستۆتەوە.

دووەم – هەوڵ دەدەن بابەتی داواکردنی بۆ کوڕی موتعیمی کوڕی جوبەیر بەکار بێنن وەك بەڵگەیەکی پێچەوانە... بونیادنانێك بونیاد دەنێن لەسەر ئەم چیرۆکە، ناکرێت بونیادی لەسەر بنرێت، موتعیم و کوڕەکەی هاویەش پەیداکار بوون، ئاخۆ چۆن ئەبوبەکری باوکی ڕازی بووبێت بە نیشانەکردنی کچەکەی بۆ کەسێکی هاوبەشپەیداکار؟ ئەمە بەبۆچوونی ئەوان ئەوە دەگەیەنێت، نیشانەکردنەکە لە پێش نێردرانی پەیامبەرەوە بووبێت! ئەمە بەلایەنی کەمیەوە پێنج ساڵ بۆ تەمەنی زیاد دەکات، ئەی ئەگەر وا دابنرێت، نیشانەکردنەکە لەو ڕۆژەدا بووبێت، عائیشە تیایدا لەدایك بووە!

ئەوان جارێکی تر لە دەرەوەی ڕێچکەی مێژوویەکە لە بابەتەکە دەڕوانن، بنەما و حوکمەکانی هاوسەرگیریکردن و نەکردن لەگەڵ هاوبەشپەیداکەران(بە نێر و مێ) وە هێشتا نەبوو بە یاسا و ئەم بابەتە دواتر لە مەدینە دا تەشریع کرا و بووە یاسا، و هەندێ لە وردەکارییەکانی تا کاتی ڕێکەوتنی حودەیبییە

دواکـــەوت، لەبەرئـــەوە گریمانـــەی ئـــەوەی ئەبووبـــەکر ڕازی نـــەبێت بـــە نیشانەکردنی عائیشە بۆ کەسێکی هاوبەشپەیداکەر، لـەو کاتـەدا بـەو شـێوە ڕوونە لە ئارادا نەبوو، ئەویش لەبەرئـەوەی هـەردوو کچـی پێغەمبـەر(دروود و سەلامی خودای لەسەر بێ) نیشانە کرابوون بۆ دوو کوڕەکەی ئـەبو لەهـەب و هەروا هەردووکیان لەوانەبوون هاوبەشییان بۆ خودا دانـابوو، ئـەبو لەهـەب و خێزانی، خۆیان لەدوای دابەزینی سورەتی (المسد)، داوایـان لـە کوڕەکانیـان کـرد، لـە کچـەکانی پێغەمبـەر (درووود و سـەلامی خـودای لەسـەر بـێ) جیـا ببنەوە.

لـە سـەروو ئەوەشـەوە نیشـانەکردن بـەو جـۆرە ڕووینـەداوە، کـە لـەم ڕۆژگارەی ئێسـتاماندا ڕوودەدات، بـەجۆرێك کەسـوکاری پیاوەکـە و خێڵەکـە بچن لای باوك و مامەکانی کچەکە.. هتد... بەڵکو نزیك بوو لە (بەڵێن دان)... بەجۆرێك فلان کچی بچووك، کـە گـەورە بـوو بـۆ فـلان کـوڕ دەبێـت.. ئـەوە بابەتێکە تـا ئێسـتاش لـە هەنـدێ کۆمـەڵگا گونـد نشـینەکاندا بـلاوە، کاتێـك خوازبێنیی کچێك دەکرێت بۆ کەسێکی تر، و ئەو نەریتە باوەی تا ئەمڕۆ هـەر ماوە، کە لە ڕێگەی ئاگادار کردنەوەوە خوازبێننیکـەری گریمانـەکراوی یەکـەم یاخود کەس و کارەکەی کۆتایی بە بەڵێنەکە دەهێنرێت.

هەر ئەمەش لەگەڵ بارودۆخی عائیشە و (داواکاری یەکەم)یـدا ڕوویـدابوو، ئەوەیە کـە بـە دیـاریکراوی ئـوم ڕوممـانی دایکـی وتوویـەتی: مـوتعیم کـوڕی عەدی عائیشەی بۆ کوڕەکەی باس کـردووە، سـا بـەخودا هـەرگیز بـە بـەڵێن بـەڵێنی پـێ نـەدراوە، ئەبوبـەکر ڕەدی کردۆتـەوە(پێم وابێـت ئـەو بڕگەیـە سڕابێتەوە)[1].

---

١) مسند أحمد ٢٥٧٦٩ .

هەمان گێڕانەوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەکە و خۆدزینەوە لێی تەنها بە ئاماژەکردنێك بووە ترسی ئەگەری کاریگەریەکی ئاینی، کە ڕەنگە ئەبوبەکر بیبێت لەسەر کوڕەکەی موتعیم ئەوەبوو کاتێك دایکی واتە خێزانی موتعیم بە ئەبوبەکری وت: (ئەی کوڕی باوکی قوحافە لەوانەیە کوڕەکەمان بخەیتە سەر ئەو دینەی تۆ لەسەریتی ئەگەر ژنت لێ بخوازێت).

سێهەم – یەکێکی تر لەو بابەتانەی ڕەتکەرەوەکانی گێڕانەوەکەی عائیشە چەپە چەپی لەدەور دەکەن ئەوەیە، کاتێك لەسەر تەمەنی هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەری خودا (درووود ی خودای لەسەر بێ) دەدوێت، یەکێك لە گێڕەرەوەکان (هیشامی کوڕی عروەیە) لە کۆتایی تەمەنیدا شتی لێ تێکچووە(بە واتای ئەوەی بیری لاواز بووە) و لەبیری کردبوو، تەمەنی خاتوو عائیشە چەند بووە و ئەو ژمارانەی لەخۆوە وتووە(لە بری ئەوەی بڵێت عائیشە وتویەتی" لە تەمەنی چواردەیا بووم" لەبیری چووە و وتوویەتی لە شەشەمدا بووە !).

بەڵام لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بەرەو ئەوە دەڕوات، هیشامی تۆمەتبارکراو لە هۆش و زەین، لە تەمەنی لاوێتیدا باسەکەی گێڕاوەتەوە ! نەك تەنها ئەوە: بەڵکو پێنج لە گێڕەرەوان پێکەوە بەهەمان ناوەڕۆك ئەو فەرموودەیەیان لە زمانی خاتوو عائیشەوە گێڕاوەتەوە، هەروا چەندین ڕێگای تر پاڵپشتی تەواو جیاواز هەیە، بە تەواویی دەگاتە خاتوو عائیشە بەبێ ئەوەی هیچ یەکێك لە گێڕەرەوەکان تاوانبار بکرێن بە لاوازیی بیر و هۆشیان[1].

---

(1) https: //islamqa.info/ar/١٢٤٤٨٣

چوارەم – دوا بابەت کە هەندێك هەوڵیان داوە بەکاری بهێنن بۆ گەیشتن بە گۆڕینی تەمەنی خاتوو عائیشە، ئەویش فەرموودەیەکە خاتوو عائیشە تیایدا بەشێك لە ژیانی باوکی پێش کۆچ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لەوەتەی فام دەکەم و عەقڵم گرتووە، دایك و باوکم هەر بە موسوڵمانێتی و دینداری بینیوە، ڕۆژێکیش بەسەرماندا تێنەپەڕیوە لە بەیانی و ئێوارەدا پێغەمبەر(دروود ی خودای لەسەر بێ) سەردانی ئێمەی نەکردبێت، کاتێکیش موسوڵمانان تاقیکرانەوە ئەبوبەکر بە کۆچکردوویی بەرەو زەوی حەبەشە بەڕێکەوت)[1]

لێرەدا نکوڵی لێکەران دەوەستن وەك ئەوەی گەنجینەکەی خۆیان دۆزیبێتەوە، حەبەشە! کۆچ لە سالی پێنجەمی پێغەمبەرێتیدا ڕوویدا، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، مادام عائیشە بیری دێت، کەوایە تەمەنی بەلایەنی کەمەوە پێنج ساڵان بووە، بەو پێیە خاتوو عائیشە تەمەنی دەکاتە سیانزە ساڵ یان زیاتر، ئەو ڕۆژەی هاوسەرگیریی لەگەڵ پێغەمبەردا کردووە (دروودی خودای لەسەر بێ) (ئەگەر ئەو شتێکی تریشی وتبێت، بە بۆچوونی ئەوان).

بەداخەوە ئەوان بە تەواوی دەزانن، کۆچ بۆ حەبەشە دووجار بووە، یەکەمیان ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی ڕوویداوە، و دووەمیشیان لە ساڵی یانزەی پێغەمبەرایەتیدا ڕوویداوە، ئەوەی عائیشە باسی دەکات ڕوونە لەدوای کۆچی دووەم بووە، چونکە لە هەمان باسدا عائیشە دەیگێڕێتەوە پێغەمبەری خودا (دروود ی خودای لەسەر بێ) ئەبوبەکری لە نزیکبوونەوەی کۆچ ئاگادار کردۆتەوە.

---

١) صحيح البخاري ٣٩٠٥

سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسکرا، ئەوەی خاتوو عائیشە لەسەر بابەتەکە گێڕاویەتییەوە، تەنها ژمارە و باسی تەمەنی هاوسەرگیریی نەبوو، بەجۆرێك بوبێت کەم سەیر بکرێت یاخود توانای وێناکردنێکی هەڵەیەك لە ژمارەدا بکرێت، بەڵکو لەگەڵ باسکردنەکەدا باسی ئەوەش هاتووە، عائیشە منداڵێك بووە و یاری لەگەڵ هاوڕێکانیدا کردووە، و پێغەمبەر (درووود ی خودای لەسەر بێ) کاتێك خۆی لەماڵ دەردەچوو، هاوڕێکانی عائیشەی بانگ دەکردە ماڵەوە.

بەلاّم بۆچی من ئەم هەڵوێستە توندەم بەرامبەر بە ئەوانە هەیە لەم چوارچێوەی باسی (دژە ئیلحاد)ەدا، لەکاتێکدا پێویستی دەکرد توند بوومایە لەگەڵ ئەوانەی هەڵوێستی یەکەمیان هەیە و بە ناشرینییەوە نکوڵی لێ دەکەن؟

هەڵوێستی یەکەم: – پێداگریی ئابڕووبەر؟

سەرەڕای متمانەم بە نیازی باشی پێداگران لە تەمەنی خاتوو عائیشە، ئەو پێداگرییەیان زۆر جار دەیانبات، بەرەو هەڵوێستێکی کە بەگشتی نزیکە لە هەڵوێستێکی ئابڕوبەرانە، سەبارەت بە تەمەنی خاتوو عائیشە.... چونکە ستراتیژییەتی ئەوان بۆ گۆڕینی تەمەنی خاتوو عائیشە، دەیانخاتە نێو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرنگترین سەرچاوەکانی فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەر... بوخاری و موسلیم... ئەمەش بەکردارییی بەشێکی زۆری سوننەتی پێغەمبەر دەخاتە بەردەم (ڕەتکردنەوە) تەنها بە بیانووی نەگونجان و نەڕۆشتنی لەگەڵ ڕێچکەی هاوچەرخدا، ئەمەش کارێکی زۆر لاستیکییە و سنوری نییە...

له ڕووی کردارییەوە، ئەمە هەڵوێستێکە (دونیا) کاول دەکات لەپێناو گۆڕینی تەمەنی خاتوو عائیشە !

کێشە لەوەدا نییە، ڕەخنە لە بوخاری و موسلیم بگیرێت، ئەوان مرۆڤن، بەڵام دەبێت ڕەخنەکە زانستی و تۆکمە بێت و هەڵەی تێگەیشتن یان دزەکردنی شتە خورافییەکان وەلانێت، نەك زنجیرەیەك هەڵەی تری لۆجیکی بێنێتە ئاراوە، تەنها بۆ ئەوەی تەمەنی هاوسەرگیری عائیشە مۆدێرن و شتێکی گونجاو بێت لەگەڵ بڕیار و ڕێکەوتنەکانی سیداو بۆ مافەکانی ژنان – سەرەڕای ئەوە، ئەوەی دووری دەخەینەوە ڕاستییەك بووبێت و ڕۆژێك ڕووی دابێ... ئەگەر جارێك ئەوەمان کردبێت، ناتوانین دواتر جارێکی تر ڕێگری لە ڕوودانی بکەین: بە بیانووی هاوسەردەمی نەبوونی... بەڵام ئایا دەگونجێت دان بەوەدا بنێین تەنها لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا دانپیانراو بووە ؟

ئایا لەسەرمان پێویستە، هەڵوێستی کەسێکی شانازیکار بە خودی خۆی لەخۆ بگرین، دەربارەی بابەتێکی کە لەلای ئەو سوننەتە لەکاتێکدا بەرگری لە هەڵوێستە هاوشێوەکان دەکات تا لە ئەمڕۆشدا ڕوویدات؟

نەخێر... بە دڵنیاییەوە نەخێر.. پێویستە هەمیشە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێ) وەك کەسایەتییەکی مرۆڤایەتی ئەنجامی داوە (واتە وەك مرۆڤێك کە لەناو کۆمەڵگە و خێڵەکەیدا ژیاوە) لەگەڵ ئەوەی وەك نێردراوێکی خودایی ئەنجامی داوە، واتە ئەنجامی داوە تا خەڵکی فێر بکات بۆ ئەوەی وەك ئەو بکەن و پەیوەندی بە پەیام و ڕێنماییەکانیەوە بکەن.

هاوسـەرگیریی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر بێـت) لەگـەڵ خـاتوو عائیشـە و لـەو تەمەنەیـدا کـارێکی مرۆیـی تایبەتـە بـە موحەممـەدی کـوڕی عەبدوڵا، کە لە مەککە و لـە سـەدەی حەوتـەمی زایینیـدا ژیـاوە... ئـەوەش کارێکی پەسەند بووە لەو ڕۆژەدا بەهۆی ئەو بار و دۆخە کۆمەڵایەتییەوە کـە بەبەردەوامی لەگۆڕاندایە، بەهیچ شێوەیەك ڕێگایەك نییە بۆ گەڕانەوە بـۆی و پێویست نییە پابەند بین بەوەی بۆی بگەڕێینەوە.

گرێکوێرە و کێشە لەوەدا دەبوو، ئەگـەر دەقێکـی قورئانیـان هەبووایـە و فـەرمانی بـە هاوسـەرگیریی کچـەکانمانی بکردایـە لـە تەمـەنی نـۆ سـاڵیدا... لێرەدا دەکرا ببوایەتە ئەو گرێکـوێرە و کێشـەیەی لەگەڵیـدا پرسـیار بکـەین لەبارەی مەودای گونجانی ئاینەکەمان بۆ سەردەمێکی تر...

بەڵام ئەم دەقە بوونی نییە... تەنانەت هیچ دەقێکـی پێغەمبـەرێتیش لـە ئارادا نییە، باس لەوە بکات.

لێرەدا تەنها کـارێکی کۆمەڵایـەتی بـوونی هەیـە، لـە چوارچێوەی خۆیـدا پەسەندکراو بووە... بەڵام بەداخەوە ئێمە بە سـوننەتێك تێیگەیشـتووین کـە پێویستە شوێنی بکەوین...

زۆرێك لە کێشـەکانمان دەکرێـت چارەسـەر بکرێـت، ئەگـەر تێبگـەین لـەو جیاوازییەی لە نێوان موحەممەد پێغەمبەری خودا (درووود و سەلامی خـوای لەسەربێ) لەگەڵ موحەممەد کوڕی عەبدوڵادا هەیە کە لە سەدە و سەردەمی خۆیدا ژیاوە...

لـە پوختـەی بابەتەکـەدا: تەمـەنی خـاتوو عائیشـە لـەکاتی هاوسـەرگیری کردنیدا یەکێك نییە لە پایە و بنەماکانی بـاوەڕ، دەگونجێـت بـە گومـان بـین

لێی و جێگەی سەرسوڕمانمان بێت، سەرەڕای ئەوەی لە کاتی خۆیدا ئاسایی بووە، بەڵکو ئاسایی بووە تەنانەت تاکو کاتێکی نزیکی ئەم سەردەمەیش...

بەڵام وریابە...

دراما و نواندنێك مەسازێنە لەپێناو هاوسەرگیرییەکی کە لەپێش ١٤٠٠ ساڵدا ڕوویداوە...

باوەڕ بوونت بە خودا پێویستە زۆر لەوە گەورەتر بێت...

(٢٧) ئافرەت

ئایینەکان بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی تۆمەتبار دەکرێن بەوەی ئاینی رەگەزی نێرن، هەژمونی نێری لە کۆمەڵگادا چەسپاندووەو پاساوی هێناوەتەوە بۆ ئەو ستەمانەی لەئافرەت دەکرێن.

زۆرجار وەڵامی ئەوە بەوە دەدەنەوە، دێن بەراوردی ئیسلام و هەموو ئەوشتانەی پێشکەشی ئافرەتی کردووە دەکەن بەو دەقانەی لە ئایینەکانی تردا هاتووە، سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردنی دڵڕەقانەو پڕ لەسوکایەتی، بەڵام ئەم کارە هەرگیز بەم شێوەیە چارەسەر ناکرێت.

یەکەم: لەبەر ئەوەی مولحیدەکان زۆر گرنگ نیە بەلایانەوە، کە کام ئایینە هەڵسوکەوتی خراپتر یان باشترە لەگەڵ ئافرەتدا، لە کۆتاییدا ئەوان هەموویان رەتدەکەنەوە.

دووەم: زۆربەی ئەو ئاینانە، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانیان لەچەند سوچ و بازانەیەکی بەرتەسکدا کورت بووەتەوە، بە شێوەیەك کاریگەری ئەو دەقانەی دژ بە ئافرەتن گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئەمە سەبارەت بە ئیسلام وا نییە.

هەروا وەڵامێکی تر هەیە، راستەوخۆ هەندێك بەکاری دەهێنن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم تۆمەتە وەك بەرگریکردنێك لە ئیسلام.

ئەوەش بەگەڕاندنەوەی تۆپەکە بۆ یاریگاکەیان و پێیان دەڵێن بڕواننە دۆخی ئافرەت لە رۆژئاوادا، ئافرەت بووەتە کاڵایەکی بێنرخی سێکسی.. هتد.

هەروا ئەمەش زۆر سوود ناگەیەنێت، چونکە لەڕووی کردارییەوە تۆمەتەکە لەسەر ئیسلام لانابات، بەڵکو جێگیری دەکات و دەڵێ ئێوە خراپترن.

بەهەرحاڵ ناتوانرێت دانبەوەدا نەنرێت، ئافرەت بەدرێژایی چەندین چاخ و سەردەم تووشی ستەمێکی گەورە بوەتەوە، لەلایەن چەند تێگەیشتنێکی ئایینی و چەندین نەریتی کۆمەڵایەتییەوە، دروستبوونی ئەم ستەمەش بەهۆی تێکەڵبوونی نەریتەوە بووە بەئاین و پیاوانێکی ئاینیش هەبوون خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئەم تێکەڵکردنە.

هەروا ناتوانرێت دانبەوەدا نەنرێت، هەندێك لەو تۆمەتانە بەوە تێناپەرێت، بوترێ، بریتییە لە توندڕەوییەکی فیمینیستانەی وا، کە نزیك دەبێتەوە لەسنووری کاریکاتێریی، لەگەڵ ئەوەی بەوپەڕی جیدبوونەوە دەوترێت... بۆنموونە بۆچی بێژەی(خودا) (نێرە) ومێ نییە.. بۆچی لە زمانی عەرەبیدا جیاوازی لەنێوان نێرومێ نیە..... بۆچی نێردراوەکان یان پێغەمبەران ئافرەت و مێ نەبوون... هتد.

بەهەمانشێوە، هەندێك لەو تۆمەتانە بەتەواوەتی تێکەڵییەك دروست دەکەن لەنێوان نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی، وەکو دۆسیەی خەتەنەکردنی ئافرەت، تەنها(ئابلۆقەدان و کەمبوونەوەی) لە هەندێ کۆمەڵگای دیاریکراودا، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئەمە زیاتر بابەتێکی نەریتیی کۆمەڵایەتییە، وەك لەوەی پەیوەندی هەبێت بە ئایینەوە.

هەندێك بابەتی دیاریکراو هەیە، دەبێتە هۆی بەڵگەگەلێکی ڕاست و دروست، کە پێویستە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێ و لێی تێبگەین:

یەکەم: بالاپۆشی:

ئاڵۆزترین کێشەو گرفتەکانی ئافرەت نییە بەڵام کراوە بەوسەری ڕمەی لەڕوبەروبوونەوەی نێوان لایەنە دژبە یەکەکان بەرامبەر بەیەك بەکارهێنراوە. زۆرجار هۆکارەکەی ئەوەیە، زۆرتر دیار و زیاتر بەرچاوە، زۆرجار ڕاڤەی بڵاوبوونەوەی گەڕێنراوەتەوە بۆ فراژووبوون و بەرزبوونەوەی بالانسی تەوژمی ئیسلامی سیاسی، ئەو تەوژمەش ئەو ڕاڤەیەی بەکارهێناوە و قۆستویەتیەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕاستیی ئەو بابەتە زۆر ئاڵۆزتر و قوڵترە لەم جۆرە ڕاڤە و لێکدانەوەیە.

ئەم بابەتە لە کۆتاییدا، بەیەکەوە بەستراون، دیاردەی لابردنی بالاپۆشی لەکاتی ئێستادا، تەنها دەربڕینی شکستی ئیسلامی سیاسی نیە(چونکە زۆرینەی کچەکان لەم حاڵەتەدا سەربەئەوان نەبوون).

بەڵکو ئەمە دەربڕینە لە نائومێدییەکی گشتی، لە هەموو ئەو چەمك و تێگەیشتنە ئایینیانەی، لە توانایدا نەماوە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، یان وەلامگۆی پێداویستییەکانی زۆرینەی کچان و کوڕان بێت، ئەوانەی لە ئێستادا ژیانێکی ڕاگوزەر بەسەر دەبەن بەرەو جیهانێکی جیاواز.

زۆرینەی کچەکان دەپرسن: بالاپۆشی بۆچی؟

وەلامدانەوە بە دەستەواژەی(فەرزە) و تەواو، لەوانەیە بۆ زۆرێك سوودی هەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە کاریگەری نابێت بۆ ئەو کەسەی ئەم پرسیارەی کردووە.

وەلامی(بەرگی پارچە شیرینیەکە) وهاوشێوەکانی بوونەتەوە وەلامێکی کۆن و سوواو و بێزارکەر.

هـەروا وەڵامـی شـەرەف و پـاکیزەیی ئـەو ڕۆڵ و کاریگەرییـەی نـەماوە، هەمووومان دەزانین مەرج نییە گشت باڵاپۆشـێك پـاك و بێگـەرد بێـت، بـەواتا باوەکەی ئەم وشەیە، لە هەمان کاتدا زۆر هـەن داپۆشـراو نـین و لـە پـاکی و بێگەردیدا کەمتر نین لە زۆرێك لە باڵاپۆشەکان، ئەمەش هیچ کات واتای ئەوە نیـە بـاڵاپۆش لـەناوەڕۆکی تێگەیشـتن و چـەمکەکانیدا شـەرەف و پـاك و بێگـەردی لـەخۆناگرێت، بـەڵام ئەمـە تـەنها تایبـەت نیـە بـە باڵاپۆشـەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت شەرەف و پاك و بێگەردی لەپیاویشدا هەبێت.

لەگەڵ ئەوەی پیاو باڵاپۆشیشی نیە، کەواتە ئـەوەی مـاوە باسـی بکـەین چییە؟

ماوەتـەوە ناسـنامەو شوناسـی، ئەمـەش مەبەسـتە ڕوونەکـەی ئایـەتی (سوورەتی ئەحزابە).

ناسنامە و شوناس پێناسەیە، باڵاپۆشیش ناسنامەیە، کارتی خۆ ناسینە.

بەڵام ئەی خودی ناسنامە بۆچی؟

بۆچـی دەبێـت ئـافرەتی موسـڵمان و پیـاوی موسـڵمان، ئـەم ناسـنامەو شوناسە تایبەتییەی دەرخات بۆهەموو کەس؟

باشـە، بانگەشـەی ئـەوەی ڕووکـەش گـرنگ نیـە وئـەوەی گرنگـە تـەنها ڕەفتارەو ئەوەیـە، لـە دڵدایـە و هـەتا کۆتـایی.. بەداخـەوە ئـەم بانگەشـەیە یەکەم کەسێکی کە پێچەوانەی دەکات ئەو کەسەیەکە دەیڵێت، ڕووکەش زۆر گرنگە و هەمووومان بەجۆرێك لە جۆرەکان گرنگی پـێ دەدەیـن، لایـەنی کـەم زۆرینەمان، تەنانەت ئەوانەشی گرنگی نـادەن بەڕووکەشیان، ئەوانـەش بـەم شـێوەیە ناسـنامەی خۆیـان دەردەخـەن، بەوپێیـەی گرنگـی نـادەن بـە ڕووکاریان.

ئەو کەسانەی خۆیان بەکلاسیك و نەریتخواز دەزانن جۆرێك لە جلوبەگ و ڕەنگ هەڵدەبژێرن کە ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی خۆیان بە نوێخواز دەزانن، بۆنموونە من جلوبەرگێك لەبەر دەکەم، بگونجێت لەگەڵ کارەکەم و جوڵانەوەکانم و تەمەنم و هەروا ورگ و جەستەم، جل و بەرگمان دەربڕینە لە خۆمان، ئەمە پێویستی بە بەڵگە نییە و ڕاستییەکی ژیانی ڕۆژانەیە.

کەواتە ئایا کێشەیەکی گەورە هەیە لەوەدا ئەگەر جل و بەرگەکانمان دەربڕی ئەو شتە بێت، باوەڕمان پێیانە؟

لەهەموو بارێکدا، جلوبەرگ ئەو ڕۆڵە دەبینێت، دەربڕینە لەهاوچەرخێتی و تازەگەریی و باپەندبوونمان بەم سەردەمەوە و هەندێ جاریش بەشتی تریشەوە.. بۆنموونە تاتۆکردن پڕە لە زۆر هێما، دەربڕی باوەڕی کەسێکە بەشتێك.

بۆچی کاتێك بابەتەکە دەگاتە ئایین دەکرێت، بە شتێکی زۆر نەنگ و ناشرین؟

ئەتوانین ئەمە دابنێین بەوەی، کە (dress code) یان یەکپۆشیە.

زۆربەی دامەزراوە پیشەییەکان یەکپۆش(dress code) ێکی گشتییان هەیە و شتە قەدەغەکانی تێدا دیاری دەکرێت یان شتە ڕێگە پێدراوەکان لەڕووی ووردکارییەکانی ڕەنگ و شێوازی دیزاین دیاری دەکرێت، ئەو کارمەندانەی لەم دامەزراوانەدا کاردەکەن پابەندن بەم جۆرە ستایلەوە و زۆربەی کاتەکانیان بەمشێوەیە بەسەر دەبەن، هەندێك جار دەگاتە سێ بەشی ڕۆژەکەیان و هیچ کێشەیەکیشی تێدانابێت.

کەواتە بۆچی کێشە دەبینین لەوەدا، ئەگەر یەکپۆشی دەربڕین بێت لەکۆمەڵێك نەریتی شارستانیانەی ئایینی، کە ڕەنگدانەوەی ئیسلامە.

لەکۆتاییدا، بالاپۆشی ڕاستییەکەی بەم شێوەیە، یەکپۆشیەکە دەربڕی تێروانینێکی شارستانیانەی دیاریکراوە، چەندین سەدەی دووردرێژ پارێزگاری لە نەگۆڕ و چەسپاوەکانی خۆی کردووە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی لەژینگەکەی خۆیەوە وەردەگرێت، لە ئەندەنووسیاوە هەتا وڵاتی مەغریب، زۆر شێوەی جیاوازی هەبووە، کە گونجاوە لەگەڵ هەر ژینگەیەکدا، ئێمە ئاگادار و ئاشنای هیچ شێوەیەکی یەکگرتوویی بالاپۆشی نین لەم دواییانە و سەرەتاکانی جیهانگیریدا نەبێت.

بەڵام ئایا ئەمە بەجیاکاریی نێوان نێر و مێ دانانرێت؟ بەڵێ، ئەمە بەم شێوەیە، ئەگەر حەزتان کرد لەم ڕوانگەیەوە بۆی بڕوانن؟ بەڵام بالاپۆشی دەربڕین نیە لەناسنامەی ئەو، وەك ئافرەتێك بەڵکو وەك ناسنامەی ئافرەتێکی موسڵمان.

بۆچی دەبێت ئافرەت تەنها باجی ناسنامەی ژنییەتی خۆی بدات و جل و بەرگەکەی بکاتە قوربانی ناسنامەکەی، لەکاتێکدا پیاو ئەمەی پێنەسپێردراوە؟

ئایا دەتوانرێت بەهەمان شێوە سکاڵا بکرێت لەبەر ئەوەی ئافرەت سك دەکات و منالی دەبێت؟

بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان بەخودایە، هەردوو داواکراوەکە لەیەك چاوگەوە دەرچووە.

بۆ ئەو کەسانەی بێباوەڕن، سروشتی دایك هۆکاری بژاردەی دابەشکردنی ڕۆڵەکانە لە سکپڕی و لە دایکبوون بەم شێوەیە، بۆ ئەوکەسانەشی کە باوەڕیان بەخودا هەیە بەم شێوەیە:

زۆر بەسادەیی دابەشکردنی ڕۆڵەکانە، کارەکە ئاسان نییە نە منداڵبوون و نەبالآپۆشی ! کە ژنان سەرباری شتەکانی تر وەریانگرتووە.

کارەکە قورسە.. لە سەر هەموانە دانیپێدابنێنن و ڕێزی لێ بگرن، گوتاری پایە بڵندی سەرەوەیی باو کارەکە ئاسان ناکات بەڵکو دووری زیاتر دەڕەخسێنێت.

باوەڕم بەوە هەیە بالآپۆشی فەرزە، هەروا بڕواشم بەوە هەیە، زۆر شتی تر هەیە فەرزکراوە لەسەر پیاوان و ژنان، بەڵام وازهێنان لێی نە گێژەڵوکە دروست دەکات، نە دەبێتە کێشە لەبەرئەوەی لە زۆرجاردا نەبووەتە دیاردە.

بەڵێ، بالآپۆشی ناسنامەیە لە لەبەرکردندا، لابردنی بالآپۆشی بەهەمانشێوە ناسنامەیە... ئەمەش بەروونی دیارە، کارەکان بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

کچێك ئەو واتایانەی پێشوو لەبالآپۆشیدا نابینێتەوە، هەمان ئەو تامەزرۆییەی نیە، کە سەرەتا بۆ بالآپۆشی هەیبووە، ئەم بابەتە تێکەڵاو بووە بەچەند بارێکی نائومێدیی گشتی و سەرنەکەوتنی ئیسلامەکان بەپیاهەڵدانی بالآپۆشی بۆ چەند دەیەیەك، دوای ئەوە ئەو ئافرەتە واز لە بالآپۆشی دەهێنێت.

ئاهەنگی ئامۆژگاریی گشتی ئاشکرا و پەراوێزخستن و باسکردن وتەوتکردن و تانەو تەشەر لێدان، تەنانەت ئۆخەی دەبڕین بەوەی لابەری بالآپۆشی بەسەریدا دێت وردەوردە سەر دەکێشێت لە وازهێنان لەفەرزێکەوە بەرەو ئیلحاد، هەندێك جار بابەتەکە هەر ئەوەندە نییە، کە کەسەکە ناگەڕێتەوە بۆ بالآپۆشی، بەڵکو دەبێتە هۆی وازهێنان لە دین هەمووی، ئەمەش ڕوویداوە، بەتەنها ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کارە ناشرینانەی لەو

کەسانەوە دەردەچێت، کە وا گریمانە دەکرێت دیندارن، وا دەکات پەرچەکردارێك بەرامبەر هەموو دینەکە دروست بێت.

لەوانەیە ئەوەی روودەدات، لەگەڵ ئەوکەسانەی وازیان لەبالاپۆشی هێناوە، ئەکرێ نموونەیەك بێت بۆ ئەو ئەقڵیەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستنەی، زۆر کەس لە دیندارەکان پێی بیردەکەنەوە و خەریکە دەبێتە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ ئیلحاد، بەزەییتان بەخەڵکیدا بێتەوە لەتەنگانە و قەیرانەکانیاندا، لەسەرسامی وگومانیدا، بەزەییتان بەلاوازییاندا بێتەوە، لەوانەیە لەناوتاندا هەبێت بەهەمان دۆخدا تێپەڕێت... بەدڵنیاییەوە کەس حەز ناکات، بەمشێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکەیدا بکرێت، هەروەك چۆن هەڵسوکەوت دەکرێت لەگەڵ کەسێکدا وازی هێناوە لە بالاپۆشی.

دیارە لەبەرەکەی ترەوە ئاهەنگی پێشوازیکردن لەو کەسانەی بالاپۆش نین، لەئارادایە و ئەمەش بابەتێکی ترە.

دووەم: فرەژنی:

ئەوەی لەمرۆدا ناوی دەبەین بە فرەژنی، لەسەرەتادا رێکخستنی فرەژنی بووە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی عەرەبەکان ژمارەیەکی زۆریان لە ئافرەت، وەکو ژنی خۆیان کۆدەکردەوە، ژمارەیەك نەبووە تیایدا بوەستن، هاتنەخوارەوەی فەرمانی وەستان لە چواردا شۆکێك بوو بۆ هەندێك لەوکەسانەی پێویست بوو لەزیادەی چوارەکە جیاببنەوە.

دەبێت لەوە تێبگەین، فرەژنی ناپابەند بە ژمارەیەکەوە، تایبەت بوو بەو کەسانەی گەورەدەوڵەمەندی هۆزەکەیان بوون، چونکە پیاوێکی ئاسایی یان کەمدەرامەتێك لەتوانایدا نەبووە، بتوانێت مارەیی ژمارەیەکی زۆر لەژن

بدات، بەمشێوەیەش دەتوانین وێنای ئەوە بکەین، چینی دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی ژمارەیەکی زۆر ژنیان هەبێت، بەهۆی سامانەکەیان یان ئەو دابونەریتەی رێگەی پێداون فرەییەکی نارێکخراو ئەنجام بدەن، بەدڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەریی هەبووە لەسەر ژنهێنانی کەسەکانی تر.

واتــە، رێکخســتنی فرەژنــی لــەکاتی خۆیــدا، لــەجێگای دووبــارە رێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بووە، بەشێوەیەك پارسەنگ و هاوسەنگییەکی زیاتر ببەخشێتە کۆمەڵگای موسوڵمان.

ئەگەر ئایەتی فرەژنی، بخەینە کۆنتێکست و ژینگەی خۆیەوە، دەبینین هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە دابەزیوە دۆخێکی پڕ دادگەری یان یەکسانی ئابووری بەدی بهێنێت، ئایەتەکە دەفەرموێت(وَإِنْ خِفْتُمْ ألاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى) ئەمە کاتێك بوو هەندێ کەس مافە داراییەکانی نەدەدا، بەو کچە بێباوکانەی لەکاتی هاوسەرگیرییاندا لەلایەن خۆیانەوە بەخێو دەکران.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نیە چونکە ئایەتە قورئانییەکە، فرەژنی دیاریکردووە بەچوار و چەند دەزگایەکی تری کردوەتەوە بۆ رێکخستنی یاسایی، وەك ئەگەر ترسان دادگەر نەبن تەنها یەك ژن، و دوای ئەوە ئایەتێکی تر دێت کە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ...﴿١٢٩﴾ ﴾ (النساء)

(ناتوانن دادگەری تەواو بن لە نێوان ژنەکانتان هەرچەندە سووریش بن).

لێرەدا زیادە رێکخستنێکی تر هاتۆتە ئاراوە، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە، کە فرەژنی دەبێت هەڵوەشێتەوە؟ دیارە، نەخێر، چونکە هەندێك کات و شوێن دەیسەپێنن و لەهەندێ بارودۆخیشدا پەسەندە، بەڵام لەمەشدا شتگەلێك وا

دەكات فرەییەكە ڕێكخرێت... سادەترین و كەمترینیان ئەوەیە دەبێت ژنەكەی بزانێت، كە پیاوەكەی ژنی بەسەردێنێت.. بناغەی هاوسەرگیریی ئاشكراكردنە، ناتوانرێت ئاشكراكردنێكی (نهێنی) وێنا بكرێت وەك ئەوەی لەمرۆدا ڕوودەدات، تەنیا دووكەسی وەك شایەت لە شەقامەوە دەهێنێت و ناوی دەنێت هاوسەرگیری ئاشكرا، ناتوانرێت بوونی شتێكی لەم شێوەیە لەكۆمەڵگایەكی وەك كۆمەڵگای شاری مەدینە دا بهێنرێتە پێش چاو... هیچ كات مەرج نەبووە ئاشتی لەنێوان هەوێكاندا بەرقەرار بوو بێت، بەڵام هەر یەكەیان ئەویتری دەناسی و دەیزانی مێردەكەی خێزانی تری هەیە.

هەروا ژن دەتوانێت لەگرێبەستی شوكردنەكەیدا مەرجێك دا بنێت، كە نەهێڵێت مێردەكەی ژن بهێنێت بەسەریدا، هەر گرێبەستێك بێت دەكرێت بەپێی نوسراوێك بێت، هەردوولا ڕازی بن لەسەری، ئەمەش ڕێپێدراوە لەلایەن هەندێ لەو زانا ئاینی و موفتیانەی ناتوانرێت هەژماربكرێت لەسەر ئەو ڕێبازە تازەگەرییانەی، لەڕووی نیازو نیەتەوە دەكرێت تۆمەتباربكرێن.

سێیەم: میراتی

زۆرترین ئایەتێك بەكاردێت لەبابەتی چەوساندنەوەی ئیسلام بۆ ژن و نایەكسانی بوونی، ئەویش ئایەتی: (وللذكر مثل حظ الاثنين)، (نێر دوو ئەوەندەی مێی لە میراتیدا هەیە).

ڕاستییەكەی، جەختكردنەوە لەم ئایەتە ئامازەی ئەوەی لێ وەردەگیرێت، بەردەوام مێینە نیوەی بەشی نێرینەی بەردەكەوێت لە میراتی، ڕاستییەكەی بەم شێوەیە لەچوار باردا ئەو پشكەی هەیە.

لێرەدا بەردەوام بیرۆكەكە گرێدراوی پێوەری نێرینەیی و مێینەیی نییە، بەڵكو بەپێوەری ترە، هەروەك (د. محمد عمارە) دیاری كردووە، وەك

پێوەری دوورو نزیکی لە میراتگرەوە، و پێوەری پێگەی نەوەی میراتگر لە دوابەدواهاتنی زەمەنیی نەوەکان، ئەو نەوەیەی پێشوازیی لە ژیان دەکات، بەشە میراتی زیاتر وەردەگرێت، لە ئەو نەوەیەی پشت لە ژیان دەکات، بەدەر لە نێرینەیی و مێینەیی، هەروا پێوەری قورسایی ئەو باری داراییەی دەکەوێتە ئەستۆی میراتگر بەرامبەر کەسەکانی تر، ئەمەش وایکردووە بەشی مێینەکە کەمتر بێت لەبەشی نێرینەکە، چونکە لێپرسراوێتی ئافرەتیشی گرتۆتە ئەستۆ، یاخود لەوانەیە پیاوێکی تر بێت کە مێردەکەیەتی، میراتی زیاتر وەردەگرێت وە لێپرسراوێتی گرتۆتە ئەستۆ.

بەدلنیاییەوە، هەڵگرتنی لێپرسراوێتی دارایی لەلایەن نێرینەوە بۆ مێینە، وەکو جاران نەماوە، تەنها لەبەر ئەوەنییە دابینکاری و پابەندیی خێزان لەدەست دراوە بەڵکو بەهۆی ئەوەی بارودۆخ گۆڕاوە و ژن بووتە بەشێکی گرنگ لە بازاڕی کارکردن و دەکرێت هەرئەویش خەرجی بۆ براکەی دابین بکات.

ئەمە واتای ئەوەیە، یاساکانی میرات دەبێت هەموار بکرێتەوە؟

نەخێر، ئەمەتەنها بۆ بەبیرهێنانەوەیە، میراتیەکان بۆ ئەوە دانەنراون لە گرنگی ژن کەم بکاتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی زۆر جار لە نێرینە زیاتر وەردەگرێت.

ئەو نیوەیەی فرمێسکی بۆ دەڕژێن لەناوکۆی سیستەم و رێکخستنێکدایە، نیوەکەی تر بۆ ئافرەت قەرەبوو دەکاتەوە.

چوارەم: لێیان بدەن:

دانی پێدا دەنێم من کێشەیەکی گەورەم هەبوو لە تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتی لێدان، وەك بژاردەی کۆتایی لە هەڵسوکەتکردن لەگەڵ

سەرپێچیکردنەکانی ژن، لەم ئایەتە دیار وناسراوەدا، تێدەگەیشتم کە لێدان ڕوودەدات لە واقیعدا بەڵام، تێنەگەیشتم کە " چۆن دەبێت ئەوە لە قورئانـدا بێت".

هەروا لەسەرمە دان بەوەدا بنێم، وەڵامدانەوەی باو ئەوەیە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هەموو ژیانیدا لە ژنی نەداوە، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بۆ ئەو باوەڕەی هەمە سەبارەت بەوەی قورئان هەژموونی هەیە بەسەر سوننەتەوە، هەرچەندە باس لە ڕەفتاری جوانی پەیامبەر بکەین(سەلامی خوای لەسەر بێت)، لەگەڵ ئافرەتدا چونکە هەبوونی ئایەتێکە لە قورئاندا و ڕێگەدانێکە بۆ بەکارهێنانی لێدان، هەروا فەرموودەی لێدان بەداری سیواك یان بەئامانجنەگرتنی دەم وچاو، کارێکە یەکەمجار لۆژێکی دەرناکەوێت، زۆر جیاوازیش نییە لەگەڵ دووەمدا..

دوای ئەوەی هەوڵەکانی ئەو برا بەڕێزانە دێت، لێدان بەبەجێهێشتن لێکدەدەنەوە وەکو: (واضربوا في الارض) کە بەواتا (سەفەر و گەشت) بکەن دێت.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بەڵام واتاکە ڕاستەوخۆ ڕوونە.. لە ئافرەتەکان بدەن (اضربوهن)نەك(اضربوا) یان(اضربوا عنهن)... یان... یان.

ئەم بابەتە بۆمن و بۆ زۆرینەی کەسەکانی تر ئالۆز بوو، هەمان کات گفتوگۆیەکی بەردەوامم لەمبارەیەوە هەبوو لەنێوان گەنجەکاندا، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەموان دەگەڕێن بەدوای لێکدانەوەی واتای وشەی(لەئافرەتەکان بدەن)، (اضربوهن) بەڵام کەم کەس وردد‌ەبنەوە لەواتای سەرپێچیکردن لە (نشوز)، لەکاتێکدا(النشوز) بووەتە هۆی ئەوەی بڕاردەی (ئامۆژگاریکردن- الموعظة) و (دابڕین- المهجر) و (لێدان -

الضرب) بینەكایەوە، وشەی(للنشوز) لە زماندا بەواتای بەرزی (الارتفاع) دێت(مكان- ناشز) واتە(مكان مرتفع)، چەمكی (النشوز) لەئێستادا چەمكێكە و بەتێگەیشتنێكی زۆر گشتی هەیە، دەكرێت هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە، كە ژنەكان بەپێچەوانەی مێردەكانیان دەیكەن، نموونەش لەسەر ئەم بابەتە لە تۆڕی ئەنتەرنێت دا زۆر زۆرە.

بەڵام تێڕوانین لە كۆنتێكستی ئایەتەكان لەوانەیە ئاماژەی تێدابێت بۆ گەیشتن بە واتای (نشوز).

﴿... فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ ۚ وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ ...﴿٣٤﴾﴾ (النساء).

(فالصالحاتُ قانتاتٌ (حافظاتٌ الغیب بما حفظ الله) هن مقابل اللاتي تخافون نشوزهن...

(لەپێناوی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتدا)، لەولاشەوە ئافرەتانی ژیر و دیندار و گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەكانیانن، نهێنیی نێوان خۆیان و مێردەكانیان دەپارێزن (بەتایبەت ئەو نهێنییانەی خوا دەیەوێت پارێزراو بن).

لێرەدا، ئافرەتە چاكەكار وگوێڕایەڵەكان(پارێزەری باری خێزانی خۆیانن لەكاتی دیار نەبوونی مێردەكانیاندا، لەبەرامبەردا باسی ئافرەتە سەركەش وياخییەكان باسكراوە(اللاتي تخافون نشوزهن).

بە دەبڕینێكی تر، ئەوانەی لەسەرپێچیان دەترسن، ئەوانەن لەكاتی دیارنەمانی مێردەكانیان پەیوەندی خێزانداری ناپارێزن.

(النشوز) لێرەدا – لەم كۆنتێكستەدا- گومانی دەرچوونە لە پاكێتی.... من ناڵێم بەدڕەوشتی ئەنجامداوە، بەڵام ئاماژەكە لێرەدا بۆ ئەوانەیە لەو

شــتانە نزیـك بوونەتــەوە، بــۆ ڕووداوگــەلێکی پــێش ئەنجامــدانی کــارە بەدرەوشتییەکە و ڕێخۆشکردن بۆی، ئەوەی هەمووان دەیزانن و پێویستی بە باسـکردن و تـاوتویێ نییـە، واتـە باسـکردن لەپێشـەکییەکانی ناپـاکی.. یـان گومانی ناپاکی بەبێ بەڵگەی دڵنیاکەرەوە.

بالێرەدا ڕاشکاوبین.. ئامۆژگاری دادان و بەجێهێشتن و پاشـان لێـدان بـەم ڕیزبەندییە؟ پێ دەچێت زۆر مەفهوم و ڕوون بێت، هەر تەنها ئەمە نییە..

بەڵکو وشەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم واتایـە زیـاتر و زیـاتر جـێگیر دەکـات، هـەروەکو لـەو فەرموودەیـەدا هـاتووە، موسـلیم لەسـەحیحەکەیدا گێڕاویەتیـەوە، چوارچـێوەی کۆنتێکسـت و بابـەتێکی درێـژی وتـاری حـەجی ماڵئاواییدا هاتووە: (ولکم علیهن أن لایوطئن فُرُشکم أحدا تکرهونه، فإن فعلن ذلك فاضربوهن ضربا غیر مبرح)[1].

مانـای(یـوطئن فرشـکم أحـدا تکرهونـە) واتـە بردنـەژوورەوەی پیـاوێکی بێگانـە، بـۆ جێگـەی تایبـەتی پیـاو بەتایبـەت ماڵـەوە، تێگەیشـتن لەلێـدانی سـوکیش لێـرەدا زۆر دەگونجێـت لەگـەڵ ئایەتەکـە و واتـای یـاخیبوون و سەرکەشی ژن(النشوز) دا..هەروەك لـەناو کـۆڕ و سیاقی ئایەتەکـەدا هەیـە. بێجگە لە لێدان، لێرەدا هەندێك کەس جیابوونەوەو تـەڵاق بەباشـتر دەزانێـت هەر بۆ نموونە.

دواتر لەبابەتەکە تێگەیشتم...

ئیتر هەمان کێشەم بەدی نەدەکرد لە واتای(اضربوهن – لێیان بدەن)..

---

(١) مسلم ١٤٧.

بەڵام زۆرینەیەک هەتا ئێستاش هەست دەکەن بەبوونی کێشەیەک لێرەو لەوێ، لەبەر بڕوا نەبونیان بەم شتە یان ئەویتر، بە قورسی ئەم ئەرکە یان قورسی پارێزگاریلێکردنی..

کێشە نییە.

کاتێک شتێکی بچوکمان بۆ قبوڵ ناکرێت، یان لەنێو تێگەیشتنە گشتیەکەدا لێی تێناگەین...

ئەوا لۆژیکی هەموو یان هیچ، شتێکی تری بێ کەڵک و سوود دەبێت و ناکرێت پەنای بۆ بەرین.

(٢٨) هەستکردن بە خودا

لـە ٨ی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٦ ژمارەیـەك لـە گۆڤـاری تـایم دەرچـوو بەرگەکەی ڕەش بوو، بە پیتی گەورەی ڕەنگ سوور لەسەر بەرگەکەی ئەم دەربڕینە نوسرابوو: is God dead ؟

ئایا خودا مردووە؟

هـەروەکو پێشـبینی کرابـوو ئـەم ژمـارەی گۆڤـارە، تایبـەت کرابـوو بـە سنووردار بوونی دینداری و بـاوەڕ لـە جیهـانی هاوچـەرخی ئـەو کاتـەدا، واتـە پەنجا ساڵ پێش ئێستا، بە دیـاریکراوی ئـەوە بـۆ قسـەکردن بـوو سـەبارەت بەوەی کەبڵێ لە جیهـانی هاوچـەرخدا پێویسـتمان بـەبوونی خـودا نیـە، بـەو پێیەی زانست هەموو شتێکی بۆمان ڕوونکردۆتەوە.

دەرچـوونی ئـەو ژمارەیـە لـە گۆڤارەکـە، هاوکـات بـوو لەگـەڵ بـرەو پەیداکردنی بزاڤێکی ئەکادیمی بەناوی (مردنی خودا)، لە نێوان لاهوتییـەکان و فەیلەسوفەکانی ئەو کاتەدا بڵاو بوو.

ئەو بزاڤە باسی لە بیرۆکەی مردنی خودا و وەستانی لە بووندا دەکرد، کە لە نیچەی فەیلەسوفەوە وەریان گرتبوو.

ئەویش لە کۆتایی سەدەی نۆزدە دا (مردنی خوا) ی ڕاگەیاندبوو. خوای گەورە زۆر لەوە پایەدارترە شتی وا نەشیاوی لە ئاستدا بوترێت.

لـەدوای سـێ سـاڵ و بـەدیاریکراوی لـە ٢٦ ی کـانونی یەکـەم ی ١٩٦٩ ژمارەیەکی تایبەت لەگۆڤاری تایم دەرچوو، بەڵام ئـەم جارەیـان بەبـەرگێکی سـپی لەسـەری نوسـرابوو Is god coming back to life ئایـا خـودا زیندووبووەوە؟

ئەم دەر بڕینەش ئامآژەیەك بوو بە ئاوابوونی بزاڤی مردنی خودا و سەر لە نوێ زیادبوونی گرنگی دانی فەلسەفی بوو بە بیرۆکەی خودا.

لەساڵی ١٩٨٠ دا گۆڤاری تایم بابەتێکی دورو درێژی لەسەر Modernizing the Case for God نوێ کردنەوەی باس و خواسی خودا بڵاو کردەوە، کە تایبەت بوو بە شۆڕشێکی نوێ بۆ گەڕان بەدوای بینینەوەی بەڵگە و هێنانە ئارای چەندین مشتومڕ و بەڵگەی فەلسەفی نوێ بۆ سەلماندنی بوونی خودا، سەبارەت بە خستنە ڕووی چەندین چەمك و وێناکردنی نوێ سەبارەت بە خودا کە پێشتر ئەو بەڵگانە بوونی نەبوو.

تایم بابەتەکەی بەم دێڕە دەست پێکرد: هیچ کەسێك پێش دوو دەیە پێشبینی ئەم شتانەی نەدەکرد.

تەنها لە ماوەی ١٤ ساڵدا تایم هەموو شتەکانی گۆڕی.

* * *

خودا هەرگیز نامرێت ئەوە جگە لەخودایە، ئەو زیندووە و ڕاگری هەموو شتەکانە سەرەتا و بێ کۆتایە، ئاشکرا و پەنهانە .

بڕوا کردنی هەندێ کەس پێی دەمرێت.

هەندێك تێگەیشتن و بیرکردنەوە و وێناکردن سەبارەت بەخودا دەمرێت.

هەندێك وا گومان دەبەن ئەمە مردنی ئەوە.

بەڵام هەرزوو باوەڕێکی نوێ دەردەکەوێت، بیرێکی نوێ، تێگەیشتنی نوێ، هەر ئەو کاتە دەر دەکەوێ خودای گەورە زیندووە و هەرگیز نامرێت.

هەندێك لەبیرکردنەوەکانمان سەبارەت بە خودا دەمرێت، تەنها بۆ کردنەوەی چەندین دەرفەت و بیرۆکەی نوێ سەبارەت بەئەو لە نێوان ڕۆشنیی دیدگا و وێنایەك و لەدایکبونێکی تردا.

هەندێك سەرنج و كۆمێنت دەدەن و دەڵێن خودا مردووە.
ئەوە خودا نیە مردووە ئەوە جگە لە خودایە.

* * *

ئەوان بەزۆری خودای بۆشاییەکان بەکار دەهێنن God of Gaps

پێمان دەڵێن خوای ئێوە خـوای پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانە، مەبەسـتیان ئەوەیە ئەوخوایە لە ئەنجامی بۆشایی زانستیەوە سەری هەڵداوە.

کاتێك مرۆڤـی کۆن نەیزانیوە، باران لە چییەوە هـاتووە، یـان بروسـکە و هەورەگرمە چییە... یان هەر دیاردەیەکی تری لەو شێوەیەی دەوروبەری.

جا لە بەرامبەر هەموو نادیارییەکدا پێویسـتیان بـە بینینـەوەی هۆکارێـك بـووە، لەبەرامبـەر هـەر بۆشـاییەکی مـەعریفی، بۆیـە وتویانـە خـودا هۆکارەکەیەتی.

هەر بۆیە دەیانووت خوای بۆشایی پڕکردنـەوەکان... بـەهۆی بـوونی ئـەو دیاردە نەزانراوانەی لەبەرانبەر مرۆڤدان.

هەروەك دەڵێن کاتێك زانسـت پـێش دەکـەوێت و مەعریفـەی مرۆڤـ زیـاد بێت، ئەوەندە بۆشاییەکان کەم دەبێتەوە و قەبارەی باوەڕ بە خوای بۆشایی کەم دەبێتەوە..... خوای بۆشایی؟ خوای ئێمە خوای بۆشاییەکانە...

خوای ئێمە لە هەموو دۆزینەوەیەکی زانستیدا زیاتر دەر دەکەوێت...

ئێمـە لەگـەڵ بینینـی کـەناڵی national geographic زیـاتر سـبحان الله دەکەین وەك لەوەی بۆکەناڵێکی ئاینی دەیکەین.

خـوای بۆشـاییەکان؟ خوایـەك دەستەوسـانی تێگەیشـتنی خۆمـانی پـێ دەردەبڕین؟

نەوەی ئێمە و نەوەی دوای ئێمەش بەدڵنیاییەوە...

ئێمە لە هەموو بیردۆزێکی دۆزینەوەی زانستیدا خودا دەبینین.

بـوونی خـودا لـە سـەردەمی زانسـت و داهێنانـدا، زیـاتر دیـارە وەك لـە سەردەمی نەزانی و بوونی بۆشاییەکاندا....

بەدڵنیاییەوە، ئەو خودای بۆشاییەکان نیە... هەڵنەخەڵەتێی بەو وشەیە

ئەو خودای وێنە تەواوەکەیە، بە هەموو بۆشایەکانیەوە، بەو شـتانەی کـە تێیدایە بەوەی دەیزانین لەسەر گەورەیی دروستکردنەکانی و بەوەشـی تـاکو ئێستا نایزانین...

ئەو خودای بۆشاییەکان نیە.

* * *

دەڵـێن بڕواهێنانمـان بـەخودا تـەنها پێویسـتییەکی دەرونییـە و لـە دەرئەنجامی گەشەسەندن بەدی هاتووە، تا هێزێك بـە مرۆڤـ ببەخشـێت بـۆ ئەوەی بتوانێت زۆر بە پتەوی خۆی بگرێت لە ڕووبەڕوبونـەوەی ململانـێ لـە پێناو مانەوەدا.

هەر بە ڕاســــــت؟

کەواتە ئایا ئـامرازی هەڵبـژاردنی سروشـتی بـە درێـژایی مێـژوو بەشـداری کردوە لە کرداری ئایندارێدا بۆ ئەوەی مرۆڤ، بە هێز تر بکات و هەلی مانەوەی زیاتری هەبێت؟

وای دادەنێین باوەڕ وەکو ڕیخۆڵە کوێرەیە؟

نـا، نـەخێر.. بـەو شـێوەیە نیـە. بەدڵنیاییـەوە دەرچـووین لــە جەنگەڵستان...

بەڵام ململانێ لەپێناو مانەوەدا هێشتا بەردەوامە...

توندتر بووە لە ناو خودی هەریەك لە ئێمەدا...

وا دەردەکەوێت ئیمان دۆزراوەتەوە تاکو بمێنێتەوە...

شەڕەکەتان لەگەڵی دۆڕاوانەیە...

دەڵێن باوەڕ گۆچانێکی دەروونییە، بەوەی لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی قورساییەکانی ژیاندا بەکاری دەهێنین.

بەڕاستی دەکرێت، باوەڕ وەکوو داردەستێکی دەروونی بێت، نازانم چۆن دەتوانن ئەوە بکەن بەتۆمەت یان ئەنگییەك..

ئێمە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەماندا، پێویستمان بەو گۆچانەیە.

بەڵام ئەوان ئیمان تەنها دەخزێننە ئەو گۆشەیەوە.

ئێمە دەزانین زۆر لەوە زیاترە.

گۆچانە و زیاتر لەوەشە.

گۆچانە، دەرمانە و ڕاخەر و دژەخەمۆکی و دەرزی بەهێزکەر و خواردنەوەی وزە بەخشە، بەڵام سودی باوەڕ شتێکی گرنگتر و بە بایەختر لەو دەربڕینانەیە.

شتێکی گرنگتر لە ئارادایە...ئەویش ڕاستەقینە...ڕاستەقینەیە...

باوەڕبوون بەخودا، لە کۆتاییدا بڕواهێنانە بەڕاستەقینە و حەقیقەت...

گەورەیە، وەکو گۆچانی دەروونی یاخود دەرمانی دژە خەمۆکی یان وزە بەخش بێت... بەڵام پێش هەموو ئەمانە خودی ڕاستەقینەیە، جا سودت لێ وەرگرتبێت یان نا، ئەم تێڕوانینە پڕاگماتیکییە سوودگەرا و بەرژەوەندیخوازەی شتەکان پێویستە سنورێکی بۆ دابنرێت...

گەورەیە، دروشمەکان سود بەخشن، بەڵام تەنها ئەمە نابێت بە هۆکاری جێبەجێکردنیان، باوەڕیش بەهەمانشێوە..

دەکرێت باوەڕبەخوابوون ببێت بەهۆی خۆشبەختی و دڵنیایی...

بەڵام لەبەر ئەوە باوەڕ ناهێنێت، ئەوە تەنها دەرئەنجامی باوەڕەکەیە...

باوەڕبوونت بەخوا لەبەر ئەوەیە، ڕاستەقینەیەکی ڕەهایە لەم گەردوونەدا.

دەکرێت خەڵکانێك دڵخۆشی و ئارامی بەدەست بێنن لە شتانێکی تریشدا... لەکاری خێرخوازی یان خۆبەخشی یان لەخۆسەلماندن یان داهێنانێك لەجۆرێك لە جۆرەکان...

یان دەکرێت لە شوێنێکی دیش وەدەستی بێنێت... بەڵام دەکرێت تۆ ئەوە لە شوێنی تریش بەدەست بهێنیت، بەڵام ئەمە وا ناکات باوەڕداری گرنگییەکی گەورەی کەمتری هەبێت...

بەدەر لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باوەڕ هەندێ، لە پێویستیەکانی ناخت دابین دەکات، بەڵام پێش ئەمە ئیمانە ڕاستە قینەکەیە.

ئەمە وا دەکات لیستە سودبەخشەکانی دواتر وەکو (زیادە خێرێك نەك شتێکی تر)، دەڵێین باوەڕمان وایە ئیمان بەوەی خوای گەورە خالقە لە فیترەتی هەموو ئینسانێکدایە.

بەڵام لە ڕاستیدا دەبینین بە ملیۆنان مرۆڤ لە ئاینەکانی شنتۆ و بوزیەت بەدرێژای ژیانیان دەژین، بێ ئەوەی بیرۆکەی خودایان هەر هەبێت.

بۆ ئێمە ئەوە سەیر و نامۆیە !

ناکرێت بیرۆکەی ئاینێك بە بێ بوونی خودا بە خەیاڵماندا بێت، هەر بۆیە بێ سێ و دوو بڕوامان وایە هەموو ئاینێك باوەڕ بەخوای گەورە لە خۆ دەگرێت.

بەلای ئەوانەوە قورسی لە تێگەیشتنی بیرۆکەی خودا، دەبیننەوە...

یان بە دیاریکراوی خودای بەدیهێنەر.

بەسەدان ملیۆن تا دەگاتە نزیکەی حەوت سەد ملیۆن لە مرۆڤەکان باوەڕیان بە ئاینی بێخالق و دروستکار هەیە... بیرۆکەی خوداوەند ڕوونە...

کەمێك دەپەشۆکێین و سەیرمان پێ دێت... تێگەیشتین لە بێباوەڕەکان بەڵام پەرستن بەبێ خودا...

کاتێك ورد دەبینەوە لەکارەکە، بەجۆرێك لە جۆرەکان هێزگەلێکی سەرووی سروشت یان دوور لە شتە مادییەکانیان بینیوەتەوە، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵیدا.

لەوانەیە ڕۆحی باو باپیرانیان بێت وەکو لە دینی شنتۆدا هەیە یان لەوانەیە لەگەڵ ڕۆح یان ئاینەکانی تردا بێت بەڵام ئەم پەیوەندییە لەگەڵ نادیارەکاندا بوونی هەیە.

ماوەناماوەیەك دۆزینەوەیەکی زانستی نوێ بەکاردەهێنن و خواست و مەیلی ئاینی، پێ لێکدەدەنەوە و بڕوایان وایە بەمە کۆتایی بە ئاین دەهێنن.

جارجارێك جینەکان بەرپرسن لە ئیمان، و جارێك شوێنێك لە مێشکدا ئەم بەرپرسیاریەتییەی هەیە.

بەڵام بە ئەمە کارەکە زیاتر ئاڵۆز و شەڕەکەیان زیاتر قورستر دەکەن.

ئایا باوەڕیان وایە، ڕاڤە و لێکدانەوەی پاڵنەری ئایینی وا لە خەڵك دەکات واز لە ئاینداریی بهێنێت؟

ئایا لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی پاڵنەری سێکسی، وا لە خەڵکی دەکات واز لە سێکس بهێنن؟

بە بێ شوبهاندن و لێکچواندن.

جارێك بە (برتراند رسل) فەیلەسوفی بەناوبانگی بێباوەڕ ، وترا چی دەكەیت ئەگەر مردیت و لە قیامەتدا خوا پرسیاری لێ كردیت بۆچی بڕوات پێ نەهێنام ئەی بێرت؟

برتراند وتی: دەڵێم لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو ئەی خودایە... لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو...

بەردەوام بەڵگەكان لە بەردەستن و هەن، بەڵام لەوانەیە لە شوێنێكی تر بۆی گەڕابێتی و ئاگادار نەبووی لێی.. لەوەیە پێوەری پەسەندكردنی بەڵگەكانت بەجۆرێك بێت و وای لێ كردبێت، یان بەڵگەی ترت وەلا خستبێت نەك لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو..

بەڵكو لەبەر كەمتەرخەمیت لە گەڕان بەدوایدا.

* * *

بەڵام بە دوور لە هەموو مشتومڕ و بەڵگە هێنانەوەی لۆژیكییانە و گەڕان بە دوای هەڵەی لۆژیكیدا سەبارەت بە بابەتی بڕوا هێنان (بە بونی خودا) لە مشتومڕكردن لەگەڵ بێ باوەڕاندا، ئەمە دیوێكی تریشی هەیە ناكرێت بە هیچ شێوەیەك لەم مشتومڕەدا بەكار بێت، بەڵام ناكرێت گوێی پێ نەدرێت كاتێك لەگەڵ خۆمان دەدوێین...یان لەگەڵ باوەڕداران...تەنانەت لەگەڵ ڕاڕاكاندا...

بەسادەیی ئێمە لانی كەم هەست بە بوونی دەكەین لەژیانماندا.

من ئەوە دەزانم ئەو ڕازەی بە خەیاڵمدا هاتووە هانام بووە و چەندین جار و چەندین جار هەر ئەوە یارمەتی دەرم بووە لە كاتێكدا لە لێواری تیاچوون و سەرگەردانیدا بووم، هەر ئەوە ڕێ نیشاندەری ڕێگام بووە.

بەسادەیی من ئەوە دەزانم، هیچ شتێك ناتوانێت ئەوە لەیادەوەریم لابدات...

ئەو لەوێیە، لە بیری هەتیوان، بێ وەژنان، لێ قەوماوان، بەڵێ بەردەوام دەگرین، بەڵێ بەردەوام لە دەست دانیان هەیە، بەڵام ئەوەی ڕاز و نیازیان ڕادەگرێت و وایان لێ دەکات، بەردەوام بن، تەنانەت لە ناخۆشترین ساتی قەیران و ئازارەکانیشدا لە خراپترین بەندیخانەدا، لەو کاتەی کە هەست دەکەیت باوەڕ لە دەست دان دەرئەنجامی حەتمیە... دەبینین هەندێك کەس باوەڕ دەبیننەوە و بە باوەڕێکی بەهێزترەوە دەردەچن.

ئەو لەوێیە، بەکاتی نزمترین دۆخەکانی نا ئومێدی و لاوازیدا، بەردەوام ئامازەیەك یان کەسێ یان کۆمەڵە کەسێ، دادەنێ کە پاڵپشتمان بن بۆ ڕزگاربوون لەوەی تێیداین، ناکرێت هەموو جارێ وای دابنێین یانسیبەکەمان بۆ دەرچووە... نەخێر...

تەنها دڵنەوایی ئەومان بردووەتەوە.

چەند جار ئەم ڕێگەیەم لە ژیانمدا بڕیوە، زیاتر لەوەی باسم کردووە.

زیاتر لەوەی بە خەیاڵتاندا دێت، زیاتر لەوەی بەڕوخسارمەوە دیارە، بەڵام بەردەوام ئەو لەوێ بو جار لە دوای جار... چەندین بەدیلی وای پێ داوم وایلێکردوم سوپاسگوزار بووم بۆ لەدەست دانی ئەوەی گریاوم.

بۆ لەدەستدانی، جارێك وای لێکردووم هێزی خۆم ببینمەوە بەردەوام، بەردەوام، بەردەوام کەسانێکی گونجاوی بۆ داناوم (باشتر بووە بۆم لە نزیکەکانم) دەهاتن و ڕۆڵیان دەگێڕا و دواجار دەڕۆشتن...

دەزانم هەندێك کەس ئەم شتانە دەخوێننەوە و دەپرسن باسی چی دەکات؟

ئەی بۆ ئەمانە لای من ڕووی نەداوە؟

زۆر بەسادەیی نازانم بۆ لای تۆ ڕووی نەداوە! یاخود ڕویداوە و پەیت پێ نەبردووە.

نازانم ڕەنگە لەم کارە پشت بەوە ببەستێت، باوەڕت پێی بێت، یان ڕەنگە تۆ سەیری سەقفەکەت کردوە و ئەو لە زەویەکە ڕووی داوە یان لە ناختدا بووە...

هیچ ڕاڤەیەکم نیە سەبارەت بەوەی، بۆچی هەندێك جار لای هەندێك ڕونادات دڵنیام، هەندێك کەس ڕاڤەی ئەم شتانەی من دەبینێتەوە کە دەیڵێم سەبارەت بە حوکمی سایکۆلۆجی و دەرونی، هاوشێوەی ئەوە، کێشە نییە، ئەوە ڕاڤەکردنی ئەوانە بۆ ئەوەی لەگەڵ من یان ملیۆنان کەس ڕویداوە.

بەڵام ئەوە شیکردنەوی ئەوانە، من هەست بەوە دەکەم...

من هێشتا بڕوام وایە مشتومڕی لۆژیکیی بە بەڵگەوە، لەگەڵ بێ بڕوایان زۆر باشترە لە باسکردنی بوونی خودا لە ژیانی شەخسی هەر یەکەماندا.

بێگومان ئەوەی کە لە گەڵ منە بەکاری ناهێنم وەکو بەڵگەیەك بۆ بوونی.

تەنها لەوە دەترسم گفتوگۆی لۆژیکی زاڵ بێت بەسەر ئەو ڕەهەندەی، کە ناکرێت پشتگوێ خرێت.

لایەنی ڕۆحانی، و سۆفیگەری و دەرونی. و .. کەسی... چ ناوێکی لێ دەنێیت لێی بنێ... نالۆژیکییە، لۆژیك لەو شتە بێئاگامان بکات، هەستی پێ دەکەین...

ئەمە کۆتا وێستگەمانە لە دژە ئیلحاد (Anti ئیلحاد)

سوپاس لەگەڵمان بوون هەموو ساڵێك بەخۆشی

(والسلام علیکم)

ناوەڕۆك

پێشەكی	٥
چەند دێرێك لە ژیاننامەی (د.ئەحمەد خەیری عومەری):	١١
(١) دژە بێباوەڕی	١٣
(٢) ئایا هیچ بەڵگەیەكی زانستی هەیە لەسەر بوونی خودا؟	٢١
(٣) كێ خودای دروستكردووە؟	٢٩
(٤) بۆچی پەروەردگار بەدی هێناوین؟	٣٩
(٥) وێنەی خودا	٤٩
(٦) كێشەی بونی شەڕو خراپەكاری لەجیهاندا	٦٣
(٧) بۆچی خودا وەڵاممان ناداتەوە	٧٣
(٨) چۆن خوای گەورە سزامان دەدات لەسەر شتێك كەلەسەری نوسیوین	٨٣
(٩) هەربەراست بیردۆزەی پەرەسەندن دەمانگەیەنێت بە بێ باوەڕی؟	٩٥
(١٠) دژیەكییەكانی قورئان لەگەڵ زانستی نوێدا	١٠٩
(١١) دژایەتیەكانی نێوان زیندەوەرزانی و قورئان	١٢١
(١٢) هەڵەكانی دەرناسای زانستی	١٣١
(١٣) پەیامە ئاسمانیە كان	١٤١
(١٤) مێژووی ئاینەكان	١٥٥

(١٥) ئاین تلیاکی گەلانە	١٦٥
(١٦) ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بووە لەبەر ئەوەی وازی لەئاین هێناوە !	١٧٣
(١٧) ئازادی تاکە کەس	١٨٣
(١٨) ڕۆژی دوایی	١٩٥
(١٩) بڵاوبوونەوە ئیسلام بە شمشێر	٢٠٩
(٢٠) ئەحکامەکانی کوشتن لە ژیانی پێغەمبەردا (درودی خوای لێ بێت).	٢١٧
(٢١) سزای هە ڵگەرانەو	٢٢٧
(٢٢) داعش بریتیە لە ئیسلام؟	٢٣٧
(٢٣) بێباوەڕی بەهۆی بوخارییەوە	٢٥١
(٢٤) سودی دروشمە ئاینییەکان چیە؟	٢٦١
(٢٥) کۆیلایەتی و کەنیزەك لە ئیسلامدا	٢٧١
(٢٦) هاوسەرگیریی خاتوو عائیشە	٢٨٣
(٢٧) ئافرەت	٣٠١
(٢٨) هەست کردن بە خودا	٣١٧
ناوەڕۆك	٣٢٧

دژە ئیلحاد بۆ؟

ئێمە لێرەدا هەڵدەسین بەخستنەڕووی هەندێک لەو وتانەی مولحیدەکان، بەهۆکاری ئیلحادی ئەژمار دەکەن (واتا ئەو ڤایرۆس یان بەکتریایەی هۆکاری نەخۆشیەکەیە)، پاشان هەڵدەستین بەهاندانی کۆئەندامی بەرگریی هزری، تا ئەو ڤایرۆسە بناسێتەوەو جیابکاتەوە و دژەتەن پێکبهێنێت، تاکو لەکاتی توشبوونە ڕاستەقینە و سەرەکیەکەدا ئامادەی کارکردن بێت.

بەدرەبڕینێکی تر، دژە ئیلحاد لێرەدا ئاراستەی مولحیدەکان ناکرێت بەڵکو ئاراستەی ئەوانە دەکرێت، ڕووبەڕووی ئیلحاد دەبنەوە، بۆئەوانەی لەناوەڕاســـــتدان لەنێوان باوەڕێکی نەریتی و تەقلیدیانە، کەهیچ وەڵامێکیان نییە بۆپرســـیارەکانیان، و ئەو ئیلحادەی لەکرۆکدا زیاتر پرسیار دەخاتەڕوو وەک لەوەی بەدوای وەڵام دا بگەڕێ.

ئەوکەســـانەی ئەم بابەتەیان ئاراســـتە دەکرێت بریتی نین لەمولحیدەکان، ئەوانەی یەکلا بوونەتەوە و دڵنیاو دڵخۆشـن بەو وەڵامە کۆنانەی کامڵا نین و کاتیان بەسـەر چووە، بەڵام بەسادەیی نایانەوێ بێباوەڕ بن..

ڕاســـتە ژمـارەی بێباوەڕان لەهەموو جیهاندا لەزیاد بوندایە، بەهەمان شـــێوە لەم نـاوچەیەی ئێمەشـــدا، بڕوام وایە لەوانەیە ئەم ژمـارانە وورد نەبێـت، پێم وایە ڕێژەی ئەو کەســـانەی لە نـاوەڕاســـتدان، یان ئەتوانین بڵێین ئەوانەی دودڵن، زۆر زیاترن لەڕێژەی مولحیدەکان.. ئەو وتانەی سـەبارەت بەزیادبوونی ڕێژەی بێباوەڕان دەوترێت تەنها وەک ئەو بەشە دیارەی شاخێکی شەختەی گەورەی نقوم بووی نێو دەریاو ئاوەکانە...

07501269689
07701932749
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاری ئاوباریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

٨٠٠٠ هەزار دینار